KURDISTAN




# بەرەو وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان

بەشی: یەکەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی : ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:

١- گوتاری نەتەوەیی لە کۆماری کوردستانەوە هەتا ئێستا ........................................ کەماڵ کەریمی ...... ٤

٢- مێژووی سەروەریی سیاسی لە حکوومەتی ئەردەڵانەوە تا کۆمار ................................ ئاژوان مەریوان ...... ٧

٣- ڕۆڵ و پێگەی کۆماری کوردستان لە پرۆسەی «نەتەوەسازی»دا ................................ سمایل شەرەفی ...... ١٣

٤- ئەوان و کۆمارەکەی ئێمە ................................................................ ناسر باباخانی ...... ١٧

٥- دیمانە لەگەڵ د. خالید خەیاتی لەسەر پرسی شوناس و نەتەوە ............................ مەنسوور مروەتی ...... ٢٤

٦- کۆمار و پێشەوامان لە ئەزموونەوە بۆ وانە ...................................................... عەلی بداغی ...... ٣٣

٧- ژنان و شوناسخوازیی نەتەوەیی لە کۆمار ڕا تا ئێستا ........................................ شەونم هەمزەیی ...... ٣٦

٨- کۆماری کورد لە مەهاباد ............................................ ئارچیباڵد ڕۆزڤێلت .... و: خالید عەزیزی ...... ٤٥

٩- نەتەوەکانی دیکەی ئێران و کۆماری کوردستان ................................................ ئازاد مستۆفی ...... ٧٠

١٠- کارتێکەریی هێزەکانی هاوپەیمان لە دروستبوونی کۆماری کوردستاندا ........................ کەماڵ کەریمی ...... ٧٧

١١- مێژووی کۆماری کوردستان و چەند تایبەتمەندییەکی مێژوویی ................................ عومەر باڵەکی ...... ٨١

١٢- کۆماری کوردستان و ناسینی کۆمەڵگەی کوردەواری .......................................... جەماڵ فەتحی ...... ٨٦

١٣- ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان ........................................................ سۆران شەمسی ...... ٨٩

١٤- دووی ڕێبەندان و یادی کۆمار ............................................................... ڕەزا محەمەدئەمینی ...... ٩٣

١٥- کۆماری کوردستان لە نێوان پرسیاری سەربەخۆیخوازی و خودموختاری دا ...................... عومەر باڵەکی ...... ٩٧

١٦- کۆمارەکەم ................................................................................ ئاشق ئیسماعیلی ...... ١٠١

١٧- کۆماری کوردستان، مانیفێستێکی نەتەوەیی ........................................................ قادر وریا ...... ١٠٦

١٨- کۆمارێک کە لە نێو شەختە و کرێوەوە سەری هەڵدا .......................................... جەمال فەتحی ...... ١٠٨

١٩- ٢ی ڕێبەندان ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە بەئاسمانی کوردستانەوە ................................ حەمە جاف ...... ١١٢

٢٠- کۆماری کوردستان لە هاوکێشە سیاسییە جیهانیەکاندا ......................................... ئازاد کەریمی ...... ١١٥

٢١- با هەموو ڕۆژێ پەیامی ٢ی ڕێبەندانمان لەبیر بێ .................................................. ئاهۆ زێتا ...... ١١٩

٢٢- کۆمەڵناسیی پێکهاتنی کۆماری کوردستان ............................................. ئارەش لۆرستانی ...... ١٢٢

٢٣- کۆماری کوردستان مۆدێلێک بۆ هەموو سەردەمەکان ........................................ سامان فەقێ نەبی ...... ١٢٦

٢٤- هەڵوێستەیەک لەسەر ناوی کۆماری کوردستان ................................................. عومەر باڵەکی ...... ١٢٨

٢٥- کاریگەریی دەروونی و زەینی کۆمار لەسەر کۆمەڵگاو تاکی کورد ...................................... کەویار ...... ١٣١

٢٦- چەند سەرنجێک لە بارەی روخسارە مەدەنییەکانی کۆماری کوردستان .............................. قادر وریا ...... ١٣٤

٢٧- یادگاری شیرین ........................................................................... د. کامران ئەمین ئاوە ...... ١٣٩

٢٨- دادوەری لە کۆماری کوردستان دا .................................................................. عومەر باڵەکی ...... ١٤٤

٢٩- مەشخەڵی کۆماری کوردستان ناکوژێتەوە ..................... ناسر ئێرانپوور ....... وەرگێران: تەها رەحیمی ...... ١٥٠

٣٠- کۆماری کوردستان، دەسکەوتیکی نەتەوەیی و ئەزموونیکی مێژوویی ......................... ئارەش لورستانی ...... ١٥٥



# گوتاری نەتەوەیی لە کۆماری کوردستانەوە هەتا ئێستا



کەماڵ کەریمی

دووی ڕێبەندانی ئەمساڵ، یادی حەفتاوسێ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، دەکرێتەوە. کۆمارێکی کەم تەمەن و پڕ دەسکەوت کە لەوانەیە لە سەردەمی دامەزرانیدا کەم کەس هەنگاونان بەرەو کارێکی وەها مەزنی بەبیردا هاتبێ. وشیاری و خوێندنەوەی وردی پێشەوا لە هەڵسەنگاندنی بارووداۆخی سیاسیی ئەو سەردەمە و بوێریی ئەو بۆ ئەنجامدانی کاری وەها گەورە و دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردی، نەتەوەی کوردی کردە خاوەن مێژوویەکی حاشاهەڵنەگر لە دەربڕینی ئیرادەی نەتەوەیی بۆ دەرخستنی خواستی سەربەخۆ ژیان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی. کۆمارێک کە دوای زیاتر لە حەوت دەیە بووەتە شانازییەکی لەبیر نەکراو بۆ هەموو نەتەوەی کورد.

لەو لێکدانەوە و نووسراوانەی لەسەر کۆمار نووسراون زۆر لایەنی ئەرێنی وەک شەڕی جیهانی، لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندی، داگیرکرانی ئێران و...، کە کارتێکەرییان لەسەر پێکهاتنی هەلومەرجێکی وا کە ئیمکانی دامەزرانی کۆماری تێدا ڕەخسا، خستووەتە بەر باس. بەڵام ئەوەی زیاتر لەو بابەتانە گرینگی هەیە و کەمتر لەو نووسراوە و کتێبانەدا سەرنجی دراوەتێ، بوونی فاکتەرێکی بەهێزتر لە هەمووانە کە ئەویش زاڵبوونی بیری نەتەوەیی و وەدواکەوتنی ئامانجێکی هەمیشەیی کورد بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سەربەخۆی نەتەوەیی بوو. ئەگەر چاوێک بە مێژووی سەرهەڵدانەکانی کورددا بخشێنینەوە، بوونی بیری نەتەوەیی بەسەر هەموو سەرکردەکانی شۆڕشەکانی کوردەوە بە زەقی دەردەکەوێ. ئەوە ڕاستە کە پێشەوای مەزن بە تێگەیشتن لە هەلوومەرجی سیاسی ئەو کاتە و سەرەڕای ئامادەنەبوونی نەتەوەکەمان لە باری زەینییەوە بیری لە دامەزراندنی کۆمار کردەوە، بەڵام لە هەموو قسە و وتار و هەڵسووکەتیدا دەردەکەوێ کە ئەوەی ئەو بە دوایەوە بووە لەژێر

هەر ناوێک کە بۆ کۆماری دابنێین و پێناسەی ئەم دەسەڵاتە بکەین، بیرکردنەوە و هەوڵدان بووە بۆ گەیشتن بە کیانێکی سەربەخۆی نەتەوەیی. ئەو بوو ئیجازەی دا لە ڕێورەسمەکاندا باس لە سەربەخۆیی بکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا مەسەلەی سەربەخۆبوون ڕەنگ بداتەوە. ئەمە و زۆر بابەتێکی دیکی دەری دەخا کە ئەگەر پێشەوا وەک کاراکتێرێکی شارەزای بواری دیپلۆماسی دەیزانی چۆن ڕەفتار دەکا بەڵام بیرۆکەی سەربەخۆییخوازی هاندەری سەرەکیی بووە بۆ دامەزرانی کۆماری کوردستان.

هەوڵدان بۆ بەشداری پێکردنی هەموو چین و توێژەکان لە ڕووناکبیران شار و مەلا و سەرۆک عەشیرەتەکانەوە هەتا کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە ماکۆوە هەتا کرماشان، متمانە پێ بەخشین بوو بە نەتەوەیەک کە هەموو ئەوانەی لە خۆ دەگرت کە دەبوو خۆیان لە ئەرکێکی نەتەوەییدا ببیننەوە. پێشەوا کە بیری لە دەسەڵاتی حیزبی نەدەکردەوە، دەیزانی خەبات بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی پێویستیی بە بوونی نەتەوەیەک و بەشداریکردنی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەکەیەتی. هەروەک بیری تیژی ڕێگاکانی دەبڕی، چاوی دووربینینیشی هەموو ئەو کەسانەی دەدیتەوە کە لەو مەیدانەدا ئەرکدار بکرێن. ئەو بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردە هەوێنی بەرنامەیەکی دەوڵەتی بۆ خزمەتکردنی خەڵک و پێگەیاندنیان بۆ داهاتوویەکی باش. پێشەوا لەوە خافڵ نەبوو کە نەتەوەیەک کە بەرەو ئەو ڕێبازە هەنگاو دەنێ، دەبێ لە باری پەروەردە و کولتوورەوە پێگەیشتوو بێ و لە بواری ئابووری و کاری خزمەتگوزارییەوە لە پێشکەوتن دڵنیابێ. هەربۆیە هەموو ئیمکاناتی ماڵی خۆیشی لەم پێناوەدا دەخستە بەردەستی حکوومەتەکەی. لەخۆڕا نیە کە دوای ۷۳ساڵ نەتەوەی کورد بە گشتی کۆماری کوردستان وەک یەکەم دەسەڵاتی سیاسی نەتەوەیی کورد چاو لێدەکەن و بیر و بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پێشتر لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد دامەزرابوو، بووەتە هەوێنی خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. خەباتێک کە تەواوی ئەو ساڵانەی دوای شەهیدبوونی پێشەوای کورد بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمار بەردەوام بووە و لەو پێناوەدا نەتەوەکەمان بێ سڵکردنەوە هەزاران قوربانیی بۆ داوە.

ئێستا پاش ۷۳ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر دامەزرانی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان و، لە ئاکامی بەردەوامی خەباتگێڕانەی یەک لە دوای یەکی جیلەکانی قوتابیانی ڕێبازی پێشەوای نەمر، نە تەنیا ئەم بیرکردنەوە و ڕێبازەکەی پێشەوا لە کزی نەداوە بەڵکوو بەردەوام ڕوو لە پەرەگرتن چووە. ڕۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەفادار بە ڕێبازەکەی پێشەوا و بە پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبەکەی پێشەوا قازی محەممەد، بە بەردەوامی هەوڵیان داوە ئاڵای ڕێبازی نەتەوەیی حیزب و پێشەواکەی بەرز ڕاگرن و لە هەر دەرفەتێک کە بۆیان هەڵکەوتبێ لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەوەیان دەرخستوە کە ئەوان نەتەوەیەکن و بە دوای وەدیهێنانی ئامانجەکانی پێشەوا قازی محەممەد کەوتوون. ئەم ساڵانە تێکۆشەرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگەی تێکۆشانی جۆراوجۆرەوە و بە وەرگرتنی

پەیامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە تێکۆشان بۆ پاراستنی سروشتی جوانی نیشتمانەکەیان کوردستان، پەرەپێدان بە پاراستن و گەشەی زمان و کولتووری نەتەوەیی و ڕێزگرتن لە ڕۆژە نەتەوەییەکانی کورد و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان، هاوشانی پێشمەرگە پارێزەرانی ڕاستەقینەی گەل و نیشتمان کە یەکێک لە یادگارەکانی کۆماری کوردستانە، هەوڵیان داوە بۆ پاراستن و شوناسخوازی نەتەوەیی و هەموو بە یەکەوە لەم ئەرکەدا سەرکەوتنی گەورەیان بە دەست هێناوە.

یەکێک لە بیرۆکە مەزنەکانی پێشەوای هەمیشە زیندوو، لە نێوبردنی هەر جیاوازییەکی دەسکردی دوژمن بوو بۆ جیاکاری لە نێو نەتەوەکەماندا. ئەوەی کە ئەمڕۆ بووەتە ئەرکێک لە بەردەم هەمووماندا و بۆ ئەوەی بتوانین بە سەر هەموو کۆسپەکانی سەر ڕێماندا زاڵ بین پێویستە بۆ ڕزگاری یەکجاری و گەیشتن بە سەرکەوتنێک کە هەموو مافەکانی کوردی تێدا دەستەبەر کرابێ، ئەم بیرۆکەیە لە نێو نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەرەگرتووتربێ و بیری نەتەوەسازی بە مانای یەکگرتووییەکی شوناسخوازانە کە هەموو جیاوازییەکانی نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردەوای لەنێو ببا ببێتە فکرێکی گشتگیر و هەموو تێکۆشەرانی کورد لەم ڕاستییە باش تێبگەن کە ئەگەر وەک نەتەوەیەک وەدوای مافەکانی خۆیان بکەون گومان لە سەرکەوتنیان نامێنێ. ئەوەی ئەمڕۆ بە خۆشییەوە بناغەیەکی باشی بۆ داڕێژراوە و هەست دەکرێ بە خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە پەیامەکانی پێشەوا و کۆماری کوردستان بووەتە هەوێنی بیری نەتەوەیی تێکۆشەرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێوێری ٢٠١٩

---

# مێژووی سەروەریی سیاسی لە حکوومەتی ئەردەڵانەوە تا کۆمار



ئاژوان مەریوان

**ئەوەی مێژووی خۆی نەزانێت، داهاتوویەکی نابێت!**

نەتەوەی کورد لە مێژووی خۆیدا خاوەنی سەروەری و حکومڕانیی خۆی بووە، ئەم نەتەوە قەت لە مێژوودا بێ کیان و حکوومەت نەبووە، بەڵام مخابن مێژوویەک کە لەلایەن موستەشرقانی بریتانیایی و بە هاوکاریی داگیرکەرانی ئەم خاکە نووسراوەتە بە مەبەستی مێژووسازی بۆ پرۆسەی بە دەوڵەت - نەتەوەبوونی مۆدێڕن، مێژوویەکی چەواشە و بەلاڕێبراویان دەرخواردی نەتەوەکەمان داوە، تا هەست بە حوزووری خۆی لە ڕەوتی مێژووی جیهانیدا نەکات.

گەلۆ جێگای بڕوایە نەتەوەیەکی مەزن وەکوو کورد لەسەر ئاخی خۆی هەزاران ساڵ خاوەنی سەروەری و حوکمڕانیی خۆی نەبوویێت بەڵام زمان و شوناسی لە دوای هەزاران ساڵ هەروا پارێزراو مابێتەوە!

لێرەدایە کە پرسیارێک لە زەینی تاکی کورددا شکڵ دەگرێت، کە گەلۆ حکوومەتەکانی ڕابردوو چ لە فۆرمی دەسەڵاتێکی تەواو سەربەخۆ و چ وەکوو میرایەتییە کوردییەکان و چ ئێمپراتوریەتی ئەیووبییەکان بە نوێنەری کورد دێنە ئەژمار، یان باشتر وایە بڵێین حکوومەتێکی کوردی بوونە؟ یان دەسەڵاتی ئیسلامی، خێڵ، هۆز و دەرەبەگەکان بوونە.

لێرەدایە کە پێویستیی خوێندنەوەیەکی ورد لە مێژووی سەروەری لە جیهان و تێگەیشتن لە دیسکۆرسی زاڵ لە هەر سەردەمێکی مێژووی مرۆڤایەتی بەرجەستە دەبێتەوە؛ ئەوەیکە لێرەدا بۆ تاکی کورد گرینگە تێگەیشتنە لە دیسکۆرسی زاڵ لە سەردەمی مۆدێرندا کە دەوڵەت - نەتەوە چەمکێکی نوێیە لە مێژووی حوکمڕانی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا کە دەرەنجامی شۆڕشی فەڕانسە و ئورووپای نوێیە و نەتەوەی کوردیش لەم ڕەوتە بێبەش نەبووە!

سەروەری تا ڕادەیەک بیرۆکەیەکی تازەیە و بە گەلێک بارودۆخی مێژوییدا تێپەڕیوە، لە سەردەمی کۆندا شتێک نەبووە بە ناوی سەروەریی دەوڵەت، ئەوەی لە ڕۆژگاری کۆندا بووە، پادشا یان حاکمی وڵات، بە تەنیا خۆی مافی سەروەریی هەبووە و بە ئارەزووی خۆی وڵاتی بەسەر کەسوکار و خزمە نزیکەکانی خۆیدا دابەش کردووە، خۆی بڕیاری جەنگی داوە و خۆی ئاشتیی ڕاگەیاندووە، هەموو ئەو مافەشی بە مافێکی خودایانە بۆ خۆی داناوە.

سەروەری بە شێوەی گشتی و سادە بە واتای هەیمەنە و دەسەڵاتی تەواوە. ئەم چەمکە بناغەدانەری سیستەمی نوێی نێودەوڵەتییە و بە سیستەمی دەوڵەوت- نەتەوە لە جیهاندا شەرعییەت دەبەخشێت.

لە ئاستی یەکەمدا، سەروەری بە واتای کۆنترۆڵی خەڵک و چوارچێوەیەکی دیاریکراوی جوگرافیاییە. ئەم چەشنە لە کۆنترۆڵ، لەنێو چوارچێوەی حکوومەتەوە ئیعمال دەکرێت و ڕەوتی مێژوو سەلمێنەری گەشەی بەردەوامی ئەم سیستەمەیە کە لەلایەن دەوڵەتانی نەتەوەیی و هێزی دەوڵەت لە ناوەندی ئەم سیستەمەدا چڕ دەبێتەوە.

سەروەری لە مێژووی خۆیدا چەند قۆناغی بڕیوە؛ لە هەندێک لە قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، سەروەری لەلایەن کەس یان گرووپێکەوە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی جوغرافیایی- سیاسیدا قۆرغ دەکرێت، سەروەری لەم قۆناغەدا لەسەر بنەمای هێز و بە پاڵپشتیی هێزی ماددیی ڕێبەرەکانیەوە مسۆگەر دەبێت، بەم پێیە شێوەگەلێکی جیاواز لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی لێدەکەوێتەوە کە لە ئیمپراتۆرییەتە فرە ئێتنیکییەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە سیستمگەلی پاشایەتی و تێئۆکرات.

لە سیستەمی فێئۆداڵیی ئورووپا لە سەدەکانی ناویندا، فێئۆداڵەکان لە چوارچێوەی پارچە زەوییەکی دیاریکراودا کە لەژێر دەستیاندا بوو دەسەڵاتی خۆیان دەنواند، بەڵام فێئۆداڵەکانیش دەبا لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی پادشاکەیاندا بجووڵێنەوە. بەڵام ڕەوشەکە هەروا ئاسان نەبوو و بڕێ کات فێئۆداڵێک لە ناوچەیەکدا دەسەڵاتی لە پادشاکەی خۆی زۆرتر بوو، بۆ نموونە دەکرێت ئاماژە بە "دوکی بورگاندی" بکرێت کە دەسەڵاتی لە پادشایەتی فەرانسە لە سەردەمی خۆیدا زۆرتر بوو.

لە دوای سەدەکانی ناویندا هێدی هێدی دەسەڵاتی کلیسا و فیئۆداڵەکان کەمتر دەبووەوە و بەستێن بۆ دەسەڵاتی ڕەهای پادشایەتی دەستەبەر دەبوو.

جێگەی ئاماژەیە لە پرسی سەروەری لە ئورووپادا، دەسەڵاتی کلیسا بەسەر ژیان و بارودۆخی سیاسییەوە شوێندانەر و کارتێکەر بوو، لە هەقیقەتدا پادشا یان لۆرد لە ئیعماڵی دەسەڵات و سەروەریی خۆیاندا بەرەوڕووی دەخاڵەت و تێبینییەکانی کلیسای کاتۆلیک بە ڕێبەرایەتیی "پاپ" دەبوونەوە، کە ئەمە خاڵێکی گرینگە لە تێگەیشتنی مێژووی سەروەری لە جیهاندا.

لە مێژووی کۆن لە جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئێراندا دەسەڵات مەشرووعیەتی خۆی لە ئاسمان وەردەگرت و دەسەڵات هێڵێکی ئەستوونی هەبوو، کەواتە پادشاکان خۆیان بە نوێنەری ئاسمان و خودا لەسەر گۆی زەوی دەزانی و پشت بەستوو بە ئایین و هێزی نیزامی، سەروەریی خۆیان دەنواند.

حکوومەتگەلێک کە دوای هاتنی ئیسلام بە دەسەڵات گەیشتن، وەکوو سەفاریان، سامانیان، تاهریان، سەلجووقیان، ئال بوویە، خوارەزمشاهییان و... هتد، هەر کامەیان لەلایەن کەسێکی بەهێزەوە و بە پاڵپشتی ئیل یان هۆزەکەیانەوە ڕادەپەڕان و بەسەر بەشێک لە جوگرافیادا زاڵ دەبوون و دەسەڵاتی ئەو ناوچەیانە دەگرتە دەستی خۆیان و هەرێمێکیان ڕادەگەیاند؛ بەڵام لێرەدایە کە بوونێک لە دەوڵەتی نەتەوەیی نییە، ئەوان هێزی خۆیان بەسەر بەشێک لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا ئیعمال دەکەن و لە هەمان کاتدا لەوانەیە بۆ خۆیان باج بە حاکمێکی دیکە بدەن یان لەژێر چەتری ئیمپراتوریەتێکی دیکەدا بن، بۆ نموونە غەزنەوییان باجیان بە خەلیفەی عەباسی لە بەغدا دەدا و خۆیان بە نوێنەری ناوبراو لە هەرێمەکەی خۆیان دەزانی.

نموونەیەکی دیکە لە مێژووی ئێراندا کاتێک بەرەو ڕووی مێژووی غەزنەویان دەبینەوە سوڵتان "مەحموود"، سوڵتانێک لە بنەماڵەیەکی بە ڕەچەڵەک تورک لە ڕۆژهەڵاتی ئێراندا بوو کە بە جەنگ و هێزی شمشێر بەشێک لە خاکی جوگرافیای ئێرانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

### تیئۆرییەکانی سەروەری لە سەدەکانی ناوینەوە تا سەرەتای سەردەمی مۆدێرن:

لە سەدەکانی ناویندا یەکێک لە تیئۆرییە باوەکانی سەروەری، تیئۆرییەکانی "تۆماس ئاکونیاس" بوو. بیردۆزەکانی ئەو

لەژێر کارتێکەریی ئامۆژگارییەکانی کلیسادا بوو، ناوبراو باوەڕمەند بوو بەوەی کە سەروەری لەلایەن خوداوە سەرچاوەی گرتووە، ئەو سەروەرییەی لەلایەن فەرمانڕەواکانەوە ئیعمال دەکرێن، سەرچاوەی لە خوداوەیە و هەر بۆیە فەرمانڕەواکان ناچارن هێز و دەسەڵاتی خۆیان لەسەر ئایین و ڕێنماییەکانی مەسیحییەت بەڕێوە بەرن، بە پێچەوانەی ئەمە خەڵک بۆیان هەیە فەرمانڕەواکەیان لەسەر دەسەڵات لادەن.

بە تێپەڕینی کات، ڕوانین بۆ سەروەری لەسەر چەمکی "پادشایەتیی ملهوڕانە" بیچمی گرت.

"تۆماس هابز"ی بریتانی پێی وابوو سەرچاوەی هێز لە ئاسمانەوە نییە و بەڵکوو لە گرێبەستی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە نێوانی خەڵک و فەرمانڕەواکەیاندا بەستراوە؛ بەپێی ئەم گرێبەستە خەڵک لە بەشێک لە مافە سروشتییەکانیان دەگوزەرێن و لە بەرانبەردا حکوومەت تەناهی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بەرگری لە بوونیان دەستەبەر دەکات.

پاشتر "جان لاک"، فەیلەسووفی بریتانیایی بە جەختکردنەوە لەسەر مافی سروشتیی خەڵک و بنەمای گرێبەستی کۆمەڵایەتی، ئاسۆیەکی نوێی لە سەروەری نەخشاند.

بەپێی بۆچوونەکانی "جان لاک"، سەروەری لەلایەن خەڵکەوە دراوەتە دەستی حکوومەت، بۆ ئەوەی کە پارێزگاری مافە سروشتییەکان و خەڵکەکەی بێت.

وێنای ئەوەی کە سەرچاوەی سەروەری دەبێ لەلایەن خەڵکەوە بێت، بووەتە سەرەکیترین بنەمای دێموکراسی و لە شۆڕشی فەڕانسە و یاسای بنەڕەتیی ئامریکادا گەشەی کرد.

"ژان بۆدن"، فەیلەسووفی فەرانسەوی بە تیئۆرییەکانی بەستێنی بۆ دەوڵەتی ملهوڕانە ڕەخساند و هەروەها پەیمانی ئاشتیی وێستێفالیا لە ساڵی ١٦٤٨ی زایینیدا، بەستێنی پراکتیکی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت - نەتەوەکان بە خوێندنەوەیەکی نوێ لە سەروەری ڕەخساند، سەروەری لەم چەشنە حکوومەتە نوێیانەدا لە پاوانی حکوومەتی ناوەندیدا بوون و بەگشتی لەژێر هەژموونیی کلیسادا هاتبوونە دەرەوە.

خاڵی گرینگ لە پاش پەیمانی ئاشتیی وێستفالیا ئەوە بوو کە لە بواری مافی نێونەتەوەییەوە دەوڵەت- نەتەوە

پێکهاتووەکان سەرەڕای جیاوازی پانتایی جوگرافیایی و هێزی سەربازییان، خاوەنی سەروەریی یەکسان و هاوشێوە بوون کە ئەم ڕەوتە بووە هێنانە ئارای سیستەمی دەوڵەت تەوەر لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا.

## مێژووی سەروەریی سیاسی لە حکوومەتی ئەردەڵانەوە تا کۆمار:

لە پاش هاتنی ئیسلام، لە کوردستاندا چەندین حکوومەت و میرنشینی کوردی فەرمانڕەوایی ئەم وڵاتەیان کردووە، کوردستان بەپێی هەلومەرجی تایبەتی جوگرافیایی- کۆمەڵایەتیی خۆی، بەردەوام قەڵای لەگیراننەهاتووی دوژمان و داگیرکەرانی بووە و هیچ لایەنێک نەیتوانیوە سەروەریی خۆی بەسەر هۆز و عەشیرە کوردییەکاندا بسەپێنێت.

حکوومەتی ئەردەڵان لە کوردستاندا بۆ ماوەی هەفت سەدە دەسەڵاتداری کوردستان بووە، حکوومەتی ئەردەڵان لەو دەگمەن میرنشینگەلەیە کە بۆ ماوەی چەندین سەدە نەچووەتە ڕێکفی هیچ ئیمپراتووریەک و خاوەنی سەروەری خۆی بووە، لە ململانێی نێوان دوو ئیمپراتووریای عوسمانی و سەفەوی بەردەوام بەرگریی تەواوی لە جوگرافیای ژێر دەسەڵاتی و سەروەریی خۆی کردووە و ملی بۆ دەسەڵاتی هیچ کام لەم دوو زلهێزە نەوی نەکردووە، ئەوەی کە لێرەدا جێی ئاماژەیە حکوومەتی ئەردەڵان هەتاکوو سەردەمی شا عەباسی یەکەمی سەفەوی وەکوو حکوومەتێکی سەربەخۆ هەڵسوکەوتی کردووە و سەروەری سیاسیی خۆی بە تەواوەتی بەسەر خاکی کوردستاندا وەکوو حکوومەتێکی سەربەخۆ پاراستووە.

"هەڵۆ خان"، بەناوبانگترین فەرمانڕەوای حکوومەتی ئەردەڵان (١٠٢٦ - ٩٩٨ ک.م) ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی بە "مملکت مستقلە" یان دەوڵەتی "علیحدە" ناو دەبرد. شا عەباس سپایەکی ١٠هەزار کەسیی بە سەرکردایەتیی "حوسێن خان"، حاکمی لوڕستان، بۆ داگیرکردنی کوردستانی ئەردەڵان نارد، کە لە شەڕێکی گراندا لە بەرانبەر لەشکری کوردستان دەشکێن، لەشکرکێشییە یەک لە دوای یەکەکانی حکوومەتی سەفەوی بێ کەڵک دەبن و شا عەباس ناچار دەبێت خۆی سەرکردایەتی لەشکرەکەی بکات، کە ئەویش ئاکامێکی جگە لە شکست بۆ سوپای داگیرکەر نابێت.

لە پاش شکانی لەشکری داگیرکەری سەفەوییە بۆ سەر وڵاتی کوردستان، شا عەباس هەوڵ دەدات لە دەرگای ئاشتی و وتووێژەوە بێتە پێشەوە، هەڵۆ خانیش لەبەر بارودۆخی تایبەتی ئەو سەردەمە و مەترسیی عوسمانییەکان، ئەم ئاشتییە قەبووڵ دەکات و کوڕەکەی و لێژنەیەک دەنێرێتە ئیسفەهان.

لە ساڵی ١٠٢٥ ک.م، خان ئەحمەد خان کوڕی هەڵۆ خان کە لە دەرباری سەفەویدا گەورە ببوو و زاوای شا عەباس بوو،

لەلایەن دەرباری سەفەوییەوە ڕادەسپێردرێت بۆ وەلانانی هەڵۆخان و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی، خان ئەحمەد خان بە یارمەتیی دایکی و خیانەتی سەرۆک هۆز و عەشیرەکاندا لە کودەتایەکی سەرکەوتوودا کۆتایی بە دەسەڵاتی هەڵۆخان دەهێنێت و کەلەپچەکراو هەڵۆخان ڕەوانەی ئیسفەهان دەکات.

بە داگیرکردنی کوردستان لە ئاکامی خیانەت و خۆبەدەستەوەدان لە ساڵی ١٠٢٦ ک.م، کوردستان کە هەتا ئەو سەردەمە سەربەخۆ بوو بە شێوەی فەرمی پەیوەست بە ئیمپراتووریای سەفەوی دەبێت، سەربەخۆیی و سەروەری تەواوی خۆی لەدەست دەدات و بە شێوەی فەرمی دەبێتە ئیالەتێکی ئەو ئێمپراتۆرییەتە.

لە پاش ئەم ڕووداوەوە ئەردەڵانەکان هەتا کۆتایی تەمەنیان لە سەردەمی قاجارییەدا ناتوانن سەربەخۆیی و سەروەریی لەدەستچوویان بگەڕێننەوە.
ئەوەی کە گرینگە تا سەدەی بیستەم لە کوردستاندا شوناسی نەتەوەیی دیسکۆرسی زاڵ نەبووە، ئەگەر لە مێژووی کوردستاندا شوناسی نەتەوەیی نەکەین بە بنەمایەک بۆ خوێندنەوەی مێژووی سەروەری لە کوردستاندا واتە بە چاویلکەی دیسکۆرسی زاڵ لە سەردەمی مۆدێرندا نەڕوانینە هێڵی مێژوو، هێڵێکی پەیوەستە لە مێژووی سەروەری لە کوردستاندا وەبەرچاو دەکەوێت.

کۆماری کوردستان درێژە و تەداومی هەمان دەسەڵاتی کوردیی هۆز و عەشیرەتەکانی سەرانسەری کوردستان بوو، کە لە فۆرمێکی مۆدێرن و ئەمڕۆییدا و لەژێر ناوی سیستەمی کۆماریدا دیسان سەری هەڵدایەوە.

بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان وەکوو یەکەمین دەوڵەتی مۆدێرنی کوردی کە لەسەر هەمان بناغەی لەدەستچوونی سەروەری بووە دەکرێت وەها خوێندنەوە بۆ بابەتەکە بکرێت کە دەسەڵاتدارییەکی کوردی لەنێوچووە دیسان لە زەروورەتێکی مێژوویی نوێدا و لە چوارچێوەیەکی گوتارێکی نوێدا بەڵام لەسەر هەمان بناغە حکوومەتێکی کوردیی دیکە دامەزراوەتەوە.
ئەوەی لێرەدا گرینگە، تاکی کورد دەبێ بناغەی سەرەکی لە ڕەوایەتی مێژوویی خۆیدا "کوردستان" بێت، کوردستان وەکوو کانستراکشێن. کوردستان بەردەوام خاوەنی حاکمییەت و سەروەریی خۆی بووە، گرینگ نییە کێ بووە و کێ هاتووە.

ناوەڕۆکی ئەم بابەتە ڕا و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لێی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی ڕێبەندانی ٢٧١٩

# ڕۆڵ و پێگەی کۆماری کوردستان لە پرۆسەی «نەتەوەسازی»دا



سمایل شەرەفی

پرسی «نەتەوەسازی» وەک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی کە ئەم ڕۆژانە و هاوکات لەگەڵ یادی حەفتاوسێهەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان لەنێو چالاکانی سیاسییدا باسی لەسەرە و بۆچوونی جۆراوجۆر و جیاوازی لەسەر ساز بووە، بۆ ئێمەی کورد وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت کە هەر لەم پێوەندییەدا دەخرێینە نێو کۆمەڵێک قەزاوەت و پێناسەی جۆراوجۆری زانستییەوە، گەلێک گرینگە. ئەم پرسە بۆ ئێمەی کورد کە بەداخەوە جیا لەوەیکە دەوڵەتمان نییە، زۆریش لەنێو ماڵی خۆماندا یەکانگیر و یەکگرتوو نین، سەرنجپێدانی زەروورەتێکە. لەم سۆنگەیەوە هەوڵی ئەم وتارە ئەوەیە کە قسە لە ڕۆڵ و پێگەی کۆماری کوردستان لە پرۆسەی «نەتەوەسازی»ی لە کوردستاندا بکا.

--------

پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە سەرۆک کۆماریی پێشەوای مەزنی کوردستان، قازی محەممەد، لە مێژووی جووڵانەوەی خەڵکی کوردستاندا دەسکەوتێکی نەتەوەیی گەورە بوو کە تا ئێستاش هەموو ئینسانێکی کورد لە هەر کوێی ئەم جیهانە بێت، بۆی جێی شانازییە. کەوابوو خودی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەتەنیا، ڕووداوێکی تایبەت و نەتەوەییە لە ژیانی نەتەوەیەکی تا ئێستا بێدەوڵەتی وەک کورددا، کە جیا لە شانازی پێوەکردنی، بۆ ئەم میللەتە بووەتە مانایەک لە بوون و خۆپێناسەکردنێکی زاتی بۆ هەموو تاکێکی کورد بەو مانایە کە نەتەوەیە.

لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورددا کۆماری کوردستان چ وەک دەسکەوتێکی عەینی کە بریتی بوو لە دەسەڵاتێکی سیاسی بە هەموو تایبەتمەندییەکی دامەزراوەیی و دەوڵەتی کە توانی بۆ ماوەی ١١ مانگ ئیرادەیەکی پڕ لە شانازی و دەسکەوتی نەتەوەیی پێشکەش بکا، چ وەک هێما و سەمبولێکی زەینی کە تا ئێستاش ئینسانی کورد لەوپەڕی ماناکانی «کوردبوون» و «نەتەوەبوون»دا بە «سەرچاوەی ئیلهام بۆ بنیاتنانی داهاتووی خۆی» وەک پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی دەزانێ، بە ڕووداوێکی گرینگ و یەکلاکەرەوە دادەنرێ. ئەم ڕووداوە بەبێ ئەوەی بپەرژێنە سەر دەسکەوت و لێکەوتەکانی، لە دروستکردنی هەستێکی هاوبەشی نەتەوەیی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا ڕۆڵێکی قووڵ و کاریگەری گێڕا. ئەم هەستە هاوبەشە کە لە پرۆسەی «نەتەوەسازی»دا بنیات و بنەمایەکی بتەوی زانستییە، وایکرد کە هەموو تاکێکی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، کۆماری کوردستان بە هی خۆی بزانێ و بە هەر شێوەیەک کە بۆی دەگونجێ لە چەسپاندن و پاراستنیدا بەشدار بێت. کەوابوو کۆماری کوردستان ئەو سەرەتا هاوبەشە ماناداره نەتەوەییە بوو کە کورد بە گشتی خاوەنداریێتیی لێ بکا و ببێتە جەغزێک بۆ کۆکردنەوەی هەستێکی هاوبەش لەنێو پێکهاتەیەکی تایبەتدا بە ناوی نەتەوەی کورد.

ئەسڵی «خاوەنداریێتی» لە پرۆسەی «نەتەوەسازی»دا لەسەر بنەمای دروستبوونی هەست و ئێحساسی هاوبەش، زۆرترین سەرنجی خراوەتە سەر. لە ڕەوتی دروستبوونی دەوڵەت_ نەتەوەکان لە ڕۆژئاوا بە تایبەت لە دوو وڵاتی ئاڵمان و فەڕانسە کە خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە ڕووداو و تەنانەت کارەساتن لەم پێوەندییەدا، ئەسڵی خاوەنداریێتی لەسەر بنەمای ئێحساسی هاوبەش - کە شەرت نییە هەمیشە تێکەڵ بە چەمک و مانای ئۆمانیستی و ئەمڕۆیی هاوتەریب لەگەڵ مەنشوورە جیهانییەکان بێت - بە بنەما و سەرەتای هەنگاوەکان لەم پرۆسەیەدا وەرگیراوە. دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە پرۆسەی «نەتەوەسازی»دا هەم ئاوات و ئارەزووەکانی خەڵکی کوردستانی بە خاوەن کرد، هەم توانی ئەو ئێحساسە هاوبەشە لەنێو خەڵکی کوردستاندا درووست بکات کە خۆیان بە خاوەنی ئەم دەسکەوتە بزانن.

کۆماری کوردستان لە ڕەوتی دەسەڵاتدارێی خۆی لەم ١١ مانگەدا بە کۆمەڵێک داهێنان و دەسکەوتی مێژووی توانی هەنگاوە کاریگەرەکانی دیکەی خۆی لە پێناو پرۆسەی «نەتەوەسازی»دا بهاوێ. هەر وەک شەهید دوکتور قاسملوو باسی دەکا، «ئەو کارانەی کۆماری کوردستان لە ماوەی ١١ مانگدا جێبەجێی کردن، زۆربەیان ئاواتی لەمێژینەی خەڵکی کوردستان بوون». لەم ماوە کورتەدا کۆماری کوردستان کۆمەڵێک کاری کرد کە دەکرێ شوێنەوار و کاریگەریی هەرکامیان بەجیا و بەدرێژی لەسەر ڕەوتی ناسیونالیزمی کوردی و «نەتەوەسازی» شەن و کەو بکرێن، بەڵام لێرەدا تەنیا باسی دوو داهێنانی ئەم کۆمارە و ڕۆڵیان لەسەر «نەتەوەسازی»لە کوردستاندا دەکەین.

پێکهێنانی «سپای میللی» و دانانی ناوی «پێشمەرگە» و، بەرزکردنەوەی «ئالاّی کوردستان» دوو لەو دەسکەوت و داهێنانانەی کۆماری کوردستان بوون کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە ڕۆح و ڕەوانی ئینسانی کورددا کارتێکەرییەکی قووڵی سایکۆلۆژیی داناوە و لەسەر ئاستی گشتیی کۆمەڵگەی کوردستانیش بە هەموو بەشەکانیەوە، کۆمەڵێک ئێحساس و باوەڕی هاوبەشی دروست کردوون.

هەست و نیازی «خۆپاراستن» بەرانبەر بە «ئەوی دیکە» کە نەتەنیا لە تۆ ناچێت و خەسڵەتە زەینییەکانی جیاوازن، بەڵکوو ڕەفتار و باوەڕەکانی هەڕەشەن لەسەر تۆ، هەستێکی هاوبەشی نەتەوەییە کە کورد وەک نەتەوەیەکی جیاواز بەرانبەر بە نەتەوەکانی دیکە هەیبووە. ئەم هەستە لە ڕەوتی مێژووی جووڵانەوەکانی کورددا لەوانەیە لە چوارچێوەی چەکدارکردنی بەشێک لە پێکهاتەی خێڵەکیدا کاری لەسەر کرابێ، بەڵام نەتوانراوە لەسەر ئاستی گشتی و «میللی» وڵامی شیاوی بدرێتەوە. کۆماری کوردستان بە پێکهێنانی سپای میللی لەژێر ناوی پێشمەرگەدا کە خاوەنی دامەزراوەی دەوڵەتیی وەک «وەزارەتی پێشمەرگە» بووە، ڕاست وەڵامێکی گشتی و نەتەوەیی بەم نیازە دەداتەوە. پێکهێنانی سپای میللی (پێشمەرگە) ئەو دڵنیایی و متمانە هاوبەشە لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان و تاکی کورددا درووست دەکا کە پاراستنەکەی مسۆگەرە. وڵامدانەوە بەم نیاز و هەستە هاوبەشە، ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر درووستبوونی هەستێکی هاوبەشی دیکە بە ناوی «دڵنیابوون» لە پارێزگاریکردنی لە بەرانبەر ئەوی دیکەدا. هەر ئەم دڵنیابوونە هاوبەشە لە ڕێگای هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، بۆ جارێکی دیکە باوەڕێکی هاوبەشی جەماوەری لەنێو خەڵکی کوردستاندا بەرانبەر بە دیاردەیەک بەناوی کۆماری کوردستان درووست دەکا.

لە کۆتاییدا ئەم هەستە هاوبەشە زەینییانە (زەروورەت، خاوەنداریّتی، نیاز، بوون، متمانە، دڵنیایی، پاراستن، پارێزگاری و...) هەر هەموویان هەستێکی دیکەی هاوبەش لەنێو ئەم میللەتەدا درووست دەکەن کە پێی دەوترێ «باوەر بە خۆبوون». ئەم ئێحساسە لە کۆماری کوردستاندا بە هەڵکردنی «ئالاّی کوردستان» بە ئەوجی خۆی دەگات. هەڵکردنی ئالاّی کوردستان لە کۆماری کوردستاندا گرینگییەکی تایبەتی پێدراوە. لە شار و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماردا، بۆ هەڵکردنی ئالاّی کوردستان ڕێوڕەسمی ڕەسمی پڕشکۆی بە حزووری نوێنەری سەرکۆماری کوردستان بەڕێوە چووە. لەم ڕێوڕەسمانەدا بە دەیان هەزار کەس بۆ بینینی ئەو ساتانەی «ئالاّ» هەڵکراوە کۆبوونەتەوە و فرمێسک بەچاویاندا هاتۆتە خوارێ.

کۆماری کوردستان بە هەڵکردنی ئالاّی کوردستان مانای بوون و باوەڕبەخۆبوونی لە هەناوی تاک بە تاکی خەڵکی ئەم نیشمانەدا چاند. لە پرۆسەی «نەتەسازی»دا چەمکی «باوڕبەخۆبوون» و هەستکردن بە خودی خۆت وەک نەتەوە کە مافی خۆتە و دەتوانی وڵات و دەوڵەتی خۆت هەبێ، بە گرینگییەوە سەرنجی دراوەتێ.

بۆیە دەتوانین بڵێین لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورددا کۆماری کوردستان و دەسکەوتەکانی و، تەنانەت ڕووخان و لە سێدارەدانی پێشەوای سەرکۆماریش، زۆرترین و لە هەمانکاتدا قووڵترین کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی «نەتەوەسازی» لە کوردستاندا داناوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێوێری ٢٠١٩

# ئەوان و کۆمارەکەی ئێمە



ناسر باباخانی

(پێشکەش بە پێشمەرگە ونەکانی کۆماری کوردستان)

چەمکی داشکاندنخوازی (تقلیل گرایی Reductionism) واتە دابەزاندنی ڕووداوێکی گرینگ و گەورە (وەک گشت) بە ڕووداوێکی بچووک (بۆ پاژە پێکهێنەرەکانی بەڵام بە جیاجیا). بە واتایەکی تر ڕەچاو نەکردنی هەموو ڕەهەندەکانی لێکدانەوەیی و تەنیا پێداگری لەسەر تاکە ڕەهەندێک بەمەبەستی دابەزاندنی بایەخەکانی پێشهاتێک. لەوەها حاڵەتێکدا، بۆ وێنە شرۆڤەی ڕووداوێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی سەرەڕای پێچەڵاوپێچی زاتی ئەم جۆرە ڕووداوانە، ڕێداکشنیزم تا ڕادەیەکی زۆر نزم ئاستی ڕووداوەکە دادەبەزێنێ.

لە سۆنگەی ئەم چەمکەوە نووسەر و مێژوونووسی نەتەوەی باڵادەست، حەولی داشکاندن و دابەزاندن و دواجار سڕینەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی نەتەوەی کورد دەدا.

یەکێ لەم ڕووداوانەی «ئێمە»، کە »ئەوان» پێی هەڵدەبەزنەوە کۆماری کوردستانە. دیارە نابێ ئەم هەڵبەزینەوەیەشمان پێ شتێکی سەیر بێ، چون ئەمە بە جۆرێ بەرەنگار بوونەوەیەکی ناسیۆنالیزمییە بەرامبەر بە ناسیۆنالیزمێکی هێرشکارانەی هۆمۆژێن ساز! لە ڕاستیدا هیچ بزووتنەوەیەکی سیاسی وەک دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ناسیۆنالیزمی داگیرکەری نەتاساندووە، چون نەفسی دامەزرانی کۆماری کوردستان شەرمەگێلاخەی کوردایەتی وەلادەنێ و لەبەرامبەر هۆمۆژێنسازیی نەتەوەکان وەک سیاسەتی سەرەکیی داگیرکار دەوەستێ. چون ئەوان زۆر باش لە هابزباوم تێگەیون کە دەڵێ: ئێتنیستی توانیویێتی و دەتوانێ ئەم خەڵکانەی لە شوێن گەلێکی بەربڵاو و بە شێوەیەکی پەراکەندە دەژین و حکوومەتی هاوبەشیان

نییە، دەکرێ "پێش - میللەت"یان پێ بوترێ کە دواجار ئەم چەمکە دەتوانێ لێکیان گرێ بدا بۆ دەسپێکی پێش - نەتەوەخوازی (Proto-Nationalism) و سەرەتای دەوڵەتخوازی. بۆیە ڕێک لەم پنتەڕا چەمکی دابەزاندن و داشکاندن وەگەڕ دەکەوێ بە دژی کۆماری کوردستان.

ئەم دابەزاندنە بە شێوەی کەمکردنەوە و بچووککردنەوە و سڕینەوە لە بابەتەکانی ئەواندا خۆ دەردەخا کە دەکرێ ئاماژە بەم خاڵانە بکەین:

**بچووککردنەوەی پانتای جوغرافیایی (لەبری کۆماری کوردستان دەڵێن کۆماری مەهاباد)**

دەکرێ کۆماری کوردستان وەک سەرەتایەک بۆ مۆدێرنیتەی سیاسیی کوردی ڕەچاو بکرێ، واتە چەشنێ دۆخی تێپەڕین لە جۆرێک ژیانی خێڵەکی بەرەو پرۆسەیەکی ئامانج دەوڵەت - نەتەوە و گۆڕانی ناسنامەی نەتەوایەتی بە فۆڕمێکی مۆدێرن. واتە بەرەو سەرەتای چەکەرەی دەوڵەت - نەتەوە وەک فۆڕمی سیاسی مۆدێرنیتە!

لە ڕاستیشدا گۆڕانی ئەم ناسنامەیە پەیوەندی بە شوێنەوە نییە، چون لە بنەڕەت ڕا لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەر لە کۆماریش ئەم جووڵەیە بە جیددی چ وەک بزووتنەوەیەکی بەهێز و چ وەک باوەڕێکی زەینی لەئارادا بووە: بۆ وێنە لە باکووری ڕۆژهەڵات شێخ عوبەیدیللای نەهری و سمایل ئاغای سمکۆ، لە موکریان مەلا خەلیل گۆڕەمەڕ، هەمدیسان لە موکریان حیزبی ئازادیی کوردستان و بزووتنەوەیەکی بەهێز وەک کۆمەڵەی ژێکاف (هەرچەند پەلکێشی ژێکاف بۆ سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرسوڕهێنەرە)، یان لە باشووری ڕۆژهەڵات داوود خانی کەلهوڕ... یان وەک ئارچی ڕۆزڤێلت لە وتارەکەیدا باس دەکا: لە هەورامان و مەریوان مەحموودخانی کانی سانان و لە ناوچەی بانە حەمەڕەشید خان و... (بێگومان ئاستی پەرەگرتوویی و کارتێکەری و شێوازی ئەم بزووتنەوانە بە یەکەوە جیاوازی هەبووە، مەبەستی سەرەکیم زیاتر ئاماژەیە بە «بوون»ی بزووتنەوەکە وەک فۆرمی فیزیکی و وەک باوەڕ)

**دیارە کارتێکەری بزووتنەوەی کورد لە تورکیە و عێراقیش نابێ وەک فاکتەرێکی هاندەرانە لە یاد بکرێ.**

کەوابوو دەکرێ بڵێین جۆرێ تێکشکاندنی دوانەی شوێن - کات لە سەر دەستی کۆماری کوردستان ساز دەبێ بە هۆی زەقبوونەوەی چەمکی ناسنامەی نەتەوایەتی و لە هەمان کاتیشدا حەولی نەزۆکی بە مەهابادکردنی کۆمار پووچەڵ دەبێتەوە و کۆماری کوردستان دەبێتە ئێتیکێتی تاکی کورد لە پانتایەکی بەرفرەوانتر تەنانەت نەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو لە سەرتاسەری کوردستانی گەورەدا! بە تەعبیری شەهید دوکتور قاسملوو هەموو نەتەوەی کورد چاوی هیوا و تاسە و

ئارەزووی تێ بڕیبوو. دوکتور قاسملوو هەر لەم بارەوە دەڵێ: «حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرنامەیەکی هەشت ماددەییدا باس لە دروشمەکانی نەتەوەی کورد دەکا کە هەموو مافە ئەساسییەکانی خەڵکی کوردستانی تێدایە. بەرنامەکە داوای خودموختاری دەکا، ئەو کاتە شاری مەهاباد بەشێک بوو لە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا. وشەی کوردستان خۆی ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو خودموختارییە بۆ ناوچەی مەهاباد داوا ناکرێ، بەڵکوو بۆ هەموو کوردستان داوا دەکرێ...»

لە ڕاستیدا کۆماری کوردستان ببوو بە کۆمارێک کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ وەک گوتار، ئەم پتانسییەلەی هەیە زۆربەی هەرەزۆری بیر و باوەڕەکان - تەنانەت جیاوازیش - لە ژێر چەترێکدا کۆ کاتەوە.

### کۆماری کوردستان وەک دەسکردی دەرەکی یان کۆمارێکی گەلی!

ڕەنگە بە پێی زرووفی کات و شوێن هیچ جەرەیانێکی سیاسی لە هیچ سەردەمێکدا بە قەت کۆماری کوردستان «خەڵک میحوەر» نەبووبێ! کە سەیری سیاسەتەکانی کۆماری کوردستان دەکەی لەسەر بنەمای بەڵگەکان وەک بڵاڤۆکەکانی سەردەمی کۆمار، بەتایبەتی ڕۆژنامەی کوردستان وەک ئۆرگانی ڕەسمیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەک بۆچوونی مێژوونووسانی تر هەم ئێرانی و هەم بیانی، بیرەوەریی کاربەدەستانی کۆمار و تەنانەت خەڵکی ئاسایی (وەک مێژووی زارەکی) هەموو نیشاندەری ئەوەیە کە لە ئێعلانی جمهووری کوردستان ڕا بگرە تا بڕیاری پاشگەز بوونەوە، ئەوە خەڵکن کە تەمای لەسەر دەگرن نەک زلهێزەکان و بێگانەکان.

شەهید دوکتور قاسملوو لەم بارەوە دەڵێ: "کۆماری کوردستان کۆمارێکی گەلی بوو، بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەی کورددا بەڕێوەبەریی جووڵانەوە بە دەست ئاغایەک، سەرۆک عەشیرەتێک یان شێخێک نەبوو. ڕاستە هێندێک لەمانە لە کۆماری کوردستاندا خاوەن دەسەڵات بوون بەڵام هەوڵ درا کە کۆمەڵانی سادە واتە خەڵکی کۆڵان و بازاڕ نوێنەرانی خۆیان بە شێوەیەکی دێموکراتی هەڵبژێرن و بەڕێوەبەرانی خۆیان دیاری بکەن. بۆ یەکەم جار جووڵانەوەیەکی پانوبەرینی گەلی پێک هاتبوو کە پشتیوانی ئامانجەکانی خۆی و کۆماری خۆی بوو."

بۆیە سیاسەتەکانی کۆمار دیپلۆماسییەکی خەڵک تەوەرە و بە تەعبیری دوکتور عەبباس وەلی ئەمە »خواستێکی گشتی« بووە کە لە نێو خەڵکی ئاساییدا لایەنگرێکی یەکجار زۆری هەبووە.

ڕەنگە دژکردەوەکانی پێشەوا قازی کە بەتوندی بەرپەرچی یەکیەتیی سۆڤییەت و جمهووری ئازەربایجان و شەخسی باقرۆف

دەداتەوە ئەم بۆچوونەمان زیاتر بسەلمێنن. ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە دووی ڕێبەندان، دژکردەوەیەکی خێرا و بوێرانە بوو، وەک سیگناڵێک بۆ دەرەوە لە ڕاستای سەربەخۆیی لەبڕیاردانەدا و تەنانەت هەنگاوێک وەپێش تەورێز کەوتن. چون لە ڕاستیدا تەورێز مەبەستی ئەوە بوو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان بە خۆیەوە بلکێنێ و هەندێ پۆئەن وەک خودموختاریی فەرهەنگی و پێنج نوێنەر لە مەجلیس بۆ کوردەکان دیاری بکا کە بە ئێعلانی زیرەکانەی جمهووری کوردستان، ئەم پیلانە پووچەڵ دەبێتەوە. تەنانەت پێشەوای نەمر لە سەفەری دووهەمی بۆ باکۆ بەتوندی بەگژ باقرۆف دادێتەوە کە ویستبووی کۆمار بخرێتە ژێر چاوەدێریی تەورێزەوە. پێشەوا دەڵێ: ئەگەر قەرار بێ هەر ژێردەستە بین، بۆ ژێردەستی تەورێز؟ ئەوە هەر لە ژێر دەستی تاراندا دەمێنینەوە! نەمر میرزا مەناف کەریمی، وەزیری پەروەردەی سەردەمی کۆمار، دەیگێڕاوە تەنانەت ئەو نامانەی تەورێز بۆی دەناردین بەبێ ئەوەی بیانکەینەوە دەماننناردەوە تەورێز!

پرۆفسۆر یەرواند ئابراهامیان، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە: «حیزبی دێموکراتی کوردستان گەیشتبوو ئەو ئاکامە کە (هەلێک) هاتۆتە ئاراوە بۆ سازکردنی دەوڵەتی کوردستان، ئەمەش شتێک نەبوو لە مۆسکۆ یان لە باکۆڕا هاتبێ، بەڵکوو لێکدانەوەی ئەوان ئەوە بوو لەم هەلە دەبێ کەلک وەرگرن بۆ ڕاگەیاندنی جمهووریی کوردستان. ئەمە کارێکی سەربەخۆییخوازانە بوو، کوردەکان زۆر لە ئازەرییەکان سەربەخۆییخوازتر بوون، بۆیە بۆ ئازەرییەکان و بۆ باکۆ ئەمە چاوەڕوانکراو نەبوو.» یەرواند ئابراهامیان بەم ئاکامە دەکا کە کوردەکان سیاسەتداڕێژییەکی سەربەخۆیان هەبووە.

بە گشتی جۆری پەیوەندیی یەکیەتیی سۆڤییەت لەگەڵ تەورێز بە نیسبەت مەهابادەوە، زۆر جیاواز بوو. لە لایەک تەورێز لەگەڵ ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤییەت هاوسنوور بوو و لەباری نەژاد و زمانیشەوە هەر یەک بوون و لە لایەکی تریشەوە یەکی وەک باقرۆف، سەرۆککۆماری ئازەربایجان، سەودای ئازەربایجانی گەورەی لەسەردا بوو. ئەمانە هۆکارگەلێک بوون کە تووەرج ئەتابەکی گوتەنی: «گەرمای پەیوەندیی یەکیەتیی سۆڤییەت لەگەڵ تەورێز زۆر زیاتر بێ بە نیسبەت مەهاباد و کوردستانەوە!»

ڕستەیەکی مەنشوور هەیە کە کاربەدستانی ئەمنیەتیی ئازەربایجان بە پێشەوەرییان گوتووە: «سەنی گەتیرەن، سەنە دییەر گێت!» واتە: ئەوەی تۆی هێناوە، هەر ئەویش پێت دەڵێ بڕۆ! مەبەست لەم ڕستەیە نەبوونی سەربەخۆیی لە پێکهاتەی فیرقە دایە، لە کاتێکدا هەرگیز ئەم ئەدەبیاتە بە نیسبەت کۆماری کوردستانەوە دەکار نەکرا.

### کۆماری کوردستان بەرهەمی «جەبری ژئوپولیتیک»؟!

نەتەوەی باڵادەست دەیەوێ ڕەنگ و بۆنێکی تیۆریک بدا بە تەحلیلەکەی و بۆیە کۆماری کوردستان بە بەرهەمی جەبری

ژێئۆپۆلیتیک دادەنێ و بۆ پێکانی ئەم مەبەستەش باسی دوو خاڵ دەکا. یەکەم: بۆشایی دەسەڵات لە ناوچەی سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان، دووهەم: کێبەرکێی زلهێزەکان بۆ پەلکێشکردنی نەتەوەکان و دەوڵەتەکان بۆ لای خۆیان. با بزانین ئەم لێکدانەوەیان چەندە ڕاستە؟

وەک باسم کرد ئەوان بە چەمکی داشکاندنخوازی، واتە دابەزاندنی بەهاکانی ڕووداوێکی گرینگ وەک کۆماری کوردستان، بە ڕەچاو نەکردنی هەموو ڕەهەندەکانی لێکدانەوەیی و تەنیا پێداگری لەسەر تاکە ڕەهەندێک، دەیانەوێ لە بایخ و کارتێکەرییەکانی کۆماری کوردستان کەم کەنەوە.

لە ڕاستیدا بابەتێکی گرینگ، کە ئێستا بووەتە بەشێک لە مێژوو و دەرفەت و دەرەتانی گونجاوتر هەیە بۆ لێکدانەوەی هەمەلایەنە و چەندڕەهەندی ڕووداوەکە، بەڵام ئەوان هەر بە «جەبری ژئوپولیتیک»ەوە نووساون!

خۆ ڕاستە زۆربەی توێژەرە بیانییەکانیش وەک دێیڤید مەک داوڵ و ئارچی ڕۆزڤێڵت و... ڕاستەوخۆ باس لە فەزایەکی بەتاڵ (vacuum) دەکەن، واتە لە ڕوانگەی ژێئۆپۆلیتیکەوە باس لە بۆشاییەکی جوغرافیایی دەکەن کە لە دواجار دەبێتە هۆی سازبوونی بۆشایی دەسەڵات و ئەمەش ڕەخسێنەری هەلە بۆ خەڵکی خۆجێیی ناوچەکە!

لە لایەکی تریشەوە کێبەرکێی زلهێزەکان لەگۆڕێدا بوو، هەرچەند شەڕی سارد بە مانا سیاسییەکەی کاتی خۆی، نەبوو، بەڵام جۆرێ لە دژایەتی بەرژەوەندییەکان بە ئاشکرا دیار بوو کە ئەویش خۆی لە پەلکێشکردنی نەتەوەکان و دەوڵەتەکان بۆ لای خۆیان دەردەخست. ئەم دوو هۆکارە بە ڕواڵەت، سەلمێنەری ئەو جەبرە ژێئۆپۆلیتیکەن کە باسمان کرد، ئەمە ڕێک دیوی دیاری پرسەکە و ساکارترین لێکدانەوەیە، بەڵام واقعییەت چ بوو؟

ئەوان بە هیچ کلۆجێک پێشینەی جووڵانەوە و بزووتنەوە سیاسییەکانی ناوچەی موکریان بەتایبەتی و، کوردستان بە گشتی ڕەچاو ناکەن. واتە بەکگراوندی خەباتی نەتەوەی کورد بەر لە کۆماری کوردستان، لێرەدا بە دیاری بیری کۆمەڵەی ژێکاف، وەک دژکردەوەیەک بەرامبەر بە ناسیۆنالیزمی نەتەوەی باڵادەست، (بەربڵاوی ئەندامەکانی کۆمەڵەی ژێکاف لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەلمێنەری ئەوەیە کەم ئەم بیرە، لە بەرامبە ناسیۆنالیزمی فارسدا خۆی تەیار و ئامادە کردبوو.) سەرنجڕاکێشە کاتێ دێیڤید مەک داوڵ دەڵێ لە ژوئیەی ١٩١٨ سەرۆک عەشیرە کوردەکان کۆ دەبنەوە و داوای سەربەخۆیی خۆیان لە ژێر حیمایەی بریتانیا دەگەیەننە دەستی نوێنەری بەریتانیا لە سەقز!

دیارە وەک پێشتریش باسم کرد لە کوردستان پێشینەیەکی بەهێزی نەتەوەخوازی بوونی هەیە کە ئەوان بەئانقەست چاوپۆشی لێدەکەن. دوکتور قاسملووش لەگەڵ ئەوەدا کە باس لە وەزعی تایبەتی ناوچەی مەهاباد و دەوروبەری دەکا وەک بۆشایی و نەبوونی دەسەڵات لە ناوچەکە، لە هەمان کاتدا بە دروستی ئاماژەش بە ڕابردووی دوورودرێژی جووڵانەوەی کورد لە دەڤەری مەهاباد دەکا. هەروەها ئەوان باس لە هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانەکە ناکەن، بۆ وێنە هۆکاری سازبوونی ئەم گوتارە چییە؟!

سیاسەتەکانی ڕەزاشا بۆ هۆمۆژێنسازیی وڵات، کە لەسەر بنەمای شۆڤێنیزمی فارس و ئامالّ مۆدێرنیزم و ئامالّ لائیکی تورکیە دامەزار بوو، تەواوی حەولی سڕینەوەی ناسنامەیی نەتەوەکان بوو، کۆپی پێستی کردنی نەتەوەکان بۆ بوونەوەرێکی تازەخوڵقاو بە ناوی ئێرانی، خۆ زەفکردنەوە لە ڕێگەی خۆسەپاندن بە سەر ئەوی تر و ئەوانی تردا. بۆ ئەم ستراتیژییەش دێنێ لە تاکتیکی سەیروسەمەرە و جۆراوجۆر کەلک وەردەگرێ:

هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری، دژایەتی زمانەکانی تر، نیشانەگرتنی دابونەریتی نەتەوەکانی تر، هێرشی چەکداری بۆ سەر ژیانی خێڵایەتی و عەشیرەیی... و بەگشتی بەرەو پرۆسەیەکی ئامالّ مۆدێرنیزاسیۆنی تاکەڕەهەندی و ڕەق ئامێری.

## دەوری کارگێڕیی کاریزما

جگە لەم دوو خاڵە، باسێکی گرینگی تری هەیە کە دیسان بەرپەرچدانەوەیەکە بۆ ڕەتکردنەوەی بۆچوونی ئەوان بە بیانووی «جەبری ژئوپولیتیک.» کە سەیری بزووتنەوەکانی گەلی کورد دەکەی، بوونی کاریزمایەکی زاتی لە ڕێبەریی بزووتنەوەکاندا، زۆر گرینگ و کاریگەر بووە کە دیسان ئەوان بەئانقەست ئەم بەشەش ڕەچاو ناکەن. بۆ ئانالیزی بزووتنەوەکانی پێشوو وەک دیاردەیەک لە ڕوانگەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبێ دەوری کارگێڕ (**Agency**) زیاتر ڕەچاو بکرێ تاوەکوو پێکهاتە (**Structure**).

بیردۆزە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی گرنگیدان بە کارگێڕ یان پێکهاتە بۆ شرۆڤەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازییان لەگەڵ یەکتر هەیە، بۆ وێنە پێداگری لەسەر دەوری کارگێڕ یان گرنگی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یان وەک گیدێنز دەڵێ پەیوەندی دەروونی: (کارگێڕ پێکهاتە) دەکرێ بۆ ئانالیز کەڵکیان لێوەربگیرێ.

لە سەردەمانی زووتردا کە بزووتنەوەکان لەسەر دەستی ئەم کەسایەتییە کاریزمایانە سەریان هەڵدەدا، دەوری کارگێڕ شوێندانەرتر بو بە نیسبەت پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە. بۆیە کاتێ لە دەوری پێشەوا خورد دەبینەوە، کارتێکەریی ئەو لە ڕەوتی دگەردیسی کۆمەڵە ژێ.کاف بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕاوەستانی بەرامبەر بە دەسەڵاتدارانی ئێرانی لە قەوامەوە بگرە تا کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤییەت و ئازەربایجان وەک باقرۆف، جێگەوپێگەی کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی قازی محەممەد و... ڕەنگە تەعبیری دوکتور قاسملوو بۆ پێشەوا کاتێ ئەو وەک ڕێبەرێکی بێ هاوتا و لە هەمان کاتدا "بەتاقی تەنیا"ی دەناسێنێ بۆمان دەربخا کە ئەو وەک کارگێڕێکی کاریزما، بە بەختکردنی گیانی خۆی توانی میراتێکی هەرمان بۆ هەموو نەتەوەی کورد لە پاش خۆی بەجێ بێڵێ، میراتێک بە ناوی کۆماری کوردستان!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٩

## دیمانە لەگەڵ د. خالید خەیاتی لەسەر پرسی شوناس و نەتەوە



**د. خالید خەیاتی: کۆماری کوردستان ئەستێرەیەکی گەشاوەیە لە ئاسمانی تاریکی سیاسەتدا**

**ئاماژە:**

**زیاتر لە حەوت دەیە لە دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێدەپەڕێ. پاش ئەم حەوت دەیەیە هێشتا خەونەکانی کۆماری کوردستان هەر هەمان خەونی ئێستای کۆمەڵگەی کوردییە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. باسی پرسی نەتەوەیی وەک ئەورۆ دەڵێن نەتەوەسازی یان ئینسجامی نەتەوەیی بە کوێ گەیشتووە؟ پڕۆسەی بەدەوڵەت بوون لە ئاکامی ئنیسجامی نەتەوەیی لە کوردستاندا ئایا ئەرکی تەنیا حیزبەکانە، یان دەبێ هەموو کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانەوە تێدا بەشدار بن؟ لە ئاکامدا پاش زیاتر لە حەوت دەیە هێشتا هەر کەسایەتیی یەکەم ڕەییس جمهووری کوردستان دەدرەوشێتەوە، بۆچی هێشتا قازی محەممەد سەمبولی نەتەوەیی کوردە؟ هەموو ئەم باسانە، ئەم پرسیارانە و بابەتانەی کە باسم کرد لە وتووێژێکدا ا لەگەڵ بەڕێز دوکتور خالید خەیاتی، نووسەر و مامۆستای زانکۆ لە سۆئێد تاوتوێ دەکەین.**

**مەنسوور مروەتی: ئەوە زیاتر لە حەوت دەیەیە لە تەمەنی کۆماری کوردستان تێدەپەڕێ بەڵام هێشتا ئەو خەونانەی کە کاتی خۆی کۆماری کوردستان لە سەری دامەزرا و ئەم بیر و فکرانەی دامەزرانی یەکەم حکوومەتی کوردی و بەدەوڵەت بوونی**

**کورد هەیبوو، ئێستاش پاش ئەو حەوت دەیەیە خەونەکان هەر لە جێگای خۆیاندا ماون، هەمان فکر و ئایدیا و ئارمان لە بیری تاکی کورددا هێشتا هەر وجوودی هەیە، بۆچی؟**

**د. خالید خەیاتی**: ئەوە دوو دەلیلی هەیە، دوو دەلیلی زۆر ڕوون بە بۆچوونی من، دەلیلی ئەوەی کە بۆچی ئێستاش کورد لە دوای حەفتا و چەند ساڵ لە بەسەرچوونی کۆماری کوردستان، ئەمە وەکوو ئەستێرەیەکی گەشاوە لە ئاسمانی تاریکی سیاسەتدا دەبینێ، یەکەم دەلیلی ئەوەیە کە کۆماری کوردستان گوتارێکی زۆر ڕوونی نەتەوەیی هەبوو، پەیامەکەی ڕوون بوو هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆمەڵەی ژ - ک و شێوازی سوێندخواردنی ئەندامانی کۆمەڵەی ژ - ک و ئەو سەمبولانەی کە ئەوان وەپێشیان خست و شکڵی هەڵوێست گرتنیان لە بەرامبەر کورددا و هەروەها پشتبەستنی ئەو بەڕێزانە بە ئەزموونی ڕابردووی خۆیان کە دەگەڕێتەوە سەر شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا، دەگەڕێتەوە سەر شێخ سەعیدی پیران و بگرە شۆڕشی ئاراڕات (چیای ئاگری داغ) و هەتا دەرسیم، ئەوانەش هەموو پەیامی نەتەوەیی زۆر ڕوونیان هەبوو. جا بۆیە یەک دەلیل ئەوەیە کە دیسکۆرس، واتە گوتاری سیاسیی کۆماری کوردستان لە سەر ئەساس و پێگەیەکی نەتەوەیی بوو و زۆر ڕوون بوو. یانی لە بواری سیاسەتدا، لە بواری هەڵوێستگرتن بە شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و دامەزراوەکاندا لە بواری پێوەندی لەگەڵ ئەدەبیات و شوناسی کوردیدا مەسەلەی ژیان کۆمەڵایەتیدا هەمووی پشتبەستوو بوو بە پەیامیکی ڕوونی نەتەوەیی کەواتە؛ یەکەم ئەوەی کە دیسکۆرسی نەتەوەیی کۆماری کوردستان زۆر زەق و زیندوو بوو؛ دەلیلی دووەم ئەوە کە کۆماری کوردستان یەکەم ئەزموونی کوردە لە دەستەبەربوونی سەروەریی سیاسی. ئەو چەمکە زۆر زۆر گرینگە، سەروەریی سیاسی واتە کورد بۆخۆی وەکوو یەکەیەکی سیاسی، وەکوو دیاردەیەکی سیاسیی خاوەن دەستەڵاتی خۆی بێ لە چوارچێوەیەکی جوغرافیایی سیاسیی دیاریکراودا. ئەو کۆمارە لە ڕاستیدا ئەزموونێکی بەرجەستە بوو لە سەروەریی سیاسی، ئەوە ڕاستە کە تەمەنی کورت بوو، بەڵام ئێستاش دوای زیاتر لە حەفتا ساڵ کە کورد وەکوو بۆ خۆشت لە سەرەتادا باست کرد، وەکوو ئەزموونیک زۆر زۆر پێشکەوتوو وەکوو نموونەیەک باسی دەکا وەکوو بەشێک لە مێژووی پڕشنگداری ئێمە لە بەر ئەو دوو دەلیلەی لەبەر ئەوەیە دیسکۆرس و گوتاری سیاسیی کۆمار، گوتارێکی ڕوونی نەتەوەیی بوو و دووهەمیان بوونی سەروەریی سیاسی یا حاکمیەتی سیاسیی کورد بوو لە جوغرافیایەکی دیاریکراوی کوردستاندا.

**مەنسوور مروەتی: ئەم بەدەوڵەت بوون و دامەزرانی کیانێکی کوردی لایەنێکی نە تەنیا بۆ کورد بەڵکوو بۆ هەموو میللەتان ئەوەیە کە خاوەن نەتەوەیەکی بەقەول یەکدەست بێ. ئەو پرۆسەیە دەکرێ بڵێین لە کۆماری کوردستان بە شێوەیەکی ئەوڕۆییتر دەستی پێکرد، ئەی دوای زیاتر لە حەوت دەیە پرۆسەکە بە کوێ گەیشتووە؟**

**د. خالید خەیاتی**: لە ڕووی دیسکۆرسەوە کە مەبەست لە دیسکۆرسی نەتەوەییە، ئێمە بەرەو دوا گەڕاوینەوە. لێرەدا نامهەوێ

باس لە هۆکارەکانی بکەم، بەڵام ئێمە لە چوارچێوەکانی دیسکۆرسی گوتاری کۆماردا نەماین و بگرە پەیامی نەتەوەیی ئێمە لە قۆناغی جۆر بە جۆری سەرهەڵدانمان لە دوای کۆمارەوە تا ڕادەیەکیش ناڕوون بوو. هەڵبەت ئەوە دەلیلی خۆی هەیە، یەک لە دەلیلەکانی بە بۆچونی من زاڵبوونی سیستمی دوو جەمسەری لە دنیادا و کارتێکەریی بەتایبەت چەپ لە سەر بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو و لە پارچەکانی دیکەش هەر بەو شێوە. خودی چەپ بە بۆچوونی من هێندیک کێشەی هەیە، ئەو چەپە کە لەلایەن نەتەوەی سەردەستەوە بۆ ئێمە هاتووە هەڵگری هێندێک تایبەتمەندیی ئیستعمارییە، واتە درێژکراوەی سیستمێکی ئیستعماری نێوخۆییە و بۆیە ئەو چەپە شێوازێک لە مێتۆدۆلۆژی و شێوەکانی بە سەر بزووتنەوەی ئێمەدا سەپاند. لە چوارچێوەیەکی فکری تایبەتدا سنووورداری دەهێشتەوە و نەتەنیا سنووورداری دەهێشتەوە بەڵکوو خۆی لە خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێک کێشەی گەورە بوو لەنێو هەستی ڕێکخراوەیی و حیزبیدا. ئەوە بوو ئێمە کە مەسەلەن گۆش کراوین، یانی بڵێین ڕێبەرانی سیاسیی کورد یان ئەندامانی حیزبەکان کە بەو شێوازە بیرکردنەوەیە خۆی لە خۆیدا لەگەڵ ئەو مەکانە جوغرافیا سیاسییە کۆمەڵایەتیەی کە کاری تێدا دەکرد و دەیویست کێشەی کورد چارەسەر بکا بەو ئیدولۆژییە، خۆی لە خۆیدا هەڵگری دژبەری و ناکۆکی بوو. ئەوە ئەمڕۆش هەر بەردەوامە، یانی ئەو مێتۆدۆلوژییە دوای زیاتر لە بیست و چەند ساڵ کە بە سەر نەمانی سیستمی دوو قوتبیدا تێ دەپەڕێ، ئێستاش بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەیتوانیوە خۆی لەو مێتۆدۆلۆژییە، ناڵێم لە فکرەکەی بەڵکوو، نەیتوانیوە خۆی لە مێتۆدۆلۆژییەکە دەرباز بکا.

**مەنسوور مروەتی:** بەڵام لەگەڵ ئەمانە کە جەنابت باست کرد ئێستا بە نموونە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکوو دامەزرێنەری کۆماری کوردستان یا حیزبەکانی دیکەش کە دواتر هاتن، بە تایبەتی کە ئێمە باس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین. ئایا حیزب و ڕێبەری سیاسی هەبووە کە حاشا بکا لەوەی کە ئێمە میللەتێکین بێدەوڵەت و دەبێ ڕۆژێک ببین بە دەوڵەت، ئەوەی کە جەنات دەفەرمووی لە کزی داوە. ئایا بەڕاستی شتی وا هەبووە؟

**د. خالید خەیاتی**: لەو حەفتا و چەند ساڵەی ڕابردوودا ئێمە ناتوانین ئینکاری ئەوە بکەین. جارێ لە سەرەتادا بڵێم حیزبی دێموکراتی بە هەموو مێژووی دابڕان و لێکنیزیکبوونەوە و تێکەڵبوونەوە هەرچی هەیەتی و نییەتی، دیاردەی حیزبی دێموکرات بە هەر ڕوانگەیەکەوە سەیری بکەی دیاردەیەکی مەشرووعە، یانی لە نێو نەتەوەی کورددا مەشرووعییەتێکی مێژوویی هەیە، ئەوە زۆر زۆر گرینگە ئەوەمان لە بیر بێ، بەڵام لە عەینی حاڵدا ئەوە نابێتە هۆکاری ئەوەی کە ئەو دیاردەیە لانیکەم لە شکڵی بەڕێوەبردن و لە شکڵی داڕشتنی پراکتیکی سیاسیدا و داڕشتنی گوتاری سیاسیدا یا خێر تیئۆری سیاسیدا دوور لە ڕەخنە بێ، مەسئەلەکە ئەوە بووە کە ئێستاشی لەگەڵ بێ لە دوای کۆمارەوە ئێمە نەمانتوانیوە تا ئەوڕۆش پێناسەیەکی تیئۆریک، زۆر بەڕوونی دەیڵێم پێناسەیکی تیئۆریک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کێشەی کورد دەستنیشان

بکەین. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کێشەی کورد لە ئێران کێشەیەکی گشتیی ئێرانییە کە پێوەندی بە پرۆسەی سیاسەت لەو وڵاتە و پرۆسەی دێموکراتیزاسیۆن لەو وڵاتە هەیە یا خێر کێشەیەکی نەتەوەیی جیاوازە، کە دەبێ هەڵگری ڕێبازی سیاسی، تیئۆری سیاسی و پراکتیکی سیاسیی خۆی بێ؟ ئێمە ئێستاشی لەگەڵ بێ نەمانتوانیوە پێناسەیەک بۆ ئەو کێشەیە دەستنیشان بکەین. مەسەلەیەکی دیکە مەسەلەی جیدی و هۆوییەتییە بۆ کورد. ئەو شوناسە زۆر زۆر گرینگە ئێمە نەمانتوانیوە، حیزبەکانی ئێمە تا ئەوڕۆش لە دوای کۆمارەوە پەیامێکی ڕوون بە کورد بدەین، تاکی کورد کە لە نێو هێڵی پێناسەی ئێرانی بوون و کورد بوونی خۆیدا سەرگەردانە. ئێمە نەمانتوانیوە ئەو هێڵەی بۆ ڕوون کەینەوە کە ئایا تاکی کورد کە پەیوەست دەبێ بە سیاسەت، کە دەبێتە پێشمەرگە، کە دەبێتە چالاکی سیاسی، چالاکی مەدەنی، کامەیانە و چۆناوچۆن دەتوانێ تەعامول لەگەڵ هەر دووکیان بکا؟ جیاوازیی ئەو دوو هێڵە چییە؟ لە چ بوارێکدا ئەو دوو هێڵە دەتوانن پێکەوە هاوکاری بکەن لێک نیزیک بن لێک دوور نەبن ئەوانە هەموو کێشەی جیدیی بنەڕەتی و تیئۆریکین کە ئێمە ئەوڕۆشی لەگەڵ بێ نەمانتوانیوە وڵامی بدەینەوە.

**مەنسوور مروەتی:** دەگەڕێمەوە بۆ پرسیاری پێشووم. تاوەکوو ئێستا بە تایبەتی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات باس دەکەم و حیزبەکانی دیکەش وەک چەپەکان کە دواتر فکری نەتەوەیی بە سەریاندا هات و ئێستا هاوشان لەگەڵ حیزبی دێموکرات باس لە کێشەی نەتەوەیی دەکەن. هیچ کام لەمانە حاشایان لەوە نەکردووە کە ئێمە نەتەوەیەکین و دەبێ دەوڵەتمان هەبێ و ئەوەی کە لە چوارچێوەی ئێراندا ئەو سیستمە فیدراڵییەی کە داوای دەکەین بۆ ئێران ئەوە شتێکی گونجاوە، بەڵام هیچ کات ئەوەیان ڕەت نەکردووەتەوە تاکی خۆیان یان وەک جەنابت دەڵێی ئەندام و چالاکی سیاسییان نەیانگوتووە ئێمە نەتەوە نین. ئەمن وەک بۆ خۆم شتی وام گوێ لێ نەبووە، چۆنە بەڕێزتان باس لەوە دەکەن؟

**د. خالید خەیاتی:** نا مەسەلە حاشاکردن نییە مەسەلە تیئۆریزەکردنە. ئەمن وەکوو شەخسی خۆم ڕێزێکی زۆرم بۆ هەموو بەرپرسان و ڕێبەرانی حیزبە کوردییەکان هەیە کە تەمەنی خۆیان لە ڕاستیدا لە پێناو ڕزگاریی نیشتماندا تەرخان کردووە ئەوە مەسەلەیەکی جیاوازە، ئەمن ڕێزێکی زۆر زۆر گەورەم بۆ ئەوە هەیە و هەمووش دەزانن کە من هەڵوێستم چۆنە لە بەرامبەر ئەوەدا خەڵک هەڵوێستی من دەناسن. لێرەدا کێشەی من تیئۆریزەکردنی بابەتەکەیە، ئێمە دەبێ لە دارووستکردنی بەستێنێکی گوتاریدا سەرکەوتوو بین کە باسم کرد. ئەمن گوتم پەیامی ئێمە لە سەردەمی کۆمار ڕوون بوو نە تەنیا لەبەر ئەوەی سەروەریی سیاسیمان تا ئەندازەیەک دەستەبەر کردبوو لە ماوەیەکی کاتیی دیاریکراودا، بەڵکوو پەیامی نەتەوەییەکەش ڕوونتر بوو. ئێستا ئێمە لە حەفتا و چەند ساڵی ڕابردوودا نەمانتوانیوە سەقامگیرییەکی گوتاری بۆخۆمان دەستەبەر بکەین. نەمانتوانیوە. ئەمن دەڵێم هیچ یەک لەو بەرپرسە بەڕێزانەی کە تۆ ئاماژەت پێکردووە ئینکاریان نەکردووە، بەڵام ئەوە بەش ناکا و کۆمەڵێک شتی دیکەی دەوێ و دەبێ پێناسەی جیدی تیئۆریکی بۆ بکرێ. کۆمەڵێک

دەستنیشانکردنی چوارچێوەی گوتاری دەوێ، کۆمەڵێک دەستنیشانکردنی بەستێنی ئەو گوتارە لەوێ کە ئێمە هەموومان ئایا لە حیزب داین، لە دەرەوەی حیزبین، رووناکبیرین، چالاکین، بتوانین لەو بەستێنە هاوبەشە گوتارییەدا یەکتر بناسینەوە و بتوانین لەو بەستێنە هاوبەشە گوتارییەدا رێبازی دەربازبوون و تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە ئیستعمارییەی کە ئەورۆ بەسەرماندا زاڵە لێی حاڵی بین. ئەوەی لەم نێوەدایە نەبوونی ئەو گوتارە هاوبەشە، نەبوونی ئەو تیئۆرییە هاوبەشەیە، بۆتە هۆکاری ئەوەی کە کۆمەڵێکی زۆر ئێنێرژی مەنفی و وزەی مەنفی دروست دەبێ کە ئێمە سەرەڕای ئەوەی خەبات دەکەین، قوربانی دەدەین، کاتی بۆ تەرخان دەکەین، خوێنمان دەڕژێ، کۆڵبەرمان شەهید دەکەن، شار و گوندمان هەمووی داگیر کراوە؛ سەرەڕای ئەوەش ئێمە ناتوانین مەعامەلەی دەسکەوتی ئێستایی بگۆڕین لە بەر ئەوەی بۆخۆشمان دەبینە بەشێک لە بەرهەمهێنەرەوەی ئەو وزە نەرێنییە. ئەمن پێم وایە ئەویش هۆکارەکەی نەبوونی گوتاری روونی نەتەوەییە، کە دەبێ درووست بکرێ و تیئۆریزە بکرێ و لە ڕەهەندێکی هاوبەشدا بەرەو مەبەستێکی هاوبەش بڕۆین.

**مەنسوور مروەتی:** لەبەر ئەوەی باسی شەهیدبوونی کۆڵبەرت کرد، نامهەوێ بچمە نێو ئەو باسەوە بەڵام ئایا لە ڕوانگەی جەنابتەوە بەڕاستی دیاردەیەکی ئابووریی ڕۆژانە دەتوانێ چ پێوەندییەکی بە پرسی نەتەوەییەوە هەبێ؟

**د. خالید خەیاتی:** ئەمن پێم وایە لە ڕاستیدا تیئۆرییەک کە زۆر بڕوام پێی هەیە ئەڵبەتە پێش من پرۆفیسۆر ئیسماعیل بیشکچی ئەو مەسەلەیەی داوەتە پێش، ئەویش ئەوەیە کوردستان لە هەر ئەو چوار وڵاتەدا وەک موستەعمەرەیەکی نێوخۆیی ئەو وڵاتانە پێناسە دەکرێ. ئەویش بەو مانایە کە تەواوی ئەو حەوزانەی کە پێوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی کوردەوە هەیە، ئەو حەوزانە چین؟! لە ژیانی ئاساییدا خۆ لە خەیاڵات و تەخەیولاتدا نین، بەڵکوو بریتین لە کار، ژیانی ڕۆژانە، دامەزراندن، زمان، پەروەردە، ئەمنییەت، ئابووری، ئاو، ژینگە و ئاسەواری مێژوویی و هەموو ئەو شتانەیە کە پێوەندی بە ژیانی ڕۆژانەوە هەیە؛ ئەگەر ئەتۆ بێنی لێکی دەیەوە تەنانەت لە یەک دانە لەو حەوزانەشدا ئیمزای بڕیار بەدەستی کورد نییە. لە ڕاستیدا سیستمێکی ناوەندیی ئیستعمارگەرا شێوازێک لە ساختاری سیاسی یا سیستمی دەسەڵاتداری درووست کردووە یا لە هێندێک بواردا لە ڕێگای ئاژانسییەکانەوە سیستمێکی لە دەسەڵاتداری لە ناوچە کوردییەکاندا دامەزراندووە یان خەیر بۆ خۆی بە شکڵی ڕاستەوخۆ و، ئەوەش پێوەندییەکی زۆر پێچەڵپێچی ئیستعمارییە کە دیاردەی کۆڵبەری لێ دەکەوێتەوە. دەنا چۆن دەبێ مەسەلەن لە وڵاتێکدا ڕێک ئەو دیاردەیە پێوەندی بە گرووپێکی ئێتنیکی دیاریکراوەوە بێ کە ئەویش کوردە؟ دیارە لە وڵاتی ئێران مافی کەمینەکان و نەتەوە جۆراوجۆرەکان بەتەواوی پێشێل دەکرێ، ئەوەی کە ڕێژیمی ئێران دیکتاتۆرە و زوڵم لە هەموو لایەک دەکا ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە بەڵام مەسەلەی کورد دەبێ بە مێتۆدۆلۆژی و تیئۆرییەکی سیاسی گونجاو تاوتوێ و چارەسەر بکرێ. ئەو سیستمە سیاسییەی کە حیزبە کوردییەکان کورد بۆ دوارۆژی کوردستان لە بەرچاویان گرتووە؛ وەک فێدڕالی، خودموختاری یان سەربەخۆیی بێ، لە کاتێکدا تەنانەت لە ناوچە کوردییەکانی ئێراندا

دەتوانم بڵێم هەڵقەندنی ئاوەڕۆیەک لەم بەری کۆڵانەوە بۆ ئەو بەری کۆڵان ئەورۆ بڕیار و ئیمزاکەی بەدەستی کوردەوە نییە. بۆیە ئەمن لەو بڕوایەدام وشەکان زۆر مەرج نین، بەڵکوو وەدەستهێنان و دەستەبەرکردنی سەروەریی سیاسی و گەڕانەوەی دەسەڵاتی سیاسی بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتە کە دەتوانێ ڕزگارکەر بێ بۆ خەڵکی کورد هەر وەکوو لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هەبووە.

**مەنسوور مروەتی:** ئەوانەی کە باسی لێوە دەکەی بابەتی پێوەندیدار بە نەتەوە و نەتەوەسازییە کە لە ئێستادا باسەکەشی لە ڕۆژەڤ دایە. ئایا ئەوە تەنیا ئەرکی حیزبەکانە یان دەبێ هەموو تاک و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و خەڵک و چالاکانی سیاسی بەکردەوە یا وەک جەنابت بە شێوەی تیئۆری کە چەمکەکە شی دەکەنەوە؛ پێویستە تێیدا بەشدار بن؟

**د. خالید خەیاتی:** ئەرکێکە کە دەبێ هەماهەنگییەک درووست بکرێ. ئەمن لە سەرەتاوە باسم کرد کە ئەگەر ئەورۆ خەڵک ڕەخنە لە حیزبەکان دەگرن، ڕەخنە لە بەرپرسی حیزبەکان دەگرن ئەوە نیشانەی ئەوە نییە کە ئەو حیزبانە خراپن؛ نیشانەی ئەوەیە کە ئەو حیزبانە تەنیا ئەبزاری بەدەستەوەی ئێمەن لەو خەباتەدا و، خەڵک چاوەڕوانی هەیە کە ئەو حیزبانە لە ئاستی کێشەی کورددا لە ئاستی چاوەڕوانییەکاندا هەڵسوکەوت بکەن و؛ چالاکی و پراکتیکی سیاسی بنوێنن. ئامانج ئەوەیە کە لە سیستمی ئیستعماری ئێراندا کەرامەتی تاکی کورد پێشێل کراوە. تەنیا مەسەلە داگیرکاری فیزیکی وڵات و ڕووحیی خەڵک نییە، کەرامەتەکە نەماوە، دەبێ بزووتنەوەی سیاسیی کورد ئامانجی ئەوە بێ ئەو کەرامەتە بۆ تاکی کورد بگەڕێنێتەوە، لێرەدا پێویست بە دیالۆگێکی نیشتمانی هەیە، پێویست بە لێکتێگەیشتن هەیە، پێویست بە دانیشتن هەیە، بە کۆڕ و کۆمەڵ و بە کۆنفرانس هەیە. ئەرکی سەرەکی لێرەدا دەکەوێتە سەر شانی حیزبەکان، سەرەڕای هەموو ئەو سنوورانە کە حیزبەکان لە بواری مەعنەوی و مادیدا هەیانبێ، لە ڕاستیدا پەیامەکان ئەوانن دەیدەن، دواترە کە دەتوانین بڵێین ئەرکەکە تەنیا لەسەر شانی ئەوان نییە، بەڵکوو ئەتۆ بۆخۆشت باست کرد تەواوی ئەوانی کە بە شێوازێک هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەن لەبەرامبەر بزووتنەوەی سیاسیی کورددا ئەوانیش ئەرکیان لەسەر شانە. ئەمن یەک نموونە بێنمەوە لە پێوەندی لەگەڵ مووشەکبارانەی قەڵای دێموکرات کە کۆماری ئیسلامی کردی و ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆڵەکانی کورد شەهید بوون. میللەتی کورد بە گشتی بە پێشوازیی پەیامی هاوبەشی حیزبەکانەوە لە ئاستێکی چەند میلیۆن کەسیدا مانگرتنی گشتییان ڕاگەیاند. خودی ئەو نموونە هەڵوێستانە بۆ ئێمە دەبێ ببنە بنەما و ئێمە دەبێ شکڵێک لە بەردەوامی لەو شێوازە کارە بخوڵقێنین نەک ئەوەی پاش ئەوە دیسان هەر وەک پێشوومان لێ بێتەوە. ئێمە دەبێ وەختێک شتێک دەستەبەر دەکەین بەدووی ئەوەدا بەردەوامی هەبێ، نموونەیەکی دیکە هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو کارەساتەدا هەزاران خەڵک لە ئورووپا کۆبوونەوە. بۆ وێنە شاری ستۆکهۆڵم، ئەو خەڵکە هاتبوو بە هەموو جۆرە بیر و باوەڕێکەوە،

هەموو حیزبی نەبوون، هەموو حیزبی دێموکرات نەبوون، خەڵکانێک بوون کە پەیامی یەکگرتووییان پێ بوو و بە هاتنیان لە ڕاستیدا ئامادەگی خۆیان دەربڕیبوو کە مادی و مەعنەوی لە خزمەت پرۆژەی سیاسیی کورددا هەین. بەڵام بە هۆی نەبوونی پەیامێکی ڕوون بە هۆی نەبوونی پرۆژەی ئاشکرا دوایە بڵاوەیان کرد و هەرکەسە چووەوە لە ماڵی خۆی دانیشت. مەبەستم ئەوەیە کە پێکەوە و بە هاوبەشی بەردەوام بین لەو شێوازە باشانەی کە بێگومانم دەسکەوتی باشی لێ دەبێتەوە.

**مەنسوور مروەتی:** دەوڵەتانی مەرکەزی لە تاران هەموو هەوڵیان داوە کە نەهێڵن بیری نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا گەشە بکا، لە بەرامبەردا ئەرکی کۆمەڵگەی کوردی و نەک تەنیا کۆمەڵگە سیاسییەکەی چییە و دەبێ چ بکەن بە مەبەستی پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران؟

**د. خالید خەیاتی:** بەڕاستی ئەوە پرۆژەیەکی ئیستعماری ئێرانییە و زۆر زۆر جیدییە و ئێمە دەبێ باش تێبگەین و دان بەوەدا بنێین، لە دوای کۆماری ئیسلامیش ئەگەری زۆری هەیە بەو عەقڵییەتەی کە لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دایە لە داهاتووی ئەو وڵاتەدا دیسان ئەم مەسەلەیە هەر بەردەوام بێتەوە، هەر بۆیەشە ئەمن لەم بارەوە زیاتر دەڵێم ئێران، نەوەک کۆماری ئیسلامیی ئێران. کێشە و پرسەکە لەوانەیە دێموکراسیش نەتوانێ چارەسەری بکا، نموونەیەکت بۆ دێنمەوە؛ ئیسپانیا، خۆ قەت ئێران بەقەت ئیسپانیا دێموکراتیک نابێ؛ خەڵکی کاتالان خزمەتێکی بەردەوامی ئەو وڵاتەیان کردووە، سی هەزار کەس قوربانیان داوە لە شەڕی دژی فاشیزمی فرانکۆدا، ٣٠ - ٣٥ لە سەدی ئابووریی ئیسپانیا لەسەر شانی ئەوانە، بەڵام ئەو خەڵکە کە پرسی ڕیفراندۆمیان هێنا ئاراوە، سیستمی دێموکراتیکی ئیسپانیا تەنانەت مافی پێنج دەقیقە دیالۆگی بەوان نەدا. بە ڕای من کاراکتێری سیاسیی ئێرانی هەڵگری ئەو مەعریفە و ئەخلاقە دێموکراتیکە نییە کە مافی منی لە ناخی خۆیدا قبووڵ کردبێ، بەڵام بە مەعنای ئەوە نییە کە دووری لەوانە بکەین. مەعنای ئەوەیە کە دیالۆگ بەردەوامە. کێشەی ئیستعمارکردنی کۆمەڵگەی کوردستان و ئەوانی دیکەش پرۆژەیەکی بەردەوامی ئێرانییە، دوا نموونە ئەوەیە خەریکن دێموگرافی شاری مەهاباد دەگۆڕن ئەوە زۆر زۆر جیدییە، خەریکن بە شێوەی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ زمان، پەروەردە، شوناس، دێموگرافی و تەنانەت شێواز و شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتیی ڕۆژانەی کوردستان دەگۆڕن. دەیانهەوێ دەست لە هەموو هەست و نەستی ئەو سیستمە وەر بدەن، بۆیە لە بەرامبەر ئەوەدا پێویست بە هاوکاری زیاتر، لێک تێگەیشتن، دۆستایەتی، فەزای ئارام، دیالۆگ، دەرکی هاوبەش و گەڕانەوەی کەرامەتی تاکی کورد هەیە. ئێمە لە پێش ئەوەیدا هەست بەوە بکەین کە لە نێو کۆمەڵگەی دەرەوەی خۆماندا کۆمەڵێک دۆستمان پەیدا کردووە و سەبارەت بەوە بێین پشت لە کوردەکانی خۆمان بکەین، هەڵەیەکی گەورەیە. دەبێ لە یەکەم هەنگاودا دیالۆگی نێوخۆییمان هەبێ، دۆستایەتیی نێوخۆمان مسۆگەر بکەین، چونکوو ئەوە بۆ ئێمە دەبێتە فاکتۆری هێز و دەسەڵات و هەر بەو پێیەش بەردەنگ و بەرامبەرەکانمان بە جیدیترمان وەردەگرن و ئەمە زۆر زۆر گرینگە. شتێکی دیکە کە دەمهەوێ بڵێم ئەوەیە؛ ئەوڕۆ ئێمە لە ئاستی ڕووناکبیریدا

پێشکەوتنێکمان هەیە کە جاران نەمانبوو ئەورۆ رووناکبیری کورد دەستکەوتی فیکری و مەعریفیی هەیە، ئەوانە زۆر باشن بەو مەرجەی بکەونە خزمەتی بزووتنەوەی سیاسیی کورد و پرۆژەی سیاسیی کورد و ئەوەش لە رێگای دیالۆگی نیشتمانی و لە یەک نیزیکبوونی زیاتر دەستەبەر دەبێ.

**مەنسوور مروەتی**: ئەم رۆژانە باسی نەتەوەیی بە واتایەک نەتەوەسازی یان وەک دەڵێن یەکپارچەیی و یەکگرتوویی نەتەوەیی زۆر بەر گوێ دەکەوێ، هێندێ کەس پێیان وایە کە ئێمە نەتەوەین ئیدی چ پێویست بە نەتەوەسازی دەکا؟ هیندێک دەڵێن راستە ئێمە نەتەوەین بەڵام لە یەک دوورین و ئینسجامی نەتەوەییمان نییە. لە باری زانستییەوە جەنابت ئەم باسە چۆن هەڵ دەسەنگێنی؟

**د. خالید خەیاتی**: دوو روانگەی سەر دەست هەیە وەکوو تیئۆریی نەتەوەیی، یەکەمیان روانگەیەکی جەوهەرگەرایانە و ئەسالەتگەرایانەیە کە دەڵێ نەتەوە هەر هەیە و ئیدی پێویست بە دەستێوەردان ناکا، بەڵام روانگەیەکی دیکەشمان هەیە کە روانگەی ساختارسازیی کۆمەڵایەتی پێدەڵێن کە پێی وایە نەتەوە بەردەوام لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و سیاسیی خۆیدا بەرهەم دێتەوە و شکڵی تازەتر بەخۆیەوە دەگرێ. ئەمن لە راستیدا لەسەر روانگەی دووهەمم. دیاردەیەک بە گشتی وەک کورد هەیە بەڵام ئەگەر بێت و ئێمە بەردەوام بەرهەمی نەهێنین، تەنها پرۆژەی سیاسەت نییە، پرۆژەی کولتوورە، پرۆژەی کۆمەڵگەیە، پرۆژەی مۆسیقایە و... هەموو ئەوانە دەبێ بەردەوام لە کاردا بێ، بەردەوام ئێمە پێکەوە بین بەڵام وەک لە سەرەتادا باسم کردووە بەستێنێکی گوتاری هێمن و تەندروستی دەوێ، بەستێنیکی تیئۆریی تەندروستی دەوێ. بەحسی نەتەوەسازی بەحسێکی درووستە بەڵام تا ئەورۆژەی ئێمە نەتوانین ئادرەسێکی دەقیقی تیئۆریک لە مەسەلەکە بدەین دیسان لەو بازنە داخراوەی جاراندا بە دەوری خۆماندا دەخولێینەوە، ئەو ئادرەسە دەقیقە تیئۆرییەش بە بۆچوونی من لە دوو سەردێڕی تیئۆریکدا خۆی بەرجەستە دەکاتەوە؛ یەکیان ئەوەیە کە ئێمە دەبێ پێناسەی کێشەی کورد لە ئێراندا بە شێوازێکی تیئۆریک بکەین، بۆ ئەوەش ئەمن بۆچوونی شەخسی خۆمم هەیە؛ بەڕای من کورد لە ئێراندا موستەعمەرەیەکی نێوخۆیی ئێرانییە و ئەوەش رەهەندی جۆربەجۆری هەیە جێگای ئەوەیە کە کۆنفرانس و سیمیناری لەسەر دانێی. دوو بۆ ئەوەی ئەتۆ لەو موستەعمەراتە رزگاریت بێ، پێویستت بە دەستەبەرکردنی شێوازێک لە سەروەریی سیاسییە، واتە حاکمبوون لەسەر حەوزەکانی ژیانی خۆت کە پێوەندی بە تۆوە هەیە جا لە زمانەوە بگرە هەتا ژینگە، ئاو، سامانە سروشتییەکان، سامانە مرۆییەکان و بە گشتی تەواوی ئەوانەی ئاسایش و هێمنی رۆژانەت دەگرێتەوە؛ کە دەبێ ئیمزاکەی بەدەستی خۆت بێ. ئەگەر ئێمە بتوانین ئەو دوو خاڵە زیاتر روون بکەینەوە لە سەر ئەساسی ئەو دوو خاڵە زۆرتر لە گەڵ یەکتر دانیشین و قسە بکەین و لە یەک نیزیک بینەوە، ئەو دەم زۆر شتی دیکەش درووست دەبێ، بەڵام تا وەکوو ئێمە ئەوانە جێبەجێ نەکەین دیسان ریسکی ئەوە هەیە کە ئێمە ئێنێرژی مەنفی تەولید دەکەینەوە و بەردەوام لەو بازنە

داخراوەدا دەخولێینەوە. بەڵام بە بۆچوونی من دیسان ئەو دوو خاڵە یان ئەو دوو تیئۆرییە لە سەری ڕاوەستە بکەین، دەتوانێ زۆر باشتر یارمەتیدەر بێ بەو پرۆسەیە واتە بە ڕوونکردنەوەی چوارچێوەکانی گوتاری نەتەوەیی.

**مەنسوور مروەتی:** باس لە کۆماری کوردستان ئەگەر باس لە پێشەواکەی وەک یەکەم سەرکۆماری کورد لەگەڵدا نەبێ، باسەکەمان ناتەواو دەبێ. ئێستا کە باس لە پرسی بەردەوامبوونی سازکردنی نەتەوەیە، کۆمەڵگەی کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵات بە تایبەتی بۆ ئەوەی لە سەر ئەو ڕێچکەیە کە پێشەوا قازی محەمەد دامەزرێنەری بووە، بمێنێتەوە، دەبێ چ بکا و، بە گشتی ڕۆڵی پێشەوا چۆن دەبینی لەم پرۆسەیەدا؟

**د. خالید خەیاتی:** دەرسێک کە لە پێشەوای نەمری کورد وەری دەگرین ئەمەیەکە ئەو مرۆڤە پێش لە هەموو شتێک ئینسانێکی ئۆمانیست واتە مرۆڤگەرا بوو بە ڕووحی خۆی مرۆڤی خۆش ویستووە، کوردی خۆش ویستووە ئەو تەنیا کەسێک نەبووە کە لە پێگەی سیاسیی خۆی مەعریفەی کوردی بەرهەم هێنابێ بەڵکوو ئەخلاق و ئیتیکی کوردیشی بەرهەم هێناوەتەوە. ئەخلاق و ئیتیکێک کە پێگەیەکی جیهانی و گەردوونی هەیە. ئەو دیفاعی لە ڕاستییەک کرد کە بنەمای مافە گەردوونییەکان مەشرووعییەتی دەداتێ، دیفاعکردن لە مەسەلەی کورد دیفاعکردن لە مەسەلەیەکی نیگاتیڤ نییە، پرسی کورد، پرسێکە خاوەنی مەشرووعییەتی گەردوونییە. بە پێوەری بنەماکانی مافی مرۆڤ ڕەوایی هەیە. قازی محەممەد هەڵگری ئەو تایبەتمەندییانە بوو ئینسانگەرا بوو، مرۆڤدۆست بوو، ئۆمانیست بوو، قازی محەممەد پێناسەی شوناسی کوردی زەق کردەوە و لە هەموو گرینگتر هەڵگری ئەخلاقێکی بێوێنەش بوو.

**مەنسوور مروەتی:** زۆر سپاس دوکتور خالید بۆ ئەم وتووێژە.

**د. خالید خەیاتی:** سپاس بۆ ئێوە و خوێنەرانی «کوردستان»یش

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٩

# کۆمار و پێشەوامان لە ئەزموونەوە بۆ وانە



عەلی بداغی

لەو کاتەوە کە پێشەوا قازی محەممەد لە چوارچرای مەهاباد لەبەر دەم ئاپۆرای جەماوەردا بە دەنگێکی دلێر گوتی: «ئەمن بە خودا، بە کەلامی عەزیمی خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی میللیی کورد، بە ئـاڵای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخرین هەناسەی ژیانم و ڕژانی دوایین تنۆکی خوێنم بە گیان و ماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی و بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستاندا تێبکۆشم...»؛ ٧٣ ساڵ ڕادەبرێ. تەمەنی سەرۆکایەتیی پێشەوا و کۆمارەکەی کورد کەم، بەڵام هۆکار چییە دوای حەوت دەیە باڵای پێشەوا هەر هەمان باڵای ئازادی و سەربەخۆیی و، خەونەکانی هەمدیسان هیوا و خەونی نەوە دوای نەوەیەتی؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ لە جەوهەر و کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد ورد بینەوە و، گوتار و پەیامی کۆمارەکەمان ورد کەینەوە.

دوو ساڵ پێش ئەوەی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پەسند بکرێ، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، لە هەرێمی شەڕ و کاولکاری و داگیرکاریدا، لە نێو کەشی داخراوی نەریت و کۆمەڵگەی داخراودا، کەسایەتییەکی ڕووناکبیر، ئینسانویست، دادگەر و مافدەر و مافپەروەر، لەسەر بنەمای خۆشەویستی و متمانەی خەڵکەکەی دێتە مەیدان؛ بۆوەی بەلەمی چارەنووسی پڕ هات و نەهاتی گەلەکەی لە دەریای تووڕە و پڕ شەپۆلانی ڕووداو و بەرژەوەندیی لێکنەبانی وڵاتانی داگیرگەر و زلهێزدا بگەیەنێتە کەناراوەکانی هێمنی و ئازادی. مرۆڤێک لەو سەروبەندەدا و لە جوغرافیایەکی بچووکی ئەم گوێ زەوییەدا حوکمەتی ڕاگەیاند کە هەم خۆی مرۆڤتەوەر بوو، هەم دەسەڵاتەکەی بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ لە هەر ڕەگەز و تیرەیەکی نێو بازنەی حوکمەتەکەی بەکارهێنا.

پێشەوای کوردان لە ماڵی دنیا هیچی کەم نەبوو، پلە و پایەی ئیداری و کۆمەڵایەتیی بەرزی هەبوو، ناوبەدەرەوە و دەستڕۆیشتووش بوو؛ بەڵام ئەو کە بۆ پێشەوایەتیی گەلە بندەستەکەی خوڵقابوو؛ هەموو ئەم سامانە مادی و مەعنەوییانە و تەنانەت گیانیشی؛ بۆ بەردی بناخەی خەونی کورد، واتە دەوڵەتی کوردی دانا.

مرۆڤبوون، ڕاستگۆیی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ڕوحی دەست لەنێودەستنان و پێکەوە کارکردن، یەکیەتیی بەکردەوە، گەڕانەوە بۆ دەنگ خەڵک و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی و پرەنسیپە گشتییەکانی کۆمەڵ و نەتەوە ئەو بایەخانە بوون کە لە کەسایەتیی پێشەوادا بەرجەستە ببوون و لە کارنامەی دەسەڵاتەکەشیدا بوونە هۆی کەڵەکەبوونی خەرمانێک دەسکەوت و ئەزموونێکی سەرکەوتوو.

وە کاتێکیش حوکمەتە ساواکەی پێشەوا بەرگەی باهۆزی گۆڕانکارییە ناوچەیی و جیهانییەکانی نەگرت، کاتێ وڵاتانی زلهێزی بەناو بانگەشەکەری مافی مرۆڤ و دێموکراسی و دەسەڵاتی گەل خۆیان لێ نەدا، و سۆڤییەتە بەناو پشتیوانەکەشی، پشتیوانییەکەی بە نەوتی باکووری ئێران و بەرژەوەندییەکانی دیکەی فرۆشت، وە کاتێکیش لەنێو گەلی خۆیشیدا تەنیا مایەوە؛ پێشەوا دوا وانەی مەکتەبەکەی چیاندە گوێی قوتابی و نەوەی دواڕۆژی؛ وانەی خۆبەختکردن لە پێناو سەروەریی گەل و نیشتماندا.

ئەدی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان لەبەرچی ئێستاش ئیلهامە بۆ بنیاتنانی داهاتوو لە هەر کام لەو نیشتمانە لەتکراوەدا؟ لەبەر چییە کە ئێستاش کۆمار ئەستێرەی هەرە پرشنگدارە لە ئاسمانی خەونەکانی کورددا؟ لەبەر ئەوەیە کە کۆمار توانی ئامانج و خەونی بەرحەق و ڕەوا و مێژوویی بە میلیون کوردی سەر ئەم گۆی زەوییە وەدی بێنێ و بیسەلمێنێ کە ئەم گەلە هەم دەتوانێ سەربەست و سەربەخۆ بێ؛ هەم بە مۆدێلی حوکمڕانییە مەدەنی و پێشکەوتووەکەی دەریخست کە شایانی ئەوەیە شکۆی دەوڵەتداریی لێ فێر بن؛ وە لەخۆڕاش نەبوو کە نەیارانی لە دژی یەکیان گرت.

کۆماری کوردستان کەسایەتیی ئیرادەگەریی بە تاکی کورد بەخشی، هەستی باوەڕبەخۆبوونی تێدا بەهێز کرد، کردیە خودانی شوناس و کەسێتیی تایبەت بە خۆی و، ئەوەش بۆشاییەکی وای لە دڵ و زەین و ئارمانخوازیی تاکی کورددا پڕ کردووەتەوە کە بۆ هەمیشە لەگەڵیەتی و بۆ داهاتووش چاوی لێیەتی.

هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، ڕاگەیاندنی حوکمەتی کوردی، پێکهێنانی سوپای میللی لەژێر ناوی هێزی پێشمەرگەدا، بەربەرەکانی لەگەڵ نەخوێندەواری، بایەخدان بە زمانی کوردی، چاپی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار، بووژاندنەوەی ئابووریی

ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار، دانانی یاسا بۆ ڕاییکردنی کاروباری کۆمەڵ، بەڕێکخراوکردنی پرسی ژنان و لاوان ئەویش تەنیا لە ماوەی ١١ مانگدا و؛ پێوەندیی نێوان خەڵک و دەسەڵات و متمانەی دوولایەنەی خەڵک بە حوکمەت و دەسەڵات بە خەڵک پێمان دەڵێن ئەم حوکمەتە چەندە بەڕۆژ، چەندە گەلی و چەندە پڕ دەسکەوت بووە. وەئەگەر چارەنووس واینەکردبا دەبوو بە نموونەیەکی دەگمەن لەڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانیشدا.

ئێستا دوای حەوت دەیە لە واقعییەتی تاڵی ڕووخانی کۆماری کوردستان، خەون و خولیاکەی نەوە دوای نەوە هاتووە، ئامانجەکانی کۆمار نەخشەڕێ و بەرنامەی حیزبە نەتەوەییەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتن و ئاسۆی گەیشتن بەم ئامانجانەش پتر لە هەموو کاتێک ڕوون و نیزیک دەنوێنێ، بەڵام ئاخۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتەواوی وانە مێژووییەکانی کۆماری وەرگرتووە؟

گرینگترین وانەی کۆمار ئەمە بوو کە دەسکەوتە بەنرخەکان لەتەبایی و یەکگرتوویی دایە وەدی دێن و دەشپارێزرێن، هەروەها ئەگەرچی هێزی پشتیوانی دەرەکی دەتوانێ ڕۆڵی گرینگ لە یەکلابوونەوەی هاوکێشەکاندا ببینێ؛ بەڵام ئەوەی دەبێ کۆشکی هیواتی لەسەر هەڵچنی هەر خۆت و هێزەکەی خۆتە. لێ مەخابن ئێستا لە کاتێکدا کە فاکتەری دەرەکی بە قازانجی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و دوژمنی سەرەکی و هاوبەشی کورد لە ئێران، واتە کۆماری ئیسلامی پتر لە هەر کاتێک گلۆڵە بەختی کەوتووەتە لێژی؛ هێزە سیاسییەکانی کورد نەیانتوانیوە ئەو یەکریزی و یەک گوتاری و یەکبوونە پێک بێنن کە بۆ وەڵامدانەوە بەو دۆخی پێویستە.

ئێستا کە ئیدی پێشەوا قازی محەممەد بووەتە ڕەمز و سیمبولی هەموو کوردان و ڕێبازی نەتەوەیی و، شوناسخوازیی کۆماریش بووەتە ڕێباز و ئامانجی هاوبەش بۆ خەبات؛ پتر لە هەموو کاتێ پێویستە کەسێتیی پێشەوا و ئەزموونی کۆمار بینە وانەیەک بۆ ژیاندنەوە و بنیاتنانەوەی دەسەڵاتی نەتەوەییمان. وانەیەک لە پێشەوا و کۆمارەوە بۆ هەمووان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٩

# ژنان و شوناسخوازیی نەتەوەیی لە کۆمار ڕا تا ئێستا



**شەونم هەمزەیی**

یەکێک لە شانازییەکانی کۆماری کوردستان بۆ ژنان، بەخشینی هۆوییەت و شوناسێکی دی بەژنان بوو.

ئیجباریکردنی خوێندن بۆ کچان، دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان و بەشدارکرنیان لە گەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەرگای دنیایەکی نوێی بەڕووی ژناندا کردەوە. حەوت دەیە دوای کۆمار ژنان چۆن باس لەو شوناسی نەتەوەیی خۆیان دەکەن کە لە کۆماری کوردستانەوە مانا وەردەگرێ.

بۆ باس لەسەر ئەو بابەتە و لە توێی چەند پرسیارێکدا، ڕای بەڕێزان خاتوو مەهاباد قەرەداغی، نووسەر و شاعیر؛ گوڵاڵە شەرەفکەندی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، موژەیەن گونەش، نوێنەری هادەپ لە هەرێمی کوردستان و کوێستان گادانی، نووسەر و چالاکی سیاسیمان وەرگرتووە:

**شەونم هەمزەیی: کاتێک کە کۆماری کوردستان دادەمەزرێ، نە لە ئێران و نە لە وڵاتانی دراوسێشدا بۆ نموونە ژنان مافی دەنگدانیان نەبووە، خوێندن بۆ ژنان نەک زۆرەملێ، بگرە لە ئاستێکی زۆر کەمیشدا بووە؛ ئێوە پێگەی ژن و مەیدانداریی ژن لە کۆماری کوردستاندا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**



**مەهاباد قەرەداغی:**

لەگەڵ ئەو بارودۆخە سەختەشدا کە باسی دەکەیت، لە کۆمارە ساواکەی کوردستاندا هەوڵ دراوە جموجوڵێکی ڕێکخراوەیی هەبێت و ژنان چالاک بن و هەڵسووڕانیان هەبێت. دروستکردنی ڕێکخراوی ژنانی دێموکرات و هەبوونی بڵاوکراوەی تایبەت و چالاکیی شانۆیی لەو کاتەدا خۆی لە خۆیدا نیشانەی سەرەتای هۆشیارییەکی دیموکراتیانەیە و لە فیکری سەرکۆماری کوردستان، شەهید قازی مەحەممەدی نەمردا هەبووە. ئەگەر چی تەمەنی کۆمار کورت بوو، بەڵام لەو کورتە تەمەنەشیدا ئەوە لە بیر نەکرا کە دەبێ ژن خۆی ڕێک بخا و پێگەی خۆی لە نێو کۆماردا دیاری بکا. لەو بڕوایەدام ئەگەر تەمەنی کۆمار وەک تەمەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان درێژ بوایە، کۆماری کوردستان دەبوو بە نموونەیەکی وەکوو ئیسرائیل لە ڕووی بەهێزیی پێگەی ژن و دیموکراتیەتدا. مەخابن تەمەنی کۆمار درێژ نەبوو، بەڵام وەک مێژوو ئەو هەنگاوە پێشەنگەی کە نای، بۆی تۆمارکراوە و هەر دەمێنێ.



**گوڵاڵە شەرەفکەندی:**

بە بڕوای من کۆمار لەڕووی بەشداریی ژنان لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا پلەی زۆر پێشکەتووخوازانەی هەبووە و ئەوەش تەنیا وەک شوعار ناکرێ ببیندرێ، نموونەکەشی دوو خاڵی گرینگە:

**یەکەم**: کاتێک باسی بەشداریی ژنان لە سیاسەتدا دەکا کەمتر لە دوو مانگ دوای کۆمار یەکیەتیی ژنان دادەمەزرێنێ.

**دووهەم**: ئەوەیکە یەکێک لە بنەماکانی کۆمار هاندانی خەڵکە بۆ ناردنی کچان و کوڕان بۆ قوتابخانە و دەرس خوێندن. بە واتایەک کۆمار ڕێگای خۆپێگەیاندن بۆ کچان وەبەرچاو دەگرێ و لەو بوارەشدا کاتێک ئاماژە بە دیاریکردنی سزا دەکا بۆ ئەوانەی سەرپێچی لەو بڕیارە دەکەن، خۆی مانای ئەوەیە کە ئەم بڕیارە وەک شوعار نابینێ؛ بەڵکوو مەبەستی پەروەردە و گەشەسەندنی کۆمەڵگەیە. ئەمڕۆ دوای ٧٣ ساڵ وێدەچی ئێمە نە تەنیا لەم بوارانەدا بەرەو پێش نەچووین بەڵکوو ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ بە بیانووی جۆراجور هەوڵ دەدرێ ژنان بنێرنەوە ماڵێ و بە هەزار بیانوو تەنیا وەک ئامرازێک بۆ ڕازیکردنی پیاوان لە ژیان چاویان لێ بکرێ، یان لە باشترین حالەتدا تەنیا وەک دایک. کۆمار بە بیانووی دواکەوتوویی کۆمەڵگە ناترسێ لە بڕیاردان و ناڵێ ئەوە بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری زوویە. کاتێک لە پێشەوا سەبارەت بە مافی دەنگدانی ژنان پرسیار دەکرێ، تەواو بە ئەرێنیی وەردەگرێ. جا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ژنانی ئێران لە ساڵی ١٩٦ مافی دەنگدانیان پەیدا کرد و لە عێراق لە ساڵی ١٩٨٠ دەردەکەوێ کە کۆمار چەندە بێباکانە و بە باوەڕەوە دەڕوانێتە بەشداریی ژنان لە بڕیاردا، یان هاتنە مەیدانی ژنان و ئەوەش گەورەترین بەڵگەیە بۆ دیتنی گۆشەنیگای کۆمار سەبارەت بە ژن و کۆمەڵگە.



**کوێستان گادانی**:

هاتنە دەرەوەی ژن لە ماڵ و کۆکردنەوەی ئەوان لە ساباتی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژناندا، یەکێک لە گەورەترین دەسکەوتەکانی کۆمار و شوێندانەرترین دەسکەوت بووە لە سەر مێژووی بزووتنەی ژنانی کورد.

هەبوونی ژن لە دام و دەزگای بەڕێوبەریی و ناوەندی بڕیاردانی هەر وڵاتێک بەستراوەتەوە بە جێگە و پێگەی ژن کە لە ناو کۆمەڵگەی ئەم وڵاتەدا هەیە. لە کوردستانی ئەو کاتی ئێمەدا، ژن جێگە و پێگەیەکی تایبەتی لە نێو کۆمەڵگەدا نەبووە،

بێجگە لە ڕۆڵی دایکێکی دڵسۆز، هاوسەرێکی بەوەفا و، خوشکێکی خانم و یان ژنێکی سەرسپی و جێگای ڕێز، بۆیە ئۆرگانیسەکردن و بەرێکخراوەیی کردنی ژنان لە کەش و هەوای ئاوا داخراو نیسبەت بە ژنان کارێک و هەنگاوێکی ئاسان نەبووە، بەڵام پێشەوای نەمر بۆ جێخستنی ئەم دەستپێکە لە بنەماڵەی خۆیەوە دەستی پێکرد.

دەگەڵ ئەوەی کۆمار روخسارێکی پیاوانەی هەبوو، بەڵام دەبێ دان بەم ڕاستیە دابنێین کە کۆماری کوردستان دەرگای ڕووناکی بە رووی ژنی کورددا کردەوە و ژنی کورد دامەزراندنی یەکێتی ژنان و هەروەها گۆڕانی شێوەی ڕوانینی کۆمەڵگەی کوردەواری نیسبەت بە ژن وەک دەستپێکی ڕێگایەکی دوور و درێژ بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای خۆیان، بە دەسکەوتی کۆماری کوردستان دەزانن

**شەونم هەمزەیی**: گوتاری سەرەکیی کۆماری کوردستان شوناسخوازیی نەتەوەیی بووە کە بووەتە هەوێن و چرای بزووتنەوەی سیاسی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش. ژنانی نەوەکانی دوای کۆمار و لەبەشەکانی دیکەی کوردستان چۆن لەگەڵ ئەم گوتارە هاتوون و چەندە پشکدران لەو خەباتەدا؟

**کوێستان گادانی**: کاتێک کە کۆماری کوردستان بە گوتاری شووناسخوازیی نەتەوەیی یارمەتیدەری دامەزرادنی رێکخراویی ژنان دەبێ بە دڵنیایەوە هەر لە سەرەتایی دامەزراندنی ئەم رێکخراوەیەش شویندانەریی ئەم گوتارەی نەک هەر پێوە، دیارە بەڵکوو بووەتە گوتاری سیاسیی ئەم یەکیەتیییەش. بە بڕوای من هەر لە سەرەتای هاتنەدەرێی ژنی کورد لە ماڵ بۆ کاری رێکخراوەیی تا ئیستا دوو ئامانجی پێکاوە، یەکیان ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆی بەرێوە ببا بۆ گەیشتن بە ڕزگاری نەتەوەیی، ئەوەی دیکەیان دەستەبەرکردنی مافی یەکسانی لە نێو کۆمەڵگەدا. ئەم دوو ئامانجە ئێستاش سەرنجی ژنی کورد ڕادەکێشێ و درێژەدەری خەباتی پێگەیشتن بەو دوو ئامانجەن. بۆیە نەوەکانی دوای کۆماریش وەک هەموو ڕەوتی دیکەی ژیان لە هەلومەرجی تایبەتدا گۆڕانکارییان لە شێوەی تاکتیک بۆ گەیشتن بە ئامانج هێناوە، بەڵام لەم ئامانجە پیرۆزەیان دوور نەکەوتوونەوە. دەکرێ بڵێین کە بە هۆی هێژمۆنیی گوتاری سیاسی - نەتەوەیی و هەستی نەتەوەیی گشتی تاکی کورد، ئەم بیرۆکەیە زیاتر زاڵ بووە و بووەتە هۆکاری ئەوەی کە خەباتی یەکسانیخوازی لە برگەیەکەوە بۆ برگەیەکی دیکە لاوازتر لە خەباتی نەتەوەیی بەرچاو کەوتبێ؛ بەڵام ناتوانین حاشا لەم راستییە بکەین کە ژنی کورد لە ڕاستیدا هاوتەریب تێدەکۆشێ بۆ گەیشتنی بە هەر دوو ئامانجی رزگاریی نەتەوەیی و یەکسانیی رەگەزی.

**مەهاباد قەرەداغی**: کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک وڵاتە، بۆیە پارچە پارچە کردنەکەشی هیچی لەو ڕاستییە نەگۆڕیوە، بەڵام بەدیهێنانی ئەو ڕاستییەی زۆر سەخت کردووە. لە هەر کام بەشی کوردستاندا پێشهاتێک، کارەساتێک،

ڕووداوێک ڕوو بدا، بە بێ هیچ گومانێک کاریگەریی لەسەر بەشەکانی تر دەبێ و ڕەنگدانەوەی لەسەر دەروونی کورد دەبێ لە هەر بەشێک بژی و تەنانەت گەر لە هەندەرانیش بژی. بۆ ئەو کاتەش بێگومان وابووە و کۆماری کوردستان وەک قیبلەیەک بینراوە کە هەموو کورد ڕووی تێبکا. دەبینین چۆن بارزانیی نەمر کە سەرکردەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردە لە باشووری کوردستان لەو کاتەدا دەچێ و بە سەرکۆماری کوردستان دەڵێ من سەربازێکی کۆمارم و خۆی و پێشمەرگەکانی لە خزمەتی کۆماردا دەبن. هەروەها ڕێکخراوەکانی ژنان لە سلێمانی کە حەپسەخانی نەقیب بەڕێوەی بردوون پەیوەندییان لەگەڵ ڕێکخراوی ژنانی کۆماردا هەبووە و هاوخەباتییان بۆ یەکتری دەربڕیوە. کوردستان یەک جەستەیە و هەرکوێی جەستە ئازارێکی هەبێت، کار لە جوڵە و چالاکی یەکتری دەکەن.

**گوڵاڵە شەرەفکەندی**: ژنانی کوردی چالاک لە گۆڕەپانی خەباتی مافخوازانەی کورد و لە سیاسەتدا هەتا ئەوڕۆ بەشی هەرە زۆری توانای خۆیان تەرخان کردووە بۆ دەستەبەر کردن و وەدیهێنانی خەونی سەروەریی نەتەوەیی و ڕزگاریی کورد لە بندەستی. بە واتایەک بەشێکی زۆر کەم و لاوەکی سەرفی خەبات بۆ یەکسانی کراوە. هەمووکات چ لە لایەن حیزبەکان و چ لە لایەن خودی ژنەکانیشەوە گوتراوە یان، بە هەنگاوی بە کردەوە وا نیشان دراوە خەباتی سەرەکی خەبات بۆ رزگاری لە بندەستییە.

بە بڕوای من ئێمە نەمانیوانیوە ئامۆژگارییەکانی کۆمار زۆر لەبەر چاو بگرین و زۆر جاران لە بڕیارداندا نەمانتوانیوە بوێر بین بۆ ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگە. هەڵبەت سەرهەڵدان و پەرەسەندنی توندئاژوویی ئیسلامی لە ناوچە و لە ژێر کارتێکەری کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا پاشگەزبوونەوە لە یەکسانی زۆر بە ڕاحەتی پاشەکشەی بە هەموو جۆرە هەوڵێک لەم بوارەدا کردووە. کاتێک لە کوردستان ئەمڕۆ لە قەرنی ٢١ باسی بە شووودانی کچانی ژێر ١٣ساڵ دەکرێ، کاتێک ژنی کورد وەک بەردە و دیلی سێکشوال لە لایەن داعێش کە زۆر لە سەرکردەکانیان کوردن، ئیستیفادەی لێ دەکرێ. کاتێک حیزبەکان بە تێبینییەوە و زۆر جاران لە ترسی کۆمەڵگە بە خشکە باسی یەکسانی دەکەن، لەوە زۆرتر چاوەڕوانی ناکرێ.

هەڵبەت نابێ حاشا لەوە بکرێ لە ژنانێکی بوێر لە هەر دوو مەیداندا سەنگەریان بەجێ نەهێشتووە و هەتا ئێستاش تەنانەت بە فیداکردنی گیانیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆمار تێکۆشاون. نموونەکەشی دوور نەڕۆین، هەردوو نەسرین و سۆهەیلاکانی کوردن و زۆری دیکەش.

**شەونم هەمزەیی: ژنان لە ئێستادا لە کوردستان چۆن باس لە شوناسی خۆیان دەکەن. شوناسی ژنان گرێدراوی کام چەمک و بایەخن، بایەخە نەتەوەییەکان، یان بەها ڕەگەزی و فیمینیسم؟**

**گوڵاڵە شەرەفکەندی**: لە لای من کاتێک دەڵێی ژنان لە کوردستان مەبەستت ژنی کوردە چ لە کوردستان بێ و چ لە تاراوگە و چ لە بن دەستی داگیرکەر. ئەو ژنە، هەم ژنە هەم کوردە، پێناسەکەی هەم ڕەگەزییە هەم نەتەوەیی و ناکرێ تەنیا بەسەندە بە یەک بەشی بکەین. بۆ من ژن بوونەکەی دەبێتە هەوێنی خەبات بە دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی و بۆ دەستەبەرکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان. کورد بوونەکەشی دەبێتە هەوێنی خەبات بە دژی هەڵاواردنی نەتەوەیی و بۆ دەستەبەر کردنی کۆمەڵگایەکی یەکسان. ناکرێ و نابێ یەکێک لەو خەباتانە بکرێتە پاشکۆی ئەوی دیکە، ئەگەر هەر دوو بوار هاوکات و پێ بە پێی یەکتر نەڕواتە پێش ئەو خەباتە سەرکەوتوو نابێ.

**کوێستان گادانی**: دەگەڵ ئەوەی ژنی کورد لە ناوەندی بڕیارداندا کەمن، دەگەڵ ئەوەی هەبوون و بەشداربوونیان لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی، زانستی و ڕاگەیاندن لە پیاوان کەمترن، بەڵام ژنی کورد خۆی پێگەیاندووە، ژنی کوردی ڕووناکبیر، ئاکادێمیسێن، سیاسی، ناسیۆنالیست، فێمێنیست، سێکۆلار و بەڕێوبەر هەیە؛ کەواتە دەکرێ بڵێین ئەگەر ئەمڕۆ ژنی کورد لێدوان دەدا و لە سەر باسێک ئانالیزەو لێکۆلینەوە دەکا، نە فێرکراوە و نە کۆپی دەکا؛ بەڵکوو لە ئاست توانایی و پێگەیشتنی خۆیدا قسە دەکات. ژنی کورد، پێش هەموو شتێک ئەگەر خۆی بە کورد پێناسە کرد و شانازی بە کوردبوونی خۆی کرد، ئەرکێکی تایبەتی لە پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەی نوێ دەکەوێتە سەر شان. شوێندانەری گوتاری نەتەوەیی کۆماری کوردتسان هەر بۆ نیوەی کۆمەڵ واتە ڕەگەزی پیاو نەبووە، بەڵکوو بۆ هەموو کۆمەڵگە بووە، بۆیە ژن لە دەربڕین و هەستپێکردنی ئەم گووتارە نەتەوەییە بێبەش نەبووە. شووناسی ژنی کورد شوناسی کوردی ڕەسەنە، بەلام هاوکات خۆی لە تێگەیشتنی چەمکە زانستییەکانی دیکەی گرێدراو بێبەش نەکردووە و ژنی کورد زۆر باشتر لە پیاوانی کورد توانیویەتی چەمکی بایەخداری وەک ناسیۆنالیزم، فێمێنیسم و سێکۆلاریزم لە شۆناسی خۆیدا بە یەکەوە ببەستێتەوە.

**مەهاباد قەرەداغی**: گوتاری ژن و هەموو چین و توێژەکانی کۆماری کوردستان هەر گوتارێکی نەتەوەیی بووە و ئەمەش زۆر ئاساییە بۆ گەلێک کە مافەکانی زەوت کراوە و وڵاتەکەی داگیرکراوە و دەیەوێ نیشتیمانەکەی ئازاد بکا و نەتەوەکەی لەژێردەستەیی ڕزگار بکا. لەو سەردەمەدا هێشتا گوتاری فێمینیستی لە هیچ کوێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەبووە و لە کۆماری کوردستانیشدا بێگومان بەوشێوەیە نەبووە. سەربەخۆییخوازی و هەوڵ بۆ ئەو بەها نەتەوەیی و مرۆڤایەتییە، وەک ئەرکی سەرەکی بینراوە و کاری بۆ کراوە.

ئێستاش ژنانێکی هۆشیار لە هەر بەشێکی کوردستان هەن و هەوڵی پێکهێنانی گوتارێکی فێمینیستییان داوە و دەدەن. هاوکات لەگەڵ خەبات بۆ ڕزگاری نەتەوەیی خەباتێکی خورتیش بۆ ڕزگاریی توخمی مێ لە کۆت و پێوەندە کۆمەلایەتی و کولتوورییەکان، هەیە و بەردەوامە.

**شەونم هەمزەیی:** ئەمڕۆکە پرسی کورد لە هیچ کام لە بەشەکانی کوردستان بە ئاکام نەگەیشتووە. گوتاری شوناسخوازیی نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان گوتاری زاڵ و سەرەکییە. بەڵام فیمنیزیمیش وەک گوتارێک لە کوردستان گەلێ قۆناغی بۆ پێشێ بڕیوە. جێگە و پێگەی گونجاوی ژنان لەو هاوکێشانەدا دەبێ کوێ بێ؟

**مەهاباد قەرەداغی:** بە بڕوای من دەبێ ئەو دوو ئەڵقەیە بە تەواوی پێکەوە پەیوەست بکرێن، خەباتی نەتەوەیی و جێندەری. ژن کورد بە تەنیا ڕزگاری نابێ، ئەگەر نەتەوەکەی ژێردەستە و خاکەکەی داگیرکراو بێت. پیاوی کوردیش بە تەنیا ناتوانێ نەتەوەیەک ڕزگار بکا کە سەدەیەکە ژێردەستەیە، هەروەها تەنانەت گەر کوردستانیش ڕزگار بکرێ لە دەستی داگیرکەران و ببێ بە وڵاتێکی سەربەخۆ و ئازاد، گەر ژن و پیاو هەر دووکیان وەک دوو توخمی سەرەکی تیایدا ئازاد نەبن و مافەکانیان پارێزراو نەبێت، ئەگەر دەوڵەتێکیش چێ ببێ، دەوڵەتێکی بەئەرزش نابێ. لەبەر ئەم هۆیە، پێویستە ژن و پیاوی کورد، هاودەنگ و هاودەست بن لە هەردوو خەباتەکەدا، واتە بۆ ڕزگاریی کورد و بۆ ڕزگاریی مرۆڤ بە ژن و پیاوەوە و بۆ ئازادبوون.

**گوڵاڵە شەرەفکەندی:** بە بڕوای من خەباتی فێمنیستی لە کوردستان سەرەڕای هەموو هەوڵەکان، لە کزی داوە و ئەوە تەنیا کوردستان ناگرێتەوە، لە زۆر وڵاتی پێشکەوتووش سیاسەتی نێودەوڵەتی خەریکی پاشەکشەیە لە هێندێک لە بنەماکانی سەرەکیی یەکسانی. بە واتایەک بنەما بۆتە وەدەستهێنانی دەنگی زۆرینە و دەنگی زۆرینەش ژنان نین و باسی فێمینیستی نییە.

ژنانی کوردستان کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لە مەرکەزی ئیسلامییە توندڕەوەکاندا دەژین و خەبات دەکەن لە هەمیشە کاریان سەختتر، دەنگیان کزتر و پشتیوانیان کەمترە. بە واتایەک ئەمڕۆ پێشکەوتووخوازی مۆد نییە بۆ کاری ژنان لە کوردستان زۆر دژوارتر بووە.

بوونی ژنانی پیشمەرگە و چەک لە شان و بەجەرگ نەیتوانیوە بە تەنیایی بیری کۆمەڵگە بگۆڕی. پێشمەرگەی ژن بووەتە سیمبولی خۆڕاگریی کورد، بەڵام نەبووەتە سیمبولی باوەڕ بە مافی یەکسان یان توانای یەکسان لە بواری جۆراجۆردا.

**کوێستان گادانی:** خەباتی بزووتنەوەی ژنان و خەباتی نەتەوەیی لە کوردستان بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دوو خەباتی لێکگرێدراون، لانیکەم لەو چەند ساڵانەی دواییدا ئەم هەڵسەنگاندنە زۆر زەق و ڕوون دەرکەوتووە. خەباتی کوردان بەگشتی لەسەر کۆڵەکەی ڕزگاریی نەتەوەیی دامەزراوە و هێندێک ئێستاش لەو باوەڕەدان کە ئەگەر ڕزگاریی

نەتەوەیی بە دەست بێنین، زۆر بە ئاسانی مافی یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکرێ. زۆر لە ژنانی نێو ڕیزی شۆڕشیش لە سەرەتاکانەوە زیاتر لە فیکری دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی دابوون و ئەگەر ڕۆڵ و نەخشیان هەبووبێ کە بەدڵنیاییەوە کاریگەریی زۆریان لە سەر شۆڕش هەبووە، زیاتر لە پیناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەباتی نەتەوەییدا بووە. لێرەدا ئەولەوییەتی یەکەم کە ڕزگاری نەتەوەیی بووە مەجالی بە ژنانی کورد نەدەدا کە باسی مافی یەکسانیی خۆیان بکەن، بۆیە تەواوی وزەی خۆیان بۆ خەباتی نەتەوەیی تەرخان دەکرد و هیندێکیشیان لە ڕێگای ئەندامەتی لە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان بۆ مافی یەکسانیی خۆیان هەوڵیان داوە. بەلام ئەوەی کە دەبێ ژنان لە ئەمرۆرا و بەو ئەزموونەی وەدەستیان هێناوە دەبێ لەو هاوکێشەیەدا چ جێگە و پێگەیەکیان هەبێت، راستی ئەوە دەکەوێتە سەر ئەو جیاوازییەی کە لە ڕووی تاکتیکی بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان کە تاکی ژنی چالاک هەیەتی. بە بڕوای من ژنی کورد کاتێک جێگە و پێگەی دروستی لەم هاوکێشانەدا دەبێ کە بالانسی بەینی ئەم دوو گووتارە راگرێ و هاوتەریب دەگەل یەک هەولیان بۆ بدا کە لە درێژخایەندا وەک بنەما و ژێرخانێکی پتەو بۆ نەهادینەکردنی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتێک بتوانێ کەڵکی لێ وەرگرێ.

### موزەیەن گونەش



هەر لە چوارچێوەی ئەم باسەدا ڕای خاتوو موزەیەن گونەش، چالاکی سیاسی و نوێنەری پارتی دێموکراتیکی گەلان (HDP) لە هەرێمی کوردستان بەمجۆرە بۆ "کوردستان" دوا:

لە ڕاستیدا ئەوەی پێشەوا قازی محەممەد بۆ گەلی کورد کردوویەتی بە تایبەت لەمەڕ پاراستنی ماڤی ژنان تشتێکی دیرۆکییە و جێگای گەلێ ڕێزلێنانە. سەبارەت بە ژنیش دەبینین کرانەوەیەک هەبووە وەک؛ خوێندن و هێنانە مەیدان و لەو بوارانەوە هەنگاوی باشی ناوە. لە ڕووی ڕۆشنگەریشەوە هەنگاوی گرینگی ناون و بە گوێرەی هەلومەرج و سەردەمی خۆیان هەنگاوی باشیان ناوە. تا سالانی هەفتا و هەشتای سەدەی ڕابردووش هەندێک ولاتی ئوڕووپا مافی دەنگدانیان بە ژنان

نەدابوو. تەنانەت تا ئەم دواییانەش مشتومڕێکی وا لە نێوخۆی عەرەبستانی سعودیە لەئارادا بوو کە ئاخۆ مافی دەنگدان بە ژنان بدرێ یان نا. کاتێک دەسکەوتەکانی کۆمار و پێشکەوتنەکانی بەم پێوەرانە هەڵدەسەنگێنین، دەبینین لەو ئانوساتەدا هەنگاوی گەلێک پێشکەوتنخوازانەیان ناوە و ئەو دەسکەوتانە بایەخێکی زۆریشی بۆ ژنی کورد هەبووە.

ئەگەرچی ئێستا بەشێک لە خەباتی ژنی کورد لە بیر و ئەندێشەی باکوورەوە و لە سەر هیم و بنچینەی فەلسەفەی بەڕێز ئۆجەلانەوە سەری هەڵداوە و گرینگی و بایەخی ڕۆڵی ژن لێرە زۆرتر هەست پێدەکرێ. خاڵی سەرەکی ئەمەیە کە ژن دەور و پێگەی خۆی لە مێژوودا بزانێ و بیناسێ و لە سەر بنەمای ناسنامەی زایەندیی خۆی، لە سەر پێی خۆی ڕاوەستێ و پێشبکەوێت.

لە مێژووی خەباتی هاوچەرخی باکووری کوردستاندا تا ئێستاش گفتوگۆیەکی زۆر لە سەر پرسی ژن دەکرێ و ئیلهام وەرگرتنی ژنانیش تەنیا بە کۆماری کوردستانەوە سنووردار ناکرێت. ڕاستە ئێستا ئێمە پرسی ژن لە سەر بنەمای بیر و ڕامانی بەڕێز ئۆجەلان بەرەوپێش دەبەین. بەڵام ئەمە نایەتە ئەو واتایەی کە ئێمە نکۆڵی لە مێژووی کۆماری کوردستان بکەین، یانیش ئەگەر لە بەشێکی دیکەی کوردستان کەسێک و خەباتێک گرینگیی بە ژن دابێت، نکۆڵی لێ بکەین. بەڵکوو ئێمە ئەو بایەخ و گرینگییە دەبینین کە بۆ یەکەمجار کۆماری کوردستان بە ژنی کوردی داوە. هەر هەنگاوێکیش کە لە پێناو بەرەوپێشبردن و سەرخستنی پرسی ژن نرابێت، ئەوا جێگەی ڕێز و پێزانینە. کۆماری کوردستانیش لەمەدا پشکی خۆی پێ براوە و ئەمە حاشای لێ ناکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٩

# کۆماری کورد لە مەهاباد



(بەشی یەکەم)

نووسینی: ئارچیبالد ڕۆزڤێلت

وەرگێڕانی لە ئینگلیسییەوە: خالید عەزیزی

(ئاماژە: ئارچیبالد ڕۆزڤێلت، ئەفسەرێکی بەشی زانیارییەکانی ئەمریکا یەک لەو کەسانە لە کاتی دامەزرانی کۆماری کوردستان و ئازەربایجاندا سەردانی کردوون و لە نیزیکەوە پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستانی بینیوە و لەگەڵی وتووێژی کردووە. ڕۆزڤێلت زۆر بە وردبینییەوە بەدواداچوونی بۆ ڕووداوەکانی ئێرانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی کردووە و بایەخێکی تایبەتیی بە «کۆماری کوردستان» و تایبەتمەندییەکانی ئەو یەکەم کیان و دەوڵەتە سیاسییەی کورد داوە و جیا لەوەی بەشێک لە کتێبەکەی - حەزی فێربوون - ی بۆ تەرخان کردووە، لە ناوەندە ئاکادمی و بڵاوکراوەکانی ئەمریکاشدا بابەتی لەسەری نووسیون. ئەم بابەتەی خوارەوە نووسینێکی ڕۆزڤێلتە لەسەر کۆماری کوردستان کە لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٦دا و لە بڵاوکراوەی "The MIDDLE EAST JOURNAL" دا بڵاو بووەتەوە و هەڵگری زۆر خوێندنەوە و زانیاریی بەنرخە لەسەر پێگەی کۆماری کوردستان و کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد.)

ئاواتی ناسیۆنالیسمی کورد، واتە کوردستانێکی سەربەخۆ، لە ماوەی دیسامبری ١٩٤٥ تا دیسامبری ١٩٤٦، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی بچووک لە کوردستانی ئێراندا وەدی هات. چۆنییەتیی دامەزران و پێکهاتنی کۆماری کورد، مێژووی کورت و پڕ لە رووداوی ئەو، هەروەها تێکچوونی کوتوپڕ و لەنەکاوی، یەکێک لە بەسەرهاتە هەرە ڕوون و ئاشکراکانی سەدەی

بیستەمە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

گەلێک دیاردەی نالێکی وەک ناکۆکی و کێشەی نێو عەشیرەتەکان، ململانێی ئیمپریالیستەکان، سیستمی کۆمەڵایەتی، ئازایەتی و جوامێری بە شێوەی سەدەکانی نێوەڕاست کوردایەتییەکی لە خۆدا قەتیسکراو، پڕ گیروگرفت بوونی مەسەلەی کوردمان زۆر بەباشی بۆ دەردەخەن. لە هەمان کاتدا ئەو ڕاستییەشمان بۆ دەستنیشان دەکەن کە ئەو خەڵکە هەرگیز یەکگرتوو نەبووە و ئێستاش بە سەر پێنج وڵاتدا، کە هەموویان دوژمنی ئەوانن دابەش کراوە.

هێزەکانی بریتانیا و سۆڤییەت لە سیپتامبری ١٩٤١دا ئێرانیان داگیرکرد و بارگەوبنەیان بە ڕەزاشا پێچاوە. سەربازەکانی ڕەزاشا هەر یەکەی بە لایەکدا بۆی دەرچوون و چەکەکانیان یان فرۆشت، یان کەوتە دەست ئەو عەشیرەتانەی کەوا سەرەڕای هەوڵ و تێکۆشانی زۆری ڕەزاشا، سیستم و داب و نەریتی عەشیرەتیی خۆیان هەروەکی خۆی پاراستبوو.

عەشیرە کوردەکان کە لە مەڵبەندە شاخاوییەکانی سنووری عێراق و تورکیە دەژیان، واتە لە ماکۆ لە بناری زنجیرە کێوەکانی ئارارات لە باکوور، هەتا قەسری شیرن لە سەر ڕێگای کرماشان - بەغدا، لە باشوور لەو عەشیرەتانە بوون کە دەرفەتەکەیان قۆزتەوە و لە ڕووخانی حکوومەتی ئێران فرە کەلکیان وەرگرت. لە مەڵبەندی باکوور بە هۆی ئەوەکە سۆڤییەت هێزێکی زۆری ئەرتەشی لە شارەکانی ڕەزائیە، شاپور، خۆی و ماکۆ، نیشتەجێ کردبوو؛ عەشیرەتەکانی ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ خۆیان بەهێز و پشت ئەستوور بە سۆڤییەتییەکان دەزانی.

دوای لەنێوچوونی ئاسەواری دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران، سۆڤییەت پێوەندیی خۆی لەگەڵ عەشیرەتەکانی وەک جەلالی لە باکوور، شکاک لە کێوەکانی ڕۆژاوی شاپور، هەرکی لە ڕۆژئاوای «ڕەزائیە» هێشتەوە و درێژەی پێدا. ئەو عەشیرەتانە لەلایەن سۆڤییەتەوە ئیزنی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ناوچەکانی خۆیان پێدرا، بە مەرجێک هێمنایەتیی مەڵبەندەکە بپارێزن و دەغڵ و دانیش بە ئەرتەشی سوور بگەیەنن. لە ناوچە تەریک و دوورکەوتووەکانی نیزیک ڕێگای کرماشان - بەغدا کە یەکێک لە شوێنە گرینگ و سەرەکییەکانی پێوەندی و هێنان و بردنی کەرەسەی پێویست لە نێوان وڵاتە هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان و یەکییەتیی سۆڤییەت دابوو، عەشیرەتەکان لەلایەن هێزەکانی ئینگلیسەوە بە تەواوی بێدەنگ و دەمکوت کرابوون.

دوای پاشەکشە و هەڵاتنی ئێرانییەکان، مەڵبەندێکی گەورە و بەربڵاو لە نێوان هێزەکانی ئینگلیس و سۆڤییەتدا ئازاد بوو، کە کوردەکان دەیانتوانی بیهێننە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. لە سەرەتاوە دوو ناوچە ئاژاوەیان تێدابوو. یەکیان مەریوان و

کێوەکانی هەورامان بوو، کە مەحموودخانی کانیسانان دەسەڵاتێکی لەرزۆکی لێ دامەزراندبوو. مەڵبەندەکەی تریش بانە بوو، کە حەمەڕەشیدخان حکوومەتێکی لەوێندەرێ پێک هێنابوو، کە تەنانەت سەردەشت و سەقزیشی دەگرتەوە. ناوبراو ماوەیەکی زۆر بوو بۆ عێراق دوور خرابۆوە.

هەردووی ئەو سەرۆک عەشیرەتانە، کاتی خۆی لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە وەک دەسەڵاتدار و جێگری دەوڵەت لە ناوچەکەدا بە ڕەسمی ناسرابوون، بەڵام پاش ماوەیەک ئەرتەشی ئێران ناوچەکانی گرتەوە و ئەوانیش دەرکرانەوە بۆ عێراق.

هەتا ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٤٥ هەمووی ئەو بەشەی کوردستان کە کەوتبووە باشووری خەتی سەقز و بانە و سەردەشت، بە تەواوی کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێران. بەو جۆرە ئەو مەڵبەندە ئازاد و بەربەرینە، بەرتەسکتر بۆوە و بوو بە ناوچەیەکی بچووک لە نێوان ئەو خەتە لە لایەک و هێزەکانی ئەرتەشی سۆڤییەتی نیشتەجێ لە »ڕەزائییە« لە لایەکی ترەوە.

ناوچەیەک کە تەنیا تاکە شارێکی بە مانای ڕاستەقینەی خۆی تێدا بوو، مەهاباد بوو کە پیشتر بە »ساوجبلاغ« ناسرابوو کەوا لە چەند کیلۆمیتری باشووری گۆلی ورمێ هەڵکەوتووە.

## دامەزرانی کۆمەڵە

لە شاری مەهاباد، شارێک کە لەلایەن وڵاتە هاوپەیمانەکانەوە بە چارەنووسی خۆی ئەسپێردرابوو، جووڵانەوەیەکی تری نەتەوایەتیی کورد لەدایک بوو. لە ١٦ی مانگی ئاگوستی (ئووت) ساڵی ١٩٤٣، دە پازدە کەس لە وردەبورژوا و ڕووناکبیرەکانی مەهاباد کۆمەڵەی ژێ - کاف، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردیان دامەزراند.

بە مەبەستی لە بەرچاو گرتنی گرینگیی کاری نهێنی، ڕادەی ئەندامانی کۆمەڵەی تازە پێکهاتوو لە ١٠٠ کەس بەرەوژوورتر نەچوو و ئەوانیش لە شانەکانی کۆمەڵەدا ڕێک خرابوون. کۆبوونەوەی حەوتووانەی کۆمەڵە قەت دووجار بەدوای یەکدا لە جێگەیەک نەدەگیرا. پێڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵە بە تەواوی ناسیۆنالیستی بوو و یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامبوون لە کۆمەڵەدا ئەوە بوو کە دەبوایە دایک و باوکی ئەندامی داواکار، هەردوکیان کورد بوایەن. بە لەبەرچاوگرتنی پێوەندی و تێکەڵاویی کوردەکان و ئاسۆرییەکان لەگەڵ یەکتر، ئەوکەسانە کە دایکیان ئاسۆڕی بوایە، دەیانتوانی ببن بە ئەندامی

کۆمەڵە.

کۆمەڵـە نەتـەنیا هـەر لـە کوردسـتانی ئێـران، بگـرە لـە پارچـەکانی تـری کوردسـتانیش زۆر زوو پـەرەی سـەند. هـۆی پەرەسەندنەکەش ئەوە بوو کە کوردەکان کۆمەڵـەیان وەک دیاردەیەکی نویَ و رێکوپێک دەدی کە جیاوازییـەکی زۆری لەگەڵ حیزب و پارتە سوننەتییەکانی کوردستان هەبوو. لە شارەکانی کوردستانی عێراق وەک مووسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی، ڕەواندز و شەقڵاوە لقی کۆمەڵە پێک هاتن. تەنانەت لە کوردستانی تورکیەش کە خەبات و تێکۆشان لە پێنـاو کوردایەتیـدا سزا و تاوانی مەرگی بۆ دیاری کرابـوو، لقی کۆمەڵـە دروست کرا. سەرۆک عەشیرەتەکانی دەوروبـەری مەهاباد بـە نـاردنی نوێنەر بۆ لای کۆمەڵە، ڕایانگەیاند کە یارمەتیی کۆمەڵە دەدەن. لەلایەن کۆمەڵـەوە بـە عەشیرەتەکان گوترابـوو کـە ئێستا پێویستیمان بە ئیوە نییە، بەڵام لەوانەیە لە داهاتوودا پێوەندیتان لەگەڵ بگرین.

ئەوە شتێکی ڕوون و ئاشکرا بوو کە هەردووک گەورە هێزەکان هەر لەسەرەتاوە زۆریان دڵ بە مەڵبەندەکەوە بـوو و گـەرەکیان بوو کە کۆمەڵە بناسن و زانیارییان لەسەری هەبیَ.

ئینگلیس بـە هـۆی ئـەوە کـە چـاڵاوە نەوتییـەکانی کـەرکوک هەڵکەوتـوو لـە کوردسـتانی بەدەسـتەوە بـوو، زۆر بـە وردی و بـە تێبینییەوە سەیری ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی کوردستانی دەکرد. هەرچەنـد کـە کاربەدەسـتانی ئینگلیس لـە شـارەکانی کـەرکوک، هەولێر، سلێمانی و ڕەواندز نیشتەجیَ بوون، بەڵام دیسانیش یاریدەدەری سیاسیی ئینگلیس لە موسڵ، جار بە جـار سـەری لـە مەهاباد دەدا. ئینگلیس بۆ ئەوەی دڵـی عەرەبان لە خۆی نەکا و نەیانڕەنجێنیَ، پشـتگیری مەسـەلەی کـوردی نـەدەکرد و هیچ چەشنە یارمەتییەکی بە جووڵانەوەی کوردستان نەدا. بەو جۆرە گوێیەکان لە ئاست دەنگی هاواری ناسیۆنـاڵیسمی کورد کـەڕ و نەبیست مانەوە.

## دەستێوەردانی سۆڤییەت

تـا ئـەو جێگایـەی پێوەنـدی بـە سـۆڤییەتەوە بیَ، مەسـەلەکە جـۆرێکی دیکـە بـوو. واتـە لەسـەرەتاوە سـۆڤییەتییەکان بـەوە نەگەیشتبوون کە لە ناو کورداندا کار بکەن، هەرچەند کە ئـەوان سـاڵی ١٩٤٢ بـە بـانگکردنی گـەورە دەرەبەگـەکان بـۆ بـاکۆ جارێک ئەو کارەیان کردبوو.

تەنانەت لە بەهاری ئەو ساڵەدا دوای هێرشی کوردەکان بۆ سەر گوندەکانی بەرەی ڕۆژئاوای گۆلی ورمیَ، سۆڤییەت ئەرتەش

و ژاندارمەی ئێرانی هێناوە و دایمەزراندنەوە. (هەرچەند کە ئەوان بەهۆی بێدەسەڵاتی لە ئاست سۆڤییەتدا دەرەتانی هیچ چەشنە جموجۆڵێکیان بۆ نەمابۆوە). ئێستا وا دەردەکەوێ کە سۆڤییەت لە میکانیزمی مەسەلەکە و لە چەند و چۆنی وەزعەکە گەیشتبێ.

ئازەربایجان و کوردستان لە ساڵی ١٩٤٤دا پڕببوون لە ئەفسەرانی سیاسی و کاربەدەستانی دیکەی سۆڤییەت کە زۆربەی زۆریان لە موسوڵمانەکانی ئازەربایجانی سۆڤییەت بوون. کار و تێکۆشانی ئەوان لە کوردستان لەلایەن کۆنسولی سۆڤییەت لە ڕەزاییەوە بەڕێوە دەچوو. یاریدەدەری ئەو کار و هەڵسووڕانە کاپیتان جەعفەرئۆف بوو کە خۆی یەکێک لە ١٥٠٠٠٠ کوردی دانیشتووی سۆڤییەت بوو. جەعفەرئۆف جلوبەرگی کوردی دەبەر دەکرد و زۆر بە ئازادی و تێرادیوی بە نێو عەشیرەتەکان و گوندەکانی کوردستاندا دەسووڕایەوە.

کار و تێکۆشانی سۆڤییەت لە مەهاباد لەو ڕۆژەوە دەستی پێکرد کە دوو کەس لە کاربەدەستانی ئەوان بە ناوەکانی، عەبدوڵائۆف و حاجیئۆف بەڕواڵەت بە مەبەستی کڕینی ئەسپ بۆ ئەرتەشی سوور هاتبوونە شار. وادیار بوو کە بە ڕێکەوت و بە شانس ئەو هەلەیان بۆ ڕەخسا و لەگەڵ جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کوردستان پیوەندییان گرت. ڕێکەوتەکە بەو جۆرە بوو: ڕۆژێک عەبدوڵائۆف لە دووکانی مەشرووب فرۆشیی کابرایەکی ئەرمەنی چاوی بە پیاوێکی کورد دەکەوێ کە جلوبەرگی کوردی دەبەردا دەبێ، عەبدوڵائۆف تاریف و ئافەرینی کابرا دەکا کە جوبەرگی نەتەوایەتیی خۆی دەبەر کردووە. کوردەکە کە دەرکەوت یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بوو، هەڵوێست و بۆچوونەکەی عەبدوڵائۆفی پێ خۆش دەبی و دەست دەکەن بە قسە و باس و ئاڵوگۆڕی بیروڕا. لە کۆتاییدا کوردەکە پرسیار دەکا و دەڵێ: ئەگەر گەلی کورد حیزبێکی میللی پێک بێنن، سۆڤییەت چەکوچۆڵیان دەداتێ؟ عەبدوڵڵا زۆر زوو پرسیارەکەی دەقۆزێتەوە و دەڵێ: بۆ ئێوە لە کێ دەترسن؟ کوردەکە وەڵام دەداتەوە و دەڵێ: ئێمە تەنیا لە دەرەبەگەکانی خۆمان دەترسین. عەبدوڵڵاش وێڕای هاودەردی، هەستی دژ بە دەرەبەگایەتیی خۆی دەربڕی. کوردەکە عەبدوڵڵا دەباتەوە ماڵێک و لە وێندەرێ بە هاوڕێیانی دیکەی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵەی دەناسێنێ.

پێوەندیی زۆرتر لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤییەت گیرا و یەکێک لە ڕێبەرانی کۆمەڵە کە زمانی ڕووسیی دەزانی، کرا بە ڕابیتی ئەو پێوەندییانە. هەرچەند کە پێڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵە لە سێ خاڵی سەرەکیدا بێلایەنی و سەربەخۆیی کۆمەڵەی دەستنیشان کردبوو، بەلام دیسانیش لەو کاتە بەولاوە کۆمەڵەش کەوتە بەرەی سۆڤییەتەوە.

هەر لەو ماوەیەدا VOKS، ڕێکخراوی بەشی نێونەتەوەیی پروپاگەندەی سۆڤییەت، لە زۆربەی شوێنەکان کۆڕی پێوەندیی

کولتووری و کۆمەڵایەتیی نێوان سۆڤییەت و ئێرانی دامەزراند. ئێستا ئیدی کۆمەڵە گەورە ببۆوە و چیتر نەدەکرا و نەدەگونجا لە ماڵی ئەم وئەودا کۆبوونەوە پێک بێنن. سەرکردایەتیی کۆمەلە داوایان لە سۆڤییەت کرد کە لە مەهابادیش شتێکی ئەوتۆ پێک بێنن. ئەوان هیوادار بوون بەمجۆرە جێگایەکیان وەدەست کەوێ بۆ ئەوەی بتوانن بێ گیروگرفت کۆبوونەوەکانی خۆیان درێژە پێبدەن.

سۆڤییەتییەکان داواکەی ئەوانیان بەجێ گەیاند و کۆڕێک یا ئەنەستیتۆیەک دامەزرا، بەڵام نەک وەک «لقی کوردستانی» ئێران و سۆڤییەت، بەڵکوو ڕاستەوخۆ وەک کۆڕی پێوەندیی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کوردستان و سۆڤییەت (ئەنجومەنی فەرهەنگیی کوردستان و شۆڕەوی).

ئەو جێگایە هەمیشە پڕ بوو لە خەڵک و فرە هاتووچۆی بە سەرەوە بوو.کوردەکان بە مەبەستی سپاس و پیرۆزباییکردن لە دۆستی تازەیان، دەیان بەستە جگەرەی هەڵپێچراو لە تووتنی کوردستانیان بۆ قارەمانەکانی لێنینگراد بە دیاری نارد. لە مەزنە ئاهەنگێکدا کە لە مانگی ئاپریلی ١٩٤٥ لەو شوێنە پێکهات، کۆمەڵە خۆی ئاشکرا کرد.

بەرپرسی کۆنسوولی سۆڤییەت لە ڕەزاییە و بەرپرسی voks لە ئازەربایجان وەک میوان بەشداری ئاهەنگەکە بوون. خاڵی سەرەکیی بەرنامەکە شانۆیەک بوو بە ناوی دایکی نیشتمان، کە بەسەرهاتی ژنێکی تێدا هاتبووە سەر پەردە کە لەلایەن ئێران و عێراق و تورکیەوە بێحورمەتی پێدەکری و پاشان بە دەستی کوڕەکەی کە زۆر ئازا و نەترس دەبێ ڕزگاری دێت.

بینەرانی ئاهەنگەکە، کە هەتا ئەو دەمە قەت شتێکی ئەوتۆیان نەدیبوو، بە تەواوی وەجۆش هاتبوون و ڕق و کینە و دوژمنایەتی لەمێژینەیان وەلانا و لە حاڵێکدا کە فرمێسکی چاویان دەڕژایە سەرشانی یەکتر، سوێندیان دەخوارد و بەڵێنیان دەدا کە تۆڵەی کوردستان بکەنەوە. لەئاکامی ئەم ئاهەنگەدا، قازی محەممەد، سەرۆکی داهاتووی دەوڵەتی کورد لەلایەن کۆمەڵەوە وەرگیرا. ئەم وەرگیرانە بوو بە مایەی دڵخۆشی و ڕەزامەندیی سۆڤییەتییەکان. چونکە ئەوان ڕێکخراوەیەکی دێموکراتیکی وەک کۆمەڵەیان زۆر بەکەیف نەبوو و دەمێک بوو لە یەکێک دەگەڕان بتوانن لەسەری حیساب بکەن و بەگوێرەی سیاسەت و بۆچوونەکانی خۆیان ڕێکخراوەکە بە دەست ئەو ڕێبەریی بکەن.

سۆڤییەت کە لە سەرەتاوە هێز و توانای عەشیرەتەکانیان بۆ دەرکەوتبوو، ڕاستەوخۆ لە سەرۆک عەشیرەتەکان نیزیک بوونەوە و داوایان لێکردن کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد ڕابەری بکەن. بەڵام تەنیا سێ لەو عەشیرەتانە شەخسییەت و توانا و دەسەڵاتی پێویستیان بۆ ئەم ئەرکە هەبوو. قەرەنی ئاغای «رئیس‌العشایر»، سەرۆکی بەرێز و حورمەتی

مامەشەکان و سەرۆکی جێکەوتووی فیدراسیۆنێک کە خۆیان بەشێک لەو بوون. ئەمەرخانی شەریفی، سەرۆکی شکاک و (باوکە گەورەی کوردستان)، ئەمیر ئەسعەدی دێبوکری، کۆنسێرواتیڤی بەزیپکوزاکون و سەرۆکی ئیفتیخاری ژاندارمە. ناوبراو لە لایەن ئێرانەوە کرا بوو بە بەرپرسی پاراستنی هێمنایەتیی ناوچەکە. ئەو سەرۆک عەشیرەتانە بە هێنانەوەی بڕوبیانووی بەئەدەبانە داواکەی سۆڤییەتیان ڕەد کردەوە.

بەو چەشنە ئەو جار قازی محەممەد، کە هەم قازییەتی وەک کەلەپوور بۆ مابۆوە و هەمیش سەرۆکی مەزهەبیی مەهاباد و ئەندامی بنەماڵەیەکی زۆر بەڕێز و حورمەت بوو، لە لایەن سۆڤییەتییەکانەوە پشتگیری لێکرا.

نوێنەرانی سۆڤییەت زوو زوو سەریان لێ هەڵدهێنایەوە و میوانی دەبوون. ڕەنگە بە هێنانی زەخت و گوشارێک بۆ ئێرانییەکان بە مەبەستی وەلانانی ئەمیر ئەسعەد لە نوێنەرایەتیی دەوڵەت لە ناوچە و دانانی سەیفی قازی (برای قازی محەممەد) لە جێگای ئەو کە بوو بە سەرۆکی ژاندامەری یارمەتییەک بێ کە بە ئەویان کردبێ. دەڵێن قازی محەممەد دوای نیزیک بە ساڵێک تێکەڵاوی و شارەزایی پێویست لە بارەی کۆمەڵەوە، بە ناردنی پەیام داوای ئەندامبوونی لێکردن. بەڵام ڕێبەرایەتی کۆمەڵە، بڕیاریان دا کە قازی بە ئەندام وەرنەگرن، چونکە ئەوان، یەکەم لە تایبەتمەندیی تەکئاژۆیی و دەسەڵاتخوازیی ئەو ترسیان هەبوو، دووهەم هەر لەسەردەمی منداڵییەوە ئەوان جیاوازییان لە بەینی خۆیان لە لایەک و قازی و بنەماڵەکەی لە لایەکی ترەوە دەدی. لەوانە بوو قازی دەسەڵاتی خۆی بەسەر کۆمەڵەدا بسەپێنێ و نێوەرۆک و مایەی دێموکراتیکی ئەو لەنێو بەرێ.

چونکە سۆڤییەت لەسەر پلانەکەی خۆی سوور بوو، زەخت و گوشاری بۆ کۆمەڵەش هێنا، ئەوانیش مەجبوور بوون کە قازی وەرگرن. هەروەک بۆ خۆیان چاوەڕوانییان دەکرد، ئەنجامەکەی هەر ئەوە بوو کە تاقە کەسێک بەتەنیایی حیزبێک لە دەست خۆ بگرێ. وەرگیرانی قازی لە لایەن کۆمەڵەوە، ئەو دەرفەتەی بۆ سۆڤییەت پێک هێنا کە بتوانێ کوردەکان خێراتر بەرەو سیاسەت و خەتی خۆی ڕاکێشێ، بە چەشنێک کە سۆڤییەت لە هاوینی ١٩٤٥، لە کوردستاندا زیاتر لە هەموو شوێنێکی تر خۆی بەهێز و پشتئەستوور دەدیت.

حیزبی تودە وەک بەرەیەکی جەماوەریی چەپ و ئامراز و دەستوپێوەندی سۆڤییەت لە زۆربەی شوێنەکانی ئێران سەرکەوتووانە ئەرکەکانی خۆی بەجێ دەگەیاند، بەڵام لە کوردستاندا هەرگیز نەیتوانی جێی خۆی بکاتەوە. ئێستا ئیدی سۆڤییەت لە بیری گەڵاڵە و پلانی تر دابوو، ئەویش ئەوە بوو کە بەری باکووری ڕۆژئاوای ئێرانیش بخاتە سەر خاکی خۆی. لە ڕاستیدا ئەوان حیزبێکی سەربەخۆیان بۆ ئەوە ساز کرد کە جێگای حیزبی تودە لە ئازەربایجاندا بگرێتەوە. حیزبێک کە

ئیتر دەیتوانی بێ تووڕەکردنی حیزبی تودە، راپەڕینیش پێک بێنێ و سەربەخۆییش ڕابگەیەنێ و تەنانەت داوای پێکەوە لکاندنی وڵاتەکەی خۆی بە سۆڤییەتەوە بکا. لەسەر بڕیاری سۆڤییەت، حیزبی تودە لە ئازەربایجان بارگەوبنەی پێچاوە و حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان کە زمانی تورکی وەک زمانی ڕەسمی ڕاگەیاند و داوای جیابوونەوەی ئازەربایجانی لە ئێران دەکرد، جێگای ئەو حیزبەی گرتەوە.

کوردەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کە مەهابادیشی دەگرتەوە هەرگیز چاوەڕوانیی ئەوەیان نەدەکرد تێکەڵاوی حیزبێک بن کە تایبەتی بۆ ئازەربایجان و ناسیۆنالیزمی تورک پێک هاتبوو. بۆ ئەوەی ئەوانیش لە چوارچێوەی پلان و گەڵاڵەی سۆڤییەتدا جێگایەکیان پێ ببڕێ، دروستکردنی حیزبێکی دیکەش پێویست بوو. لە ١٢ی سێپتامبردا کاپیتان نمازلوو، بەرپرسی سۆڤییەت لە میاندواو، داوای لە سەرۆک عەشیرەتە بەناوبانگەکانی کورد کرد کە لەگەڵ قازی محەممەد و سەیفی قازی بە مەبەستی سەردانی کۆنسولی سۆڤییەت بچن بۆ تەورێز. کاتێک ئەو کوردە سەرلێشێواوانە گەیشتنە تەورێز، لەنەکاوڕا پێیان گوترا کە بچن بۆ ناوەندی شەمەنەفەر و لەوێندەرێ ڕا سواری شەمەنەفەریان کردن و بردیانن بۆ باکۆ. ماوەی سێ ڕۆژ لە خانوویەکی خۆشی نیزیک شاردا مانەوە و بە گێڕان و نیشاندانی شانۆ و ئۆپێرا، میوندارییان لێکردن. ڕۆژی چوارەم ڕێنوێنیان کردن کە چاویان بە باقرۆف، سەرۆککۆماری ئازەربایجانی سۆڤییەت بکەوێ. باقرۆف لەبارەی زوڵم و زۆرداریی ڕەزاشا دەرهەق بە گەلی کورد گەلێک باسی بۆ کردن و ڕایگەیاند کە سۆڤییەت پشتگیری حیزبێکی دێموکراتی تازەپێهکاتوو دەکا کە بۆ ڕزگاریی خەڵکی چەوساوە تێبکۆشێ، هەروەها داوای لەوانیش کرد لەگەڵ حیزبێکی ئەوتۆ بکەون.

باقرۆف هێرشی کردبووە سەر حیزبی تودە و گوتبووی کە حیزبێکی زۆر بێکەڵکە و بێجگە لە خوڵقاندنی گیروگرفت چیتری لەدەست نایە. هەروەها هێرشی کردبووە سەر کۆمەڵەی ژێ_کاف و گوتبووی کە لە عێراق لەژێر چاوەدێریی جاسووسەکانی ئینگلیسدا پێکهاتووە و وەک ئامرازێکی دەسکرد لە خزمەت ئیمپریالیسمی بریتانیادان. پاش ئەوەی پێی ڕاگەیاندبوون کە نابێ باسی سەفەرەکەی باکۆیان بکەن، کوردەکان سواری شەمەنەفەر کران و گەڕانەوە تەورێز و لەوێندەرێش‌ڕا بە ئوتۆمبیلەکانی ئەرتەشی سوور هاتنەوە وڵاتەکەی خۆیان.

## حیزبی دێموکراتی کوردستان

بەرهەم و ئاکامی ئەو سەفەرە زۆر زوو دەرکەوت. ماوەیەکی کورت دوای گەڕانەوەیان، قازی محەممەد کۆبوونەوەیەکی لە کەسایەتییە ناسراو و بەناوبانگەکان پێکهێنا و دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند و داوای لە هەموو لایەک کرد ڕەگەڵی کەون. هەروەک لە ناوەکەی ڕا دیار بوو، مەبەستی حیزب، دێموکراسی بە شێوەی ئەمریکایی بوو.

خەلکێکی زۆریش بە دڵگەرمییەوە بەدەنگ بانگەوازەکەیەوە هاتن. لە ڕاگەیاندراوێکدا کە لەلایەن قازی محەممەد و ۱۰۵ کوردی بەناوبانگەوە ئیمزا کرابوو، گوترابوو کە گەلی کورد ئێستا هیواداره لە ڕزگاری دنیا لە دەستی فاشیزم، کەڵک وەرگرێ و لە بەڵێنییەکانی مەنشووری ئاتلانتیک بێبەش نەبێ. لە ڕاگەیاندراوەکەدا هەروەها گوترابوو کە گەلی کورد شتێکی زیاتر لە مافە ئینسانی و قانوونییەکانی خۆی، کە ڕەزاشا لێی زەوت کردووە ناخوازێ. دەقی داواکانی ئەوان بەو جۆرە بوو:

١- گەلی کورد لە ئێران دەبێ ئازاد بێ و لە چوارچێوەی ئێراندا ئۆتۆنۆمیی هەبێ و دەسەڵاتی ناوچەکە لە دەست خۆیدا بێ.
٢- زمانی کوردی دەبێ زمانی ڕەسمی بێ و لە خوێندن و کاروباری ئیداریدا بەکار بهێندرێ.
٣- پارلمانی مەڵبەندی کوردستان دەبێ زۆر زوو بە گوێرەی قانوونی ئەساسی هەڵبژێردرێ و چاودێریی کار و هەڵسووڕانی ئیداریی و کۆمەڵایەتیی بکا.
٤- هەموو کاربەدەستانی وڵات دەبێ لە خەڵکی ناوچە بن.
٥- بە مەبەستی پاراستنی قازانج و بەرژەوەندیی جووتیار و خاوەن موڵکەکان لە داهاتوودا، قانوونێک پەسند بکرێ.
٦- حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بەهێز و پتەوکردنی یەکیەتیی و برایەتی لەگەڵ خەڵکی ئازەربایجان، هەوڵی تایبەتی دەدا، هەروەها یارمەتیی خەڵکەکانی تر وەک ئەرمەنی و ئاسۆڕی دەدا کە لە ئازەربایجاندا دەژین.
٧- حیزبی دێموکراتی کوردستان بە کەلکوەرگرتن لە کەرەسە و ئیمکاناتی سروشتیی، هەوڵ دەدا ئەخلاق و ئابووریی خەڵک باشتر بکا و پەرە بە کشتوکاڵ و بازرگانی بدا، هەروەها ئاڵوگۆڕی پێویست لە خوێندن و پاکوخاوێنیدا پێک بێنێ.
٨- ئێمە هیواداریین کە خەڵکی ئێران بە ئازادی بتوانن لە پیناو ئاوەدان کردنەوە و پێشخستنی وڵاتەکەیاندا تێبکۆشن.

ڕاگەیاندراوەکە کە بە شێوەی ئەدەبیاتی سۆڤییەت نووسرابوو، بە دروشمی بژی ئۆتۆنۆمی دێموکراتیکی کورد کۆتایی پێدەهات.

دامەزراندنی حیزبی دێموکرات بوو بە هۆی ئەوە کۆمەڵە هەڵوەشێتەوە و ئەندامەکانی بچنە نێو ڕیزی ئەو حیزبە. هەرچەند زۆربەی زۆری سەرۆک عەشیرەتەکان، پاش هەوڵ و تەقەلا و داوای ئەفسەرەکانی سۆڤییەت کە لەناویاندا هەڵدەسووڕان، ئیمزایان کرد و بەڵێنییان دا کە یارمەتیی حیزبی دێموکرات بدەن، بەڵام دیسانیش بە هۆی ترس لە کۆمونیزم، بەرامبەر بە حیزب نیگەران و دڕدۆنگ بوون. بەربەرەکانی و دژایەتیی عەشیرەتەکان بەرەو ئەوە دەچوو قۆناخێکی ئەستەم بۆ قازی بێنێتە پێش، تاکوو مەلا مستەفای بارزانی و عەشیرەتەکەی کە زۆر بەتوانا بوون، لە کاتێکی چاوەڕواننەکراودا هاتنە کوردستانی ئێران.

بارزانییەکان تەنانەت لەسەردەمی عوسمانییەکانیشدا یەکێک لە عەشیرەتە سەربزێوەکانی کورد بوون. لە ساڵی ١٩٢٠دا شێخ ئەحمەدی بارزان کە لەلایەن عەشیرەتی بارزانی و عەشیرەتەکانی دراوسێوە وەک خوا دەپەرەسترا، زۆر جار لە دژی ئینگلیس راپەڕیبوو و ئەوانیش زۆر جار تەنانەت بە فرۆکە هێرشیان کردبوونە سەر. شێخ ئەحمەد و برا بچووکەکەی، واتە مەلا مستەفا دوور خرابوونەوە بۆ خوارووی عێراق و پاش ماوەیەک هێنایانەوە سلێمانی. لە ١١ی مانگی جونی ١٩٤٢دا مەلا مستەفا کە لەلایەن براکەیەوە ئەرکی سەرۆکایەتیی پێدرابوو، توانی ڕا بکا و بچێتەوە بارزان.

بەسەرهاتی مەلا مستەفا و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی ئەو لە دژی دەوڵەتی عێراق و چۆنیەتیی تێکشکاندنی ئەرتەشی عێراق لە ساڵی ١٩٤٥دا، هەروەها پیلانی وەزیری نێوخۆی عێراق بە ڕاکێشانی عەشیرەتەکانی تر و دەگژ بارزانی ڕۆکردنیان و هەروەها دەرکردنی بارزانی لە بارزان، دەبێ لە کات و جێگای خۆیدا باسی بکرێ.

پێویستە ئەوەندە بڵێین کە مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەد لەگەڵ ١٠٠٠ چەکداری بارزانی و ماڵ و منداڵیان لە ١١ی ئۆکتۆبری ١٩٤٥ لە باکووری شنۆوە هاتنە دیوی ئێران. زۆر کاربەدەستی پایەبەرزی کورد، وەک مامۆستای قوتابخانە و سەربازی ڕاکردوو، وێڕای ١٢ ئەفسەری ئەرتەش لەگەڵیان بوون. ئەفسەرەکان خاوەن پلەی بەرزی نیزامی بوون و چەند کەسیان لە ئینگلیس کۆڕسی تایبەتییان دیبوو و لە ناوەندی ئەرتەشدا کاربەدەست بوون.

مەلا مستەفا دوای هاتن بۆ ئێران چاوی بە هێندێک لە ئەفسەرەکانی سۆڤییەت کەوت، کە یەکێک لەوان بەرپرسی ئەرتەشی سوور لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بوو. سۆڤییەت بە مەلا مستەفای بارزانی گوت کە لەژێر دەسەڵات و بڕیاری قازی محەممەددا کاربکا، بە خەڵکی ناوچەشیان ڕاگەیاند جێگاوڕێگای بارزانییەکان کە زۆر لێقەوماو و بێدەرەتان بوون بدەن و بەخێویان بکەن.

تا ئاخری مانگی ئۆکتۆبر، هێزی چەکداری مەلا مستەفا گەیشتە ٣٠٠٠ کەسی تەیار بە چەک و چۆڵی ئینگلیس، وەک تفەنگی ڕەشاش و تۆپێک. ئەو هێزە بەهۆی لە ڕێگادابوونێکی زۆر و دەربەدەری و بەسەرهاتی گەورە و گران، بەتەواوی ماندوو و شەکەت ببوون.

## دەوڵەتی گەلی کورد

کاربەدەستانی سۆڤییەت لە ماوەی نۆڤامبر و سەرەتای دێسامبری ئەو ساڵەدا لەنێو عەشیرەتەکاندا دەسووڕانەوە و بۆ

ڕێکخستن و خەبات لە پێناو سەربەخۆیی هانیان دەدان. هەروەها داوایان لە سەرۆک عەشیرەتەکان دەکرد لە مەهاباد کۆ ببنەوە. جگە لە مامەش و مەنگوڕ و دێبوکری، ئەوانی تر هەموویان هاوکارییان کردن.

لەو سەروبەندەدا ئیتر پاشماوەی هێزەکانی ئێرانی لە شوێنەکانی دیکەی ئازەربایجاندا لە حاڵی لەنێوچوون و لێکپچڕاندا بوون. چەکدارەکانی دێموکراتی ئازەربایجان کە زۆربەیان خەڵکی ئازەربایجانی سۆڤییەت و قەفقاز بوون، هێرشیان بۆ سەرباز و ژاندارمەکانی ئێرانی کەوا لە پێگەو مۆڵگەکانیاندا ملکەچ مابوونەوە دەست پێکرد. ئەرتەشی سوور ئەو بەشە لە ئەرتەشی ئێرانی کە لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە بۆ پشتیوانی پاشماوەی هێزەکانیان لە ناوچەکە بەرەو باکوور وەرێ کەوتبوون، ڕاگرت. بەو چەشنە هەموو ناوچەکە کەوتە بەردەستی دێموکراتەکانی ئازەربایجان.

لە ١٠ی دیسامبردا، دێموکراتەکان هێرشیان کردە سەر پێگەگانی ئەرتەشی ئێران لە تەورێز و دەستیان بەسەردا گرتن. تەواوی ناوچەکانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی تازە پێکهاتووی ئازەربایجان. گیرانی تەورێز بە دەستی دێموکراتەکان، دەرفەتێکی باشی بۆ قازی محەممەد پێک هێنا کە سەربەخۆیی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی ڕابگەیەنێ. ناوچەیەک کە لەڕاستیدا دەمێک بوو سەربەخۆ بوو.

لە ١٥ی دیسامبر میتینگێک بە بەشداری سەرۆک عەشیرەتەکان، مەلا مستەفا، ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی تازەدامەزراو، هەروەها سێ ئەفسەری دەمانچە بەقەدی سۆڤییەت کە لەنێو جیپێکدا بوون لە مەهاباد پێکهات. لەم میتینگەدا قازی محەممەد بە ئیحترام و شانازییەوە، دامەزراندنی دەوڵەتی میللیی کوردی ڕاگەیاند و ئاڵای کوردی هەڵکرد. پاڕلمانی کورد لە ١٣ ئەندام پێکهات و لە ٢٢ی ژانوییەی ١٩٤٦دا قازی محەممەد بە سەروککۆماری، کۆماری کوردستان هەڵبژێردرا. حەمە حوسێنخانی سەیفی قازی، ئامۆزای قازی محەممەد، کە خۆی بازرگان بوو و بەدوای وەرگرتنی دەرەجەی ئیفتیخاریی کاپیتانی، لە ژاندارمەریی ئێران، ناوبانگی نیزامیی دەرکردبوو، کرا بە وەزیری شەڕ. سەیفی قازی، مەلا مستەفا، ئەمەرخانی شکاک، هەروەها حەمەرەشیدخانی بانە، کە هەر ئەو سەروبەندە لەگەڵ عەشیرەتەکەی لە عێراق ڕا گەڕابووەوە پلەی مارشاڵییان وەرگرت و یوونیفۆڕمی تایبەتیی ئەرتەشی سووریان کە بریتی بوو لە چەکمەی درێژ، بەندی توندی سەرشان و کڵاوی سوورخەتی نیزامی، دەبەرکرا.
دەوڵەتی تازە پێکهاتوو کە تەنیا ناوچەیەکی زۆر چووکەی وەک شارەکانی مەهاباد، بۆکان، نەغەدە و شنۆی لەدەستدا بوو، نوێنەری خۆی بۆ کرانەوەی پاڕلمانی ئازەربایجان نارد و تەنانەت بەگوێرەی توانا، خۆشی پاڕلمانێکی دروست کرد.

هەروەها مەلا مستەفای بۆ خوارووی کوردستان بەرێ کرد تا پەلاماری هێزەکانی ئیرانی بدا کە بە هۆی بەفری زۆر و

ڕێبەندانی زستان لە شارەکانی سەقز و بانە و سەردەشت مابوونەوە و پێوەندییان لەگەڵ ناوەندی ئەرتەشی نیشتەجێ لە سنە، پچڕابوو.

### پێوەندی لەگەڵ تەوریز و تاران

گیرانی «ڕەزاییە» بە دەستی دێموکراتەکانی ئازەربایجان لەو سەروبەندەدا، گیروگرفتێکی تازەی بۆ دەوڵەتی کورد خوڵقاند. هەرچەند کە زۆربەی زۆری دانیشووانی دەشتی ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ، لە »ڕەزاییە»وە هەتا ماکۆ تورکی ئازەربایجانین، بەڵام لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەو ناوچەیەدا عەشیرەتە کوردەکان دەژین کە بەرزاییەکانیان بە دەستەوەیە و بەسەر دەشتاییەکانی مەڵبەندەکەدا زاڵن. لە ناوچەی میاندواو، لە باکووری گۆلی ورمێ دانیشتووانی تێکەڵاوێکن لە کورد و تورک.

دەوڵەتەکانی تەورێز و مەهاباد، لەسەر ئەم ناوچانە کێشە و ناکۆکییەکی زۆریان بوو، چونکە هەردوولا ئەم ناوچانەیان بە هی خۆیان دەزانی. ئەمەرخان و عەشیرەتەکانی زۆر دەربەستی دێموکراتە عەجەمەکان نەبوون و بێپسانەوە هێرشیان دەکردە سەر ئەو گوندانە کە حکوومەتی تەورێز بە هی خۆیانیان دەزانین.

لە مانگی ئاپریلی ١٩٤٦دا سۆڤییەت بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکی و گیروگرفتانە قازی محەممەدی بانگهێشتی تەورێز کرد. لە کاتێکدا دێموکراتەکانی ئازەربایجان بە مەبەستی دیاریکردنی چەندوچۆنیی داهاتووی ناوچەکانیان، دەیانەویست لەگەڵ دەوڵەتی ئێران وتووێژ بکەن، پێکهاتنی بەرەیەکی یەکگرتوو لە نێوان دوو دەوڵەتی سازکراوی کورد و توركدا، شتێکی زۆر گرینگ و پێویست بوو.

ئاکام و بەرهەمی دانیشتنەکانی سێ قۆڵی، واتە پیشەوەری سەرۆکی دێموکراتەکانی ئازەربایجان و قازی محەممەد و سۆڤییەت، بوو بە هۆی ئەوە کە لە ٢٣ی ئاپریلی ساڵی ١٩٤٦دا ڕێککەوتننامەیەک لە نێوانی نوێنەرانی کورد و ئازەربایجانیدا ئیمزا بکرێ. بڵاو بوونەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە حکوومەتی ئێرانی فرە نیگەران و پەشێو کرد. لە ڕاستیدا نیگەرانیی تاران زۆرتر لەو بەشەی ڕێککەوتننامەکە بوو کە باسی سەربەخۆیی ئەو دوو حکومەتە دێموکراتانەی دەکرد کە مافی دیاریکردنی نوێنەر لە لای یەکتر و پێوەندی بازرگانییان لەگەڵ یەکتر بۆخۆیان هیشتبۆوە.

**دەقی ڕێککەوتنەکە بەو چەشنە بوو:**

**١- ئەو دەوڵەتانەی کە ژێری ئەو ڕێککەوتنەیان ئیمزا کردووە لە کاتی پێویستدا نوێنەر بۆ لای یەکتر دەنێرن.**
**٢- لە ئازەربایجاندا، لەو شوێنانەی کەوا کوردەکان لە کەمایەتی دان، پێویستە ئەوانیش لە بەڕێوە بردن و ڕاپەڕاندنی کارەکان دەوریان هەبێ. هەروەها دەبێ ئەو مافە بۆ کەمایەتییە ئازەرییەکانی کەوا لە کوردستاندا دەژین دیاری بکرێ.**
**٣- کۆمیسیۆنێکی ئابووریی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە ئابوورییەکانی هەردووکلا پێک بێت، ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆنە لە لایەن دەوڵەتی ناوەندیی هەردووک وڵات دیاری بکرێن.**
**٤- هێزی چەکداری هەردووکلا لە کاتی پێویستدا یارمەتیی یەکتر بدەن.**
**٥- هەرچەشنە وتووێژێک لەگەڵ تاران، دەبێ بە گوێرەی قازانج و بەرژەوەندیی هاوبەشی دوو گەلی ئازەربایجان و کوردستان بێت.**
**٦- دەوڵەتی ئازەربایجان بۆ بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی زمان و کولتووری کوردی لەنێو کوردەکانی دانیشتووی ئازەربایجاندا هەوڵی پێویست دەدا. دەوڵەتی کوردیش هەر بەو شێوەیە بۆ ئازەرییەکانی دانیشتووی کوردستان حەوڵ دەدا.**
**٧- هەردووکلا بە مەبەستی سەرکوتکردنی ئەو کەس و تاقمانەی کەوا لە پێناو تێکدانی برایەتیی دێموکراتیک و دۆستایەتیی مێژوویی گەلانی ئازەری و کورد، پیلان دەگێڕن هەوڵی پێویست دەدەن.**

**پاش ماوەیەک دێموکراتەکانی ئازەربایجان بە مەبەستی وتووێژ و ڕێککەوتن لەگەڵ ئەحمەدی قەوام، سەرۆکوەزیری ئێران، چوون بۆ تاران. بەپێی ڕێککەوتنێک لە نێوان قەوام و ئازەرییەکاندا تەواوی ئازەربایجان کە کوردستانیشی دەگرتەوە، هەر بە قسە و لەسەر کاغەز وەک پارچەیەک لە ئێران ماوە، دەنا لە ڕاستیدا دێموکراتەکان کە هەموو پلە بەرزەکانی حکوومەتیان لە دەستدا بوو، ئازەربایجانیان بەڕێوە دەبرد.**

**کوردەکان ئەو ڕێککەوتنەیان زۆر پێ ناخۆش بوو و لەدژی ڕاوەستان. هەرچەند کە سەدری قازی برای قازی محەممەد، نوێنەری دوایین پارلمانی ئێران خۆی وەک نوێنەری کوردەکان لە تاران، لە هێندێکی ئەم وتووێژانەشدا بەشدار ببوو، بەڵام دیسانیش کوردەکان پێیان وابوو کە زۆربەی خاڵە سەرەکییەکانی ویستی ئەوان، لەو ڕێککەوتنەدا لەبەر چاو نەگیراوە.**

**لە ڕاستیدا دێموکراتەکانی ئازەربایجان ڕەنگ و ڕوو و چوارچێوەی قانوونییان دابوو بە ماوە و مەودای حکوومەتی خۆیان، لە کاتێکدا دەوڵەتی قازی محەممەد هیچ چەشنە بناخەیەکی قانوونیی ئەوتۆی نەبوو. کوردەکان لە ڕادەی کەمایەتییەکی**

نەتەوایەتی لە چوارچێوەی ئێران، هاتنە خوار و ئەوجار بوون بە کەمایەتییەک لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکی ئازەربایجانیدا.

لە ئاکامدا قازی محەممەد بە مەبەستی دەربڕینی نارەزایەتی لە دژی ئەو ڕێککەوتنە بۆ وتوویژ لەگەڵ قەوام چوو بۆ تاران. قازی داوای لە قەوام کرد کە هەموو ناوچەکانی کوردیی گرێدراو بە ئازەربایجان لە لایەک و، ناوچەکانی خوارووی کوردستان کە سنەشیدەگرتەوە و لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئێراندا مابۆوە لە لایەکی ترەوە بخرێنەوە سەر یەک.

مەبەست مەڵبەندێکی گەورە و بەربڵاو بووە کە لە سنووری سۆڤییەتەوە تا کرماشانی دەگرتەوە و دەبوایە لە ڕادەی ئۆتۆنۆمیدا دەسەڵاتی هەبوایە. کاربەدەستان و هێزی چەکداری مەڵبەندی ئۆتۆنۆم دەبوا کورد بان. هەروەها قازی داوای کرد کە سەرۆکایەتیی ئەو مەڵبەندە خودموختارە خودی خۆی بێ.

قەوام سەرۆکوەزیری فێڵبازی ئێران، بەڕواڵەت داواکانی قازی محەممەدی بە مەرجێک قەبووڵ کرد کە قازی بتوانێ ڕەزامەندیی دوکتور جاوید، سەرۆکی دەوڵەتی ئازەربایجان وەربگرێ. بەڵام دوکتور جاوید بە قەڵسی و تووڕەییەکی زۆرەوە گەلاڵە و داواکانی قازی محەممەدی ڕەت کردەوە. بەو چەشنە ناکۆکیی لە نێوان کوردەکان و دێموکراتەکانی ئازەربایجان پێکهات و ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ پەرەی ئەستاند.

هەرچەند دەوڵەتی ناوەندیی ئێران لە لایەک و کوردەکان و ئازەرییەکان لەلایەکی ترەوە لەسەر ڕاگرتنی هێمنایەتی و شەڕنەکردن ڕێک کەوتبوون، بەڵام دیسانیش تێکهەڵچوون و تەقەی بەربڵاوی لێرولەوێ دەستی پێکردبوو و ئاگری شەڕی خۆشتر دەکرد.

پاش ئەوەی سۆڤییەت ڕایگەیاند کە لەسەرەتای مانگی مایدا پاشەکشەی خۆی لە ئێران دەست پێدەکا، ئێرانییەکان دەستیان کرد بە جموجۆڵی زۆرتر و ئامادەکردنی هێزەکانیان. لقی چواری ئەرتەشی ئێران بە سەرۆکایەتیی ژێنێراڵ هۆمایوونی کە فەرماندەرێکی لێوەشاوە و بەتوانا بوو، بەرەکانی شەڕی کوردستانی بە ئەستۆوە بوو. ژێنڕاڵ هوومایونی پاش بەجێگەیاندنی ئەرکی خۆی لەمەڕ چەککردنی بێبەزەییانەی عەشیرەتە عەرەبەکان لە خوزستان، ئەمجارە ڕێگای کوردستانی خرایە بەر.

هۆمایوونی لە نیوەی مانگی ئاپریلدا ڕێگاکانی کردەوە و چەکوچۆڵ و هێزی یارمەتیدەری بۆ سەقز و بانە و سەردەشت بەڕێ کرد. لە زمانی سۆڤییەتییەکانەوە دەنگۆیەکی ئەوتۆ بڵاو ببۆوە کە گۆیا سۆڤییەت بەڵێنی تانگ و تۆپ و چەکی قورسی بە

کوردەکـان داوە. هـەروەها نیزیـک بـە پـەنجا لاوی کوردیشـیان بـۆ پـەروەردەکردنی سیاسـی_نیزامیی بردووەتـە بـاکۆ. لـەو هەلومەرجەدا قازی محەممەد بۆ ئەوەی بتوانێ بەربەرەکانیی ئەرتەشی ئێران بکـا، مەجبوور بـوو ڕوو بکاتـە عەشیرەتەکان. هێزەکـانی کـورد بریتـی بـوون لـە بارزانییـەکان وەک هێـزی سـەرەکی، کـە ئـازا و شـەڕکەربوون، بـەڵام لەهـەمان کاتیشـدا لێکپچڕاوو بەربڵاو بوون و حەمەرەشیدخان و پیاوەکانی، هەروەها عەشایری چووکەی کورد کە هەمیشە ئامـادەی شەڕ و تـاڵانکردن بـوون. ئـەو هێزانـە بـە گشـتی لـەو تـەپک و بەرزاییانـەدا سـەقامگیر بـوون کـە بەسـەر ئەرتەشـەکەی ژێنـراڵ هۆمایوونیدا دەیڕوانی.

هاوکات کە ژێنراڵ هۆمایوونی خەریکی کێشانەوەی چەک و چۆڵ و تێخزاندنی سەربـاز و ڕێکخستنی هیزەکـانی لـە ناوچەکەدا بوو، قازی محەممەد و سۆڤییەت زەخت و گوشاریان بۆ ئەمەرخانی شکاک و عەشیرەتەکانی هاوپـەیمانی ئـەو و هەرکییـەکان دەهێنا کە لە باکوورەوە شۆڕبینەوە و بچن بۆ یارمەتیی بەرەکانی شەڕ لە دژی ئێران. لەسەرەتاوە ئەمەرخان دەستی کرد بـە بیانووهێنـانەوە و دەیگووت کـە ئەسپەکانیان لـە شوێنێکی تـرن و نـاتوانن بـەبێ ئەسپ ڕەوانـەی مەیـدانی شـەڕ ببن. بـەڵام سەرئەنجام لە سەرەتای مانگی مایدا پیاوەکانی خۆی بە نابەدڵی نارده بەرەی شەڕ. لە ماوەی مانگی مای ١٩٤٦دا، جگە لە هێندێک تێکهەڵچوون و شەڕی بچووک و کەم دەوام، شەڕێکی گەورەی ئـەوتۆ کـە بتوانێ چارەنووسی کێشـەکە بەلایەکدا بخـا نەکرا. لەسەرەتـای مانگ، لـە ڕێگـای نیزیـک سـەقز، کوردەکـان لـەناکاوڕا هێرشـیان کـرده سـەر کـاروانێکی ئەرتەشـی کـە لـە ئاکامدا ٢٠ کەسیان لـێ کوشتن و نیزیـک بـە ٣٠ کەسیان لـێ بـەدیل گـرتن. لـەم شـەڕەدا دوو ڕەشـاش بـە ٤٠٠٠ فیشـەکەوە دەسکەوتیان بوو. ئـەو سـەرکەوتنە تـاڕادەیـەک ورە و ئیعتبـاری ئێرانییـەکانی هێنایـە خـوار. دیلە کوردەکـان وەک پێشـمەرگە لـەنێو هێـزی کوردسـتاندا وەرگیـران و ئـەوانی تـریش بـەڕێ کـران بـۆ تـەورێز. کوردەکـان پاشـانیش لـە هێرشـێک بـۆ سـەر مەحمودئاوای نیزیک شاری سەقز، بەمەبەستی چاوەدێری ڕێگای سنە، هەروەها دوای گرتنی بـەرزایی و تەپکەکانی ڕووکـاری سەقز، سەلماندیان کە ورەیان بەرز بووەتەوە و پشوویان هاتووەتەوە سەرخۆ. بەڵام ئەرتەشی ئێـران پاشەکشەی پێکـردن و لە بەرزاییەکاندا بورجی گەورەی کۆنترۆڵ و ڕوانین بۆ دەوروبەری درووست کرد و لە هەر بورجەش ٣٠ تـا ٤٠ سـەربازی لـێ دانا. دوای ئەم شەڕ و تێکهەڵچوونانە ئاگربەس ڕاگەیەندرا و پاشانیش ئەفسەرەکانی بەرپرسی پێوەنـدی گرتنـی هـەردووکلا دیاری کران.

بە پێی قەراری ئاگربەسەکە، هێزی هەردووکلا دەبوایە لە شوێن و جێگاکـانی خۆیـان بمێننـەوە. کوردەکـان مـافی چاوەدێری و کۆنترۆڵی هـاتووچۆی نێوان ڕێگـای سەقز و بانە و سەردەشتیان هەبوو، هـەروەها دەیـانتوانی لـە گەیشـتنی چەکوچۆڵ بـۆ هێزەکانی ئێران بەرگریی بکەن. هەرکی و شکاکەکانیش بەرەو باکووری کوردستان گەڕانەوە.

## بەشی دووهەم

(ئاماژە: ئارچیبالد ڕۆزڤێلت، ئەفسەرێکی بەشی زانیارییەکانی ئەمریکا یەک لەو کەسانە لە کاتی دامەزرانی کۆماری کوردستان و ئازەربایجاندا سەردانی کردوون و لە نیزیکەوە پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستانی بینیوە و لەگەڵی وتووێژی کردووە. ڕۆزڤێلت زۆر بە وردبینییەوە بەدواداچوونی بۆ ڕووداوەکانی ئێرانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی کردووە و بایەخێکی تایبەتیی بە «کۆماری کوردستان» و تایبەتمەندییەکانی ئەو یەکەم کیان و دەوڵەتە سیاسییەی کورد داوە و جیا لەوەی بەشێک لە کتێبەکەی - حەزی فێربوون - ی بۆ تەرخان کردووە، لە ناوەندە ئاکادمی و بڵاوکراوەکانی ئەمریکاشدا بابەتی لەسەری نووسیون. ئەم بابەتەی خوارەوە نووسینێکی ڕۆزڤێلتە لەسەر کۆماری کوردستان کە لە گەلاوێژی ساڵی 1326دا و لە بڵاوکراوەی "The MIDDLE EAST JOURNAL" دا بڵاو بووەتەوە و هەڵگری زۆر خوێندنەوە و زانیاریی بەنرخە لەسەر پێگەی کۆماری کوردستان و کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد.)

### تایبەتمەندییەکانی قازی محەممەد و کۆماری کوردستان

دوای ئەو ڕووداو و ناکۆکییانە، قازی محەممەد وەک ئەوەی پەرژینێکی ئاسنی بە دەوری خۆیدا کێشابێ، هیچ چەشنە شانس و دەرفەتێکی ئەوتۆی بۆ چاودێر و کاربەدەستانی سۆڤییەت نەهێشتەوە کە بەلای وڵاتەکەیدا بێن. سەبارەت بەمەش کە ئینگلیسییەکان بارزانییەکانیان لە عێراق دەرکردبوو، لەوانیش تووڕە بوو. سۆڤییەت بە بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی دژی ئینگلیس و دەسنیشانکردن و وەبیرهێنانەوەی ڕووداوەکانی پێشووی مێژووی کورد، کە کوردەکان پێیان وابوو لە ڕابردوودا قوربانیی هەلپەرستیی ئینگلیس بوون، جەوێکی ئەوتۆی لەدژی ئەوان پێک هێنابوو کە ئینگلیسییەکان لە خۆیان ڕانەدەدیت سەردانێکی کۆماری چووکەی کورد بکەن.

لە کات و ماوەی لێک جیاوازدا چوار ئەمریکایی و فەڕانسەوییەک سەریان لە قازی محەممەد دا، ئەوان کۆماری کوردستانیان وەک دیاردەیەک کە لە حاڵی لەنێوچوون دایە هاتە بەرچاو.

سەرەڕای کەموکوڕی و نەبوونی هیچ جۆرە چوارچێوەیەکی یاسایی، دیسانیش حکوومەتی دیفاکتۆی قازی محەممەد لە ڕاستیدا هەروەک پێشوو درێژەی بە کاری خۆی دەدا و تەنیا وشەی وەزیر لەسەر وەزیرەکانی وەلانرا و وشەی ڕەییس، واتە سەرۆک لە جێگای داندرابوو. قازی محەممەد خۆی تەنیا بوو بە سەرۆکی حیزب، واتە پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئاغاوات و سەرۆک عەشیرەتەکان هەروەک پێشوو لە گوندەکاندا دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو و حکوومەتیان دەکرد.

ژاندارمەری کە لە خەڵکی ناوچەکە پێک هاتبوو و جلوبەرگی کوردییان دەبەردا بوو یارمەتیی ئاغاواتەکانیان دەدا. ئەفسەرە کوردەکانی نیشتەجێ لە مەهاباد، کە یونیفۆرمی سۆڤییەتییان دەبەردا بوو، ژاندارمەرییان بەڕێوە دەبرد.

مەهاباد لە شارێکی زۆر ناخۆش و تیپیک ئێرانی ڕا ببوو بە شارێکی دڵگر و پڕڕەنگ، بە چەشنێک شەقامەکانی لە خەڵکی کورد کە جلوبەرگی کوردییان دەبەردا بوو، شەپۆلی دەداوە. لانیکەم لەو کاتەدا خەڵک ئازاد بوون و زوڵم و زۆریی سەرباز و ژاندارمەکانی ئێرانیان لەسەر نەمابوو.

ئەو کەسانەی کە دەرفەتیان بۆ هەڵکەوتبوو و لە نیزیکەوە قازی محەممەدیان دیتبوو، بە باشی بۆیان دەرکەوتبوو کە چ کەسایەتییەکی هەیە. هەروەها زۆر زوو تێگەیشتبوون کە ئەو چلۆن لە هەموو جێگایەک بووەتە سیمبۆلی کوردایەتی. قازی پیاوێکی کورتەباڵای تەمەن ٥٠ ساڵە بوو، کە باڵتۆیەکی کۆنی ئەرتەشیی دەبەردا بوو و ڕیشێکی مەخمەری هەبوو. ڕەنگ و ڕوویەکی زاهیدانەی (مورتازانەی) بوو. بەهۆی نەخۆشیی مەعدە تا ڕادەیەک ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو. ئینسانێکی کەمخۆر بوو. نە جگەرەی دەکێشا و نە خواردنەوەی ئەلکۆڵیشی دەخواردەوە. لەسەرەخۆ و مەتین بوو. زۆر بە ئارامی قسەی دەکرد و زۆر زووش کاری دەکردە سەر ئینسان. چوارچێوەیەکی فیکریی زۆر بەرینی هەبوو و نێونەتەوەیی بیری دەکردەوە. هەموو نەتەوەکانی تری دنیای خۆش دەویست، گەلێک لە زمانەکان، بۆ وێنە ڕووسی، کەمێک ئینگلیسی و ئیسپرانتۆی دەزانی. لەسەر مێزی کارەکەی هەمیشە کۆمەڵێک کتێب دەربارەی ڕێزمان و زمانەکانی بێگانە لەسەر یەک داندرابوون.

وا دەردەکەوت کە قازی محەممەد بیر و باوەڕێکی زۆر قووڵی هەیە و ئامادەیە خۆی لە پێناویدا فیدا بکا، لە هەمان کاتیشدا ڕووناکبیرێکی لەسەرەخۆ بوو. لە ماوەی هاتنە گۆڕێی مەسەلەی کورددا، لانیکەم داواکەی ئەو وەک ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە چوارچێوەی ئێراندا شتێکی لەبار و گونجاو بوو. قازی محەممەدیش وەک زۆر کوردی تر پێی وابوو کە کورد و ئێرانی لە ڕەگەزێک پێک هاتوون و لک و پۆی دارێکن و ئێستاش هیچ هۆیەک نابیندرێ کە نەتوانن لەگەڵ ئێرانییەکان بژین، لە کاتێکدا سەردەمی خۆی، میدیا (مادەکان) و فارسەکان بە یەکەوە حاواونەتەوە. قازی محەممەد پێی وابوو کورد لە نەسلی میدیاکانن. خۆیشی پێی خۆش بوو ئیتیمولۆژیی خۆی لەسەر مەهاباد بڵێ، دەیگوت: ‹› نیشانەیەکە لە میدیاکان››.

تا ئێستا وا دەردەکەوێ ناکرێ ئەو بۆچوونە ڕەد کەینەوە کە قازی محەممەد و لایەنگرەکانیشی ئاواتی کوردستانێکی یەکگرتوویان هەبووە، ئەوان هیوادار بوون کە مەهاباد بکەن بە ناوەندی کولتووریی کوردی و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و تەنانەت جێگای سووریە و سلێمانی بگرێتەوە و دەوری سەرەکیی لەم سەردەمەدا هەبێ.

بۆ ئەوەی خوێندن بە زمانی کوردی بێ و بتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر درا، لە سەرەتاوە مامۆستاکان مەجبوور بوون لە ڕووی کتێبە فارسییەکان لە قوتابخانەکان دەرس بڵێنەوە، بەڵام ماوەیەک پێش ڕووخانی کۆماری کوردستان، کتێبی کوردی بۆ پۆلەکانی دەورەی سەرەتایی نووسرا و چاپ کرا.

ڕۆژنامەیەک و گۆڤارێکی سیاسیی مانگانە کە هەردووکیان ناویان کوردستان بوو، هەروەها دوو گۆڤاری تری ئەدەبی، هاوار و هەڵاڵە بڵاو دەبوونەوە، هەمووی ئەو بڵاڤۆکانە لە لایەن ئەرتەشی سوورەوە لە چاپ دەدران و دواییش دەدرانەوە بە حیزبی دێموکراتی کوردستان.

قازی محەممەد مایەیەکی زۆری بۆ زمان و ئەدەبیاتی کوردی دانا و بایەخێکی زۆری پێدا، ڕەنگە وجوود و دەوری چالاکانەی دوو شاعیری گەنج، هەژار و هێمن لەو هەڵوێستەی قازیدا فرە شوێندانەر بووبێ. شێعرەکانی ئەوان سەرەڕای کەم بوونی کاغەز، دیسانیش هەر بڵاو دەبوونەوە.

سەرەڕای هەمووی ئەو خەبات و تێکۆشانە، ئاکام و بەرهەمی کاری کۆمار، نەگەیشتە ڕادەی ستانداردی دوو شوێنی تری ناوەندی کولتووریی کورد، کە کوردەکان لەوێندەرێ لە ماوەی ٢٥ ساڵدا خوێندن و نووسینیان بە ئازادی هەبوو. بەڵام لە باری سیاسییەوە مەهاباد لانیکەم وەک نوختەیەکی لێهاتبوو کە لە هەموو لایەکەوە چاویان تێ بڕیبوو. لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی ڕووناکبیریی کورد لە بەیرووت و ئیستانبوڵ و بەغداوە بگرە هەتا کێوە بەرز و چرەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا، هەموو لایەک بە تێکڕایی چاوەڕوانیی ئەوەیان دەکرد کە بزانن ئایا قازی محەممەد سەر دەکەوێ یان تێک دەشکێ. هەر نەک لە لایەن کۆڕ و کۆمەڵی کوردی لە بەغدا، بەڵکە لە لایەن کوردەکانی سووریە و تورکیەش پێوەندی لەگەڵ قازی دەگیرا و نامە و پەیامی بۆ دەنێردرا. ڕووی جووڵانەوەکەی ئەو زیاتر و بە تایبەتی لەو گەنجانە بوو کە پێیان وابوو حیزبەکانی پێشووی کوردی بە باشی ئەرکی خۆیان بە جێ نەگەیاندووە، بۆ وێنە لە عێراق حیزبێکی نهێنیی چەپ بەناوی ڕزگاری دامەزرا کە نیشانەیەک بوو لەو چەشنە بۆچوون و بیرکردنەوەیە.

### هەست و هەڵوێستی دژی سۆڤییەت

حیزبە کۆنەکانی کوردی وەک هیوا لە عێراق و خۆیبوون لە سووریە، قازی محەممەدیان سەبارەت بە پێوەندی و تێکەڵاوی لەگەڵ سۆڤییەت زۆر خۆش نەدەویست. ترس و ناخۆشەویستی و ڕق و بێزاری بەرامبەر بە سۆڤییەتییەکان لەنێو کوردەکاندا گەلێک هۆی هەیە و فرە بە هێزە. پێش هەموو شتێک زۆربەی زۆری کوردەکان مەزهەبین و هەربۆیەش بە نیسبەت

هەڵوێستی دژی مەزهەبی سۆڤییەت دڕدۆنگ ماونەتەوە. سەرەڕای ئەوە کوردەکان لە نیزیکەوە چاویان بە زۆر ئاوارەی ڕاکردووی سۆڤییەت کەوتووە و لەگەڵ زۆر موسوڵمانی نێو ئەرتەشی سووریش قسە و باسیان بووە، ئەو سەرباز و ئاوارانەش وێنەیەکی زۆر ناخۆش و دڵتەزێنیان لە وەزعی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی سۆڤییەت و دەسەڵاتی دەوڵەت لە وێندەرێ بۆ کێشاونەتەوە. هەروەها نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە ڕووسەکان لە زووەوە تەنانەت سەردەمی تزارەوە دوژمنی لە مێژینەی کوردان بوون.

هێزەکانی ڕووس لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بە گژ کوردەکاندا هاتن و بەشێکی زۆری کوردستانیان خستە بەر هێرش و پەلاماری خۆیان و، وێرانی و دەربەدەرییەکی زۆریان لە پاش خۆیان بەجێ هێشت، بە چەشنێک ئێستاش شوێنەواری لە زۆر کەلێن و قوژبنی کوردستان، وەک دۆڵ و دەرە و گوندەکانی دەبینردێ. هەر لە شاری مەهاباد، هێزەکانی ڕووس بۆ ماوەی چەند ڕۆژ بڕیاریان دابوو کە هەر کەس لە ماڵ بێتەدەر و پێ بنێتە نێو شەقامەکان تەقەی لێدەکەن، بەو جۆرە شاریان تالان کرد و ئاگریان تێبەردا.

تەئسیری ئەو بەسەرهاتانە ئێستاش لە بیرەوەریی لەمێژینەی کوردەکاندا هەر ماوەتەوە، بۆیە کاتێک منداڵەکانیان دەگرین و ژیر نابنەوە، بە وشەی ڕووس «عورووس» دەیانترسێنن و ئارامیان دەکەنەوە.

سۆڤییەت زۆری هەوڵ دا کە شوێنەواری ئالەباری ئەو شێوە هەڵوێستانە لەنێو کوردەکاندا بسڕێتەوە و لەنێویان بەرێ. بۆ وێنە لە لایەک باس و بەزمی ئۆتۆنۆمیی کوردەکانی سۆڤییەتی هێنا گۆڕێ و لە لایەکی تریشەوە سیامەندۆف، ئەفسەری پایەبەرزی ئەرتەشی سوور و قارەمانی لێنینگراد کە خۆی کورد بوو بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرا و چالاکانە هەڵ دەسووڕا.

هەروا سووک و ساکار دەرناکەوێ کە هەتا چ ڕادەیەک سۆڤییەت لە پلانەکانی خۆیدا سەرکەوتنی وەدەست هێنا، بەڵام بێشک بەشێکی زۆر لە خەڵکی وەک ئاغاوات و دەوڵەمەند و بازرگان و مەلا و شێخ بەرامبەر بە سۆڤییەت هەروا بێباوەڕ و دڕدۆنگ مابوونەوە و سەبارەت بە پێوەندی و تێکەڵاویی ئاشکرای قازی لەگەڵ سۆڤییەت لەویش ناڕازی و نیگەران بوون. داروديواری ئەو خانووبەرەیەی کەوا دەوڵەتی قازی تێدابوو، بەتەواوی پۆستەری تەبلیغاتیی سۆڤییەتی لێ درابوو. ڕۆژنامە و بڵاڤۆکەکان پڕبوون لە وتار و ماتریالی ئەوتۆ کە ڕاستەوخۆ و وشە بە وشە لە ڕووسی ڕا کرابوون بە کوردی. شاعیرەکان بە شان و باهۆی ستالین و ئەرتەشی سووریان هەڵدەگوت و شێعریان بۆ ساز دەکرد.

لە کوردستاندا بە پێچەوانەی شوێنەکانی تری ئازەربایجان، نوێنەرەکانی سۆڤییەت خۆیان ئاشکرا نەدەکرد و وەبەر چاو نەدەکەوتن، جگە لە چەند شۆفیری لۆری کە بۆ سۆڤییەت و دەوڵەتی سەر بە سۆڤییەت کاریان دەکرد. دەیانگوت نوێنەرانی سۆڤییەت لە مەهاباد جێگا و ڕێگایان پێدرابوو، بەڵام کاربەدەستانی کورد ئەو دەنگ و باسەیان بە ڕاست نەدەزانی و بەرپەرچیان دەدایەوە. هاشمۆف، کۆنسوڵی سۆڤییەت لە ڕەزاییە و یاریدەدەرەکەی عەلی ئەکبەرۆف جارجار سەریان لە مەهاباد دەدا.

لە کاتێکدا کە تێرۆریزم ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتی داگرتبوو و شەپکەی سیاسی زۆر توند ببوو، لە کوردستاندا تەنیا چەند زیندانیی سیاسی هەبوون. یەک دوو کەسیش ڕەنگە بە هۆکاری سیاسی کوژرابێتن. هەرچەند کە ژمارەیەک لە کوردەکان لایەنگرییان لە کۆمار نەدەکرد، بەڵام دیسانیش توانییان ڕابکەن و بچن بۆ تاران. لە کۆڵان و شەقامەکانی مەهابادا بە ئاشکرا دەکرا گوێ بدەیتە ڕادیۆکانی ئیستانبوڵ و لەندەن، بەڵام لە تەورێز گوێدان بەم ڕادیۆیانە تاوانێکی مەزن بوو و سزای مەرگی بۆ داندرابوو. یان لە سەرەخۆیی و لیبرالیزمی قازی محەممەد و دەوڵەتەکەی بوو کە ئەو ئازادییانەی دەستەبەر کردبوو، یان دەنا باڵانسی دەسەڵات لە نێوان عەشیرەتەکاندا بوو، کە هیچ عەشیرەتێک نەیدەوێرا پێ لە بەڕەی خۆی زیاتر ڕابکێشێ و دەسدرێژی بکاتە سەر ئەندامی عەشیرەتێکی تر.

سەرجەمی بەرهەم و دەسکەوتی سەرەکیی ئەو ئازادییانە ئەوە بوو کە حکوومەتەکە لە نێو خەڵکدا لانیکەم خەڵکی مەهاباد خۆشەویست و جێگای متمانە بێ. خەڵکێک کە زوڵم و زۆریی دەوڵەتی ناوەندیی ئێرانیان لەسەر لاچووبوو و تامی ئازادی و سەربەستییان چێشتبوو.

## دژایەتی و بەربەرەکانیی عەشیرەتەکان

گەرچی سۆڤییەت بە ئاشکرا تا ڕادەیەک هەوڵی دا کە نێوانی عەشیرەتەکان و کۆمار خۆش بکاتەوە بەڵام لە ڕاستیدا لەو کارەیاندا سەرنەکەوتن. عەشیرەتەکان سەرەڕای زۆر هۆی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و مەزهەبی، هۆ و بیانووی زۆر بەهێزی ئابووریشیان هەبوو کە دژایەتیی کۆماری پشتئەستوور بە سۆڤییەت بکەن. بەشێکی زۆری سەرچاوەی بژیوی عەشیرەتەکان گرێدرابوو بە داهاتی توتن، کە ئەویش بە هۆی پچڕانی پێوەندیی کوردستان لەگەڵ شوێنەکانی تری ئێران، بازاڕی فرۆشتنی توتنەکەیان تێدا چووبوو و بەو چەشنە باری ژیانیان بە تەواوی قورس ببوو. لە هێندێک شوێن سەرەڕای کەموکووڕیی دەغڵ و دان، خەڵک دەبوایە بەشی بارزانییە لێقەوماوەکانیش، کە لەمێژ بوو بەسەریاندا دابەش کرابوو، بدەن. لەنێو عەشیرەتەکاندا، مام عەزیزی کوڕی قەرەنیاغای ڕەحمەتی، سەرۆکی عەشیرەتی مامەش لەگەڵ بایزاغای

مەنگوڕ هاوپەیمان بوون، فرە لە قازی محەممەد ناڕازی بوون و بە ئاشکرا دژایەتییان دەکرد. جێگری کۆنسوولی سۆڤییەت لە ڕەزاییە هەڕەشەی لێ کردن و پێی ڕاگەیاندن کە ئەگەر دەست لە دژایەتی هەڵنەگرن، بارزانییەکانیان دەنێرنە سەر. مام عەزیز بەربەرەکانیی خۆی هەر درێژە پێدا تاکوو بارزانییەکان بە ڕاستیش هێرشیان کردە سەری و ئەویش لە ترسان لەگەڵ پیاوەکانی پێی پێوەنا و هەڵات بۆ عێراق. ئەمەرخانی شکاک،+

وەزیری شەڕی کابینەی قازی محەممەد، وازی لە کارەکەی خۆی هێنا و لە بناری کێوەکانی زیندەشت لە باشووری ڕۆژئاوای شاپوور، بە دوورەپەرێزی و بێلایەنی دانیشت. زۆربەی زۆری عەشیرەتەکانی تری باکووری کوردستان لاسای ئەمەرخانیان کردەوە و وازیان لە کۆماری کوردستان هێنا. تەنیا ئەو عەشایرەی کە قازی محەممەد دەیتوانی لەسەریان حیساب بکا، یەکیان عەشیرەتی گەورک بوو لە مەهاباد کە نیزیک هەزار چەکداریان هەبوو، ئەوی تریشیان بەشێک لە عەشیرەتی چووکەی زەرزا لە ناوچەی شنۆ بوو.

تەنانەت مەلا مستەفا و بارزانییەکانیش لەبەر ئەوەی قازی محەممەد چیتر نەیدەتوانی بەخێویان بکا، وردە وردە سارد دەبوونەوە. کاتێک دەوڵەتی تاران هەستی بەوە کرد کە قازی محەممەد بێ پشت و پەنا ماوەتەوە، شووی لێ هەڵکێشا و و ڕۆژ بە ڕۆژ زەخت و گوشاری زیاتری بۆ کۆمار هێنا. هەرچەند سۆڤییەت بەڵێنی دابوو کە لە هەموو بارێکەوە یارمەتییان بکا، بەڵام هەتا ڕۆژی ڕووخانی کۆمار لە ساڵی ١٩٤٦دا نە لە چەکی قورس باسێک هەبوو، نە لە هێزی چەکداری پەروەردەکراو. لەڕاستیدا هیچ جۆرە هێزێکی چەکداری ڕێکوپێک لە گۆڕێدا نەبوو. کاتێک کە ئێرانییەکان بە مەبەستی هێرشهێنان لە هەموو بارێکەوە خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون، قازی محەممەد بە تووڕەیی و بە پەلە پەیامی بۆ عەشیرەتەکان، کە تەنیا هیوا و هومێدی بوون نارد و پێی ڕاگەیاندن کە، سۆڤییەت بەڵێنی یارمەتی پێداوین و داوا لە ئێوەش دەکەم بچن بۆ بەرەکانی شەڕ لە دژی ئەرتەشی ئێران. عەشیرەتەکان داواکەیان ڕەت کردەوە!

## دامەزرانەوەی دەسەڵاتی ئێران

ئێستا ئیدی ڕووداوەکان بەخێرایی تێپەڕ دەبن، دەوڵەتی تاران پێی داگرتووە و دەڵێ دێموکراتەکانی ئازەربایجان ناوچەی زەنجان کە سەر بە ئازەربایجان نییە چۆڵ بکەن. کاتێک ئێران ئەرتەشی لە ناوچەکە خزاند و لەسەر داواکەی خۆی سوور بوو، دێموکراتەکان ڕازی بە چۆڵکردنی ناوچەکە بوون، بە چەشنێک کە هەتا ئاخری مانگی نۆڤامبر ئەو ناوچەیە بە تەواوی کەوتە ژێردەستی ئەرتەشی ئێران. ماوەیەک پاشتر واتە لە نیوەشەوی ١٠ی دێسامبردا ئێرانییەکان هێرشیان کردە سەر پێگەی دێموکراتەکان لە دۆڵی قافلانکۆی باشووری شاری میانە. دوای شەڕێکی بیست و چوار سەعاتە، دێموکراتەکان

تێک شکان و بەرپرسەکانیان زۆر بەپەلە، لە سالڕۆژی گیرانی تەورێزدا ڕێگای دوورودرێژی سۆڤییەتیان گرتەبەر و بۆی دەرچوون.

سەرۆکی دەوڵەتی دێموکراتی ئازەربایجان لە تێلگرافێکدا کە بۆ قەوام کردبووی، گوتبووی کە: سەیفی قازی، واتە فەرماندەری کوردی ئاگاداری بڕیارەکەی خۆی کردووە و پێی گوتووە کە داوا لە هێزەکانی خۆی بکا تەقە بوەستێنن. سەدری قازی، برای قازی محەممەد کە نوێنەری پارلمانی ئێران بوو و لە نێوان قازی محەممەد و ئێراندا هاتوچۆی دەکرد، لە ڕۆژی ١٣ی دێسامبردا لە مەهاباد ڕا چووبۆوە میاندواو. سەدری قازی لەوێندەرێ بە ژێنڕاڵ هومایوونی گوتبوو کە کوردەکان ڕازین ئەرتەشی ئێران بەبێ شەڕ و خوێنڕشتن بێتەوە ناوچەکە. ژێنڕاڵ هومایوونی لە وەڵامدا گوتبووی کە پاش ئەوەی بارزانییەکان لە ناوچەی مەهاباد پاشەکشەیان کرد، ئەوکات ئەرتەش بەرەو مەهاباد وەڕێ دەخا. هومایوونی لە مەنگوڕ و مامەشەکان کە لە عێراق ڕا گەڕابوونەوە، هەروەها لە بەشێک لە دێبوکرییەکان کە سەر بە دەوڵەت بوون، دەستەیەکی تەیار کرد و بە سەرۆکایەتیی سەرهەنگ غەفاری وەپێشی دان. پێش ئەوەی بگەنە شاری مەهاباد لە نیزیک شار نوێنەرانی قازی محەممەد هاتن و پێیان گوتن، بە گوێرەی ڕێککەوتنەکەی ئێمە و ژێنڕاڵ هومایوونی قەرار وابوو ئەرتەش شار بگرێتەوە نەک ئەو عەشیرەتانە، کە لەوانەیە شار بشێوێنن. عەشیرەتەکان بەبێ تەقە پاشەکشەیان کرد و لە ١٥ی دێسامبری ١٩٤٦دا، دوای ئەوەی بارزانییەکان مەهابادیان چۆڵ کرد و بەرەو نەغەدە کشانەوە، ئەرتەشی ئێران هاتەوە مەهاباد و کۆتایی بە تەمەنی یەک ساڵەی کۆماری کورد هێنا.

خەڵک پێشوازییەکی زۆریان لە ئەرتەشی ئێران کرد. قازی محەممەد و فەرماندەرەکانی ئەرتەش چاویان بە یەکتر کەوت. بەڵام لە ١٧ی دێسامبردا ژمارەیەک لە کوردەکان گیران و ڕۆژی دواتریش قازی محەممەد و سەیفی قازی و زۆر کەسی تر گیران. تەنیا ئەندامێکی دەوڵەتی قازی کە ئازاد مایەوە و نەگیرا، حاجی بابەشێخ بوو کە بە هۆی پلەی بەرزی ئایینی و ئیحترامێکی کە لەنێو خەڵکدا هەیبوو، خۆیان تێنەگەیاند. ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان توانییان لە گوندەکاندا خۆ بشارنەوە یان ڕابکەن بۆ عێراق.

سەرەڕای گرتن و ڕاونان، تەمبێیانەی بەشێک لە بەرپرسەکانی کورد ئەوە بوو کە دەبوایە جێگەوڕێگەیان دابا بەو عەشیرەتانە کە لایەنگری دەوڵەت بوون و دەبوو بەخێویان کردبان. ئەوە مێتۆدێکی ئێران بوو کە لە لایەک کاتیان بە فیڕۆ نەدەچوو و لە لایەکی تریشەوە پێویستیان بە پێکهێنانی مەحکەمە نەدەبوو.

سەدری قازی لە ماوەی تەمەنی یەک ساڵەی کۆماردا، کاتێک دەیتوانی تاران بەجێ بێڵێ و بگەڕێتەوە بۆ مەهاباد، کە

دەوڵەتی ئێران داوای لێکردبایە. بەڵام لە ئاخر سەفەردا کاتێک کە لە ٣٠ی دێسامبردا دەگەڕاوە بۆ تاران، لە ماڵەکەی خۆیدا گیرا و هێنایانەوە مەهاباد و لەگەڵ براکەی لە بەندیخانەیان کرد. ئەرتەش بە خەڵکی ڕاگەیاند هەر کەس سکاڵا و بەڵگەیەکی لە دژی بەندییەکان هەیە ڕای بگەیەنێ. پاش لێکۆڵینەوە و مەحکەمەیەکی نیزامی، قازی محەممەد و سەیفی قازی و سەدری قازی بە مەرگ مەحکووم کران و لەبەرەبەیانی ٣١ی مارسی ١٩٤٧دا لە مەیدانی (چوارچرا)ی مەهاباد لەسێدارە دران.

دەوڵەتی ئێران بۆ لەنێوبردن و سڕینەوەی شوێنەواری دەوڵەتی قازی محەممەد ‹‹کەمپەینێکی›› بەربڵاوی وەڕێ خست. چاپخانە و ڕۆژنامە نووسینی کوردی خڕکرایەوە و خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغە کرا و هەموو کتێبەکان لەبەر چاوی خەڵک ئاگریان تێبەر درا. بۆ چاوترسێنکردنی عەشیرەتەکانیش ١١ کەس لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی فەیزوڵلابەگی و گەورکی سەقز ئێعدام کران. پاش گیرانەوەی ئازەربایجان، دەوڵەتی دێموکراتی ئازەربایجان هێشتا بە تەواوی نەڕووخابوو کە جووتیار و کرێکار و بازاڕی دەستیان کرد بە کوشتن و ڕاونانی دێموکراتەکان. دژکردەوەی ئازەرییەکان بە مانای ئەوە بوو، کە حکوومەتی دێموکراتی ئازەربایجان نەتەنیا لە نێو خەڵکدا خۆشەویست نەبوو، بگرە زۆریش لێی بێزار بوون. ئەوە زۆر شتێکی سەرنجڕاکێشە کە لە مەهاباد ڕووداوەکان ڕەوتی خۆیان زۆر بە هێمنی پێوا و هیچ کارەسات و دژکردەوەیەکی لەم چەشنە نەقەوما.

دیاردەیەکی زۆر زەق و بەرچاو لە ئازەربایجان ئەوە بوو کە حکوومەتی دێموکراتەکان پۆلیسی نهێنیی فرە بەهێزی وەک ئامرازێک کە لە هەلومەرجی پێویستدا کەلکی لێوەرگرن ساز کردبوو. لە حاڵێکدا قازی محەممەد هیچ گرووپ و ئامرازێکی لەو چەشنەی پێک نەهێنابوو. ئەو فاکتۆرانە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن و ڕایدەگەیەنن کە دەوڵەتی قازی محەممەد لە نێو خەڵکەکەی خۆیدا، لانیکەم لە مەهاباد وەک پێتەختی خۆی خۆشەویست و جێگەی ڕێز و متمانە بوو. لە ناوچەکانی باکووردا ئەمەرخانی شکاک و عەشیرەتەکانی سەر بە ئەو، هیچ دەورێکی بەرچاویان لەو ڕووداوانەدا نەبوو. ئەرتەشی ئێران لە کاتی هێرش بۆ سەر ئازەربایجان، بۆ ئەوەی دەستی بە تەواوی ئاواڵە بێ و منەتی خەڵکی تر نەکێشێ، ئەمەرخانی شکاکی ئاگاداری پلان و گەلاڵەکانی خۆی نەکرد.

کاتێکیش کە ئەمەرخان بە پێی هێندێک کەینوبەین، پیاوەکانی خۆی بۆ هێرش بردنە سەر دێموکراتەکان کۆ کردبۆوە، هێشتا هیچ جووڵەیەکی نەکردبوو کە شەڕ کۆتایی هات. ئەمەرخان و عەشیرەتەکانی تر، بە ناردنی دیاری و بەرتیل بۆ ئەفسەرەکانی ئێران، وەفاداریی خۆیان ڕاگەیاند، ئەرتەش لێیان خۆش بوو و ئیجازەی پێدان لەسەر جێگەوڕێگەی خۆیان دامەزرێنەوە.

تەنیا زێرۆبەگ نەبەخشرا، ئەویش بە هۆی ئەوە بوو، کاتێ خەریکی وتوویژ لەگەڵ ژێنراڵ هومایوونی بوو، پیاوەکانی لە باڵانیش پەلاماری سەربازە ئێرانییەکانیان دابوو. پاشان زێرۆبەگ مەجبوور بوو لەگەڵ هێندێک لە پیاوەکانی خۆی و ئاسۆرییەکان بەرەو شنۆ برۆن و پەنا بۆ مەلا مستەفای بارزانی بەرن، کە تەقەوەستانێکی کاتیی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران ڕاگەیاندبوو.

دەوڵەتی ئێران داوای لە مەلا مستەفا کرد کە یان چەک دابنێ، یان دەنا دەبێ لەگەڵ عەشیرەتەکەی بگەڕێتەوە بۆ عێراق. لەبەر ئەوەی مەلا مستەفا داواکەی دەوڵەتی قبووڵ نەکرد، دیسان شەڕ دەستی پێکردەوە. تا ژووئەنی ١٩٤٧، بارزانییەکان بەشەڕ کردن خۆیان گەیاندە ماکۆ و لەوێندەرێ ڕا سنووریان بڕی و ئاودیوی سۆڤییەت بوون.

### پوختە و ئەنجام

بە گیرانەوەی مەهاباد بە دەستی ئەرتەشی ئێران، خەبات و تێکۆشانی ئەم دواییەی کوردەکان لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی کورددا کۆتایی پێهات. ئەم جارەش هەروەک جارانی پێشوو هۆی سەرەکیی سەرنەکەوتنی کوردەکان، نەبوونی یەکیەتی لەنێو ڕیزەکانی خۆیاندا بوو. لە کاتێکدا زۆربەی زۆری بەڕێوەبەران و کادرەکانی جووڵانەوە لە توێژی ڕووناکبیر و تێگەیشتووی شار و شارۆچکەکانەوە هاتبوون، باڵی نیزامیی جووڵانەوەکە هەمیشە لە عەشیرەتەکان و سەرۆکەکانیانەوە پێک دەهات، کە بە تێکڕایی نەخوێندەوار و هەلپەرەست بوون، کە لەگەڵ کزبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت دەستیان کرد بە ڕاورووت. ئەوە یەکێک لە گیروگرفتە بنەڕەتییەکانی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد بوو.

لە ماوەیساڵی ١٩٤٦دا عەشیرەتەکان زۆر ئاسایی دژایەتیی دەسەڵاتی دەوڵەتی کوردیان دەکرد. ئەوان ئەو سەربزێوییەی کە لە سەردەمی دەسەڵاتی حکوومەتی ئێراندا بوویان، لە سەردەمی حکوومەتی قازی محەممەدیشدا کە وەکی خۆیان لە ڕەگەزی کورد بوو، درێژەیان پێدا. زۆربەی عەشیرەتەکان لەلایەک بەپێی سروشتی عەشیرەتی و لە لایەکی تریشەوە بە هۆی دڕدۆنگی و بێمتمانەیی بەرامبەر بە پێوەندییەکانی قازی و سۆڤییەت، پاڵیان وە ئەرتەشی ئێران دا.

هۆکاری ڕووخانی کوتوپڕ و لەناکاوی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە سەر سۆڤییەت کە نەیتوانی یارمەتیی پێ بکا.

حیزبێکی تازە پێکهاتووی بەهێزی میللی، کە بەشی هەرە زۆری خوێندەوارە کوردەکانی لە خۆیدا کۆ کردبۆوە، کەوتە ژێر تەوژمی کاریگەریی بێگانەکان و پاش ئەوەی کە بە گوێرەی گونجاو کەلکی خۆیانیان لێ وەرگرت، پشتیان تێکرد و بەجێیان

هێشت. ئەو دەوڵەتە چووکەیە کە لە ژێر چاودێری و پاراستنی ئەرتەشی سووردا پێکهاتبوو، تەنیا کاتێک دەیتوانی درێژە بە تەمەنی خۆی بدا، کە ئەرتەشی سوور گەڕاباوە. دوای ئەوەی لە لایەک کوردەکان هومێدێکی ئەوتۆیان نەمابوو و لە لایەکی تریشەوە دەوڵەتی ئێران لە ناوچەکەدا سەقامگیر ببۆوە، ئیتر هیچ شانس و ئاسۆیەکیش بۆ جووڵانەوەی قازی محەممەد نەمابۆوە کە درێژە بە ژیانی خۆی بدا.

ئەو بەسەرهات و ڕووداوانە بوون بەهۆی ئاڵوگۆڕێکی فرەبەرچاو لە نێو جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا. ئێستا ئیتر نە کۆمەڵە ماوە و نە حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەشێکی زۆر لە ڕێبەران و بەرپرسەکانی کورد یان مردوون یان زیندانی کراون و یان لە دوورەوڵاتیدا دەژین. بەڵام دیسانیش هەمووی ئەوانە بەو مانایە نییە کە ناسیۆنالیزمی گەلی کورد لەنێو چووە. پشت و پەنای کۆماری کوردستان بەشی ڕووناکبیر و پێشکەوتووی کۆمەڵانی خەڵک بوون کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە باری چەندایەتی و چۆنایەتی، لە حاڵی پەرە ئەستاندندا بوون. نەیارەکانی کۆمار لە کەسانێک پێک هاتبوون کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە حاڵی کەمبوونەوە و لەنێو چووندا بوون. دەبێ داهاتوو ئەوەمان بۆ ڕوون کاتەوە، کە ئایا لە شوێنێکدا کە خەڵکەکەی مرید و لایەنگری ڕێبەرانی مەزهەبی و سەرۆک عەشیرەتەکانن و ناسیۆنالیزم بۆیان دیاردەیەکی نەناسراوە، جووڵانەوەی کوردی شتێکی پراکتیک و گونجاوە؟ کوردەکان هەرگیز وڵاتی یەکگرتووی خۆیان نەبووە و بەیەکەوە تامی بەرهەمی کولتووری لەمێژینەی خۆیان نەچێشتووە.

کێوەکان وەک پەرژینێک ئەوانیان لە یەکتر دوور خستووەتەوە و هەمیشە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کولتووری و ئابووریی خۆیان مەجبوور بوونە چاولەدەستی پێتەختی ئەو دەوڵەتانە بن، کە وڵاتەکەیانی داگیر کردووە، ئەگەر ئەو دەوڵەتانەی وا کوردستانیان داگیر کردووە، نەتەوەکەی خۆیان لە ژوورووی کوردەکان دانەنابایە و کۆتاییان بە چەوساندنەوەی نەتەوایەتیی کورد هێنابا و تا ڕادەیەکیش ئۆتۆنۆمییان پێدابان، ڕەنگ بوو توانیبایان متمانەی کوردەکان بەرەو خۆیان ڕاکێشن و فیدراسیۆنێکی فرەنەتەوەیی بە شێوەی سویس پێک بێنن. وڵاتانی عەرەبی لەم پێوەندییەدا هەنگاوی یەکەمیان ناوەتەوە، ئەگەر دەست و دەسەڵاتی بێگانە لێی گەڕابایە، دەکرا لە ئێرانیش سیاسەتێکی لەم چەشنە بەکار بهێندرێ کە لە جیاتی جودایی، کورد و ئێرانییەکان لێک نیزیک بکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٩

# نەتەوەکانی دیکەی ئێران و کۆماری کوردستان



**ئازاد مستۆفی**

ئامـاژە: دووی ڕێبەنـدانی سـاڵی ١٣٢٤ی هەتـاوی، سـاڵڕۆژی دامەزرانـدنی کۆمـاری کوردسـتان، تەنیـا خـاڵێکی بەهێـز و وەرچەرخـانێکی مێژوویـی مەزن لەخەبـات و تێکۆشـانی گەلـی کـورد لە ئێـران نەبـوو؛ بەڵکـوو ئەم پێـواژۆیە تـوانیی کـاریگەرییەکی زۆر لەسـەر ڕەوتـی خەبـات لە بەشـەکانی تـری کوردسـتان، هەمـژی گەلانـی چەوسـاوەی ئێـران دابنـێ. لەم ڕاپۆرتەدا هەوڵ دراوە لەمەڕ ئەو ڕووداوە مێژووییە لەڕەوتـی خەبـاتی دێموکراسی و مـافی گەلان لەنێـوان نەتەوەکـانی تـری نیشتەجێ لە جوغرافیای ئێراندا زیاتر باس بکرێ.



**حافز فازڵی**،

**ئەنـدامی دەفـتەری سیاسیی حیزبـی «تضـامن»ی ئەهـواز لە گوتوبێژێـک دەگەڵ ڕۆژنـامەی «کوردسـتان» لەسـەر کۆمـاری کوردستان و کاریگەرییەکانی بۆسەر چۆنیەتیی هەوڵ و تێکۆشانی نەتەوەکانی تری ئێران، دەڵێ:**

ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕۆژێکی دیرۆکییە بۆ سەرجەم نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران کە لەژێر زوڵم و ستەم لە ئێراندا دەژین؛ هەروەها ڕۆژێکی مێژوویی و وەرچەرخانێکی پڕمەزنە لە مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد. ئەم ڕۆژە نەک هەر تەنیا بۆ کورد بەڵکوو بۆ گشت گەلانی هاودەرد دەگەڵ گەلی کورد گرینگ و مێژووییە، چونکە لەم ڕۆژەدا نەتەوەی کورد بۆ وەدەستهێنانی ئامانجی خۆی واتە دامەزراندنی دەوڵەت و دروستکردنی دەستەڵاتێک کە هیوا و ئارمانجی هەموو گەلێکە، هەوڵی دا و ئەمەی کردە بەڵگە و سەنەد و میناکێکی زیندوو کە لە مێژووی ئەم گەلە مەزنە تۆمار کرا. هەرچەندە کۆماری کوردستان بە هۆکاری جۆراوجۆری نێونەتەوەیی نەیتوانی زیاتر لە یەک ساڵ خۆ ڕابگرێ، بەڵام ئارمان و هیوای نەتەوەی کورد و بەڵگەمەندبوونی ئەو کۆمارە لەسەر سینگ و دڵی تاک تاکی کوردەکان و ناوچەکە هەرماوە. کۆماری کوردستان بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە تۆوەکەی شەهیدی نەمر پێشەوا قازی محەممەد بەسەر هەموو ئاخ و نیشتمانی نەتەوەی کوردی وەرکرد و داری ئەم بەرهەمەش لە بەهاری چاوەڕوانیی ئەو گەلە مەزنە کە بە دڵنیاییەوە ڕۆژێک دادێ دەڕوێتەوە و بەر دەگرێ. بەڵێ قازی محەممەد لە سێدارە درا بەڵام هیوا و ئاواتی ئەو گەلە هیچ کات لەنێو ناچێ. کۆماری کوردستان، کۆماری ئازەربایجان، حکوومەتی ناوچەیی ئیمارەتی عەرەبستان هەر هەموویان بەڵگەی سیاسیی هاوچەرخن کە بۆ وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن. کاتێ ئێمە باسی کۆماری کوردستان دەکەین ئامانجمان تەنیا باسی ڕووداوێکی دیرۆکی نییە، بەڵکوو کۆماری کوردستان لە ڕاستیدا هێمای بوونی ویست و داواکارییەکی ڕەوا و بەحەقی نەتەوەیەک لەوێ سەردەمدا بووە. ئەو داخوازییانەی پاش چەندین دەیە بەداخەوە ئێستاش بە ئاکام نەگەیوە، ئەگە کۆماری کوردستان مابا ڕەنگە چارەنووسی کوردەکانی هەموو ناوچەکە ئەمڕۆ بەشێوەیەکی دی دەبوو، ئاماژە بە کۆماری کوردستان و سەرنەکەوتنی ئاوات و ئامانجەکانی ئەو لە ڕاستیا ئاماژە بە هەرەج بەرەجی، زوڵم و چەوسانەوەی نەتەوەیی‌یە کە بۆ سەرجەم ئێمە گەلانی ئێران بەڕەوا زانراوە. هەڵبەت ئەو داواکارییانەی ئێمە داخوازییەک نییە کە دەگەڵ چوارچێوەی یاسا نێونەتەوەییەکان و بەرژەوەندیی گشتی کۆمەڵگەی جیهانی جیاوازیی هەبێ، بەڵکوو ویستی ئێمە ئەمڕۆ دەباسی مافی مرۆڤ، مافی شارۆمەندی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆماندا دەگونجێنندرێ و دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانیش ناچارن بەو دۆخەی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی کە هاتوتە پێش، لە گۆشەنیگای جیاواز درەنگ یا زوو ئەو مافانە لە بەرچاو بگرن.

ئەمڕۆ کۆمەڵگەی جیهانی پاراستنی مافی مرۆڤ و نەبوونی فەرق و جیاوازی لە بەرامبەر بە هەڵسوکەوت دەگەڵ بنیامەکان، ئازادییە بنەڕەتییەکان و مافی پاراستنی شوناسی نەتەوەیی، ئۆلی و زمانی بە مەرجی سەرەکیی دانان بە دەوڵەتەکان دەزانن. کەوابوو بە تێپەڕینی زەمەن ئەوەی کە نەمران قازی محەممەد و جەعفەر پیشەوەری وەک بناغەیەکی پتەو کاریان بۆ کرد و نەیانتوانی بەپێی ڕەوشی ئەوکات وەک خۆی دایڕێژن، ئەمڕۆ وەدەستی جیلی نوێی ئەو قارەمانانە کەوتووە. دۆخی پێشکەوتوویی کۆمەڵگە مرۆییەکان دەبەستێنی مافی مرۆڤ و دانپێدانانی لەلایەن دەستەڵاتدارەکان، بۆ نەوەی ئەمڕۆ بە

ویست و داوایەکی ڕەوا دادەنرێ. دیارە کۆماری ئیسلامیی ئێران بێبزەیانە بەو پەڕی چەختیگەرییەوە ئەوەی لە دەستی هاتووە بۆ هەڵاواردن، چەوساندنەوە و زوڵم بە نیسبەت گەلانی کورد و بەلووچ و هەموو نەتەوەکانی تر کردوویەتی و دەستی لێ نەپاراستووە، ساڵانێکە بۆ قاڵکردنەوە و تواندنەوەی فەرهەنگی، زمانی، سووکایەتی و بێڕێزی بە گەلانی ئێران تێدەکۆشێ، ئێمە بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ئەزموون و بەسەرهاتانە گەیشتووینەتە ئەو باوەڕە باشترین ڕێکار بۆ چارەسەری ئەم پرسە فێدراڵیزمە. چونکە لە نیزامی فێدراڵدا ناوەند وەک سەنتەر و ئاوەزی دیکتاتۆرییەت نامێنێ و لەنێو دەچێ، دابەشکردنی دەسەڵات و بەشداریکردنی گشت خەڵکی لە هەموو شار و ناوچەیەک لە حکوومەت نەک تەنیا ئەو ئێرانە لاواز ناکا بەڵکوو زۆریش بەهێزتر دەبێ. عەرەبێک، کوردێک، ئازەرییەک، بەلووچێک، تورکەمەنێک هەتا ئەو کاتەی هەست بە مافەکانی خۆی نەکا ناتوانێ شانازی بە ئێرانیبوونی خۆی بکا.



**فەرامەرز بەختیار.**

**بەرپرسی حیزبی «یەکیەتیی بەختیاری، لورستان، کەهکیلوویە و بویرئەحمەد» بە ڕوانینێکی مافی مرۆڤانە باس لە کۆماری کوردستان و خەباتی گەلی کورد دەکا و بە چاوخشاندنێک لە دۆخی سیاسی ئێستای ئێران دەڵێ:**

دامەزراندنی کۆماری کوردستان جووڵەیەکی سیاسی بوو کە بە ڕەهەندی ئەستاندنی مافی نەتەوەیی کوردەکان لە ئێران دەستی پێکرد ئەمەش دەیتوانی سەرەتایەک بێ بۆ پێشکەوتن و پەرەئەستەندن و ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ گەلی کورد، کەچی لەگەڵ هێرشی نیزامیی ئەرتەشی حکوومەتی ناوەندی ڕووبەڕوو بۆوە و کوردستان کەوتە ژێر دەستی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران کە هەتا ئەمڕۆش درێژەی هەیە. خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد کە ئەمڕۆ لە سەرانسەری کوردستانی ئێران بەردەوام درێژەی هەیە لە ڕاستیدا درێژەی خواستە ڕەواکانی کۆماری کوردستانە، ڕێک بە پێی یاسا و پرەنسیپەکانی سیاسی جیهانی مۆدێڕن و پێشکەوتوو و پەسەندکراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەو ویست و داخوازییانە هیچ دژایەتییەکی دەگەڵ یاسای مافی مرۆڤی نییە و ئەم کۆمارە کە لە ٧٠ ساڵ پێش لە ناوچەیەکی پاشکەوتووی ڕۆژهەڵاتی

ناوین ڕووی داوە زۆر مۆدێرن ئەمڕۆیی و پێشکەوتووانە بووە، بەڵام دەوڵەتی ئەوکات چونکە هیچ ئاشنایەتییەکی دەگەڵ کۆنڤاسیۆنەکانی مافی مرۆڤ، دێموکراسی و ئازادیخوازی و یاسا نێودەوڵەتییەکان نەبووە، ڕووی کردۆتە ڕم و نێزە و ئەو پێواژۆ مەدەنییەی بە زەبری زۆری و درندانە بە چەک و جبەخانە سەرکوتی کرد جا ئەمجار دەستی کرد بە تواندنەوەی فەرهەنگی، ئابووری، ئایینی و یاساغکردنی زمانی و بێبەشکردنیان لە خەدەماتی حکوومەتی کە ئاسەواری قێزەونی ئەو کردەوانە ئەمرۆ لە کوردستان دەبینرێ. خەباتی گەلی کورد و باقی نەتەوەکانی زوڵملێکراو لە ئێران کە ئەمڕۆ لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا دەیانبینین و گرینگترین وێژەمانی سیاسی و باسی سەرەکی جموجووڵی ڕامیاری لە ئێران و ناوچەکەیە، دژکردەوەیەکە لەبەرامبەر دژایەتیی نەتەوەیی دەوڵەتی ناوەند کە لە مەملەکەتی «مەحسوور»ەی ئێران، بە نیسبەت گەلانی نیشتەجێ هەیە. ئەگە دەخوازین دێموکراسییەکی ڕاوەستاو و سەقامگیر لە ئێران هەبێ دەبێ بزانین کە بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی لە ئێران هیچکات ناگەینە دێموکراسی. لە وڵاتی فرەنەتەوەی ئێران، سەرجەم گەلان دەبێ مافی بەرامبەری ئینسانی و سیاسی - کۆمەڵایەتیان هەبێ و خاوەن چارەنووسی خۆیان بن. بە پێچەوانە و دەگەڵ گۆڕینی دیکتاتۆرەکان لە ناوەند، گەلانی ئێران بە ماف و ویستی خۆیان ناگەن، کوردستان دەتوانێ بەو پێیەی کە ئەزموونی خەبات و تێکۆشانی سیاسی - نیزامیی ٧٠ ساڵی ڕابردووی هەیە، بیرۆکە باشەکانی بخاتە بەردەست نەوەی شوناسخواز و ئازادیخوازی نەتەوەکانی تری ئێران و بەستێن بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ئێران درووست بکا، هزری نوێی شوناسخوازی هەروەها وەدەستهێنانی مافی پێشێلکراوی نەتەوەیی لە سەرانسەری ئێران زۆر بە خێرایی ڕێ دەپێوێ و ستەمی دینی دەستەڵاتدارانی خستۆتە ژێر پرسیار، لە جیهانی سیاسیی نێونەتەوەییش، هەڵکەوتە و ئێلیتی سیاسیی گەلان بە بەشداری لە کۆڕ و دانیشتنەکانی کۆمەڵگەی جیهانی، پرسی گەلانی ئێران و فرەنەتەوە بوونی ئەو وڵاتەیان بۆ هەموو لایەک ڕوون کردۆتەوە. ئەمڕۆ سیاسەتمەدارەکانیش ئەو پرسە چاک دەزانن کە دەبێ لە کاتی گۆڕانکاری لە ئێران، جۆراوجۆری کولتووری (Diversity Cultural) و نەتەوەیی و پلۆرالیزمی سیاسی کە بۆخۆیان دایانهێناوە و بەڵێنیان پێ داوە لە ئێرانـژی پشتیوانی لێ بکەن هەتا بتوانین بە دێموکراسییەکی ڕاستی و واقعی بگەین، کۆمەڵگەیەکی بەبێ هەڵاواردن و هەڕەشە و سەرکوت دابمەزرێنین هەتا هەموو ئێرانییەکان دە ئاسایش و تەناهی بە هەوڵ و خۆماندوو کردن تێ بکۆشن ئەو پاشکەوتووییە تێپەڕێنن و بڕوانینە دواڕۆژێکی پڕشنگدار.



**ڕەحیم بەندوویی**

**ئەندامی ڕێبەریی حیزبی «خەڵکی بەلووچستان» لەسەر گرینگی کۆماری کوردستان دەڵێ:**

**دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەریی مەرحوومی قازی محەممەد لە دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی ئاکامی زەمەنێک ئەزموون و هیوای تێکۆشەرانی کورد بووە، خەباتکاری کورد دوای ئەو هەمووە زوڵم و سەختی و ناخۆشییەی دوای دابەشبوونی خاکی کوردستان لە نێوان وڵاتانی هاوسێ لەلایەن دەوڵەتانی چەوسێنەری بریتانیا و فەڕانسە لە کێبەرکێ دەگەڵ ئیمپڕاتووریی عوسمانی کە بە ڕێکەوتننامەی «سایکس-پیکۆ» بەناوبانگە، قۆڵی لە خەبات هەڵماڵی. هۆکاری بیچمگرتنی کۆماری کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئێران، بۆ ڕابوونی شۆڕشگێڕانی ئێران و سەرکەوتنی ئینقلابی مەشرووتە بەسەر زوڵم و چەوساندنەوەی قاجارەکان، کە بەپێی یاسای بنەڕەتی ئەو کات پەسەندکردنی شێوازی کارکردی سیاسیی «لا مۆنە» (عدم تمرکزگرایی) لە ژێر ناوی «ئەنجوومەنەکانی ئەیالەتی و ویلایەتی» دەگەڕێتەوە، بێشک بوونی هێزە نیزامییەکانی بریتانیا و ڕووس لەلایەک و هەبوونی هێزێکی سیاسی بەناوی «حیزبی دێموکرات کوردستان» لە لایەکی تر کە ئامرازی سازماندان و بەرنامەڕێژی تێکۆشەرانی کورد بوو، ڕۆڵێکی گرینگی لە دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا هەبووە. حکوومەتی پەهلەوی کە کاتی خۆی لە کۆتایی شەڕی جیهانیی یەکەم و بە کودتای نیزامی ئینگلیسەکان و بۆ تێکشکانی شۆڕشی مەشرووتە لە ئێران قوت کراوە، بە بەرنامە و پشتیوانیی سەرەکی ئینگلیسەکان لەشکری بۆ کوردستان نارد، قازی محەممەد و بەشێک لە هاوڕێکانی لە سێدارە دران و پاش یازدە مانگ کۆماری کوردستان هەڵوەشایەوە، بەڵام هیچ کات نەیتوانی حیزبی دێموکرات و پێشەوا قازی محەممەد کە ڕەگ و ڕیشەی دەنێو دڵی هەموو کوردێکی ئێران دایە لەنێو بەرێ. ئەوە بوو کە ئەم حیزبە جارێکی تر و لە گەرمەی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٣٥٧) بە سەرکردایەتیی نەمر دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە نێو خەڵکی کورد بە دروشمی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» سەری هەڵدایەوە و ئێستاش ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ وەدەستهێنان و دابینکردنی مافی دەسەڵاتداریی نەتەوەیی گەلی کوردە، کوردستانێک کە هەموو کات دەگەڵ ئەو هەمووە سەرکوت و زوڵمە بێبەزەیانەی کۆماری ئیسلامی، بۆتە پەناگە و قەڵایەک بۆ تەواو خەڵکی دێموکرات و بۆتە هێمای هیوا و ناوەندی خەبات بۆ**

نەتەوەکانی تری ژێر چەپۆکی ئێران.



**ماناس چاملی،**

**توێژەر و نووسەری تورک کە موتاڵە و خوێندنەوەیەکی زۆری لەسەر مێژووی هاوچەرخی ئێران بە تایبەت شۆڕشەکان و دامەزراندنی هەر دووک کۆماری کوردستان و ئازەربایجان هەبووە، لەسەر کۆماری کوردستان و پێوەندیی نیزیکی دوو گەلی تورک و کورد دەڵێ:**

بێشک یەکێ لە باسە هەرە گرینگەکان و خاڵە بەهێزەکانی جووڵانەوەی گەلانی ئێران لە مێژووی هاوچەرخدا ئەو ڕووداوانە بوون کە لە کوردستان و ئازەربایجان لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥ بۆ ١٩٤٦ ڕوویان دا. جیا لەوەی کە هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو سەردەم دەبێ لە ساڵەکانی پێش، هاوکات و، دوای کودتای ڕەزاخان ببینین، بەڵام ئەوەی کە بۆ من وەک چالاکێکی سیاسی - مەدەنیی تورکی ئازەربایجان لە خوێندنەوە و دامەزراندنی دوو حکوومەتی نەتەوەیی یەکیان لە ئازەربایجان بەناوی حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و ئەوەی تریش کۆماری کوردستان گرینگی و بایەخەکی یەکجار زۆری هەیە بە تایبەت لە قۆناغی ئێستادا، وێککەوتن و پێوەندیی نێوان دوو ڕێبەر و دامەزرێنەر هەروەها دوو گەلی قارەمان و ئازادیخواز دایە. دوو نەتەوەی کورد و تورک بە پشتبەستن بە ڕووحی ئازادیخوازی و ویستی نەتەوەیی خۆیان برایانە دە ڕیزی بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و زۆری مێرانە وەستان. هەرچەند کە ئەم دووانە بە هۆکارگەلێک کە لەم قسانەدا جێگای نابێتەوە بە ڕواڵەت تێک شکان، بەڵام لاپەڕەیەکی زێڕین لە دراوسێیەتی، برایەتی و هاوکارییان بۆ ئەو دوو گەلە تۆمار کرد کە لە جۆری خۆی لانیکەم لە ئێران ناوازە و بێهاوتا بووە.

جیا لە خزمەتی ئەو دوو حکوومەتە «نەتەوەیی - خەڵکی»یە کە لە سەر بناغەی بەرامبەری -فەرهەنگی و ڕێزگرتنی مەقامی ئینسان دارێژرابوو، بەڵام نوێگەرایییەک کە لە شێوازی دیپلۆماسی و دیسکۆرس و وێژمانی سیاسی داهێنرابوو نەک

تەنیا وەک ڕووداوێکی مێژوویی ساکار بەڵکوو وەک چراتۆرێک لە بۆ هەر دووک گەلی ستەملێکراو و هەڵبەت بۆ کەلکوەرگرتنی نەتەوەکانی تری ژێردەستە لە جوغرافیای ئێران لە چاخی هەنووکەش دەتوانێ و دەبێ وەک سەرچاوە بۆی بگەڕێینەوە و زیاتر لێی بکۆڵینەوە و لە سەری بنووسین. هەروەها ئەو مۆدێل و نۆرمە پێشکەوتوو و دێموکراتیکانەی ڕێبەرانی ئەودەمی ئەو دوو حکوومەتە کە لە سەر بناغەی مافی گەلان بە پێوانەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی و کولتووری زۆر پێش بەنووسراوەکردنی لە ئەرزی واقعدا خۆیا ببوو و ئەمەش ملوانکەیەکی زێڕینە کە بە سەر سینگی برایەتیی ئەو دوو نەتەوەیەوە (کورد و تورک) دەدرەوشێتەوە. ئەو ئەزموونانە جیا لە باسی بایەخی مێژوویی خۆی بۆ پەروەردەی جیلی داهاتووی ئەم دوو گەلە بایەخێکی یەکجار زۆری هەیە، ئێستاش ئەو دوو نەتەوەیە و گەلانی تری وەک عەرەب، بەلووچ و... لەژێر پۆستاڵی چەوسانەوەی ئایینی مەزهەبی و دێسپۆتیزمی ڕێژیمی ئیسلامی دەناڵێنن، زۆر جێی داخە گەلانی وەها کۆن و بە ڕابردوو بەو هەموو شۆڕش و بەرخۆدان و خۆڕاگرییە ڕەوایە ئێستاش نەیانتوانیوە بە سەرەتاییترین مافی دێموکراتیکی و مرۆڤانەی خۆیان بگەن، ئەو ڕابردوو و بیرەوەرییانەی کە ئێستاش لە هەست و نەستی دیرۆکی ئەو دوو نەتەوە تێکۆشەرە، دەگەڵ ئەو هەموو چەواشە و درۆ و بوختان هەڵبەستنەی لانیکەم هەشتا ساڵی ڕابردوو، هەروا زیندوویە و قەت نامرێ. ئێستاش خەباتکارانی ئەو دوو ڕێبازە دێموکرات و ئازادیخوازە لەم ئەزموونانە بە شێوەی کردەیی لە تێکۆشان و خەباتی خۆیان دەگەڵ جیهانی دەرەوە کەلک وەر دەگرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٩

# کارتێکەریی هێزەکانی هاوپەیمان لە دروستبوونی کۆماری کوردستاندا



**کەماڵ کەریمی**

لەگەڵ دەسپێکی شەڕی دووهەمی جیهانی و سەرەڕای ڕاگەیاندنی بێلایەنیی ئێران، ئەو وڵاتە لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە داگیر کرا.

یەکیەتیی سۆڤییەت لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران و لە دەریای خەزەرەوە لە ڕێگای تورکەمەنستانەوە هێزەکانیان دەگەیەننە ئێران و لە ڕاستیدا بەشی هەرە زۆری باکووری ئێران داگیر دەکەن و هێزەکانیان لە ئازەربایجان و بەشێک لە ڕەشت و گیلان جێگیر دەکەن و تەنانەت لەوبەر دەریای خەزەریشەوە هەتا سمنان هێزەکانیان جێگیر دەبن. هاوکات بریتانیاش کە لە بەغدا جێگیر ببوو، لە ڕێگای خانقینەوە هێزیک بەڕێ دەکاتە ئێران لە کرماشان، هەمەدان و قەزوێن جێگیر دەبێ و ئەوە ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ ئەوەی هێزەکانی بریتانیا بتوانن دەست بەسەر بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان بە تایبەتی لە ناوچەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەقز، سنە هەتا کرماشان و خوارتر دابگرن. بریتانیا هەروەها لە ڕێگەی بەسرەشەوە هێزێک دەنێرنە نێو ئێران بۆ ئەوەی دەست بەسەر کوردستاندا بگرن کە گرینگترین چاڵە نەوتەکانی ئەو دەمی ئێران و ئێستای ئێرانیشی تێدایە تا بەو جۆرە کۆنترۆڵی تەواوی ئەو ناوچانە بکەن. دیارە ئەوە لایەنی سەربازیی کارتێکەریی هێزەکانی هاوپەیمانەکە بڵێین لە کوێوە هاتوون و لە کوێ جێگیر بوون، بەڵام گرینگتر لەوە کاریگەریی هاتن و جێگیربوونیانە لەسەر دۆخ و هەلومەرجی ناوچەکە.

لەو کاتەدا ئەمریکاش کە لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ هاتبووە نێو هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکانەوە، بەدوای قایمکردنی پێگەی خۆی لە ئێران و شوێنەکانی دیکەی ناوچەوە بوو.

لەو هەلومەرجەدا سۆڤیەتییەکان بەشێکی زۆر لە خاکی ئیرانیان بەدەستەوە گرتبوو. ئەوان شانسی زۆر زیاتریان هەبوو بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەرییان لەسەر داهاتووی ئەو وڵاتە هەبێ. ئەوان لە هەلومەرجێکدا هێزەکانیان لەو بەشە گرینگەی خاکی ئێراندا مابوو، کە بەهۆی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە توانیبوویان بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات ڕزگار بکەن و حکومەتی سۆسیالیستیی لێ دابمەزرێنن. لە بارودۆخێکدا کە قسەی ئازادیخوازی و دێموکراسی لەسەر ناوی ئەوان تاپۆ ببوو و لە دنیادا وەردەگیرا، لە هەلومەرجێکدا کە لانیکەم دوو نەتەوە لە نێو خاکی ئێران، واتە نەتەوەی کورد و ئازەری لە کوردستان و ئازەربایجان پێشوازییان لە هاتنی ئەوان کردبوو، بۆیە یەکیەتیی سۆڤییەت دەیانتوانی ببنە پێگەیەکی باش بۆ درێژەدانی سیاسەتەکانیان لە ئێراندا. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە ئەوە بریتانیاییەکان بوون کە توانیان گرەوی یارییەکە لە ئەوان ببەنەوە و بە تەئسیردانان لەسەر تاران و لەسەر پیاوانی سیاسیی ئێران، سیاسەتەکانی خۆیان ببەنە پێش هەتا ئەو جێیەی کە دوای چوار ساڵ بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەکی گەورەیان بۆ ساز بێ، سۆڤیەت ناچار بکەن بە بڕیاری ستالین هێزەکانی لە ئێران بەرێتە دەر. ئەوەش بووە هۆی ئەوە کە دوو نەتەوەی کورد و ئازەری کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا پشتیان بەستبوو بە بوونی ئەو هێزانە، لە ڕاستیدا بە تەنیا بمێننەوە. مەبەستی هاتنی ئەو سپا و هێزانە بۆ ئێران دیارە. سروشتییە هەر سپایەکی بێگانە کە دێتە وڵاتێک بۆ داگیرکارییە و بە مەبەستی دانانی کارتێکەریی سیاسییە لەسەر وڵاتەکە بۆ ئەوەی سیاسەت و ستراتیژییەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا جێگیر بکەن.

سەرەتای ئەو کارە لەلایەن بریتانیاییەکان بە پاڵپشتی ئەمریکا و بە لادانی ڕەزاشا دەستی پێکرد. ڕەزاشا کە لە ماوەی ١٦ - ١٧ ساڵ دەسەڵاتداریی خۆیدا وەزعی ئێرانی وا لێکردبوو کە ناسەقامگیری لە هەموو جێیەک دەبیندرا. مەعلووم بوو کە بریتانیاییەکان نیزامێکی سیاسیی ئەوتۆیان لە ئێران دەویست کە سەقامگیر بێ بۆ ئەوەی بتوانن بەرژەوەندییە درێژماوەکانیان لە ئێراندا دەستەبەر بکەن. ئەوان دەیانزانی لە وڵاتێکی ناسەقامگیری وەک ئەوکاتەی کە ڕەزاشا حکومەتی بەسەردا دەکرد بۆ ئەوەی مەبەستیان بوو دەستی نەدەدا، هەر بۆیە پیش هەموو شتێک ڕەزاشایان لادا و کوڕەکەی کە تازە پێ دەگەیشت لە جێگە دانا. بەڵام سەرۆک وەزیرێک ئەودەم دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت - محەممەدعەلی فروغی - کە لە ڕاستیدا هەم بۆ ئێرانییەکان کەسێکی وڵاتپارێز و نیشتمانپەروەر بوو، هەم بۆ سیاسەتکردن کەسێکی شارەزا و لەکەل دەرهاتوو بوو. ئەو توانی لە ژێر سەرپەرستیی بریتانیاییەکاندا ئیدارەی دۆخی ئەو کاتی ئیران بکا کە بەدەست قەیرانێکی گەورەی وەک هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانەوە گرفتار ببوو. دیارە ئەوەمان لەبیر نەچێ کە یەکێک لە هۆکارەکانی لادانی ڕەزاشا جیا لە ناسەقامگیربوونی وڵاتەکەی بەشێکیشی بەهۆی بوونی ئاڵمانییەکان بوو لە ئێراندا. پێوەندی ژێر بە ژێری

ڕەزاشا لەگەڵ ئاڵمانییەکان و بوونی زیاتر لە سەدان کەس لە جاسووسەکانی ئاڵمانی لە ئیران کە بەردەوام هەوڵیان دەدا لە سەر سۆڤیەت - کە بەرەی ڕاستەوخۆی شەڕ لەگەڵ ئاڵمانییەکان بوو لە باکووری ئێران - زانیاری کۆبکەنەوە؛ کە ئەوەش بۆ سۆڤییەت و بۆ بریتانیا و ئەمریکاش زۆر گرینگ بوو کە پێشی پێ بگرن.

یەکێک لەو بابەتانەی کە دواتر کاریگەریی دانا لەسەر دۆخی سیاسیی ئێران کۆبوونەوەیەک بوو بە ناوی «پەیمانی ئیتحادی» کە لە تاران بەسترا. ئەو کۆبوونەوەیە لە نێوان کۆنسوولی بریتانیا و کونسوولی سۆڤیەت و سەرۆک وەزیرانی ئێران بەسترا و ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە هێزەکانی هاوپەیمان ٦ مانگ دوای کۆتایی هاتنی شەڕ وڵاتی ئێران جێ بهێڵن. لە ساڵی ١٩٤٣دا کە بۆ یەکەمجار ڕۆزڤێڵت و چرچیل و ئیستالین لە تاران کۆ دەبنەوە، ئێران پێداگری لەسەر وەگەڕخستنەوەی ئەو خاڵەی پەیمانی ئیتیحادی دەکا کە لەوێشدا موافقەتی لەسەر دەکرێ و هەر ئەوەش بیانووی بەهێزی دایە دەستی ئەمریکا و بریتانیا کە دواتر فشاری زیاتر بخەنە سەر سۆڤیەت بۆ ئەوەی هێزەکانی لە ئێران بکێشێتەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ کاریگەریی هێزەکانی هاوپەیمان لەسەر بارودۆخی سیاسیی ئێران و ناوچە دەست بەسەر داگیراوەکان دەبێ بڵێین کە سروشتییە هاتنی ئەوان لە سەرەتادا بۆ ئەوە بوو کە ئێرانیان بەدەستەوە بێ. چونکی سۆڤیەت لە بەرەی ڕۆژئاوای شەڕی خۆیدا لەگەڵ ئالمان بە تەنیا بوو و پێویست بوو ئەمریکا و بریتانیاییەکان یارمەتیی پێ بگەیەنن. ئیرانیان وەک پردێک دیتەوە کە بتوانن پێیدا بپەڕنەوە بۆ سۆڤییەت و یارمەتییە نیزامییەکانیان بگەیەننە ئەو وڵاتە. ئەمە بیانووی سەرەکیی هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان بۆ ئێران بوو. بەڵام لەسەر کاریگەرییەکانی؛ ئەگەر باسی کاریگەرییە کاتییەکانی بکەین کە هیندێک لایەنی پۆزیتیڤی لێ کەوتەوە؛ هاتنی ئەو هێزانە بۆ نێو ئێران وەزعێکی لە ئێراندا خولقاند کە دوای نیزیک دوو دەیە دەسەڵاتی پۆلیسیی ڕەزاشا خەڵک هەستیان بە بوونی ئازادی و جۆرێک دێموکراسی لە وڵاتدا دەکرد. هەر ئەوەش وایکرد کە کۆمەڵێک حیزبی باش لە ئێراندا دروست ببن و ئەو حیزبانەی پێشووش کە هەبوون بە جۆرێک زیندوو ببنەوە و ئەمە یارمەتیدەر بوو بۆ کرانەوەیەکی سیاسی لە ئێراندا.

ئەگەر لە ناوچەی کوردستان بڕوانین، هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان لە کوردستانیش کاریگەریی خۆی لەسەر هەلومەرجەکەدا دانا. بوونی هێزەکانی سۆڤییەت لە ئازەربایجان و دواتر کشانەوەی لەو بەشەی کوردستان سەر بە پارێزگای ورمێ، لە موکریان کاریگەریی زۆری هەبوو. بریتانیاییەکان نەیانتوانی هێزەکانیان بێننە ئەو شوێنانە لەبەر ئەوەی کە لە ڕووسەکان نزیک نەبنەوە و ئەوە دەرفەتێکی لەباری ڕەخساند تا هەم ئازەرییەکان و هەم کوردەکان لەو ناوچانە بیر لەوە بکەنەوە کە زیاتر لەو دۆخەکە کەڵک وەر بگرن.

بە سەرنجدان بە کێشە و ئاستەنگەکانی ئەو دەم و تایبەتمەندیی دۆخەکە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێبەرانی کورد لەو سەردەمەدا زۆر زیاتر لەوەی کە دەیانتوانی هەنگاویان هەڵێناوەتەوە و زۆر زیاتر لەوەی کە دەکرا دەسکەوتیان وەدەست هێنا. لەو هەلومەرجە نالەبارە و لە کۆمەڵگەیەکی عەشایری و دەرەبەگایەتی و نەخوێندەواردا کە سیستمی ئیداری، پشتیوانیی ماڵی، هێزی تۆکمەی چەکداری نیە و لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین کوردستان هەر هیچی نیە؛ بەڵام قازی محەممەد دەکەوێتە پیش کۆمەڵە کەسێکی تێکۆشەر و لەو بێ دەرەتانییەدا ئەو هەنگاوە پیرۆزەی هەڵێناوە و کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند کە هەتا ئێستاش بۆ ئێمە سەرکەوتن و دەسکەوتێکی یەکجار زۆر و گەورەیە. دەسکەوتێک کە دەتوانین بڵێین لەژێر کاریگەریی بوونی کاتیی هاوپەیمانان لە ناوچەدا وەدەست هاتووە و لە ڕاستیدا بۆ ئێمە بۆتە مێژوو. بەڵام جیاواز لە کارتێکەریی بوونی هێزەکانی هاوپەیمان، ڕۆڵی خودی ئەو هێزانە شتێکی دیکەیە.


بریتانیاییەکان نە ئەو کات و نە دواتر و نە تا ئێستاش قەت نەهاتوونەتە پشت سەری پرسی کورد و بابەتی دەوڵەت - نەتەوەی کورد لە ستراتیژیی ئەو وڵاتەدا نەبووە. لە سەردەمی کۆماردا بریتانیاییەکان سیاسەتێکیان هەڵبژارد کە لەگەڵ ئەوەی هەوڵیان دەدا لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی ئەو ناوچانەی خوارووی کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان دابوو بە ئارامی بجوڵێنەوە، لەولاوە بەبەردەوامی یارمەتییان دەدا بە، بەهێزکردنی ئەرتەشی دەوڵەتی ناوەندی.

یەکیەتیی سۆڤییەتیش لە ڕاستیدا بە هیچ جۆرێک بەرنامەی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستانیان نەبوو. ئەوان لەسەرەتاوە دەیانویست کوردستان بەشێک بێ لە دەوڵەتی سەربەخۆی ئازەربایجان، دواتر کە دەوڵەتی سەربەخۆش لە بەرنامەیان چووە دەروە هاتن باسی سیستمی ئەیالەتیی ئازەربایجانیان کرد کە لەوێشدا کوردستان بەشێک بێ لە ئازەربایجان. بەڵام ئەوە قازی محەممەد بوو کە لە بەرامبەریاندا وەستا و پێیانی ڕاگەیاند کە ویست و داخوازی ئێمە گەیشتن بە دەوڵەتی سەربەخۆیە. بۆیە سۆڤییەتەکانیش لە ڕاستیدا بەو جۆرە نەهاتوونەتە پشتی پرسی کوردەوە تا کورد وەک پاڵپشتێک حسێبیان بۆ بکا. کورد چاوەڕوانی ئەوە بوو کە بوونی هێزەکانی هاوپەیمان ببێتە هۆی ئەوە کە سۆڤییەتەکان لە ناوچەدا بمێننەوە و لە مانەوەی ئەواندا بتوانن زیاتر درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن و کارەکانی خۆیان بەرنە پێشێ. دیارە بەداخەوە ئەو دەمیش کە سۆڤیەت لە ژێر هەڕەشەکانی ئەمریکادا لە ئێران کشایەوە، ئیتر دەرکەوت کە لە ڕاستیدا مەسەلەی ئازەربایجانیشی بەلاوە گرینگ نەبوو، چ بگا بە کوردستان.

* ئەم باسە لە پەنێلێکدا پێشکێش کرا کە یەکیەتیی لاوانی پارتی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە شاری سلێمانی پێکی هێنابوو

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریویری ٢٠١٨

# مێژووی کۆماری کوردستان و چەند تایبەتمەندییەکی مێژوویی



عومەر باڵەکی

دوای ئەوەی لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی خەڵکی کوردستان لە شاری مەهاباد کۆماری کوردستان ڕاگەیەندرا، دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی ناوچەکە کەوتە بەر دەستی بەڕێوەبەرانی کۆمار. لە هەلومەرجی ئەو کاتدا کە حکومەتی تاران بە کردەوە ناوچەکەی چۆل کردبوو، هەموو ئەرکێکی بەڕێوەبەریی ئەم ناوچەیە لە کاروباری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و هەڵسوڕاندنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک کەوتبووە سەر شانی دامەزرێنەرانی کۆمار و بۆ ئەو مەبەستە دەبوایە دامودەزگای ئیداری پێک بێنن.

کۆماری کوردستان لە سەدەی بیستەمدا و لە دوای حکومەتی شێخ مەحموود دووهەمین ئەزموونی حوکمرانیی کوردە و لە مێژووی کورددا یەکەم حکومەتی کۆمارییە و لەو سەردەمدا ڕەمز و نوێنگەی یەکیەتی و یەکپارچەیی نەتەوەی کورد بووە. لەهەمان حاڵدا دەتوانین بڵێین ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار، کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کورد بوو بەگشتی؛ چونکە نوینەرانی هەر چوار پارچەی کوردستانی تیدا بەشدار بوون و تەنانەت هیندێکیان هەتا ڕووخانی کۆمار لە نێو دامودەزگای کۆماری کوردستاندا مانەوە و جێپەنجەی خۆیان لە بەڕێوەبردنی کۆماردا بە جێ هێشت. بێگومان هەتا ئیستا لە سەر کۆماری کوردستان زۆر وتار و کتێب لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە نوسراون، بەڵام ئەو بابەتە هەڵدەگرێ کە لێکۆڵینەوەی زیاتری لەسەر بکرێ و لە سەر تایبەتمەندییەکانی کۆماری کوردستان بنووسرێ.

ئەوەی لەو نوسینەدا بە کورتی دەخرێتە بەرچاو، چەند تایبەتمەندییەکی کۆماری کوردستانە کە هەرکام لەوانە دەکرێ بە جیا هەڵسەنگاندن ولێکۆڵینەوەیان بۆ بکرێ.

### تایبەتمەندییەکانی کۆماری کوردستان:

کۆمار لە هەنگاوی یەکەمدا لە سەر بنچینەی کوردستانی بوون دامەزرا و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی باوەڕی بە دێموکراسی هەبوو. لە هەمان کاتدا لە نێو خۆیدا هەوڵی یەکڕیزیی نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی خۆی دەدا و لە دەرەوی سنوورەکانی بەشوێن برایەتیی گەلان بە تایبەت گەلانی دراوسی لەگەڵ خۆی بوو. کۆماری کوردستان پێشکەوتنخوازبوو و هەموو هەوڵ و تەقەلای بۆ ئەوە بوو کوردستان لە قافڵەی پێشکەوتن دوا نەکەوێ و لە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی خۆی و تەنانەت دوژمنانی خاوەنی گیانی لێبوردەیی هەبوو.

### کوردستانی بوونی کۆمار

#### بۆ کوردستانیبوونی کۆمار دەتوانین بە کورتی تیشک بخەینە سەر چەند خاڵ:

أ. وتاری پێشەوا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان کە تیدا باسی مێژووی کورد دەکا و هیوای ئەوە دەدا بە خەڵکی ئامادەبوو کە ئیدی سەردەمی شکان تەواو بووە و کورد ئێستا ئازادە و خاوەنی خاک ونیشتمانی خۆیەتی.

ب. لە دیواردان و هەڵاواسینی نەخشەی کوردستانی گەورە لە ژووری کاری پێشەوا.

ج. بە کردەوە بەشدارکردنی کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە ئیدارەدانی کۆماری کوردستان.

د. پەرەستاندن و گەشەکردنی بیر و هۆشی تاکی کورد لە خۆناسینەوەی وەک نەتەوەیەک.

ه. هێنانەخوارێی ئالای ئێران و هەڵدان و بەرزکردنەوەی ئالای کوردستان.

و. پێشەوا و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەچوونە ژێر ئەو فشار و زۆرییانەی تەورێز و باکوو کە کۆماری کوردستان بەشێک بێت لە کۆماری دێموکراتیکی ئازربایجان.

ز. ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا بەو شێوەیە باس لە هەڵویستی کوردستانیبوونی پێشەوا دەکا: «وادەردەکەوێ هەتا ئەو دەمەی کە بارودۆخ لە ئیران قائیم دەبێ دژ بە ئالۆزی و هەرای ئەو دیو سنوورە، بەڵام بە لاینگرانی خۆی گوتوە لە دوارۆژدا دەبێ پشتگیری لە مەلا مستەفا بکرێ و دەگوترێ لە تورکیە و سووریە پێوەندی بە ڕێبەرانی خویبوونەوە هەیە.»

**باوەڕ هەبوون بە دێموکراسی و مافی شارۆمەندی:**

**أ.** بە قسەی دۆست و دوژمن پاراستنی دێموکراسی وای لە کۆماری کوردستان کردبوو کە لە ناوچەکەدا تاقانە خۆ بنوێنێ.

**ب.** پاراستنی مافی تاکەکان یەک لە بەهاکانی کۆمار بوو. بۆ نموونە هەموو کەس لە خۆی ڕادیوە کە لە هەموو ئۆرگان و دامودەزگای حکومەتی بەدوای مافی خۆیدا بڕوا و تەنانەت ئەگەر پێویست بووبێ توانیویەتی چاوت بە خودی پێشەوا بکەوێ.

**ج.** ڕەچاوکردن و پاراستنی مافی کەمینەکان چ نەتەوەیی و چ ئایینی، بۆ نموونە خویندن بە زمانی زگماکیی خۆیان، بەشداربوون لە دەسەڵات و بەرێوەبەریی وڵات و پەرەپێدانی کولتوور و فەرهەنگی خۆیان. بۆ نموونە: «ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٧٥، گەلاوێژی ١٣٢٥ باس لە کردەنەوەی قوتابخانە بۆ هاونیشتیمانانی کەلیمی دەکا کە دەبێ بە زمانی کوردی و عیبری وانەی تیدا بگوترێتەوە و لە هەمان حاڵدا خوێندن بۆ کچ وکوریان ئیجباری بووە.»

**د.** بڕیارەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار بە ڕاوێژ بووە؛ بۆ نمونە پێشەوا لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان» لەبارەی بڕیاردان بەم شێوەیە دەدوێ: «ئەمن بەبێ تەسویبی کومیتەی مەرکەزی هیچ کارێک ناکەم، چونکە دێموکرات ئەوەیە کە شخص نەتوانێ مەسەڵەحەتی میللی بێ موشاویرە بگرێتە دەستی خۆی.» ئەو بۆچوونەی پێشەوا سەرچاوەگرتوو لە باوەڕی قوول بە دیموکراسییە.

**یەکیەتیخوازی و باوەرمەندبوون بە برایەتیی گەلانی ئازادیخواز و ئازاد**

**أ.** کۆماری کوردستان ئەو یەکیەتییەی بە کردەوە لە نێوخۆیدا دروست کردووە. بۆ نموونە: لابردنی دووبەرەکی لە نێوان خێڵ و عەشیرەتەکان، هاوپێوەندیی نەتەوەیی لە نێوان شار و دی و هەموو بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبێ جیاوازی، لە هەمان کاتدا دامەزراندنی هاوپێوەندیی نەتەوەیی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستاندا.

**ب.** هاوپێوەندی و هاوکاری لە نێوان کۆماری کوردستان و جمهوری دێموکراتیکی ئازەربایجان.

**ج.** پێوەندی لەگەڵ جمهوریی باکۆ و ئاڵوگۆری بازرگانی لەگەڵ ئەو وڵاتە.

**د.** پێکهێنانی ئەو هاوپێوەندییە لە ڕاپۆرتی بێگانەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە لە ڕاپۆرتی کونسولی بریتانیا لە تەورێزدا هاتووە: « ... لە یەکەم ڕۆژەکانی ڕزگاربوون لە زۆرداریی ڕەزاشادا پیاوانی وەک قازی محەممەد هەوڵیان داوە کوردەکان یەکگرتوو بکەن...»

**ە.** پێشوازیکردن لە بارزانییەکان و تەنانەت بەشدارکردنیان لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی کۆمار خۆی باشترین بەڵگەیە بۆ

ئەو هەوڵەی پێشەوا و بەڕێوەبەرانی کۆمارە بۆ یەکیەتی و یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان لە هەر چوارپارچەی کوردستان داویانە.

### پێشکەوتنخوازی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا

أ. هەولدان بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو.
ب. بایخدان بە بواری فەرهەنگی و لەشساغی.
ج. دەستەبەرکردنی بەستێنی ئەوە کە ژنان و لاوان بێنە نێو گۆڕەپانی سیاسی و لەو پێناوەشدا دامەزراندنی ڕێکخراوی لاوان و حیزبی یایان کە لە دوایەدا بوو بە یەکیەتیی ژنان.
د. بەربەرەکانی لەگەڵ گەندەڵی و فسادی ئیداری.
ه. هاوڕەنگکردنی جلوبەرگی منداڵانەی قوتابخانەکان لە بەر ئەوەی هیچ منداڵێک هەست بە جیاوازیی چینایەتی نەکا.
و. کردنەوەی نەخۆشخانە بەناوی گوڵی سوور.
ز. هەڵمەتی کوتانی منداڵان بۆ پاراستنیان لە نەخۆشی.
ح. خوێندنەوەی خوتبەی نوێژی جومعە بەکوردی و کەلکوەرگرتن لە خوتبە بۆ بەئاگاکردنەوەی خەڵک و دورکەوتنەوە لە خورافات و لە هەمان حاڵدا پەرەپێدانی هەستی نیشتمانپەروەری لە نێو خەڵکدا.
ط. دامەزراندنی ڕادیۆ و سینەمای گەڕۆک.
ی. دامەزراندنی چاپخانە و دەرکردنی ڕۆژنامەی «کوردستان» و بڵاوکراوەی دی.

### بایخدان بە پەروەردە و بواری خویندن

ا. بەڕەسمی کردنی زمانی کوردی.
ب. بە ئیجبارکردنی خویندن بۆ منداڵان بەبێ فەرق و جیاوازیدانانی ڕەگەزی.
ج. کردنەوەی قوتابخانەی شەوانە بۆ گەورەساڵان.
د. کردەنەوەی قوتابخانەی زمانە بێگانەکان.

### بایخدان بە قانوون و قانوون پارێزی

أ. دەرکردنی قانوون بۆ هەموو ئەو بابەتانەی کە کاروباری کۆمەڵگەیان پێ ڕێک دەخرێ .

**ب**. دەرکردنی قانوونی سزادانی گشتی.

**ج**. دانانی وەزارەت  یا ئیدارەیەک بە ناوی وەزارەتی داد.

## گیانی لێبوردەیی و پێکەوە سازان

**کۆماری کوردستان لەوسەردەمدا نموونەیەکی شازە لە پێکەوە ژیان. ئاماژە بە چەند خاڵ لەو پێوەندییەدا جێی خۆیەتی:**

**أ**. کردنەوەی قوتابخانە بە زمانەکانی بێگانە (ڕووسی، فەرەنسی و ئینگلسی)

**ب**. ئازادبوونی ئایینە ئاسمانییەکان لە بەڕێوەبردنی هەموو بۆنەکانی خۆیاندا.

**ج**. ئەو پێکەوەسازان وگیانی لێبووردەیە بەڕادەیەک کاریگەری هەبووە کە کونسوولخانەی بریتانیا لە تەوریز لە ڕاپۆرتێکدا بەو شێوەیە باسی ئەو بابەتە دەکا: «ڕاپۆرتی زۆر سەبارەت بەکاری بەڕێ و جێ و دادپەروەرانەی کوردان دەگاتە دستمان... ئەو مەسەلەیە بە ڕادەیەک بۆ خەڵکی ورمێ گرینگە کە تەنانەت گوتراوە بازرگانە عەجەمەکانی نێوشار حکومەتی کوردییان دەوێ، هەروەها خاوە موڵکەکانی ورمێش وا خۆ نیشان دەدەن کە لاینگری کوردانن...»

**د**. هەلسوکەوتی باش لەگەڵ دیلەکانی شەر. (تیمارکردنی برینداەکان، پێدانی خواردنی باش، پێدانی ڕۆژانە ١٠ قڕان.)

**ە**. پێکهینانی ئەمنیەتێکی بەهێز بۆ پاراستنی سەروماڵی خەڵک. بۆ نموونە: لە حاڵێکدا هەموو یا زۆربەی خەڵک چەکدار بوون، بەڵام کەس هەڕەشەی لێ نەکرا. لە حاڵێکدا لە ئیران تیرۆر و ڕەشەکوژی هەرای نابۆوە و نائەمنی لە ئیراندا دروست کردبوو، خەڵک لە کۆماری کوردستاندا بە ئازادانە بیروڕای خۆیان دەردەبری و ئازادانە
هاتووچۆیان دەکرد. خەلک ئازادانە گوییان لە ڕادیو ئەستامبول و لەندەن دەگرت، لە حالێکدا  هەر لە تەورێزی دراوسێ خەڵک تەنیا مافی ئەوەیان هەبوو گویی لە ڕادیۆ مسکۆ بگرن.

(لە ژمارەی ٧١٩ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد  -  ڕێکەوتی: ٦ی فێبریویری ٢٠١٨

# کۆماری کوردستان و ناسینی کۆمەڵگەی کوردەواری



جەماڵ فەتحی

کۆمەڵناسیی سیاسی کە یەکێک لە لقەکان یان ژێرکۆمەڵی زانستە سیاسییەکانە، هەڵسووکەوتە کۆمەڵایەتییەکان تاوتوێ دەکات و خوێندنەوەکانی ئەم زانستە زیاتر لەسەر کردەوە و تێگەیشتنە کۆمەڵایەتییەکانە و بەگشتی پێوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگا و دەسەڵات لە بابەتە سەرەکییەکانی ئەم زانستەیە.

هەرچەندە ئەم زانستە ئەزموونێکی دوور و درێژی هەیە و مێژووەکەی بۆ سەردەمی ئەفلاتوون و ئەرستوو دەگەڕێتەوە، بەڵام وەکوو تێئۆرییەکی زانستی کەمتر لەبەرچاو گیراوە، هەتا ئەوەی کە لە سەدەی ١٩هەم بەملاوە کە زانستی سیاسی لەگەڵ بیر و هزری ڕێبازی "پۆزیتیویزم" سەری هەڵدا دوابەدوای ئەم گۆڕانکارییە، زانستێک بە ناوی کۆمەڵناسیی سیاسی هاتە گۆڕێ کە نە کۆمەڵناسی بوو و نە سیاسەت، بەڵکوو پێوەندییەکانی ئەم دوو بەشە تاوتوێ دەکات.

زاناگەلێک وەکوو: "ئاگۆست کێنت، مارکس و ماکس وبێر و..." کە لە سەرەتا لەسەر کۆمەڵگا و سیاسەت و ئابووری توێژینەوە و خوێندنەوەیان هەبووە، بەگشتی هەموویان لەسەر دوو بابەتی گرنگ واتە کۆمەڵگا و سیاسەت خوێندنەوەیەکی هاوبەشیان هەبووە، واتە هەر هەموو لەسەر ئەو باوەڕە بوون، کە سیاسەت زانستە و کۆمەڵگاش بە تێئۆری و زانستی سیاسییەوە بەڕێوە دەچێت؛ بۆیە هەر هەموویان لە سەر ئەساسی کۆمەڵگایەک کە تێدا ژیاون سیاسەتیان شرۆڤە دەکرد.

بە دوور لە شرۆڤەی ئاکادمیانە و بەراوردکارانە، ٧٢ ساڵ پێش ئێستە پێشەوای کورد (قازی محەممەد) کە یەکێک لە

بەرچاوترین و هەڵکەوتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بووە، بە تێڕوانینێکی وردبینانەوە هەست بەوە دەکات، کە کۆمەڵگای کوردەواری و ئەو دەسەڵاتەی کە بە سەریدا زاڵ بووە، پێوەندییەکی گرژ لە نیوانیاندا قەوارەی گرتووە و ئەو پێوەندییە کە لەم بوارەدا دروست بووە، پێوەندییەکی ڕەوا و دڵخواز نییە، بەڵکوو بە هۆی گوشار و زەبری چەک و پارەی نەتەوەی باڵادەست بەدی هاتووە.

واتە ئەگەرچی پێشەوا لە باری مەودا و ڕەگەزییەوە لەو زانایانە دوور بووە و ڕەنگە لە بواری شێوەی جیهانبینیشەوە کەمترین نزیکایەتییەک لە نیوانیاندا ببیندرێت، بەڵام لە باری شێوە ڕوانینیان سەبارەت بە پێوەندی کۆمەڵگا و سیاسەت تێڕوانینکی نزیک و هاوشێوەیان هەیە.

ئەگەرچی زانایان و بیرمەندانێک وەکوو مارکس و ئاگۆست و... لە ناودڵی ئورووپا کە هەزاران ساڵە خاوەن دەسەڵاتی خۆجێی خۆیانن، سەر هەڵدەدەن و تەنیا ڕێگای ڕزگاریی کۆمەڵگا لە دەست دیکتاتۆرەکانەوە، بە دەربازبوون لە قۆناغی ناپیشەیی بۆ قۆناغی پیشەیی دەزانن. ئەم بیرۆکە بەشێک لە تێڕوانین و مکانیزمەکانی پێشەوا قازی محەممەدیش بووە، بەڵام بە هۆی نەبوونی دەسەڵاتی کوردی و قورغ بوونی داهاتەکانی کۆمەڵگا لە دەست دەسەڵاتی خۆسەپێنی ناوەندەوە، دەربازبوون لە قۆناغی ناپیشەیی بۆ پیشەیییەوە پێش هەموو شتێک بە مەرجی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و کیانی کوردی جێبەجێ دەکرا، بۆیە چارەسەریی پرسی نەتەوەیی لە لای پێشەوا قازی محەممەد و کۆمارەوە پێشمەرجێک بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی دادپەروەر و گەشەسەندوو بووە.

ئەگەر بە باوەڕی مارکس، ڕزگاربوون لە دەست سەرمایەداری و دیکتاتۆرییەتی کۆمەڵگا بە شۆڕشی چینایەتی بە ئاکام دەگەیشت، بە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگای دواکەوتووی کوردستان بە قۆناغی پیشەیی نەگەیشتبوو و زیاترین داهاتی کوردستان لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی سوونەتی بوو، مکانیزمی ڕزگاربوون لە ڕوانگەی پێشەواوە جیاواز لەگەڵ مکانیزمەکەی مارکس و هاوبیرەکانی بوو، لەبەر ئەوەی کە ئەم کۆمەڵگایە لەگەڵ کۆمەڵگایەک وەکوو ئورووپا کە شۆڕشێکی مەزن بە ناوی "شۆڕشی پیشەیی" تێدا کرابوو و چەندین قۆناغ لە پێش کوردستانی ئەو کات و ئێستەش بوون بەراورد نەدەکرا. بۆیە لە سەرەتا ڕزگار بوونی کۆمەڵگا لە ژێر دەسەڵاتی داپڵۆسێنەری ناوەند و پاشان ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگای نەریتی و ناپیشەیی کوردستانی دەخواست، چونکە مێشکی تاکی کورد بە هۆی ژێردەستە بوونی چەند هەزار ساڵە و فورمی خێڵەکیی بوونی کۆمەڵگاکەش بۆ ئەو مەبەستە ئامادە نەکرابوو و ئەم پرۆسەیە پێویستی بە پشتیوانیی دەسەڵاتێک هەبوو، کە لە ناخی ئەو کۆمەڵگا ستەملێکراوە هەڵقوڵابێت و لەگەڵ دەرد و ڕەنجی تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستان ئاشنا و ناسراو بایە.

قازی محەممەد ئەگەرچی لە مێژوودا وەکوو ڕێبەرێکی قارەمان و یەکەم سەرکۆماری کوردی لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام بە هۆی خوێندنەوەی قووڵی لە کۆمەڵگای خۆی و سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان و هەروەها دیاری کردنی جۆر و شێوازی حکوومەتی داهاتووی کوردستان لە فورمی حکوومەتێکی دێموکراتێکدا، دەکرێت بڵێین یەکێک لە زانا و پیتۆڵە بلیمەتەکانی سەردەم خۆی بووە، کە تێڕوانینییەکانی زۆر داهاتووبینانە و کراوە بووە، کە پاش ساڵانێکی زۆر هێشتا ڕێبازەکەی زیندوو و بەردەوامە و دەیان کەسایەتی بلیمەت و زانا وەکوو د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی و هەزاران ڕووناکبیر و خوێندەواری نوێگەرای لە خۆ گرتووە و سیاسەتەکانی کۆمار و هەڵوێستە سیاسییەکانی پێشەواش هێشتا بۆیان کۆن نەبووە و ئەمەگناسانە درێژەدەری ڕێگاکەین.

ناوەڕۆکی ئەم بابەتە را و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لێی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٣ی جانێوێری ٢٠١٨

## ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان



سۆران شەمسی

کاتێک ئاوڕ لە مێژوو و دیرۆکی خوێناوی کوردستان دەدەیتەوە و لاپەڕە پڕ لە حەماسەکانی دەخوێنیتەوە، ئینجا بۆت دەردەکەوێ کە ئەم گەلە بەشخوراوە چەندە نەهامەتی بینیوە و چەندە هەوراز و نشێوی بڕیوە؛ ئەم مێژووە خوێناوییە دەرخەری ئەو حەقیقەتەیە کە خەڵکی کوردستان تامەزرۆی ئازادین و بۆ وەدستهێنانی ئازادی، کۆڵنەدەرانە و بەردەوام گیانی خۆیان بەختی ئەو ئامانجە کردووە. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم دۆخە داسەپاوە ئەوە بووبێت کە گەلی کورد قەت ئامادە نەبووە ژێردەستەیی قبووڵ بکات و ملکەچی هیچ کەسێک نەبووە.

نموونەی ئەو جۆرە کەسانە زۆرن و ڕەنگە باس کردن لە هەر کامەیان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت و خوێندنەوەی کارناسانەی مێژووزانان هەبێت بەڵام بە جورئەتەوە دەکرێ بڵێین پێشەوا قازی محەممەد یەکێک بووە لەو سەرچڵانەی مێژوومان کە تا کورد بمێنێ دەبێ بە فەخرەوە سەیری بکات. پێشەوای نەمر بە تێگەیشتن لەو حەقیقەتەی کە نابێ ملکەچ بین و دەبێ نرخ بۆ ئامانجەکانمان بدەین لەگەڵ هاوڕێیانی بیرتیژی حیزبی دێموکراتی دامەزراند و لە ڕێگەی ئەویشەوە یەکەمین کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند و بونیانی خودموختاری مۆدێرن و دێموکراتیانەی دامەزراند کە بەداخەوە لە لایەن

ڕێژیمی پاشایەتی و دوژمنانی گەلەوە پەلامار درا و بە لە سێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیانی لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ لە شاری مەهاباد کۆماری کوردستان هەرەسی هێنا.

ئەوەیکە ڕوونە تا ئەورۆ ئەو ڕووڕەشی و پەلاماردان و سەرکوت کردنی خەڵکی کورد بە هەموو شێوازێک و بە یەک ئامانج بەردەوامە؛ بە هەرحاڵ ٢ی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، بۆ ئێمەی کورد بەدیهێنەر و سەرەتایەکە بۆ یەکگرتوویی، لاوان و گەنجانی کورد بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و نەڕۆیشتنە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری و تولیتاریزم کە ئێستا باڵی بەسەر وڵاتی ئێراندا کێشاوە، درووشمی ئازادیخوازی دەدەن و ٢ی ڕێبەندان وەک ڕۆژێکی زۆر تایبەت بە ئەژمار دێنن؛ تایبەت بەو مانای کە ٢ی ڕێبەندان وەک جەوهەری ئازادی، دەربازبوون لە کۆیلەتی و ژێردەستە بوون دەبینن و خەباتی نەتەوەکەیان بۆ ئەم ئامانجە شرۆڤە دەکەن تاوەکوو کۆماری کوردستان کە بە درێژایی تەمەنی خۆی بەردەوام بووە لە دژایەتی کردنی ڕەوتی پەرەسەندنی دیکتاتۆرییەت و ڕزگار بوون لە زەبروزەنگ و ستەم، داوای مافی ئازادی بکەن و کیانێکی ئەمرۆییانە و شیاوی ژیان کردن بونیات بنێن. لەم نێوانەدا حەقیقەتێک خۆی شاردۆتەوە ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر بە بیانووی دەربازبوون لە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی، "ئازادی" سنووردار بکرێ یان حاشای لێ بکرێ، مەبەستی ڕاستەقینەی ئازادیخوازی ئینکار کراوە، دواجاریش ئازادی هیچکات پاشکۆیەکی شاراوە لە دێموکراسی نییە و نەبووە، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەشدا ئەگەر دیکتاتۆری و ژێردەستە بوون قەبوڵ بکرێ دیکتاتۆرەکان و حکومەتە توتالیتاریزم و فاشیستییەکان لە ڕێگای جۆرواجۆرەوە کۆمەڵگا و کۆمەڵانی خەڵکیان بەرەو زیندانی و کۆیلایەتی لە ناو دەسەڵاتی خۆیان دەبەن، لەم حاڵەتەدا کۆمەڵگا ناچار بە قەبووڵ کردنی حوکمی دیکتاتۆرەکانە و یاسا نێونەتەوەییەکان و یەک لەوان یاسا و ڕێسا پێوەندیدارەکان بە مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتانەدا هیچ مانایەکیان نییە و هیچ بایەخێکیان پێ نادرێ.

ڕەنگە لەمبارەوە نموونە زۆر بن بەڵام زەقترین نموونەی دەتوانێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بێت کە بە بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ یاسایەکی نێونەتەوەیی لە هەموو بوارێکدا ژیانی گەلانی ئێران و بە تایبەت خەڵکی کوردستانی خستۆتە مەترسییەوە و پیلان و بەرنامەی دیکتاتۆری خۆی بردووەتە پێشێ کە بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە ئیعدام، تیرۆر و لەناوبردنی ئۆپۆزسیۆن، زیندانی کردن و هەزاران دۆسیەی دیکە بکەین.

ئەورۆ لە لای خەڵکی ئێران و بە تایبەت خەڵکی کوردستان ڕێژیمی ئاخوندی هیچ مەشروعیەتێکی نییە و وەکوو دەوڵەتێک بە یاسایی نازانن و دەتوانین لە خۆپیشاندانی کرێکاران و مامۆستای قوتابخانەکان و خوێندکارانی زانکۆ ئەو نامەشروعیەتییە ببینین. دواترلە ناو ڕێژیمی ئاخوندیدا پۆستی سەرکۆماری بەرواڵەت بوونی هەیە بەڵام دەسەڵات لە دەستی ویلایەتی فەقیهیدایە کە لە سەرەتای دامەزرانی ڕێژیمی ئاخوندییەوە خەڵکی لە ناخۆشترین و سەختترین

هەلومەرجدا راگرتووە و لە هەموو بوارێکدا زوڵم و ستەمێکی زۆر لە خەڵکی دەکات، زۆر ڕوونە ئەم شێوازە کە بەپێچەوانەی یاسا نێونەتەوەییەکانە بۆتە هۆی نارەزایەتی خەڵکی ئێران.

لە لایەکی دیکەشەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی ئێران هەوڵێکی جیددی بۆ ڕێکخستنی بەرەیەکی کوردستانی و یەکدەنگ لەنێوان حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن داوە، کە وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە نووسینی لێکتێگەیشتننامەی هاوبەش لە نێوان ١٠حیزبی ئۆپۆزسیۆن بکەین کە ئەو ڕێکخراوە ئەیهەوێ شیاوی خۆی پێش هەموو شتێک لە یەکدەنگی راستەقینە و بە بێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی شەخسی یان حیزبی لەگەڵ حیزبەکانی دیکە نیشان بدات چوونکە لە ئێستادا بە یەکدەنگی و بەرەیەکی کوردستانی دەتوانن پێش بە گەندەڵی و دزی و بێ کیفایەتی و بێ یاسایی و جینایەت بگرن، بە بێ هاوکاری حیزب و ڕێکخراوەکان و پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی لە بەرامبەر هێزی دوژمن و ئەو کەسانەی کە خۆیان وەک کەسایەتییەکی نیشتمانی دەزانن و درووشمی بەرابەری و عیدالەت دەدەن و خۆیان بە نوێنەری کۆمەلانی خەڵک دەزانن بلام لە بەرامبەر ئۆپۆزۆسیۆن و تەفاهۆم نامە و ئەو ڕێکخڕاوە رادەوستن ئەبێ ئەوەی بزانن کە هەر پلان و قسەیەکی نەرێنی ئەوان دەبێتە هۆی ئەوە کە  ڕێژیمی ئاخوندی هەر جەنایەت و خەراپەیەک کە لە ناو وڵات دەیکات نەتیجەی بێ کەفایەتی و خۆ بە زۆڕ زانینی ئەوان بێت و روو دانی هەر جەنایەتێک لە سەر شان و ئەستۆی ئەوانە.

لەم رۆژە پیرۆزەدا کە کۆمار لە لایەن ڕێبەری بلیمەتی کورد پێشەوا قازی محەممەد دامەزراوە و لە لایەن ئەستێرە گەشاوەکانی کورد وەکوو دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرفەکەندی بەردەوام بوو، دەتوانین بڵێین کە خەڵکی کوردستان بۆ ئازادی چ گیانفداییەکیان نەتەنیا بۆ خۆیان بەڵکوو بۆ هەموو گەلانی دیکەی ئێران کردووە و بە بێ چاوەڕوانی تا ئەورۆ لە پێشەوەی خەبات و تێکۆشان بەرامبەر بە ڕێژیمی تولیتاری ویلایەتی فەقیە ڕاوەستاون. دوای زیاتر لە ٧ دەیە لە ڕووداوی سەربەخۆیی گەلی کورد لە کۆماری کوردستان ئێستا خەڵکی کورد دەزانن کە ئازادی و سەربەستی وشەیەکە کە لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا مانای جیاوازی هەیە، بۆیە قسەی هەر تاکێکی کوردە کە ئازادییەک کە خەڵکی ئێمە ئەیانهەوێ بەو مانایەیە کە وڵاتەکەمان بتوانێ لە بەڕێوەبردنی یاسا و ژیانی ناو کۆمەڵگا و راگرتنی داهات و بەرژەوەندی خەڵک و کۆمەلانی خۆی لە سەر فکریەت و عەقڵیەتی خۆی بێت. بەرزڕاگرتنی یادی ئەم رۆژە مێژووییە دەرفەتێکی باشە بۆ بەهێزکردنەوەی یەکپارچەیی نەتەوەیی و دوبارە کردنەوەی پەیمان و بەردەوام بوون لە ڕێز گرتن و یەکیەتی نیشتمانی؛ بەرزڕاگرتنی بیۆێنەی هەمیشەیی خەڵکی کوردستان لە ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە هەموو دونیای نیشان داوە کە خەڵکی کوردستان هەموو کات تینو و تامەزرۆی ئازادی و عاشقی نیشتمانی خۆیانن و لەبەر ئەوەی ئەبێ باوەڕو ئیمانمان هەبێ کە میللەتی کورد لە ئێستادا بە باوەڕبەخۆبوون و پشتبەستن و متمانەکردن بە حیزبەکانی دەتوانێ بە

ئامانجەکانی بگات. داهاتوو هی کەسانێکە کە بۆ وڵاتی خۆیان ئاشتی و یەکگرتووی و بەختەوەرییان بوێت.

ناوەڕۆکی ئەم بابەتە را و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لێی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٧ی بەفرانباری ٢٧١٨

# دووی ڕێبەندان و یادی کۆمار



ڕەزا محەمەدئەمینی

دووی ڕێبەندان لە مێژووی هاوچەرخدا ڕۆژێکی گرنگە بۆ نەتەوەی کورد. لەو ڕۆژە و لە ساڵی ١٣٢٤دا، لەسەردەستی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و پێشەوای کورد قازی محەممەد، «کۆماری کوردستان» وەک یەکەم دەسەڵاتی مۆدێڕنی نەتەوەی کورد لە شاری مەهاباد و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراو ئاڵای نەتەوەی کورد شەکایەوە و بەم چەشنە لاپەڕەیەکی زێڕین لە خەباتی نەتەوەییمان هەڵدرایەوە..

نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو لەسەر زێد و نیشتمانی خوی ژیاوە و سەرەڕای هێرشی داگیرکەرانی بێگانە، نەتواوەتەوە و بەربەرەکانی کردوە و پاش ماوەیەک بەسەرداگیرکەرە خوێنڕێژەکاندا زاڵ بووە و نیری یەخسیریی لە ملیداڕنیوە. لەدوای دابەشبوونی کوردستان بەسەر دوو ئیمپراتۆری عوسمانی و سەفەویش دا نەتەوەی کورد شۆرش و داستانی قارەمانی‌یەتی مەزنی خوڵقاندوە و ئامادە نەبوە ملکەچ و ژێردەستەی بێگانە و داگیرکەرانی کوردستان بێ. لە بەرخۆدانی جوامێرانەی «قەڵای دمدم» لەلایەن «خانی‌لەپ‌زێڕین» لەسەردەمی شاعەبباسی سەفەوی‌یەوە بگرە هەتا شۆرشە خوێناوی‌یەکەی سەید ڕەزای دێرسیم لە باکووری کوردستان، دەیان شۆرش و ڕاپەڕینی گەورە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ داگیرکەران و سەربەخۆیی ولاتی کوردان سەریهەڵداوە. بەڵام هیچکام لەو شۆرشانە، سەرەڕای فیداکاریی و لەخۆبردوویی ڕێبەران و جەنگاوەرەکانیان سەرکەوتوو نەبوون و بەداخەوە نەیانتوانی ئاواتی لەمێژینەی نەتەوەی کورد دەستەبەر بکەن.

پێشەوا قازی محەممەد بە لەبەرچاوگرتنی هۆکارە مێژوویی و ناوچەیی و سیاسییەکانی سەرنەکەوتنی شۆرش و راپەرینەکانی رابردووی نەتەوەی کورد و هەل و مەرجی ئەوکاتی رۆژهەلاتی کوردستان، بەتایبەت لەجەنگەی شەڕی دووهەمی جیهانی و لەو کاتە دا کە باکوور و باشووری ئێران لەلایەن هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت و بریتانیای مەزنەوە داگیر کرابوون، بیرۆکەی دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردی گەڵاڵە کرد. ئەو کە خۆی یەکێک لە مرۆڤە هەرە زانا و بەلیمەتەکانی ئەو سەردەمە بوو و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت موکریاندا جێگە و پێگەی بەهێزی کۆمەڵایەتی هەبوو، باش دەیزانی دەبێ لەو هەل و دەرفەتە لە نەمانیدەسەڵاتی سەرکوتکەری بنەماڵەی پەهلەوی لە ناوچەکەداکەڵکوەرگرێ و ئەو بۆشایی دەسەڵاتە بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی پڕبکاتەوە.

پێشەوای نەمر زۆر باش بارودۆخەکەی لێکدابووەوە و دەیزانی ئەو دەسەڵاتە کوردیيە دەبێ بە شێوازێکی مودێرن لەسەر بەستێنێکی جیا لە دەسەڵاتەکانی دیکە دابمەزرێ. هەر بۆیەش لەسەرەتادا لەسەر بناغەی کۆمەڵەی «ژکاف» لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ و رێک لە ساڵرۆژی لە دایکبوونی ئەو رێکخراوە سیاسییەدا دامەزراندنی»حیزبی دێمۆکراتی کوردستان»ی وەک حیزبێکی سەردەمیانە و مۆدێرن، بە پەیرە و پرۆگرام و ئامانجی روون و دیاریکراو، لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد راگەیاند. پاشان بە پشت بەستن بە فاکتەرە دەرەکیی و نێوخۆییەکانی وەک:

لەبەر دەستدا بوونی ناوچەیەکی بەرفراوان لەرۆژهەڵاتی کوردستان، پشتیوانی کۆمەڵانی ئازادیخوازی خەڵک و سەرۆک خێڵ و عەشیرەتەکان و بوونی سوپا و هێزی پێشمەرگە و هەروەها هێزی پێشمەرگەی کارامەی بارزانییەکان، لەلایەک و لەلایەکی دیکەش لاوازی دەسەڵاتی ناوەندی و بوونی دولتی ملی ئازەربایجان وەک دراوسێیەکی بەهێز و جێی متمانە و پشتیوانی یەکێتیی سۆڤیەت لە دەسەڵاتی ئازەربایجان؛ پێشەوا قازی محەممەدی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە دەبێ کۆماری کوردستان ڕابگەیێنێ و ئاڵای کوردستان بەرز بکاتەوە.

هەربۆیەش لە دووی رێبەندانی ١٣٢٤ لە نێو ئاپۆرای دەیان هەزار کەس لە خەڵکی مەهاباد و باقی شارە کانی کوردستان و هەروەها سەدان کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان، لە چوارچرای مەهاباد لە ڕێورەسمێکی شکۆداردا ئاڵای کوردستان هەڵکراو کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوای نەمر راگەیێندرا و کابینەی دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار،دەستی بە راپەڕاندنی کارو ئەرکەکانی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماردا کرد. کۆماری کوردستان بوو بە کانگای هیواو هومێدی خەڵکی هەموو بەشەکانی کوردستان و زۆر لە رووناکبیر و شارەزا لە بوارە جوراوجۆرەکان بە خۆشەویستییەوە بۆ خزمەت بە کۆمار روویان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو کۆمارە نەتەوەیی کرد کە هەموان بەکۆماری خۆیانیان دەزانی. جگەلەوەش لەماوەی کەمتر لەسالێک لە تەمەنی دەسەڵاتی کوردیدا زۆر کاری باش لە هەموو بوارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان کران کە

دەکرێ لە نێوخۆ بۆ نموونە باس لە دامەزراندنی دەوڵەت و دامودەزگا ئیدارییە فەرمییەکان و لەشکەری کوردستان، پێکهاتوو لە هەزاران جەنگاوەری کورد کە دواتر ناوی«پێشمەرگە»ی لێنرا و بۆ هەمیشە لە نێو کورددا جێکەوت و هەروەها باس لە خوێندن بە زمانی کوردی و دەرچوونی چەندین گۆڤارو رۆژنامە و دامەزراندنی یەکێتیی لاوان و رێکخراوی تایبەت بە ژنان و... زۆر نموونەی دیکە لە دەسکەوتەکانی کۆمار بکەین. لەئاستی دەرەوەش دامەزراندنی پێوەندی پتەو لەهەموو بواره ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە لەگەل دەوڵەتی ئازەربایجان و ئیمزای رێککەوتنی بەرگری و نیزامی لەبەرانبەر ئەگەری هێرشی هێزەکانی دەوڵەتی ناوەندی و هەروەها ناردنی دەیان خوێندکاری کورد بۆ یەکێتیی سۆڤیەت بۆ درێژەدان بە خوێندن و پەرەپێدانی پێوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکان لەگەڵ ئەو زلهێزە سەرکەوتووەی شەڕی دووهەمی جیهانی، بەشێکن لە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان.

ئەو کۆمارە و دەسەڵاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بێگومان یەکێک لە شانازییەکانی نەتەوەی کوردە و سەرەڕای تەمەنی کورتی و چارەنووسەکەی کە بە شەهید بوونی پێشەوا و هاورێیانی کۆتایی هات، زۆر دەسکەوت و ئەزموونی پڕبایەخی بۆ نەتەوەی کورد بەگشتی بەدیاری هێنا کە دەکرێ ئاماژە بە ئاڵای کوردستان، سروودی نەتەوەیی ئەیرەقیبو ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بکەین کە ئەورۆ لە جیهاندا وەک بەهێزترین جەنگاوەری شەڕ لەگەڵ تێرۆریزم ناسراوە.

کۆماری کوردستان پاش کەمتر لە ساڵێک لە دوای دامەزرانی بە هاتنەوەی هێمنانەی ئەرتەشی شا رووخا و کورد بۆ جارێکی دیکەش بە ئازادی و سەربەستی نەگەیشت. لەسەر هۆکارەکانی تێکشکانی دەسەڵاتی کوردی لەو بەشە لە کوردستاندا زۆر باس و لێکۆڵینەوە کراوە و هەر کەس و شارەزا و مێژوونووسێک ئاماژەی بە بەشێک لە هۆکارەکان یان هەموویان کردوە؛ بەڵام زۆربەی هەرەزۆریان هۆکاری سەرەکی رووخانی کۆمار یەکەم، لە ڕاکردنی رێبەرانی حکومەتی میللی ئازەربایجان و خۆبەدەستەوەدانی ئەو هێزە کۆک و پۆشتەیە دەیان هەزار کەسییە دەزانن کە لە بەرانبەر هێزە شەق و شڕەکەی دەوڵەتی ناوەندیی لە بەرەکانی پێشەوەدا بەربەرەکانییان نەکرد و بەمچەشنە ورەی خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی کۆماری کوردستانیان لەرزۆک کرد و دووهەمیش سەرۆک خێڵ و عەشیرەتەکان بوون کە بە نەهێنی پێوەندییان بە ناوەندەوە گرتبوو و لە رێی ئاڵوگۆڕی نامە، وەفاداری خۆیان بە شا راگەیاندبوو؛ ئەوەش سەرەڕای پێداگری پێشەوا و هاورێکانی لەسەر بەربەرەکانی و بەرخۆدان بە دژی هێرشی ئەرتەشی شا، کاریگەری هەبوو لەسەر دابەزینی ورەی خەڵکی ئاسایی.

راستە کۆماری کوردستان کۆتایی بە تەمەنی هات و پێشەوا و هاورێیانی و زۆر لە بەرپرسانی کۆمار لەسێدارە دران و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیش بۆ ماوەیەک دەنگی کپ کرایەوە، بەڵام بڵێسەی ئاگری شۆڕش و ڕاپەرینی کوردان لە ماوەی ٧١ ساڵ دوای رووخانی کۆماریش لە رۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستاندا نەکووژایەوە و بانگی

مافخوازی کورد زیاتر لە پێشوو بەرز بوویەوە. لەماوەی ئەو ٧١ ساڵەدا جیهان گەورەترین ئاڵوگۆڕی لەهەموو بارێکەوە بەخۆیەوە دیتووە و نەخشەی سیاسی جیهان گۆڕاوە و لە گۆڕاندایە . زۆر لە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لە ناوچەدا، ڕووخاون و کورد لە ڕۆژەڤی سیاسەتی جیهانیدا وەک سەردەمی کۆمار بێ پشتوپەنانییە و هیواکان و ئەگەرەکان بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی، نەتەوەی کورد بە گشتی لە هەمووکات زۆرترخۆ دەنوێنی.

لە ئێران هەروەک چۆن ڕێژیمی پاشایەتی لەوپەڕی دەسەڵات لەبەرانبەر تەوژمیی ئیرادەی خەڵکی ئازادیخوازدا خۆی پێڕانەگیراو رووخاو ناوی چووە لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی ئێرانەوە، ڕێژیمیدژ بە مافەکانی کورد، کۆماری ئیسلامیش سەرەڕای ئەو هێزو دەسەڵاتەی لە ناوچەیرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیەتی و وەک زلهێزێکی ناوچەیی هەڵسووکەوت لەگەڵ دوونیای دەرەوە دەکات، لە نێوخۆی وڵاتدا بەتەواوی شپرزەیە و لە ڕاستیدا گڕکانی نارەزایەتی و نەفرەتی خەڵکی لە وەزاڵەهاتوو بەرەو نەمان هەنگاو دەنێ. بێگومان نەتەوەی کوردیش لەو بەشە لە کوردستان لە مەیداندایە و دەبێ بەهەموو شێوەیەک، بەکەڵکوەرگرتن لە هەموو تواناکانیان و تەنانەت کەلێن و کەلەبەرە یاساییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش بێ، دەنگی نارەزایەتی خۆیان بەرانبەر پێشێلکرانی مافەکانیان بەرز بکەنەوە.

لەلایەکی دیکە ڕەنگە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان وەک یەکەمین دەوڵەت و دەسەڵاتی مۆدێرنی کوردی، شاهیدی سەربەخۆیی بەشێک لە نەتەوەکەمان لە باشووری کوردستان بین کە ئەوە بۆ زیاتر لە ٢٥ ساڵە، دەسەڵاتی خۆی لە چوارچێوەی وڵاتی عێراقدا بەدەستەوە گرتووە و سەرەڕای هەموو نەهامەتییەکان، وەک شەڕی نێوخۆیی و گەمارۆی ئابووریی و لەم دووساڵەی دواییشدا هێرشی درندانەی ڕێکخراوی تێرۆریستی شێوە دەوڵەتی داعش، توانیویەتی بەسەربەرزی ئاڵای کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان شەکاوە ڕاگرێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێویری ٢٠١٧

# کۆماری کوردستان لە نێوان پرسیاری سە ربە خۆیخوازی وخودموختاری دا



عومەر باڵەکی

لە سەرکۆماری کوردستان هەتا ئێستا لە زۆرلاینەوە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆکراوە، وەک ئەوە کە چۆن پێک هات، دستکەوتەکانی چ بوون وهۆکارکانی رووخانی چ بووە. چارە نووسی رێبەرانی کۆمار و شێوەی پارێزگاری لە خۆیان لە بێ دادگاکانی پاشایەتی دا چۆن بووە. بەڵام کەمتر باس لەوە کراوە رێبەرانی کۆمار ئامانج و هەدەفیان لە پێک هێنانی کۆمار چ بووە و ئەگەر باسیش کرابێ نۆسەران وتوێژەرەکان لە سەر ئەو بابەتە کۆک نین. بە واتایە کی دیکە و پاڵپشت بەو وتار و بابەتانەی کە لەرۆژنامەی کوردستان زمانحالی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بڵاو بوونەتەوە ئەوەمان پێ دەڵێ کە رێبەرانیی کۆماری کوردستان لە دوو شێوە سیاست کردن پێرەوییان کردوە واتە دەبینین کە سەرەتای دەستبەکاربوون و راگەیاندنی کۆماردروشمەکان و بابەتە نوسراوەکان و وتاری وتاربێژان باس لەبەسەربەخۆیی کوردستان دەکەن، بەڵام بە تێپەربوونی کات ئەو شێوە نوسین و ئاخاوتنانە دەگۆردرێن و بە جۆرێک لە جۆرەکان باس لەخودموختاری میللی لە چوارچێوەی ئێران دادەکرێ بە واتایەکی دیکە، زمانی کاربەدەستانی کۆماری کوردستان لە نیوخۆی کۆماردا زمانی بەرێوەبەریی سەربەخویی خوازی بووە، بەڵام لە تاران زمانی مانەوە لەگەڵ ئیران بەکارهاتووە. پێشەوا لە نوتقێک دا لە ورمێ کە باس لە وتویژی خۆی لەگەڵ قەوام سەرۆک وەزیرانی ئێران دەکا بەو جورە ئیشارە بەو بابەتەی کە ئێمە وەک پرسیار لامان درۆست بووە دەکا کە خۆی دەتوانێ وڵامێک بێت بۆ ئەو پرسیارە.ئەو بابەتە لە ژمارە ٧٢ی رۆژنامەی کوردستان ١٣٢٥دا بڵاو بووەتەوە. "بۆخۆتان دەزانن کە لە پێشدا ئێمە بە هیچ جۆریک داوای تەجزییەی ئیرانمان نەکردوە و تەنیا مەبەستمان ئازادی خۆمان و پاراستنی دیمۆکراسی بووە بەڵام لە پێشدا کاربەدەستانی ئیران بێجگە لەوە جوابیان

نەداوینەوە، شۆخیشیان بە داوای ئێمە کردو ناچار بووین حکومەتی میللی مان دامەزراند و هێزی خۆمان بەرامبەر بە ئەوان تاقی کردەوە. ئەوان ویستیان لەمە بێنە پێش ئێمەش لەوان چوینە پێش. ئێستاش ئەوان حازربوون پاشەکشە بکەن ئێمەش ئامادە بووین بکشێینەوە..."

هەرئەو لێدوانەی پێشەوا بە روونی دەرخەری ئەو راستییەیە کە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەگەڵ ئەوەی ئاواتی هەر کوردێکی نیشتمان پەروەر و دڵسۆز بووە دژکردەوەیەکی ئازایانەو بوێرانەش بووە بەدژی دەسەڵاتدارانی پاشایەتی لەتاران و وتەکانی پێشەوا سەڵمێنەری ئەوراستییەن کە کورد وەک نەتەوەیەکی جیا لە نەتەوی باڵادەست مافی بڕیاردانی لە سەرچارەنووسی خۆی هەیە وهەرکات هەست بەوە بکا لەو دەوڵەتەی کە دەسەڵاتدارە وبەڕێوەبەری وڵاتە، بە پێی ماف و حەقی خۆی لە بەڕێوەبەریی وڵاتدا بە مافی یەکسان بەشدارە و هاووڵاتی دەرەجە دوو نییە ئامادەیە بچێتە پێش و بۆ دابینکردنی ژیانێکی بەختەوەرانە و سەردەمیانە هەنگاو بنێ بەڵام کاتێک هەست پێدەکا کە لە لایەن دەسەڵات دارانەوە دەچەوسێتەوەومافی پێشێل دەکرێ دژ کردەوەی دەبێ ولە هەر فورسەتێک کە بۆی هەڵبکەوێ بە قازانجی خۆی کەڵکی لێ وەردەگرێ ،هەر وەکی پێشەوا لە نموونەی سەرەوەدا فەرموویەتی.

دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە جگە لەوە دستکەوتێکی سیاسی گرینگی جووڵانەوەی رزگاری خوازیی نەتەوەی کوردبوو، نیشاندەرەی بیری ناسیۆنالیزمی کوردیش بوو لەرۆژهەڵاتی کۆردستان و لەهەمان حاڵدا کۆماری کوردستان درێژکراوە و بەرهەمی هەمان هەل و مەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو کە (ح.د.ک) لە سەری دامەزرابوو. بۆیە دەبینین کۆماری کوردستان لە نیۆخوی ئێراندا وەکوو کۆمارێکی خودموختار لەگەڵ حکومەتی تاران لە پەیوندی دایە بەڵام لە کار و کردەوەدا وەکوو دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆی هەڵس و کەوت دەکا بۆ سەلماندنی ئەو بابەتە دەتوانین چەند نموونە باس بکەین:

- داگرتنی ئاڵای ئێران لەسەر دام ودەزگای ئیداری سەر بە دەوڵەتی ناوەندی و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بە جێگای ئەو، کاتێک ئاڵای دەوڵەتێک یا وڵاتێک دەهێندرێتە خوارێ و بەجێگای ئەو ئاڵایەکی دیکە کە نوێنەرایەتی سیستمێکی دیکە لە حوکمڕانی دەکا نیشانەی ئەوەیە کە سیستمێکی نوێی بەشێک نییە لە سیستمی پێشوو و خۆی سەربەخۆیە.

## زمانی کوردی زمانی رسمی کۆماری کوردستان بووە.

ئەوەش نیشانەیەکی دیکەیە لە سەربە خۆیی خوازی کۆماری کوردستان چونکە زمانی فەرمی ئەو کاتی ئێران فارسی بووە

بەڵام لە هیچ بەڵگەیەکی کۆماری کوردستاندا نابیندرێ کەبگۆترێ زمانی کوردی لە تەنیشت زمانی رەسمی وڵاتی ئێران دەخوێندرێ بەڵکوو هەموو خەمی بەرێوەبەرانی کۆمار بەتایبەتی پیشەوای مەزن ئەوەیە کە پەرە بدرێ بە زمانی کوردی و لە هەموو ئاستەکانی تەمەندا و، دەخوێنینەوە بێجگە لە منداڵانی کچ وکوڕێ ژن و پیاوانیش بەجۆرێک لە جۆرەکان خوێندنی زمانی کوردی ئیجباری کراوە.

بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان سنوور کرایەوە ودەبینین لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە لەچین و توێژی جۆراوجۆردا وەک "ئەفسەران، ماموستایان، نوسەران، و شاعیران و... روویان لە کۆماری کوردستان کردووە وتەنانەت بوونە بەشێک لە بەرێوەبەرانی ئیدارەی روژانەی دام و دەزگای کۆمار و لە هەمان کاتدا لە نێوخۆی ئێران لە گەڵ حکوومەتی ئازەربایجان پەیمانی سنووری وسەربازیی ئیمزا دەکەن و وەک دووحکوومەت پێکەوە هەڵس و کەوت دەکەن ولەگەڵ یەکیەتی سوڤیەت خەتی بازرگانی دەکەنەوە.

- پێکهینانی سپای میللی "هیزی پیشمەرگە"، لەلایەن بەرێوەبەرانی کۆماری کوردستان. ئەوەش نیشانەیەکی دیکەیە لە ئیرادەی سەربەخۆیی خوازی کۆمار، چونکە بە پێی یاسای بنەرەتی ئێران پێک هێنانی هێزی چەکدارو رێکخستنی هێزی ئەمنی لە ئە ستۆی حکومەتی ناوەندییە. بەڵام دەبینین دەسەڵاتی کۆماری کوردستان هێزی پێشمەرگەی رێکخستوە و مووچە و مانگانەی بۆ برپیوەتەوە و تەنانەت چەند جارێکیش لەگەڵ سپای ئێران تووشی شەڕ و پێک دادان بووە و لە هەڵس و کەوت لەگەل ئەرتەشی ئێران وەک دووسپای جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر کردووەو تەنانەت بە فەرمانێکی رەسمی ناوی تەواوی ئەلقاب و عینوانەکانی نیزامی لە فارسی و تورکییەوە کراون بە کوردی.

بێجگە لەوانە بە دەیان نموونەی دیکە دەتوانری باس بکرێ کە نییەت و ئامانجی رێبەرانی کۆمار سەربەخۆیی و یەکخستنەوەی هەموو خاکی روژهەڵاتی کوردستان بوو بەڵام قەت لەوە غافڵ نەبوون کە ئیحتمالی ئەوە هەیە کە رووسەکان و ئێرانیەکان لە سەر بەرژەوەندیەکانیان رێک بکەون و بەرژەوەندی وا بکا کە روس وەک دەوڵەتیکی ئامادە لەناوچەکە پشتی کۆماری کوردستان چۆل بکا و یا لەنێو خۆی کۆماردا کەس یا کەسانێک لەژێرناوی عەشیرە و تایەفە بەدوای بەرژەوندییەکانی خویانەوە بن و خەیانەت بە کۆماری کوردستان بکەن. هەر دەرکی ئەو راستیەیە وای لە رێبەرانی کۆمار کردبوو کە لەو مجال و فو رستە کە هاتووەتە پێش ئەوەندەی دەکرێ بۆ سەقامگیریی و بەرەوپێش بردنی ئەو حکوومەتەی پێکیان هیناوە کەڵک وەربگرن و لە هەمان کاتدا هەوڵیان داوە لە بەر هەر ئەگەرێک کە مەترسی بخاتە سەرکۆمار دەرگای وتوویژ و دیالۆگ لەگەڵ تاران واڵابێت واتە ئەگەرهەل و مەرج یارمەتیدەر بوو بتوانن سنووری کۆمار دەسەڵاتەکەی لە سەرخاکی رۆژهەڵاتی کوردستان پەرە پێبدەن و ئەگەر هەل‌ومەرجەکە بە جۆرێک بوو دەسەڵاتی تاران بە هێزبووە هەوڵیان

ئەوە بێت ئەوی پێکیان هێناوە لێیان تێکنەچێ.

کۆماری کۆردستان ئە گەرچی تەمەنی کەم بوو، بەڵام لە مێژووی گەلی کۆرددا یەکەم جار بوو کە ئۆرگانێک یا دامودەزگایەک لە لایەن خەڵکەوە بەشێوەی ئاشکرا دەنگی متمانەی پێ دەراوە و نوێنەرایەتی کەسایەتی قانوونی گەلی کوردی لە پارچەیەک لە کوردستاندا دەکرد. واتە کۆماری کوردستان وەک دەوڵەتێک چ لە نێوخۆ چ لە دەرەوەی خۆیدا نوێنەرایەتی چین و توێژە جیا جیاکانی کۆمەڵگای کوردەواری دەکرد بە واتایەکی دیکە نوێنگە و ناسێنەری گەلی کورد لە چوار پارچەی کوردستان بوو لە هەڵس و کەوتی سیاسی، ئابوری و دیپلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتان و ئەو گەلانەی کە هاوسنووری کۆمار بوون، بەکورتی دەتوانین بڵێن لە رووی قانوونییەوە سەردمی کۆماری کۆردستان بە سەردەمی بڕیاردان لە دیاری کردنی مافی چارە نووس پێناسە بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٧

# کۆمارەکەم




**ئاشق ئیسماعیلی**

**ئەمڕۆ دووی ڕێبەندان، وەبیرهێنەرەوەی دامەزرانی کۆماری کوردستانە. ڕۆژێکە کە بۆ هەمیشە جێگایەکی گرینگی لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی نەتەوەکەمان دا بۆ خۆی تەرخان کردوە.**

**ڕاستە کۆماری کوردستان لە بەشێکی زۆر بچووکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهات. بەڵام شوێنەوار، گرینگی و خۆشەویستیی ئەو ڕۆژە هەر لە یەکەم ڕۆژی پێکهاتنی کۆمارەوە سنووری داسەپاو و دەسکردیان بەزاندوە، خۆیان گەیاندۆتە هەموو بەشەکانی کوردستان و لە دڵی هەر کوردێک دا کە تۆسقاڵێک هەست بە کوردبوون و ستەمی نەتەوایەتی بکا، جێگیر بوون. ئەوەش بە هەڵکەوت نیە. ئەو ڕۆژە سیمبۆلی سەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی ئەو ئاوات و ئامانجانەیە کە نەتەوەی کوردی ستەملێکراو بە هەموو بەش و زاراوە و ناوچەکانی‌یەوە خەباتێکی سەختی لەمێژینەی بۆ کردوون و دەیان هەزار ڕۆڵەی تێکۆشەری لە پێناو دا فیدا کردوون.**

**بەڵێ، دووی ڕێبەندان، کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی تەنیا ئی بەشێکی گەلی کورد نین و بە بێ جیاوازی ئی هەموو نەتەوەی کوردن. هەر بۆیەش دەبێ بڵێین:**

**"دووی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە هەموو نەتەوەی کورد پیرۆز بێ!"**

من ئەمساڵ دەمەوێ لەم هەوارگە هەژارانەیەی خۆم دا بە هێنانی شێعرێکی جوان لە شاعێرێکی خاوەن هەست و پێشکەش کردنی بە میوانانی خۆم، ڕێز لەو ڕۆژە بگرم و یادی بکەمەوە. شێعرەکەش خۆی بەسەرهاتێکی بچکۆلەی هەیە، کە لە چەند دێڕ دا بۆتانی دەگێڕمەوە.

زستانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی من لە بەشی ڕادیۆ و بڵاوکرنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا کارم دەکرد. (دیارە حیزب ئەو کات دوو بەش بوو و من لە بەشی "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ" دا بووم). بنکەمان لە دۆڵی "قەڵاسەیدە"ی پشت شاری "ڕانیە" بوو. من زنجیرە بەرنامەیەکی ئەدەبی . هونەریم هەر بە ناوی "بەرنامەی ئەدەب و هونەر" ەوە بۆ ڕادیۆ دەنووسی و ڕۆژانی هەینی بڵاوم دەکردەوە. بەرنامەکە جێی خۆی کردبۆوە و زۆر جار نامە و بەرهەمی بیسەرانم بۆ دەهات. ڕۆژێک لە سەروبەندی دووی ڕێبەندان دا، هاوڕێیەک دوو نامەی بۆ هێنام. یەکێک لە نامەکان ئەو شێعرەی تێدا بوو کە ئێستا لێرە دەی‌نووسمەوە و ئیمزای "بڵند"ی لە ژێرەوە درابوو. شێعرەکە سەردێڕی "کۆمارەکەم"ی بەسەرەوە بوو و زۆر جوان بوو. منیش دەسبەجێ لە بەرنامەکە دا گونجاندم و بڵاوم کردەوە.

ئەو کات بەعس بە سەر کوردستان دا زاڵ بوو. زۆر جار تیمی کادر و پێشمەرگەکانی پارتی، یەکیەتی، شیووعی و ڕێکخراوەکانی دیکەی باشووری کوردستان دەهاتن و چەند ڕۆژێک بە نەهێنی میوانی ئێمە دەبوون. کاک "بڵند" ی شاعیریش کادرێکی پارتی دێموکراتی کوردستان بوو و میوانی یەکێک لە بنکەکانی ئێمە بوو. بە داخەوە بۆم نەکرا ئەو کات لە نێزیکەوە بیبینم و هێشتاش بە ڕەنگ و ڕوو نای‌ناسم و دیارە ناشزانم داخوا ئەو ناوە ناوی ڕاستی خۆیەتی، یان هەر نازناوە. بەڵام ئەو شێعرەی یادگارێکی بە نرخە کە لە لای من ماوەتەو و زۆر جار و لە زۆر شوێن بە بۆنەی دووی ڕێبەندانەوە خوێندوومەتەوە. نازانم کاک بڵند ئێستا لە کوێیە. بە هەرحاڵ هیوادارم هەر ساغ و بەختەوەر بێ. زۆرم پێ‌خۆشە جارێک لە نیزیکەوە بی‌بینم یان ناونیشانیم هەبێ و پێوەندیی پێوە بگرم.

-------

* **بڵند**

**زستانی ساڵی ١٩٨٨**

**کۆمارەکەم**

کۆمارەکەم،
وەک کۆرپەیێ،
تازە پێت نابووە ژیان،
لە ژین کرای.
هێشتا تامی شیری دایکت نەکردبوو،
کاتێ لە باوەشی بڕای.
وەک خەباتگێڕێکی ناکام،
لە گەڵ دەسڕێژی یەکەما شەهید کرای.
وەک بەندیێ،
هیچ دادگایێ لێی نەپرسی،
کاتێ لە سێدارە درای.
وەک شینایی جووتیارێک بووی،
هێشتا دروێنە نەکرابووی،
کاتێ هەر بە شینی خورای.

وەک خاوەن ماڵ،
پشووت لە ماڵی خۆت نەدا،
کاتێ لە شاری خۆت تارای.
وەکوو دەنگی ئازادیخواز،
نەگەیشتبوویە سەر لێوان،
هەر لەنێو گەروو دا خنکای.
وەکوو شێعری شاعیرێک بووی،
هێشتا لە دایک نەبوو بووی،
لە پەردەی ئیلهاما پڕای.
وەک هەواڵی ئاژانسێکی دەنگوباس بووی،
لاپەڕەی ڕۆژنامەت نەدی،
کاتێ لە ژێر چاپ دا دڕای.

وەکوو مەشخەڵی نەورۆز بووی،
هێشتا بڵێسەت نەدابوو،
لە چوار لاوە فوو لێکرای.
وەک تیشکی ڕۆژ،
هەرکە یەکەم گزینگت دا،
لە سەوزایی خاکا گیرای.
وەک درەختێ بەری میوەت نەگرتبوو،
کاتێ تەوری ڕۆژگاری ڕەش،
بێبەزەیی‌یانە قەڵتی دای.
وەکوو بانگی مەلای ئایین،
نەگەیی‌یە سەری منارە،
کاتێ خۆت و پێشەواکەت،
خرانە قوڵفی سێدارە.
بەڵام ئازیز، ئەی کۆمارم،
ئەی سامانی کوردەواریم،
ساڵان دێن و ساڵان دەڕۆن،
یادت ماوە،

لەبیر نەکرای.
لە مێژووی خوێناویی کورد دا تۆمار کرای.
دڵنیابە! دڵنیا بە!
ڕێبوارانی کاروانی دوور،
گۆشەی دڵیان،
سۆمای چاویان،
بۆ کردی بە تابووتی سوور.
تۆ و پێشەوا لە یاد ناکرێن،
لە دڵمانن.

هەموو ساڵێ،

لە سەرەتای ڕێبەندانا،

لە نێو گشت ماڵێ میوانن.

هەتا ماوین ئێوەش ماون،

لە گەڵتانین،

لە گەڵمانن!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جانێوێری ٢٠١٦

# کۆماری کوردستان، مانیفێستێکی نەتەوەیی



قادر وریا

(بە بۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان)

٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ، ٧٠ ساڵ بە سەر ڕاگەیەندرانی جمهووریی کوردستان لە مەهاباد رادەبرێ.

ئەم دەوڵەتە کوردییە لە ڕووی ماوەی دەسەلاتدارەتیی، یەکێک لە کەمخایەنترین دەسەلاتو دەوڵەتەکان لەم ناوچەیە دا بووە، بەڵام لە ڕووی ئەو خزمەتانەش کە لە ماوەی کورتی تەمەنی خۆی دا پێشکەشی نەتەوەی کوردی کردن، هەر وەها لە ڕووی دانانی کاریگەریی سیاسی و نەتەوەیی لە سەر ئەو خەڵکەش کە لە هەناوی ئەوانەوە هەڵقوولابوو، دەتوانین بڵێین هەر بێ وینە بوو.

کارنامەی ١١ مانگەی دەسەلاتدارەتیی دەوڵەتی جمهووریی کوردستان لە بوارەکانی سیاسی، رۆشنبیریو وەدیهێنانی خەونو ئاواتە لەمێژینەکانی نەتەوەی کورد دا، لە زۆر بۆنەدا بە تیرو تەسەلی کەوتوونە بەر باس و پیویست بە دووبارەکردنەوە ناکەن. هەر ئەوە کە هەتا ئێستاش، بەشی زۆری نەتەوەی کوردو هیزە سیاسییەکانی زۆربەی پارچەکانی کوردستان، هێماو ڕەمزەکانی داهێنراو لەو کۆمارەیان دا قبوولەو لە ژیانو تیکۆشانی سیاسیی خۆیان دا بە کاریان دینن، بەڵگەیەکی بە هێزە بۆ شوێندانەر بوونی ئەو دەوڵەتە کوردییە لە سەرڕەنگرێژکردنی هزرو هیواو باوەڕی نەتەوەیی ڕۆلەکانی نەتەوەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان. سروودی نەتەوەیی، ئالای کوردستانو ناوی هێزی پێشمەرگە، کە کۆماری کوردستان دایهێناونو ڕەسمییەتی پیداون، هەتا ئیستاش دەقاودەق یا بە کەمێک دەسکارییەوە، لە ژیانی سیاسیو خەباتی نەتەوەیی

گەلی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا، برەویان هەیە.

بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانو بە تایبەتی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆماری کوردستان، هەر تەنیا ڕووداوێکی مێژوویی نیە کە چووبێتە نیو مێژوو و تەنیا وەک بیرەوەرییەک مابێتەوە. کۆماری کوردستان، ڕووداوێکی مێژوویی بوو بەڵام نەک بەو مانایە کە هاتو رابرد. بەڵکوو بەو خوێندنەوەیە کە شەقڵی خۆی لە سەر ڕێگاو ڕێبازی سیاسیی داهاتووی نەتەوەی کورد لەم پارچەیەی کوردستان بە جێ هێشتوە. ئەو دەسەڵاتە نەتەوەییە کورتخایەنە، لە ڕووی ئەو بەرنامەو خزمەتانەی پێشکەشی کردن، هەر وەها لە روانگەی سیاسەتەکانی لە بواری جۆراوجۆرداو بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مافو ئازادییانەی بۆ خەڵک دابینی کردبوون، بووە بە مۆدیلێک لە دەوڵەتو دەسەڵاتدارەتی نەتەوەیی کە حیزبی دیموکراتی کوردستانو خەڵکی دیکەش، هەتا ئێستاش بە هیوای دووبارە بنیاتنانەوەو زیندووکردنەوەین. کۆماری کوردستان، بە ڕووخانی، نەچووە نێو بۆتەی لەبیرچوونەوە، بەڵکوو بوو بە مانیفێستێکی سیاسی و نەتەوەیی بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. مانیفێستێک کە لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوو دا ساڵ بە ساڵ زیاتر کەوتووەتە بەر سەرنجی خەڵکی ئەم بەشەی کوردستانو ئێستا ئیدی هەموان دەتوانن خۆیانی تێدا ببیننەوە.

لە بیرەوەریی ٧٠ ساڵەی راگەیەندرانی کۆماری کوردستاندا، هەر ئەوەندە بەس نییە کە وەفاداریی خۆمان بەو مانیفێستە دووپات بکەینەوە. ئەو سیاسەتو پەیامەش کە سەرۆکی ئەو کۆمارە، پێشەوای نەمر قازی محەممەد لە یەکخستنی جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵدا لە سەری دەڕۆیشت، دەبێ وەبیر خۆمان بێنینەوە. دەبێ هەموو جۆراوجۆرییەکانی نێو کۆمەڵگەو گۆڕەپانی سیاسی ببینین، ڕێزیان لێ بگرینو هەوڵ بدەین لە پێناوی ئامانجی گشتی و گەورەدا، کە ڕزگاریی کوردی ڕۆژهەڵات لە ژێر ستەمو بندەستییە، یەک بخەین. هەمووی ئەوانەی بەو چاوە سەیری کۆماری کوردستان دەکەن، دەکرێ بەردەنگی ئەم پەیام و چاوەڕوانییە بن. بەڵام کێ هەیە نەزانێ کە حیزبی دیموکرات (دێموکراتەکان) لە هەموان زیاترو لە پێشەوەی هەموان، بەردەنگی ئەم پەیام و چاوەڕوانییەن؟ بەردەنگێک کەلە پێشدا بۆ خۆی و لەنێوخۆیدا پێویستی بە یەکگرتنو یەکبوون هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانیوێری ٢٠١٦

# کۆمارێک کە لە نێو شەختە و کڕێوەوە سەری هەڵدا



**جەمال فەتحی**

یەکێک لە ڕووداوە بە نرخ و گرینگەکانی نەتەوەی کورد کە وەکوو بزاڤێکی ئۆرگانیک و پێشکەوتوو لە مێژووی کورددا تۆمار کراوە، کۆماری کوردستان بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد بووە. قازی محەممەد کە خاوەنی کەسایەتییەکی خۆشناو لە شاری مەهاباد بووە، لە سەرەتادا وەکوو ئەندامی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەی کورد دەردەکەوێت و بە هۆی بلیمەت بوونیەوە لە ماوەیەکی کەمدا دەتوانێت لێهاتوویی خۆی بسەلمێنێت و وەکوو ڕێبەرێکی کاریزما بدرەوشێتەوە، ئەم ڕێکخراوە پاش سێ ساڵ خەباتی نهێنی لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاویدا دەچێتە قۆناغێکی نوێوە و دەبێ بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و دوای شەش مانگی دیکە، لە شاری مەهاباد کۆماری کوردستان ڕادەگەیەنێت.

کۆماری کوردستان کە ١٦ ساڵ پاش بزووتنەوەکەی سمکۆ سەری هەڵدا، بە هۆی چەندین پێوەر لەگەڵ بزووتنەوەکانی پێش خۆی جیاوازیی بەرچاوی هەیە، هەرچەندە پێشەوا قازی محەممەد کەسایەتییەکی ئایینی و لە بنەماڵەیەکی خاوەن داهات و ئابوورییەکی باش بوو، بەڵام ئەم تایبەتمەندییانە نەبوونە لەمپەر لە بەرانبەر ویست و داخوازییە نەتەوەییەکانی و بە هۆی لێزانین و شارەزایی لە هەلومەرجی ناوچە و پێوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران و ناوچەکە و هەست بە بەرپرسایەتیی کردن لە هەمبەر نەتەوەکەی وەکوو کەسایەتییەکی بەرز و پیرۆز سەری هەڵدا و لە مێژووی کورددا بۆ هەتاهەتایە وەکوو ئەستێرەیەکی پرشنگدار دەدرەوشێتەوە.

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی کە کۆماری کوردستانی لە تەواوی بزووتنەوەکانی دیکەی کورد جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە

کۆمار لە سەردەمی خۆیدا بەپێی هەلومەرجی ناوچەکە سەری هەڵدا، هەرچەندە پێشتر شێخ مەحموودی نەمر وەکوو پادشای حکوومەتی کوردستان دەسەڵاتی کوردیی پێک هێنابوو و ناوچەیەکی بەربڵاوتر لە کۆماری کوردستانی لە ژێر دەستدا بوو، بەڵام جیاوازیی کۆماری کوردستان و حکوومەتی کاتی شێخ مەحموودی نەمر لە دوو خاڵدا بوو:

١- هەرچەندە پێشەوا وەکوو شێخی نەمر کەسایەتییەکی ئایینی بوو، بەڵام بیر و بۆچوونە ئاینییەکەی بەسەر بڕیار و پێوەندییەکانیدا زاڵ نەبوو.
٢- شێوە و مودێلی هەڵبژاردنی سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات لە کۆماری کوردستاندا، بە شێوەیەکی پێشکەوتووانە و مودێڕن بوو، بەڵام لە سیستمی دەسەڵاتی شێخی نەمردا، ئەوە بەدی نەدەکرا.

شێوەی بەڕێوبەریی لە جۆری کۆمار کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا دیاردەیەکی نوێ بوو، بۆ یەکەمین جار لە کوردستان و ئازەربایجان کە پێوەندییەکی پتەویان پێکەوە هەبوو هاتە ئاراوە، لە سەردەمێکدا کە ئێران بەو هەموو شانازییە مێژووییەی کە بەسەر گەلانی دەوروبەردا دەیکرد، بەشێوەی حکوومەتێکی سەرەڕۆیانە و پاشایەتی بەڕێوە دەچوو، لە دەسەڵاتێکی خۆجێیی وەکوو کۆمار کە تازە دەیویست پێ بگرێت، لە سیستمی حیزب و کۆمار بۆ بەڕێوبردنی وڵات کەڵک وەردەگرێت، دەسەڵاتێک کە تێدا خەڵک بڕیاردەرە، بۆیە تا ئەو کاتەی کۆمار کۆردستان لەگەڵ وەها دەسەڵاتگەلێک بەراورد نەکرێت، بایەخی ئەو کۆمارە دەرناکەوێت.

بە هۆی دەسبەسەرداگرتنی ئێران لە لایەن هاوپەیمانان (ئەمریکا، بریتانیا و یەکیەتیی سۆڤیەت) لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی، کە پێیان وابوو ئەم وڵاتە بنکەی سیخوڕیی ئاڵمانی نازییە کە لە بەرەی موتەحدیندا بوو، پێگەی سیاسیی و نیزامیی خۆی لە ناوچە بەتایبەت کوردستان کە بەشی باکوورییەکەی لە ژێر دەسەڵاتی یەکیەتیی سۆڤیەت کەوت، لەدەست دا و ناسەقامگیریی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو، خەڵکی بێدەسەڵاتی کورد چاوەڕوانی پاڵپشتێک بوون کە گیان و ماڵیان بپارێزێت، ئەم چاوەڕوانییەی نەتەوەی کورد لە ڕێکخراوێک وەکوو کۆماری کوردستان بەدی دەکرا و دامەزرانی حیزبی دێموکرات و پاشان ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان کە یەکەمین ڕێکخراوی مودێڕنی کورد بوو، ئەو دڵنیاییەی بە خەڵک بەخشی.

کۆماری کوردستان یەکەمین بزووتنەوەی کورد بوو کە ژنی هێنایە نێو گۆڕەپانی خەباتی نەتەوەیی و بۆ ئەم ئەرکە، پێشەوا لە بنەماڵەی خۆیەوە دەستی پێکرد و بە هێنانی هاوسەر و کچەکانی بۆ نێو جەرگەی خەبات، ژنی کوردی لە مافە نەتەوەیی و ڕەگەزییەکانی ئاگادار کردەوە.

کۆماری کوردستان هەرچەندە تەمەن و پانتایی دەسەڵاتەکەی کەم بوو و هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە بەشی خوارەوەی کوردستان، واتە لە سەقز بەرەو خوار لە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکاندا بوو و کۆمار بەپێی ئەوەی کە تازە سەری هەڵدابوو و ڕاگەیاندنە گشتییەکان لە ئاستێکی پێشکەوتوودا نەبوون، نەیتوانی هەم لەباری چەکداریی و هەم لەباری واتاییەوە، لە باشووری کوردستانی ئێران گەشە بکات.

## خاڵە بەرچاوەکانی کۆماری کوردستان:

* دێموکراسی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا چەمکێکی نوێ بوو، بەر لە ڕاگەیاندنی کۆمار، وەکوو چەمکێکی گرینگ لە لایەن پێشەواوە دێتە ئاراوە و لە قەوارەی حیزبێکدا کە دەتوانێت لە نێو دڵی کۆماردا لە پێناو پێش خستنی کۆمەڵگا دەورێکی بەرچاوی هەبێت، لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی دەردەکەوێت.

* کۆمار، بە یەکێک لە پێوەرەکانی دێموکراسی پێناسە دەکرێت و بۆ بەرەو پێشبردنی دێموکراسی ئامرازێکی هەستیار و پێویستە.

* بە هۆی خوێندنەوەی وردی کۆمەڵگای کوردستان لە لایەن ڕێبەرایەتیی کۆمارەوە، بیری داهاتوو و وێنا کردن لە پەرەسەندنی بۆ تەواوی کوردستان کە کۆمەڵگایەکی هەمەڕەنگ و فرە چەشنە، شیاوترین سیستمی بەڕێوبەرایەتی (کۆمار و دێموکراسی) بۆ ئیدارەی نەتەوەی کورد هەڵبژێردرا.

* بۆ بەرز نرخاندنی دێموکراسی، کابینەی وەزیران کە پێکهاتوو لە ئێلیتی کۆمەڵگای کوردی لەو سەردەمەدا بوو، پێکهات.
* هێنانی کچان و ژنان بۆ نێو بەستێنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا کە بە بەشداری کردنی ژنان لە بوارە کۆمەڵایەتییەکان و دامەرزاندنی قوتابخانەی کچان کە هەتا ئەو کات لە کۆمەڵگای کوردیدا بە فەرمی بوونی نەبوو.

* نەبوونی بەندیخانە لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماردا.

* گرنگی پێدان بە خوێندن و زانست بە ناردنی کەسانێکی بلیمەت بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات.

* گرنگی پێدان بە بواری فەرهەنگی وەکوو شانۆ و ئەدەبیات، لەسەردەمی کۆماردا دەیان شاعیر و ڕووناکبیر(هەژار، هێمن،

هێدی، حەسەن قزڵجی، عەبدولڕەحمان زەبێحی و... هتد) لە نێو دڵی کۆمارەوە سەریان هەڵدا.

❊ گرینگی دان بە منداڵ و دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بەمنداڵان بەناوی گڕوگاڵی منداڵان.

❊ دەر کردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی.

❊ لێدانی دراوی کوردی.

❊ ناردنی نوێنەر بۆ دەرەوەی وڵات (یەکیەتیی سۆڤیەت).

❊ ناردنی نوێنەر بۆ تاران.

❊ پێوەندی گرتن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان.

❊ پێکهێنانی سپای میللی.

❊ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان.

❊ هەڵبژاردنی نێوی تایبەت بۆ چەکداری کورد (پێشمەرگە).

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٧ی جانیوێری ٢٠١٦

# ٢ی ڕێبەندان ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە بەئاسمانی کوردستانەوە



**حەمە جاف**

٢ی ڕێبەندان حەفتا ساڵ بەسەر بەشکۆترین دەسکەوتی مێژووی کورددا تێدەپەڕێت. یەکێک لە ڕۆژە هەرە گرینگەکانی مێژوو و بزافی کوردە لە هەر چوار بەشی کوردستاندا، چوونکە بۆ یەکەمین جار ئەستێرەیەکی پرشنگدار بە ڕووی کوردا دەدرەوشێتەوە و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا، کۆماری کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دادەمەزرێ. هەنووکەش لەهەموو بەشەکانی کوردستان باس لە دەوڵەتی کوردی دەکرێ، هەموو کوردێکی بەشەرەف و ڕاستەقینە بە شانازییەکی هەرە زۆرەوە باس لەو کۆمارە بە شکۆ و مەزنە دەکات.

پارتێکی سیاسی بۆ بەڕێوەچوونی ناوچەکە بە ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ - ک) ژێکاف دامەزرا، و دوای سێ ساڵ بەهۆی گۆڕانکارییەکانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی و شکستی فاشیزم، لاوازیی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران، پێشەوا قازی محەممەد بە زانایی خۆی دۆخەکە هەڵدەسەنگێنێ و هەست بەوە دەکا کە کورد پێویستی بە ڕێکخراوێکی دێموکراتیکی سەردەمیانەتر هەیە، بۆیە ناوی کۆمەڵەی ژێکاف دەگۆڕێ بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

ڕاستە تەمەنی درەوشاوەی کۆمارە تاقانەکەی کوردستان، تەنیا یازدە مانگ بوو، بەڵام لەو دەرفەتە کورتەدا چەندین دەسکەوتی هەرەگرینگی بۆ کورد هەبوو، بۆ نموونە؛ هەر لە دامەزراندنی قووتابخانەی کوردی، تا چاپ کردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی و دامەزراندنی سوپای کوردی لە ژێر ناوی (پێشمەرگە) و بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی لە هەموو دامودەزگا و ناوەندەکانی ئەو کاتەی کۆماردا و لەهەموو گرینگتر، هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و چەندین دەسکەوتی

پڕ بایەخی دیکە کە هەنووکەش جێگای شانازی و سەر بڵێندیی هەموو تاکێکی کوردە.

کۆماری کوردستان لە سەردەمێکدا سەری هەڵدا و دەسەڵاتێکی دێموکراتیکی لە کوردستاندا جێگیر و دەستەبەر کرد کە تێکڕای حکوومەتەکانی ناوچە، عەشیرەیی و پاشایەتی بوون. ٧٠ساڵ لەوە پێش لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە کردەوە هەنگاو بۆ دامەزرانی دەوڵەتێک هەڵگیرا و لەو دەوڵەتەدا هەوڵی جێگیر کردنی پرسێک درا کە هەنووکەش هەندێک لە وڵاتانی جیهان خەباتی بۆ دەکەن، کە ئەویش بەرابەریی کۆمەڵگا و ئازادیی ڕادەربڕینە. لەکاتی کۆمارە شکۆدارەکەی کوردستاندا تەنیا یەک زیندانی هەبووە، ئەویش سیاسی نەبووە! دەتوانین بڵێین لەو سەردەمەدا بە جۆرێک ئەو حکوومەتە بونیان و ئورگانیزە کراوە کە تایبەتمەندییەکانی ئەوکاتی، بووە بە هۆی ئیلهامدەریی و ڕۆشنبیریی خەباتکارانی ئێستای کورد بۆ بزووتنەوەیەک کە ئێستا زۆربەی وڵاتانی جیهان پاڵپشتیی خۆیان بۆ دەوڵەتی کوردی دەردەبڕن.

هەروەها کۆماری کوردستان ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە بۆ بەشداری کردنی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان و کوردانی پارچەکانی دیکە و بەتایبەت بارزانییەکان وەکوو هاووڵاتیی کۆماری کوردستان لەو هەرێمەدا دەژیان و ڕۆڵیشیان هەبووە لە بەڕێوە بردنی کاروباری حکومەتدا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو حیزبی دامەزرێنەری کۆمار و لە سەرووی هەمووشیەوە پێشەوا قازی محەممەد، بە تێگەیشتنی دێموکراتیکانەی خۆی ئەو دەسەڵاتەی لە مێژووی گەلی کورددا کردە نموونە، تێکڕای چین و توێژەکانی کومەڵگا لە تەمەنی کورتی کۆماردا کەوتنە گەشە کردن و توانای بەڕێوەبەریی سیاسیی گەلی کوردیان بە دەستی خۆیان، بە جیهانیان ناساند.

بەڵام بەداخەوە کۆمارە کۆرپەکەی کوردستان و شانازییە هەرە مەزنەکەی گەلی کورد، زۆری نەخایاند و پاش یازدە مانگ بە هۆی ڕێژەی نەخوێندەواریی زۆربەی خەڵکی کوردستان و دەستێوەردانی دوو لایەنی زلهێزی هاوپەیمان ئەمریکا و بریتانیا لە باشوورەوە و یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو لە باکوورەوە هاتنە نێوخاکی ئێران و بەشی هەرەگەورەی وڵاتی ئێرانیان داگیرکرد و فێئۆدالەکانی ئەوکات کە زۆربەی شۆڕشگێڕان لەسەر بنچینەی عەشیرەگەریی و دەرەبەگایەتی دامەزرابوون و هەر لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیی عەشیرەگەریی بەشدارییان لەشۆڕشدا دەکرد و هەرکات بەرژەوەندییان لەگەڵ شۆڕشدا نەدەما، دەچوونە پاڵ وڵاتی داگیرکەر، لەهەموو گرینگتر چۆڵکردن و پاشگەزی وڵاتی ڕووسیە و هاوکاری نەکردنی، بوونە کێشە و سەرەکیترین کۆسپ بوون لە بەرانبەر بووژانەوەی فکریەتی نەتەوایەتی و تەمەندرێژیی کۆماری کوردستان، بەڵام دەبێ ئەوەمان بیر نەچێ و نائومێد نەبین لەوەی کە بۆ جارێکی دیکە نەتوانین ببینە خاوەنی کۆمارێکی دێموکراتیک لە ناوچەکەدا!

بۆیە دەبێ هەردەم ئەوەمان لەبیر بێ و گەشبین بین بەوەی تاکوو شۆڕشگێڕان و قووتابییانی ڕێگای سەربەستیی کوردستان هەبن و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جێگیر بێ، بۆ جارێکی دیکە هیوا و هومێدی نوێ دەدەن بە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەبینە خاوەنی ئەو خەونە لەمێژینە کە ٧٠ساڵە خەونی پێوە دەبینین. بەرز و پیرۆزبێ ٢ی ڕێبەندان ساڵیادی کۆمارە بەشکۆ و مەزنەکەی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی جانێوێری ٢٠١٦

# کۆماری کوردستان لە هاوکێشە سیاسییە جیهانیەکاندا



ئازاد کەریمی

ڕۆژنامەی « کوهستان» ژمارەی ١٥، ڕۆژی شەممە ١٤ی جۆزەردانی ١٣٢٤ی هەتاوی، ڕاپۆرتێکی دەستەی چاودێری دەوڵەت (هیئت بازرسی)بڵاودەکاتەوە کە لە بەشێکیدا هاتوە: «کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆیەو شاهنشینێکی کوردی تێیدا دەسەڵاتداری دەکات. ئەنجومەنی وەزیران و هێزی بەرگری تێیدا بەرپاکراوە و ستاندنەوەی کوردستان پێویستی بە دەستێوەردانی سەربازیو نیزامی، خوێنڕژترینو کوشتار، لە ناوبردنی نەیاران و دژبەران و داماڵینی چەکی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە هەیە» (١). دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەرئەنجامی هەموو پەرەسەندنە سیاسییەکانی دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی سەدەی بیستەم بوو. وەرچەرخانە سیاسییەکانی قۆناغی دەسپێکی پاش شەڕی دووهەمی جیهانیو بەدناو بوونی فاشیسم بە ئەزمونی ڕسواو بێ ئاکامی نازیسمی هیتلێریو کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٥ کە بە زیاتر لە کوژرانی ٤٠ ملیۆن مرۆڤ لە ئوروپاو ناوچە جیاوازەکانی جیهانەوەو سەرکەوتنی سۆڤیەتی کۆمۆنیستی بە سەر ئاڵماندا، کۆلۆنیالیسم یان «استعمارگری» ی کلاسیکی خستە ئاویلکەوە. چێرچیل بریتانیای لە ژێر بۆنی باروت، پەردو، وێرانەو جۆگەی خوێندا کردە براوەی شەڕ، بەڵام ئازادیخوازانی موستەعمەراتی پاشایەتی بریتانیا نەیاندەتوانی لەوە زۆرتر «دان بە خۆداگرتن» بکەن بە تاکتیک بۆ دروست کردنی کۆشکی ئازادیی خەیاڵەکانیان لە دنیای ڕاستییەکانی ژیاندا. سۆڤیەت بە پێچەوانەی بریتانیا لای سەرووی ئێرانی چۆڵ نەکرد هەربۆیە بریتانیا کەوتە بزاڤێکی بێوێنەی دیپلۆماتیکەوە بۆ ئەوەی سۆڤیەت بە شێوازێکی کەم تێچوو - لە هەموو بوارێکەوە - لە ئێرانی پەیمانی سێنتۆ (سەعداباد ١٩٣٧) بکاتە دەرەوە. شارەزایانی سیاسی دەزانن بڕیارنامەی سێنتۆ لە ژێر چاودێری بریتانیا لە ساڵی ١٩٣٧ دا بۆ

پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیای کۆلۆنیالیستی(استعماری) لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جیهانی عەرە بی و هێندوستان بە هاوبەشی ئێران، عێراق، تورکیاو ئەفغانستان مۆرکرا... ماخولیای ئێران، تورکیاو عێراق لە بابەتی شۆڕشەکانی کورد کە بە شێوازی دەورەیی‌و ناوبەناو لەوسێ دەوڵەتەدا سەری هەڵئەداو دراوسێ بوونی کورد لە گەڵ قەفقاز کە بەشێک لە قەڵەمڕەوی سۆڤیەت بوو، هەروەها هەبوونی بەشێکی بەرچاوی کورد لە رووسیا وەک دانیشتوو، مەترسی دەستێوەردانی سۆڤیەتی لە دۆزی کورددا بۆ ئەو سێ دەوڵەتە زەق دەکردەوە، هەربۆیە پەنایان بۆ هەموو جۆرە ئامرازێکی ناڕەوا دەبرد کە رەواڵەتی بابەتەکە بگۆڕن بۆ ئەوی کە دۆزی کورد مەترسییە بۆ ئاسایشی ناوچە کە و هەروەها دنیا! هەمووی ئەم شانۆگەریە فێڵبازانەش وەک کارتێکی «پۆکێر» بوو لە قوماری سیاسی نێودەوڵەتی ئەوسەردەمەدا.

بریتانیا لە کاتی شۆڕشەکانی کورد لە لوتکەی دەسەڵاتداری جیهاندا بوو... هەربۆیە هەر بابەتێکی سیاسی‌و گۆڕانکارییەکانی ناوچەیی لە روانگەی بەرژەوەندییەکانی بریتانیاوە خوێندنەوەی بۆ دەکرا کە لە ژێر ئەم مەتەڵۆکەدا لەقاو دەدرایەوە: «هەتاو لە ئێمپراتوریای بریتانیادا ئاوا نابێت»، دیارە مەبەستەکە سەرتاسەری جیهان دەگرێتەوە.

بەهەرحاڵ سۆڤیەت لە دوای شەڕی دووهەم رووی لە گەشە بوو، دروشمەکانی بۆ ئازادی گەلان، گوێگری تامەزرۆی لە دنیادا بۆخۆی پەیدا کردبوو... بریتانیا لە هەمبەر سۆڤیەتدا خۆی بە دۆڕاو دەزانی‌و ئەمریکاش وەک یەکەم براوەی شەڕی دووهەم تازە سەری هەڵدابوو،فەڕانسەش دەوری نەمابوو.

چۆڵ نەکردنی ئێران لە لایەن سۆڤیەتەوە بە گوێرەی دەرهاتەی کونفرانسی تاران (١٩٤٣ز) کە تێدا پێشبینی کرابوو لە دوای لە ناوبردنی هیتلێر دەبێ بریتانیاو سۆڤیەت لە باکوورو باشووری ئێران بچنە دەرەوە وسەرپێچی کردنی سۆڤیەت لە پەیمانی تاران بیانووی دایە دەستی بریتانیاو ئەم دەوڵەتە سکاڵای لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دژ بە سۆڤیەت بەرز کردەوە، کۆماری کوردستان بۆ کوردو ئێران، تورکیا، عێراق یەک مانای هەبوو، یەکەیەکی خودموختار واتە یەک دەوڵەت یان یەک فەرمانڕەوایی نەتەوەیی بە گوێرەی یاسای نێونەتەوەیی(حقوق بین‌الملل) کە ئەم سێ ئایتەمەی لە خۆی دەگرت:

١- توانای دروست کردن‌و چاکسازی لە یاساکاندا بە پێی سیستەمی یاسایی وڵات
٢- دەسەڵاتی سیاسی‌و رەوشتی(اخلاقی) دەوڵەت، لەو رووەوەکە دەسەڵاتی یاسایی لە سنورەکانی خۆیدایە
٣- سەربەخۆیی سیاسی‌و دادوەری(قضایی) کۆمەڵگەیەکی سیاسی‌و رامیاری(٢)

لە راستی‌دا هەرواش بوو، کۆماری کوردستان لە ماوەی نزیک بە یەک ساڵ فەرمانڕەوایی خۆیدا خاوەن «حاکمیت ملی» یان

(فەرمانڕەوایی نەتەوەیی) خۆی بوو... لەوانەیە پێویست نەکات بچینە ناو وردەکاریەکانی هەڵسوکەوتی ئیداریو فەرمانڕەوایانەی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦دا بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بەرەی دژە کورد( ئێران - عێراق - تورکیا) ئەم بابەتە واتە ڕەفتاری سیاسی کۆماری کوردستان بۆچی وەک زەنگی مەترسی بۆ خۆی لە قەڵەم دەدات، لە ڕاستیدا بۆ ئاتاتورک و ڕەزاشاو مەلیک فەیسەڵ بەشداری کردن لە پەیمانی سەعداباد زیاتر لەوەی دەربڕینی هەستی وەفادارنەو نۆکەر سفەتیان بێت بۆ بریتانیا، وەرگرتنی گارانتیەکی گەورەی نێونەتەویی لە سەرووی هەموویەوە بریتانیا واتا زلهێزی جیهان لەو سەردەمەدایە بۆ ئەوەی مەترسیو خەمی گەورەی» دەوڵەتی کوردستان» لە پاڵدەستیاندا بڕەوێنێتەوە کە ناوەندی وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە....

بەهەرحال ئەگەر دەڕوانینە ڕەفتارەکانی دەوڵەتێکی دژبەری کورد وەک تورکیا دەردەکەوێت لە بەرپاکردنی کۆماری کوردستان هەراسان بووە. بەڵگەش ،نامەی» ئیدێن» وەزیری دەرەوەی بریتانیایە بۆ «مۆلۆتۆف» وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت سەبارەت بە گازندەنامەی «حەیدەرئۆکتای» وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆشاژنی بریتانیا لە مەڕ مەبەستەکانی کورد بۆ بەرپاکردنی دەوڵەتی کوردستان هەروەها دەوڵەتی عێراق زۆربە توندی هێرشی کردە سەر شۆڕشی یەکەمی مەلا مستەفای بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣دا لە بەر ئەوەی ئاگای لە جموجۆڵی کوردەکانی ڕۆژهەڵات هەبوو کە دەیانویست چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن لە ڕێگەی بەرپاکردنی کەیانێکی سیاسیەوە کە ڕێکخراوی «ژ. کاف» خەریکە پروپاگەندەی بۆ دەکات و ئەویش بووە بە پێگەی کوردانی ئازادیخواز لە هەموو بەشەکانی کوردستانولە سەروو هەموویانەوە ئێران، دژبەری ڕاستەوخۆی کۆماری کوردستان هەموو هەوڵێکی خستەگەڕ بۆ ئەوەی کۆماری کوردستان لە ناو ببات. هەربۆیە کەوتە سیخوڕی کردن لە کوردستاندا تاکوو خاڵە لاوازەکانی کورد لەو گلو خولەدا بدۆزێتەوەو زەبری جەرگبڕی لێبدات.

شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی سەقز لە ساڵی ١٩٤١دا هەتا دەگاتە هەوڵەکانی بۆداگیرکردنی مەهابادی پایتەختی کۆمار لە دوای پەیمانی گلۆلان لە ساڵی ١٩٤٦دا لە ڕێگەی سەردەشتو سەقزەوە کە شەڕی یەکەمو دووهەمی مامەشاو قاراواو شەڕی مێرەدێ نموونەن بۆ توندوتیژی دەوڵەتی تاران لە دژی کۆماری کوردستان.

دیارە بریتانیاو سۆڤیەت گەمەی خۆیان دەکرد لە گۆڕەپانی سیاسەتی نەفتی جیهانیداو هەم کۆماری کوردستانو هەم دەسەڵاتەکانی دژبەری کۆماریان بەیەک چاو دەبینی، بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو بەرژەوەندیەکانی کورد نەدەچووە خانەی دابینکردنی بەرژەوەندیەکانی بریتانیاو سۆڤیەتەوە، هەرچەند لە سەرەتادا وادەردەکەوت سۆڤیەت لە بەدیهێنانی دروشمەکانیدا ڕەوشت بەرزی دەپارێزێت، بەڵام لە دواییدا دەردەکەوت گرێبەستی نەوتی دەریای قەزوین ناسراو بە» گێس-گوڵشاییان» هەمان هاتو هاواری بریتانیایە بۆ دابین کردنی بەرژەوەندیە نەتەوەیەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە

کوردستان بەشێک لەو نەوتەی لە ژێر خاکەکەیدا هەبوو. بەڵام بۆچی کوردستان وەک دەوڵەتێکی خاوەن بەرژەوەندی دەسکەوتێکی بۆ وەدینەهاتو تەنانەت دەسەڵاتەکەشی کۆتایی پێهات؟ یەک وڵام ڕوونو ئاشکرایە، نەبوونی پێگەی دیپلۆماسی لەفەرهەنگی سیاسی جیهانی سەدەی بیستەمدا... ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی کورد لە سەدەکانی پێشوودا،کورد هیچکات وەک یەکەیەکی سیاسی نێونەتەوەیی لە گۆڕەپانی ڕووداوەکانی جیهاندا دەرنەکەوتبوو... ڕاستە میرانی کورد فەرمانڕەوای هەرێمە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بوون، بەڵام هیچکات وەک دەوڵەت لە گۆڕەپانی سیاسەتی جیهانی سەدەکانی دوای ڕۆنێسانسدا دەرنەکەوتبوون. ئەوە لە کاتێکدا بوو سەفەوی، قاجاروعوسمانی لە گەڵ ڕۆژدا سیاسەتیان دەکردو بنکەی ئیداری نەتەوەیی خۆیان لە جیهانی سیاسەتدا دەپاراست.

بەهەرحاڵ کورد لە کۆماری کوردستاندا بەختی خۆی تاقی کردوە و ئەزمونێکی هەرچەند کەم ماوەی پێشکەشی جیهانی سیاسەت و فەرهەنگی یاسای نێودەوڵەتی کرد، هەرچەندە لە تەوەژمی ڕکابەریو بەرانبەرەکێی سیاسی زلهێزەکاندا لە ناوچوو، هەروەها دەوڵەتانی دژبەری بەم ڕوخاندنە شادو بەختەوەر بوون، بەڵام ڕاپۆرتی «هەیئەت بازرسی» یەک ڕاستی دەدرکێنێ: لە ناوبردنی کوردو داگیرکردنی کوردستان تێچووی زۆری دەبێتو ئەگەر دەوڵەتانی نەیاری دۆزی کورد بیانهەوێت کورد لە ناو ببەن دەبێ لە مانەوەی خۆیان لە گۆڕەپانەکەدا ماندوو بووبێتنو دەستیان لە خۆیان داشۆردبێت... ئەزمونەکانی ساڵانی دواتر ئەم ڕاستیەی بۆ ئێرانییەکان دەرخست دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانەخراویەو بە دانەخراوەیی دەمێنێتەوە...

**ژێدەرەکان:**


١- قاضی محمد و جمهوری درآینەی اسناد - بهزاد خوشحالی، چاپ یکم، فردوسی، همدان ١٣٨٠ ص ٢٧٥

٢- دانشنامەی سیاسی (فرهنگ اصطلاحات و مکتبهای سیاسی) داریوش آشوری، چاپ چهاردهم انتشارات مروارید ١٣٨٦ تهران

٣- جمهوری کوردستان - حامد گەوهری، چاپی یەکەم، ٢٠١٣، چاپخانەی شهاب، اربیل، مترجم حسن ماورانی، ص٤٧


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی فیبریوێری ٢٠١٥

# با هەموو رۆژێ پەیامی ٢ی ڕێبەندانمان لەبیر بێ



ئاهۆ زێتا

نەتەوە سەربەستەکانی جیهان لە ڕەوتی مێژوویی دەرکەوتن و گەشەسەندنی خۆیاندا رۆژی رووداوگەلی چارەنووسساز و جێی شانازیی خۆیان وەک هێمای ناسنامە و هەرمانی سیاسی و کەلتوورییان دەستنیشان دەکەن و یادیان دەکەنەوە. نەتەوەی کورد سەرەڕای خەبات و بەرخۆدانی چەند سەدەیی خۆی هێشتا بەو ئازادیە نەگەیشتووە کە شایانییەتی و رۆڵەکانی خەونی پێوە دەبینن، بەڵام سەرتاسەری مێژووەکەی پڕە لەرووداوی گرینگ و پڕ بایەخ، چ کارەساتەکان، چ سەرکەوتنەکان، کە هەموویان پێکەوە تۆماری دیرۆکی هەستانە سەر پێ و هەنگاونانی ئازادیخوازانەی وی پێک دێنن.

لەنێو هەمووی ئەو رووداوانەدا بیرەوەریی رۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٢ ی ژانویەی ١٩٤٦ جێگایەکی تایبەتی و دیارتری لە مێژووی نوێی کورددا هەیە. لەو رۆژەدا بە ڕابەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەسەر دەستی بەتوانای پێشەوای کوردان، قازی محەممەد یەکەمین و تاقانە کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد راگەیاندرا کە سەرەڕای سنووردار بوونی لەبواری زەمانی و مەکانی و بەرهەم و دەسکەوتەکانییەوە، لە رووی زێهنی و سەمبوول و بەهاوە جێگایەکی بێهاوتا مەزنی لە مێژووی بزاڤی کوردی و لە هەست و نەستی نەوە یەک لەدوای یەکەکانی نیشتمانپەروەرانی کورددا بەجێ هێشتووە.

ئەمڕۆ سەرەڕای بوونی باس و خواسی جۆربەجۆر سەبارەت بە رەهەندە سیاسی و حقووقیەکانی ئەزموونی کۆماری

کوردستان، بیرەوەریی ئەم کۆمارە بە وێنەی بورجی چرا لە شەوگاری چارەنووسی سەخت و نائاسوودەی رۆڵەکانی سەرجەم پارچەکانی کوردستاندا تیشکان داوێ. بە چەشنێک کە ئەگەرچی کورد هێشتا لە کیانی خۆی بێبەشە هەتا نیهادە دێموکراتیکەکانی ئەو کیانە رۆژێکی نەتەوەیی بۆ وهڵاتی خۆیان دیاری بکەن، بەڵام لە راستیدا هیچ رووداوێک بارتەقای رووداوی پیرۆزی ٢ی رێبەندان لە سۆزی وەتەندۆستی و بیری ئازادیخوازانەی کوردەکاندا ئەوان لە دەوری خۆی کۆ ناکاتەوە.

هۆکارەکانی ئەم جێگا تایبەتییە کە بە کۆماری کوردستان بەخشراوە فرەن و زۆربەشیان پێوەندییان بە خەسڵەتە زاتییەکانی ئەم کۆمارەوە هەیە. دامەزرانی کۆماری کوردستان پێش هەموو شتێک بە مانای وەدیهێنانی ئامانجێکی دێرین لە بەرگێکی مۆدێرندا بوو.

راگەیاندنی کۆمار و خستنە سەرپێی دامودەزگاکانی کۆمار نوێنگەی ئازایەتی و باوەڕبەخۆیی رۆڵەکانی کورد بۆ خۆسەلماندنی رەسمیی ئەم گەلە وەک گەلێکی سەربەست بوو. ئەمە هەر لەو کاتەدا نیشانەی هوشیاریی سیاسی و ئاوەزی بەڕۆژی رێبەرانی ئەم پرۆژە بەرهەقە نەتەوایەتییەش بوو چونکە ئەوان بەم هەنگاوە مەزنەی خۆیان دەیانویست نیازێکی رەوای گەلی لە رێگای سەردەمییانەترین و مەدەنییانەترین شکڵ و شێوەی خۆ ناساندنی سیاسیی بەکۆمەڵەوە پراکتیزە بکەن.

لەلایەکی دیکەوە کۆماری کوردستان هەڵگری زۆر پەیام و پرەنسیپ بوو کە سەرەڕای تەمەنی کورتی کۆمار لە دووتوێی دەسکەوتەکانیدا خۆیان دەرخست و دواتریش وەک کۆمەڵێک ئیدئال بۆ بزوتنەوەی کورد بە یادگار مانەوە. دەربڕینی راست و رەوای مەوجوودییەتی سیاسیی کورد و بەرز کردنەوەی مافە نەتەوایەتییە رەواکانی، کەڵک وەرگرتن لە هەر چەشنە دەرفەتێکی راستەقینە بۆ گەیشتن بەو مافانە، نەهادینە کردنی پێناسە کەلتوورییەکانی کورد، برایەتی و ئاشتیخوازی، پەرەپێدانی کۆمەڵگایەکی کراوە کە لەودا رێز لە ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ دەگیرێ، دووری لە دۆگماتیسم و دەمارگرژی و... هتد تەنیا چەند نموونە لەو ئیدئالانەن. لە سەرووی هەمووی ئەمانەشەوە دەکرێ بڵێین کە گرینگترین پەیامی کۆماری کوردستان یەکێتی و یەکگرتوویی گەلەکەمانە. ئەگەرچی بناخەی کۆشکی ئاواتەکانی کۆمار لە تەنیا پارچەیەکی کوردستان و لەسەر تەنیا بەشێکی خاکی ئەو پارچەیەش بنیات نرابوو، بەڵام بەهەق کۆمار ماڵی هەموو ئەو کوردە دڵسۆزانە بوو کە بەسەر سنوورەکاندا روویان تێ کردبوو و زۆر سەرداری کوردی پارچەی دیکەی کوردستانیش لەخەتی پێشەوەی دامودەزگاکانیدا خۆبەخشییان دەکرد.


ئەمڕۆ پاش تێپەڕینی نزیک بە حەوت دەهە بەسەر راگەیاندنی کۆماری کوردستاندا و سەرەڕای زۆر دەسکەوتی گەورە کە

گەلەکەمان بە نسیبی خۆی کردووە، بەداخەوە هێشتا ئامانجەکانی کۆمار بەو کاکڵ و بەربڵاوییە کە شیاوی گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی جیهانە وەدی نەهاتوون. بەڵام لە تەواوی ئەو ماوەیەدا مەشخەڵی کۆمار نەک هەر هیچ کاتێک نەکووژاوەتەوە، بەڵکوو رۆژ بە رۆژ زیاتر لە گەشانەوەدا بووە. بەو حاڵەش کەمترین شتێک کە جێی خۆی بێ دانی پێدا بنرێ ئەوەیە کە گرینگترین پەیامی کۆمار کە هەروەک لە وەسیەتنامەی پێشەوای نەمریشدا هاتووە یەکبوونی کوردە بەو جۆرەی دەبێ رەچاو نەکراوە.

ئەگەر بەخۆشییەوە گرژییەکانی رابردووی نێو بزوتنەوەی کورد کۆتاییان پێ هاتووە، بەڵام کارکردی پۆزەتیڤی هەمەلاگیر بۆ یەکێتی و هاوپێوەندی لەنێو بزوتنەوەی کورددا هێشتا لاوازە. کارکردی پۆزەتیڤ لە ئاستی بزوتنەوەی کورددا بە گشتی ئەوە دەخوازێ کە ئێلیتی کوردی رێکارەکانی پاراستن و پەرەپێدانی رووحی نەتەوەیی لەنێو کوردی هەموو پارچەکانی کوردستاندا بدۆزێتەوە و کاری پێ بکا. گەشەپێدانی رووحی نەتەوەییش بەو مانایە کە پێشڕەوانی خەبات بۆ ئازادیی کورد وێڕای رەچاوکردنی دۆخی تایبەتیی هەرپارچەیەکی کوردستان و رێزگرتن لە ستراتژیی سیاسیی کورد لە هەرکام لە وڵاتانی کوردنشیندا، پێویستە لەسەر کۆمەڵێک ئیدئالی درێژخایەن سەبارەت بە پێوەندییە نێوخۆییەکانی تەڤگەری کورد رێک بکەون. هەر لەو کاتەشدا هاوئاهەنگ و ئاگا هەم کەسایەتیی یەکگرتووی کوردی بەهێز بکەن، هەم بە رووی دنیای دەرەوەشدا زمان و مێکانیزمی هاوبەش بۆ بردنە پێشی مەسەلەی کورد لە تەواوەتیی خۆیدا بگرنە بەر.
ئاشکرایە کە ئەو پەیامەی کۆمار بۆ یەکبوون ئەمڕۆ بۆ هێزو لایەنەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چەند قات مانا بە خۆیەوە دەگرێ، چونکە نەک هەر رۆژهەڵاتی کوردستان لانکەی کۆماری کوردستان بووە، بەڵکوو بەداخەوە ئەمڕۆ هێزو لایەنەکانی ئەم بەشە لە کوردستان هێشتا لە حاڵی لێک دابڕان و پەرش و بڵاویدان، لە حاڵێکدا ریسالەتی مێژوویی ئازادیخوازانی کورد و رەوتی ئاڵوگۆڕەکانی جیهان و ناوچە و پێشکەوتنی کۆمەڵگاش زەروورەتی هەڵێنانەوەی هەنگاوی جیددی لە بواری هاوکاری و هاودەستیی نەهادینەکراو و هەمەلاگیر زیاتر لە رابردوو زەق دەکەنەوە.
با لە کاتێکدا کە ئومێد و چاوەڕوانییەکی زۆر لەنێو دڵ و دەروونی خەڵکی کوردستاندا و لەلای دۆستان و دڵسۆزانی جوڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆ ئەم یەکێتی و برایەتییە بەتایبەتی لە سۆنگەی لێک نزیکبوونەوە و سەرەنجام یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان دروست بووە، هەموو لایەک بەرپرسیارانە و شێلگیرانە لە پەیامەکانی کۆماری کوردستان بفکرن و ئەو رووحی یەکدڵی و لەخۆبوردووییە کە رێبەرانی کۆمار و لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوای نەمر کۆماریان پێ دامەزراند و خۆیان بۆ بەخت کرد، بکەنە سەرمەشق و ئیلهامبەخشی کاروکردەوەی جیددی و سادقانەیان لە پێناو یەکتر قبووڵ کردن و یەکخستنەوەی نێوماڵی کورد بەگشتی و رێزەکانی حیزبی دێموکڕاتی مێژوویی بەتایبەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٥ی جانێوێری ٢٠١٥

# کۆمەڵناسیی پێکهاتنی کۆماری کوردستان



**ئارەش لۆرستانی**

**ئاڵەشین کردوویەتە کوردی**

ئەگەر بڕوانینە جیهانی مودێرن، پێکهاتنی پارتی سیاسی و بەدوای ئەویشدا دامەزرانی دیموکراسی بە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی مودێرن دەژمێردرێن. کەواتە ئەگەر بمانەوێ لە مێژووی کورددا لەو تایبەتمەندییانە بڕوانین و بەدوای یەکەم پارتی سیاسی مودێرنەوە بین کە توانای دامەزراندنی دیموکراسی هەبووە، ئەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان خاڵی دەسپێکی پرۆسەی مودێرنیتەی نەتەوە کوردە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ دامەزراو تەنیا ١٥٩ڕۆژ دوای ئەویش کۆماری کوردستان رادەگەیەنێ. پێشەوا قازی محەمەد سەرکۆماری کوردستان لە وتووێژێکدا دەگەڵ بەرپرسانی رۆژنامەکانی تاراندا (ژمارەکانی ١ و ٢ی رۆژنامەی کوردستان، رێکەوتی ٢٠ی رێبەندانی ١٣٢٤) دەڵێ: «ئێمە ٤ ساڵ خۆبەڕێوەبەری نێوخۆیی خۆمان هەیە» و سەید محەمەد حەمیدی سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستانیش لە سەروتاری ژمارە ١ی رۆژنامەی کوردستاندا لە ژێر سەردێری «ئامانجی ئێمە»دا دەنووسێ: «دوای خەرمانانی ١٣٢٠ و دەست لەکار کێشانەوەی رەزاشا توانیمان خۆمان ئیدارەی ناوچەکەمان بگرینە دەست و خۆبەڕێوەبەری نێوخۆیی پێک بێنین».

هەروەها لە ژمارەی ٣ی رۆژنامەی کوردستاندا عەلی خەسرەوی بەرپرسی چاپەمەنی رۆژنامەی کوردستان لە سەروتاری

«کورد بۆ راپەڕی؟» دا ئاماژە بەوە دەکا کە ستەمی رەزاشا بوو بەهۆی ئەوەی دوای لابردنی ئەو، بتوانین کاروبارەکانی خۆمان، خۆمان رایان پەڕێنین.» بەگوێرەی بەڵگەو دێکۆمێنتەکان روون و ئاشکرایە دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بە دوای ئەویشدا دامەزرانی کۆماری کورستان بەرهەمی تێکۆشانی چەندین ساڵەی ئەندامانی دامەزرێنەری حیزبی دیموکرات و بەشداریی کۆمەڵایەتی خەڵک بووە کە پاش دەست لەکار کێشانەوەی رەزاشا، چالاکانی کورد بۆشایی هێزیان قۆستۆتەوە و تا ئەو جێیەی بۆیان کراوە کۆمەڵگەی کوردستانیان بەرەو سەروەری نەتەوەیی کورد بردۆتە پێش و ئەگەر ئەم دەرفەتەش نەڕەخسابوایە؛ بە بێشک ئەم چەشنە چالاکی و هاوکارییانە لە شوێنێکو زەمەنێکی دیکەی مێژوودا سەریان هەڵدەدا، چونکی ئەو چالاکییانە لەسەر بنەمای شوناس‌خوازی و بەدەستهێنانی مافی رەوای دیاریکردنی چارەنووسی کوردو لە سەر بەستێنی خەباتی ئەو گەلە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان کە لەمێژبوو چەکەرەی کردبوو، شین ببۆوە.

خاڵێکی گرنگی دیکە بەگوێرەی ئەم بەلگانە، دەورو رۆڵی کاریگەریی کۆمەڵەی ژێکافە (٢٥ی خەرمانانی ١٣٢١ دامەزراوە) لەسەر دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان وکۆماری کوردستانە؛ چونکی زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا خاوەن پلەو پێگەی بەرزن و، لە ئاستێکی ریئاڵتردا سەرقاڵی پێشخستنی ئامانجە سیاسییەکانن. کەواتە کۆمەڵەی ژێکاف هیچ کات پێکهاتەیەکی هزری نەبووە و هۆکارێکی گرنگی پراکتیکی‌یە کە بەستێنی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ دامەزرانی حیزبی دیموکرات و راگەیاندنی کۆماری کوردستان خۆش کردوە.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە لە لایەن نەیاران و هەندێک لە راڤەکارانی کۆماری کوردستانەوە دێتە بەرباس، سەفەری قازی محەممەد بۆ باکوو، دیتنی باقرۆڤە. زۆربەی ئەو نەیارو شرۆڤەکارانەی بەهۆی حەساسییەتە مێژوویيەکانی خۆیان سەبارەت بە یەکیەتی سۆڤییەت و بەرەی رۆژهەڵات، هەر چەشنە چاوپێکەوتن و پێوەندی و دانوستانێک دەگەڵ ئەو بلۆکە بەتوندی دەدەنە بەر پلارو بتەوێ و نەتەوێ راستییەکان دەشێوێن و خەوشداری دەکەن. ئەگەر هەندێک بە ویژدان بین، دەبێ بڵێین نەتەوەیەک کە کەوتۆتە سنووری دەسڕۆیشتوویی یەکیەتی سۆڤیەتەوە، ئەویش لەو سەردەمەدا کە یەکێک لە دوو زلهێزە سەرەکییەکانی جیهان بوو، ناچار بوو پێوەندی و دانوستانی دەگەڵی هەبێ، چونکی سۆڤیەت بەڕواڵەت بەرگری مافی نەتەوە بەش‌خوراو و ژێردەستەکان دەکرد، کەچی وڵاتانی بەرەی رۆژاوا بەپێچەوانەی بلۆکی رۆژهەڵات، فاکتەری هاتنە سەرکاری رەزاشا بوون و هەروەها سیاسەتەکەیان لە پەیمانی لۆزاندا بەڕوونی نیشانی دا، نەتەوەی کورد ناتوانێ متمانەیان پێ بکا. خاڵێکی بەرچاوی دیکەی ئەو سەردەمە پێڕەوی‌نەکردنی قازی محەممەد و خەباتگێڕانی کوردە لە گەڵاڵە و پلانەکانی باقرۆڤ لەسەر تێکەڵ بوون و چوونە ریزی بزووتنەوەی ئازەربایجانە.

ژمارەی ٣ی رۆژنامەی کوردستان، سەروتاری «کورد بۆ راپەڕی» و هەروەها ژمارەی ١١ی رۆژنامەی کوردستان، سەروتاری

«یەکێتیمان بە ئامانجەکانمان دەگەیەنێ»؛ بەڕوونی دەریدەخا کۆماری کوردستان لەسەر بنەمای ئەو مافانە پێک هاتوە کە لە جاڕنامەی ئاتلانتیک (جاڕنامەی ئاتلانتیک ناوی راگەیەنراوێکی هاوبەشی وینستۆن چرچیل و فرانکلین رۆزڤێلتە، کە مانگی ئوتی ١٩٤١ بڵاوکرایەوە. ناوی ئەو جاڕنامەیە ئاماژەیە بە زەریای ئەتلەس «ئاتلانتیک». دانوستانە نهێنییەکانی ئەو راگەیەنراوە لە پاپۆری هێزی دەریایی ئەمریکادا بەناوی گۆستاو لە کەنارەکانی نیوفانلەند کرا. پاش بڵاوبوونەوەی، جاڕنامەی ئاتلانتیک لە کۆنفرانسی رێککەوتووان (متفقین) و بە بەشداری بلژیک، چێکوسلڤاکی، یونان، لۆکزامبورگ، هولەند، یەکیەتی سۆڤیەت، یۆگۆسلاڤی و نوێنەری ژێنراڵ دۆگۆڵ کە نوێنەرایەتی فەڕەنسای ئازادی دەکرد، پەسند کرا. ئەم جاڕنامەیە دواتر لە ژانویەی ١٩٤٢دا بە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان پەرەی پێدرا) بۆ هەموو نەتەوەکان لەبەر چاو گیراوە. کەواتە تاوانبارکردنی کۆماری کوردستان بەوەی کە بە شوێنکەوتووی یەکیەتی سۆڤیەت و ئەویش لە کاتێکدا زۆربەی جیهان و بەتایبەت رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە سەر دوو بەرەی رۆژاواو رۆژهەڵاتدا دابەش ببوو، ئیدیعایەکی بێ بنەما و ناژیرانەیە.

یەکێکی دیکە لە گرنگترین هۆکارەکانی دامەزرانی حیزبی دیموکرات و راگەیاندنی کۆماری کوردستان، هەلومەرجی مێژووی، سیاسی و کۆمەڵناسییانەی نەتەوەی کوردە، کە لەهەر چوار بەشی کوردستان رووبەڕووی ببۆوە. راگەیاندنی دەوڵەت - نەتەوەی یەکگرتوو لە لایەن رەزاشاو ئاتاتورکەوە و پەڕێنەوەی سیاسی - کۆمەڵایەتی ئێران و تورکیە لە قۆناخی دەرەبەگایەتییەوە (ئاغاو رەعیەتی) بۆ فۆرمێکی نوێی سیاسی، ئابووریو فەرهەنگی کە هەوڵی یەکدەست کردنی ئەو وڵاتانە لەپێناو دروستکردنی یەک دەوڵەت و یەک نەتەوەی دەدا، گەلی کوردی خستبووە تەنگانەوە، کە ئەو گەلەش دەبووا بۆ درێژەدان بە خەباتی نەتەوەیی خۆی و لەپێناو بەرگری لە شوناس و بەرژەوەندییەکانی، حیزبی دیموکراتی کوردستانی وەک یەکەم حیزبی مودێرنی کوردی و گونجاو دەگەڵ هەلومەرجی نوێ جیهانی دامەزراندبایەو، پاشانیش راگەیاندنی کۆماری کوردستان باشترین ئامراز بوو کە جگە لە متمانەبەخۆیی کۆمەڵایەتی، ناسیۆنالیزمی مودێرنی کوردی رۆدەچووانده ناخی کۆمەڵگەی کوردی و نێو هەموو چین و توێژەکانی. تێگەیشتن لە ژیرایەتی ئەم ئیدەیە زۆر سوک و ئاسانە، چونکی دەبینین پاش رووخانی کۆماری کوردستان فۆرمی نوێێ ناسیۆنالیزمی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە دامەزراندنی پارتی سیاسی مودێرن کە حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرچەشنیان بووە، دەسبەجێ و بەگوێرەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەر کام لە پارچەکان پەرە دەستێنن.

لە کۆتاییدا تەنیا سێ خاڵ وەک سەردێر ئاماژەیان پێدەکەم، چونکی ئەم خاڵانە رێگە بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی وردتر لەسەر کۆماری کوردستان خۆش دەکەن.

١- رۆژنامەی کوردستان لە دەسپێکی بڵاوبوونەوەیەوە هەتا رووخانی کۆماری کوردستان ٩٢ ژمارەی لێ دەردەچێ. ژمارەی ١ تا ٦ بەر لە راگەیاندنی کۆماری کوردستان دەرچووەو هەڵوێستی فەرمی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەردەخا، بەڵام لە ژمارەی ٧ تا ٩٢ ئۆرگانێکی فەرمییە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی کۆماری کوردستان.

٢- بەگوێرەی بەڵگەکانی رۆژنامەی کوردستان بەکارهێنانی وشەی «کۆماری کوردستان» دروستە و، وتنی کۆماری مهاباد چەواشەی مێژووە.

٣- لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد وەک سەرکۆماری کوردستان یەکێکە لە خاڵە وەرچەرخانەکانی کۆماری کوردستان. شەهیدبوونی پیشەوا قازی محەمەد فۆرم و نێوەرۆکی کۆمار و بزووتنەوە گشتگیر دەکا، کە بۆ راڤەکاران و هێزە سیاسییەکان و هەروەها نەوەکانی دوای کۆماری کوردستان بە هیچ جۆرێک جێگەی پشتگوێ خستن نییە. چونکی لەسێدارەدانی پیشەوا یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی وشیاری کۆمەڵایەتی و هەستی بەرپرسیارێتی نەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٥

---

# کۆماری کوردستان مۆدێلێک بۆ هەموو سەردەمەکان



سامان فەقێ نەبی


دامەزرانی کۆماری کوردستان لەنزیک بە ٧ دەیە پێش ئێستا، بە درەوشاوەترین قۆناخی مێژووی هاوچەرخی خەباتی رزگاریی خوازیی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەژمار دەکرێ و تایبەتمەندییەکانی ئەم مۆدێلە لە دەسەڵاتداریی کورد هەتا ئێستاش جێگای هەڵوێستە لەسەر کردنە. لە گۆشەنیگای نەتەوەییەوە تاکوو هەنووکەش کۆماری کوردستان بە نوێنگەی هاوپێوەندی میللی کورد لە ئاستی کوردستانی گەورە و هێمایەک بۆ هاوخەباتی و هاوچارەنووسی نەتەوەی کورد لە سەرجەم پارچەکانی کوردستاندا لەقەڵەم دەدرێ.

ئەزموونی کۆماری کوردستان وانەیەکە بۆ سەلماندنی پێوەندی ئۆرگانیکی پارچەکانی کوردستان لەگەڵ یەکتر و لێک گرێدراویی چارەنووسی پرسی کوردان بە یەکترەوە. وانەیەک کە لە سەردەمی ئێستادا بەهۆی هەوڵ و پیلانی بەردەوامی داگیرکەرانی کوردستان بۆ لێکدابڕانی پارچەکانی کوردستان لە یەکتر و بە میکانیکی کردنی پێوەندی نێوان بەشەکانی کوردستان لە پەراوێز خراوە. روون و ئاشکرایە کە کۆماری کوردستان ستاتۆیەکی مۆدێرن بوو کە تێیدا کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان وەک پیرۆزییەکی میللی سەیریان دەکرد و راستەوخۆش لەپێناوی پاراستنی دەسکەوتەکانی تێدەکۆشان، تەنانەت لە چوارچێوەی جوغرافییای کۆماریشدا هیچکات کوردی پارچەکانی تر وەک میوان یان پەنابەر لەقەڵەم نەدەدران، بەڵکوو لە بەرێوەبەری سیستمی ئیداری و نیزامی کۆماریشدا بەشدارییان پێدەکرا. لە نێوئاخنی سەجەم بەڵگەنامە فەرمییەکان و بڵاوکراوەکانی کۆماری کوردستاندا، هزری نەتەوەیی و هاوخەباتی و هاوپێوەندی کورد لە ئاستی کوردستانی گەورە دا برەوی پێدراوە و ئەم ئەسڵە سەرەکییە وەکوو بەهایەکی نەتەوەیی هەرگیز قوربانی مەسڵەحەت و

بەرژەوەندیی کۆمار نەکراوە. وانەیەکی تری ئەزموونی کۆماری کوردستان لە چۆنێتی دامەزراندنی دا خۆی دەردەخا. لە راستییدا راگەیاندنی کۆمار بەرهەمی گرێدانی هەلومەرجی ناوچەیی و هاوکات هۆشیاریی و ئاوەزمەندی رێبەرانی کۆمار و لە سەرووی هەمووان، پێشەوای نەمر، قازی محەممەد، بوو. حاشا هەڵنەگرە کە کۆماری کوردستان لە ئاکامی پێداگریی ودەستپێشخەریی پێشەوای مەزن دا هاتە ئاراوە و لەو رێگایەوە وەکوو ئەمری واقع لە لایەن حکوومەتی میللی ئازەربایجان و یەکییەتی سۆڤییەتەوە بە فەرمی ناسرا. بە واتایەکی تر لەو قۆناخەدا بژاردەی کورد بە گشتی و پێشەوای نەمر بە تایبەتی، چیتر وەکوو بینەر و فاکتەرێکی بێ هەڵوێست مامەلەیان لەگەڵ روداوەکاندا نەکرد و بە پێچەوانە وەک ئەکتەرێکی خاوەن پلان و ئامانج لە وزە و پتانسێلی نەتەوەکەیان کەڵکیان وەرگرت. لە فەرهەنگی سیاسی پێشوا قازی محەممەد و بژاردە و روناکبیرانی سەردەمی کۆماردا، پاشکۆبوون واتای خۆی لەدەست دەدا و ئەمجارە کەسایەتی کورد ئەسلی سەربەخۆیی بریاردان دەکاتە رێبازی خەبات. بەو پێیە کۆماری کوردستان بەرهەمی خولقاندنی دەرفەتێک بوو کە پێشتر لە هزر و ئەندێشەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف دا ئامادەکاری بۆ دەکرا و دواتر لە لایەن پێشەوا قازی محەممەدەوە بەستێن سازی بۆ کرا. بەڵام لە قۆناخی هەنووکەیشدا چارەسەری گرفت و ئاریشەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان لە گرەوی گەڕانەوە بۆ نۆرم و بەهاکانی کۆماری کوردستان و وانەکانی ئەو ئەزموونە درەوشاوەیەدا دەدۆزرێتەوە. لە قامووسی کۆمار دا، پاوانخوازی و هێژمۆنی تەڵەبی لایەنێک یان بیرۆکەیەک واتای نەبوو. "پارچەگەرای"ی و لە ئاستێکی بچووکتر "ناوچەگەرایی" بوونی نەبوو، تاکرەویی و خۆسەپاندن بێ واتا بوو، بەڵکوو ئەوەی بایەخی پێدەدرا بریتی بوو لە گەشە پێدان بە ناسیونالیزمی کوردی بە مانا گشتگیرەکەی، ئەرزشێک کە ئێستا تا رادەیەک نامۆیە بە خەباتی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێویری ٢٠١٥

# هەڵوێستەیەک لەسەر ناوی کۆماری کوردستان



**عومەر باڵەکی**

"دەوڵەتی جمهوری کوردستان" ناوی تەواوی ئەو دەسەڵاتە سیاسییە کە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی ١٩٤٥ی زاینی لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا. ئەگەرچی تەمەنی ئەو دەوڵەتە کەم بووو تەنیا یازدە مانگی دەوام هەبوو، بەڵام دەسکەوتەکانی ئەوەندە گەورەو گرینگ بوون کە دوای هەرسهێنانیشی کاریگەری وای لە دوای خۆی بەجهێشت کە لەسەردەمی ئێستاداو دوای تێپەڕبوونی نزیک بە ٧٠ ساڵ ئەو کاریگەرییە بە روخساری بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورددا هەر دەبیندرێ کە ئەوە شانازییەکە بۆ پێکهێنەرانی کۆماری کوردستان. بەتایبەتی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ئەو حیزبە توانیویەتی ئەو دەرفەتە کە بە هۆی شەڕی جیهانییەوەو رەقابەتی زلهێزەکانی ئەو کات لەگەڵ یەکتر پێک هاتبوو بەباشی بقۆزێتەوەو لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان دا بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان یەکیەتی نەتەوەیی کورد بە گوێی ئەو زلهێزانە بگەیەنێ و لەو سەردەمدا بۆ جارێکی دیکەش ئەوە بسەلمێنێ کە کوردیش نەتەوەیەو مافی خۆیەتی وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان بەسەربەستی بژی.

بەو کورتە پێشەکییەوە دەمانهەوێ بە کورتی لەو مەسەلەیە بدوێین کە گەلێک جار لەلایەن هێندێک لە نووسەران و ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیەنە گشتییەکان لە نووسین و ئاخاوتنی خۆیاندا غەدرێکی گەورە لە پێشدا لە کۆماری کوردستان و لە دوایەدا لە مێژووی کورد دەکەن؛ ئەویش بە هەڵە ناوهێنانی "کۆماری کوردستان"ە بە "کۆماری مەهاباد" یان هەر دەستەواژەی دیکە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە زۆربەی نەتەوە باڵادەستەکانی دنیای ئێستا لە چیرۆک و ئەفسانەدا مێژوو بۆ خۆیان دروست دەکەن و هەوڵیش دەدەن کە نەوەکانی داهاتوویان شانازی بە رابردوویانەوە بکەن بەڵام ئیمەی کورد یا بە دەستی خۆمان

مێژوو دەشێوێنین یان ئەگەر دژبەرو بێگانەش شێواندی بەسەری دا تێپەڕ دەبین..

ناوهێنانی کۆماری کوردستان بە "کۆماری مەهاباد" یان دانانی هەر پێشگر یان پاشگرێک بۆ ئەو ناوە دەچێتە خانەی شێواندنی مێژوو. مێژوویەک کە زۆر لە ئێستای ئێمە دوور نەکەوتۆتەوەو ئەگەر وایە پێویستە هەوڵ بدەین نەهێڵین وا بە ئاسانی دەستی تێوەربدرێ و پرسیار لە سەر ماهییەتی سازبکرێ. ئەو جۆرە نووسین و لێدوانانە لە حاڵێک دایە کە بە خۆشییەوە بەشێک لە بەڵگەو ئەسنادو بە تایبەتی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان بەهیمەتی نیشتمانپەروەران کۆ کراوەتەوەو سەرلەنوێ چاپ و بڵاو بوونەتەوە، کاتێک لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستان کە زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووەو موتاڵای دەکەین لە هیچ لاپەڕو ستوونێکدا باس لە "کۆماری مەهاباد" ناکا، بەڵکوو باس لە "دەوڵەتی جمهوری کوردستان" دەکاو ئەگەر چاویش بە پێکهاتەی کۆمار لەبواری بەشداری خەڵکەوەدا دەخشێنین دەبینین بەشداری خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە ڕادەیەک دیارو بەرچاوە کە خۆی دەرخەری ئەو ڕاستییە کە ئەو دەسەڵاتە سیاسییە لەو بەشەی کوردستان کە لە سەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتووە هەموو لایەک لەهەر شوێنێک و لەهەر پارچەیەکی کوردستان بن بە ئی خۆیان زانیوەو ئەگەر ئەو کۆمارە کوردستانی نەبوایە ڕەنگە هەر وەک میرنشینەکانی پێشووی کوردی بەسەر هاتبایەو بێجگە لە خەڵکی ناوچەکە کەسی دیکە بەشداری کۆماری نەکردبایە.

هەر وەکی پێشتر باسمان کرد لە هێندێک نووسراوو ئاخاوتن لە راگەیەنە گشتییەکاندا ناوی کۆماری کوردستان بە هەڵە بە کۆماری مەهاباد ناو دەبردرێ کە ئەگەر لە زمان یا قەڵەمی کەسێکی بێگانە ڕۆژنامەوانی ڕۆژئاوایی بگوترێ یا بنووسرێ کە ئەو کات سەردانی مەهابادیان کردوە ڕەنگە زۆر سەیر نەبێ، چونکە ئەو کەسە ڕەنگبێ وەک ڕۆژنامەنووسێک بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە مەهاباد مابێتەوەو ئەوی دیتوویەتی نەقڵی کردۆتەوەو لەو جۆرە باسکردنەشدا رەنگە نیەتی خراپی نەبووبێ و ئەگەر لە زمان و نووسینی نەیارو دوژمنیش ناوی کۆماری کوردستان بچووک بکرێتەوەو بەناوی کۆماری مەهاباد ناوی ببردرێ دیسان جێی سەرسوڕمان نیە، چونکە دوژمن دەیهەوێ لە هەموو ڕێگەیەکی کە دەستی بۆ دەدا کورد بچووک نیشان بداو وەک نەتەوە پێناسەی بۆ نەکا، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەو بەشە لە ڕاگەیەنە گشتییانەی کوردە بە نووسەرو تاریبێژەکانیانەوە کە جارو بار بە هەڵەو بە دەستی خۆیان مێژوو دەشێوێنن و ئەو دەسکەوتە گرینگ و مێژووییەی کورد وا بچووک دەکەنەوە کە تەنیا بە شارێک پێناسەی دەکەن و بەناوی "کۆماری مەهاباد" ناوی دەبەن. راستە شاری مەهاباد لانکەی لەدایکبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێتەختی کۆماری کوردستانەو بەهۆی مێژوویەکی دوورو درێژی نیشتمانپەروەری و لە خۆبردوویی شاری مەهاباد ئەو شانازییەش بە نەسیب بووە کە هەر کاتێک باس لە کۆماری کوردستان بکرێ ناوی مەهابادیش بەدوایدا دێ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە کۆماری کوردستان تەنیا هی خەڵکی مەهاباد بووەو خەڵکی کوردستان لێی بێبەری بوون و بە خاترجەمی ئەگەر ئەو بەشدارییە بەربەرینەی خەڵکی کوردستان لە هەر

چوارپارچەی کوردستانی تێدا نەبوایە کۆمار ئەو رەنگ و بۆنەی ئێستای بە خۆیەوە نەدەگرت و نەدەبوو بەجێی شانازی نەتەوەی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان. ئەگەر چاو لەو بڕیارنامەیە بکەین کە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ بە پێی ڕاپۆرتی ژمارە ٨ی رۆژنامەی کوردستان لە ٦ خاڵدا تەنزیم کراوەو بە پەسندی بیست هەزار کەس کە بەشداری راگەیاندنی کۆماری کوردستان بوون، گەیشتووە لە خاڵی ٣ی ئەو بڕیارنامەیەدا داوا لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکا کە "حکومەتی میللی کوردستان و وەزیران و ئیدارەکانی ساز بکەن" کە دەڵێ؛ حکوومەتی میللی کوردستان راست مەبەستی کۆماری کوردستانە نەک کۆماری مەهاباد یان هەر ناوێکی دیکە کە جارو بار بە جێگەی کۆماری کوردستان بە کار دەهێندرێن.

بەو هیوایە هەر هەمووماں لە بەرامبەر هەر نوقتەو خاڵێکی مێژوویی نەتەوەکەمان حەساس بین و بە ئاسانی بەلایاندا تێپەڕ نەبین و لە راستکردنەوەو دەوڵەمەندکردنیاندا تێبکۆشین بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو لە ئێستا زیاتر شانازی بە مێژووی خۆی بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی جانێوێری 2015

# کاریگەریی دەروونی و زەینی کۆمار لەسەر کۆمەڵگاو تاکی کورد



**کەویار**

رووداوە مێژووییەکان لە گەڵ ئەوەی کە کاریگەرییان لە سەر رەوتە سیاسی و ئابوورییەکان هەیەو زۆر جاریش ئاراستەی رەوتە سیاسییەکان بەرەو ئاقارێکی دیکە دەگۆڕن، لە پرۆسەیەکی درێژخایەن دا شوێنەواری کاریگەر لە سەر کۆمەڵگاکان و باری سایکۆلۆژی تاکەکانی کۆمەڵگایش دادەنێن.

پێکهێنانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان لە شاری مهاباد لە گەڵ ئەوەی کە لە رووی سیاسی و دەسەڵاتداری و بەرێوەبەرییەوە ناوچەیەکی کەمی لە کوردستان گرتەخۆ، بەڵام لە باری رەوانی و سایکۆلۆژییەوە توانی کەسایەتییەکی تایبەت بە کۆمەڵگای کوردستان و تاکی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ببەخشێ.

پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە مێژووی نەتەوەی کورد دا پێش ئەوەی تەنیا رووداوێکی مێژوویی لە هەرێمێکی چووکەدا بێ، ئاخێزگە و مەرجەعێکی پڕ لە مەعریفە بوو کە پێناس و شوناسێکی مودێرنی بە کۆمەڵگای کوردستان و تاکی کورد بەخشی و کەسایەتییەکی نوێی شوناسخوازی لە کۆمەڵگاو تاکەکانی دا چێ کرد، کە ئەو کاریگەرییە مەعریفی و زەینییە لەم سەردەمەش دا، رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر بە بنج و بناوانی زەین و رەوانی تاکی کورددا رۆچووە و بۆتە مەلەکەی زەینیی هەر تاکێکی نیشتمانپەروەرو وڵاتپارێز.

کۆمەڵگای کوردستان و تاکی کورد بە گەڕانەوە بۆ کۆماری کوردستان و پەیام و رەسالەتەکانی ئەو رووداوە مێژوویی یەو کارو دەسکەوتەکانی کۆمار، هەست دەکات کە خاوەنی هۆڤییەت و شوناسی تایبەت بە خۆیەتی و هەر ئەم توخمە جیاکەرەوەیە لە رووی سایکۆلۆژیشەوە، هێندە کاریگەر بووە کە تاکی ئاگاو نیشتمانپەروەر چی دیکە خۆی بە کەم سەیر نەکات و لە هەوڵی یەکانگیرکردنی شوناسی کوردی و بردنەسەری خودئاگایی کۆمەڵگەکەیدا بێ.
دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان هەر کام بە جیا خانەیەک لە خانەکانی کەمایەسیی کۆمەڵگای کوردستان کە تا ئەوکات دەرفەتی خۆتیمارکردن و ساڕێژکردنەوەی پێنەدراوە، پڕدەکاتەوە و کەسێتییەکی نوێ و سەردەمیانە بە تاکی کورد لە باری شوناسخوازی و زەینییەتی رابوونی نەتەوەیی (بیداری ملی) دەبەخشێ و لە ئەنجام دا، باوەڕبەخۆبوون و خودئاگایی لە ناو کۆمەڵگەی کوردستان و تاکی هوشیاری کورددا دەگاتە چڵەپۆپەی خۆی و کوردایەتی و شوناسخوازی رێچکەی رەسەن و سەربەخۆی خۆی دەگریتەبەر.

هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا، شانازییەکە بۆ کۆمەڵگای کوردستان و نیشانەیەکی روونیشە بۆ شوناسخوازی و رەسەنایەتیی رۆڵە بەئەمەگەکانی ئەو گەلە و هەر بەم پێیە ئەوان دەتوانن لە ژێر ئەو هێماو سەمبولە نەتەوەیی‌یەدا داکۆکی لە شوناس و چییەتی خۆیان بکەن و مان و مەوجوودیەتی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن.

پێکهێنانی سپای میللی و هێزی پێشمەرگە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، باوەڕ بە «خۆپاراستن»ی لە تاکی کورد دا چێکرد، کە تا ئێستاش لەوپەڕی بێئیمکاناتی دا هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بە شێوەی خۆڕسک لە لایەن کۆمەڵگای کوردستانەوە وزە و هێزی پێ دەبەخشرێ، پێناسەی «بەرەنگاری»ی بە رەسالەتی خۆی بەخشیوە.
وەرێخستنی چاپخانەو و بڵاوکردنەوەی کتێب و پەرتووک و رۆژنامە بە زمانی کوردی دەسکەوتێکی دیکەی کۆماری کوردستانە کە بۆ یەکەمجار ئەوپەیامەی بە تاکی کورد و کۆمەڵگاکەی دا کە زمان یەکێک لە بنچینەکانی پرسی نەتەوەخوازی و لە فاکتەرە گرینگەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزمی کوردییە.

دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەو سەردەمە پڕ لەبێ هیوایی و تاریکی یە دا، بەو واتایە بوو کە بزووتنەوەی مافخوازانەی بێ‌پشتیوانی کورد، لە کردەوە و زەینییەتی دا گیان و رووحی بە بەردا کرایەوە. کورد لە باری دەروونی و سایکۆلۆژییەوە ورەی وەبەر خۆی هاتەوە و هەستی رەسەنایەتی و شوناسخوازیی لە ناخیدا بنجی داکوتاو وەک نەتەوەیەکی بڕوابەخۆبوو و خودئاگا، حکوومەتی لە قاڵبی کۆماری دا راگەیاند. زمان، شانۆ، خوێندن، گۆڤار و رۆژنامە، بنکە و بونیادە پیشەیی و دێمۆکراتیکەکان، بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر گەشەیان سەند و پەلوپۆیان هاویشت. تیشکی بەتین و تاوی ئەم هەنگاوە مەزنانەی رێبەرانی کۆماری کوردستان و لە سەرووی هەمووی ئەوانەوە، نەمر قازی محەممەد، بەدڵنیایی‌یەوە بۆ هەموو

سەردەمەکان وەکوو ئەستێرەیەکی پڕشنگدار بۆ هەتاهەتایە دەبریسکێتەوەو هەموو رۆڵە گەلپارێز و گیان لەسەر دەستەکانی وەکوو ئەزموونێکی سەرکەوتوو و جێی شانازی بۆ هەتاهەتایە پێوەی سەربەرزن.


بەشێکی بەرچاو لە ئەدیبان، نووسەران، زمانەوانان، و تەنانەت رێبەرە سیاسییە ناودارەکانی کوردستان، هەر ئەوانە بوون کە لە کۆماری دیمۆکراتیکی کوردستان دا بەشدار بوون یان دواتر لە ژێر کاریگەریی و هیوابەخشیی ئەو کۆمارە ساوایەدا، هزر و بیری کوردایەتییان گەشەی کردو رێچکەی ئارمان و ئایدیاکانی کۆماریان گرتەبەر. کەسانێک کە بیری نەتەوەخوازی و کوردایتیی خۆیان لە ئامانجو بیرو هزرەکانی کۆماری کوردستان وەرگرت و هەر لەژێر کاریگەریی دەسکەوت و ئارمانە بەنرخەکانی کۆماردا بوو کە دواتر بە هەوڵ و تێکۆشانی چڕو بەرچاویان بۆ خزمەت بە کوردو کوردستان و دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی کۆمار، بوونە جێگای شانازی نیشتمانپارێزان و بەدڵنیایی یەوە یادو ناویان لە مێژوودا بە بەرزی و بەرێزی ماوەتەوە و دەمێنێتەوە.

پاش دامەزراندنی کۆمار، بۆ یەکەم جار رێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان و ژنان دامەزران، زمانی کوردی بوو بە زمانی رەسمیی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان و خوێندن بە زمانی کوردی بەرنامەی بۆ دارێژرا و هەر لەو سۆنگەیەوە خوێندن بۆ منداڵان ئیجباری کرا و هەوڵێکی چڕوپڕ بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری دەستی پێکرا و لەوەش گرینگتر لاوان بە مەبەستی خوێندن بۆ دەرەوە بەرێ کران. کۆی ئەمانە نیشانەی گرینگی پێدانی رێبەرانی کورد بە پێویستیی پەروەردە بە زمانی زگماکی رۆڵەکانی کورد بووو ئەوان لەو راستییە گەیشتبوون کە خوێندن بە زمانی زکماکی گاریگەریی راستەوخۆی زۆری لەسەر گەشەکردنی بیرو پێشکەوتنی منداڵان لە قوتابخانەو کەسایەتیی نەتەوەیی یان دا هەیە؛ هەر بۆیە لەم پێوەندییە دا هەنگاوی بەرزیان هەڵێنا بۆ ئەوەی مناڵانی کورد لە هەمان سەرەتاوە بە ئەلفوبێی کوردی گۆش بکەن.

ئەوە شتێکی حاشاهەڵنەگرە زانست و لێکۆڵینەوەش سەلماندوویەتی کە ئەو منداڵانەی کە بە زمانی دایکی دەخوێنن لە بیرکردنەوەو دەربڕینی بۆچوونەکانیان دا سەرکەوتووترن. ئەو منداڵانەی کە ناچارن بە زمانێکی دیکە بخوێنن، لەڕاستیدا ناتوانن بە زمانی خۆیان بیربکەنەوە. بەڵکوو دەبێ بۆ وشەی بێگانە بگەڕێن تا لە پاڵ یەکتر ریزی بکەن و بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانیان رستەی پێ دروست بکەن. ئەمەش کاریگەریی نەرێنی راستەوخۆی لەسەر رۆحییە و کەسایەتی منداڵان هەیە و لە داهاتوودا دەبێتە کۆسپی سەررێی پێشکەوتنیان لە خوێندن دا.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٤

# چەند سەرنجێک لە بارەی روخسارە مەدەنییەکانی کۆماری کوردستان



قادر وریا

**کاریگەریی کۆماری کوردستان لە سەر بیری تاکی کورد و لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان**

پێکهاتنی کۆماری کوردستان، بەڵگەیەکە بۆ گەشەی نەتەوەیی و سیاسی و فکریی سیماکانی ناسیۆنالیزمی کوردو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد.

پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، ئەو مانایە دەدا کە پێکهێنەرانی ئەو دەوڵەتەو خەڵکێک کە پشتیوانییان لەو دەوڵەتە کردوە، خۆیان وەک نەتەوەیەکی جیاواز لە نەتەوەکانی دیکە دەبینن و پێناسە دەکەن. نەتەوەکەیان بە شایانی ئەوە دەزانن کە دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی هەبێ و بۆخۆی چارەنووسی خۆی بگرێتە دەست.

پێکهێنانی کۆماری کوردستان رچەشکێنی و تابووشکێنی بوو. رەتکردنەوەی ئەو بۆچوون و روانگەیە بوو کە کورد هەر دەبێ ژێردەستە و ژێرچەپۆکە بێ. وەستانەوە بوو بەرامبەر ئەو هێڵە سوورانە کە کورد ناتوانێ حکوومەت و دەوڵەتی خۆی هەبێ. وەدیهێنانی خەون و روئیایەک بوو کە زۆر پێشتر لە شێعرو بیری پێشەنگانی بیری نەتەوەیی کورد دا رەنگی دابۆوە. تاکی کورد لە دوای پێکهاتنی کۆماری کوردستان، تاکێکی جیاواز بوو لە هی پێش کۆمار. تاکێک بوو کە شایەدی پێکهاتنی کۆماری کوردستان بوو.

بڕوا بە خۆبوون و خۆ بە شایانی دەوڵەت هەبوون لەو کات بە دواوە دێتە نێو بیرکردنەوە و ڕوانینی تاکی کورد. کۆمەڵگەی کوردستانیش هەست و بیرێکی نوێی تێ دا دروست دەبێ. هەستی خۆ بە جیاواز زانین لە خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران، لەم ڕوانگەیەوە لە خۆی دەڕوانی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەتی هەبووە، سەرکۆماری هەبووە، ئاڵای هەبووە، سوپای نەتەوەیی خۆی هەبووە، خوێندن بە زمانی خۆی هەبووە، کاروباری لە دەست خۆیو نوێنەرانی خۆیدا بووە. بەڵام دواتر ئەم دەسکەوتەو ئەو مافانەیان لێستاندۆتەوە.

لە راستی دا بە دامەزرانی کۆماری کوردستان، بزووتنەوەی کورد و تاکی کوردو کۆمەڵگەی کوردستان ئاسۆگێکی خرایە بەردەم،

ڕێگایەکی هاتە بەردەم و رووگەیەکی بۆ درووست بوو کە بەردەوام بەرەو ئەوێ هەنگاو بنێ. حیزبی دێموکراتی کورستان بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان مەسیرێکی روون، شارێگەیەکی دیاری خستە بەردەم نەتەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئێمە هەتا ئێستاشو لەوانەیە دەیان ساڵی دیکەش هەر بەو رێچکەیەدا بڕۆین.

## کۆماری کوردستان بە روخسارێکی شارستانی و مەدەنییەوە بوونی خۆی راگەیاند

کۆماری کوردستان دەسکەوتێکی نەتەوەیی و رووداوێکی سیاسیی گرنگ بوو کە بەرهەمی هەلومەرجی سیاسیی جیهانی و ناوچەیی سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی بوو. ئەگەرچی لە ناخی وەزعێکی پێکهاتوو بە هۆی شەڕی جیهانییەوە، سەری هەڵ دابوو، بەڵام روخسارە مەدەنی و شارستانییەکەی زۆر بەرچاوتر بوو لە سیما سوپایی و جەنگییەکەی. ئەمە بۆ ئەو راستییە دەگەڕێتەوە کە کورد نەتەوەیەکی ستەم لێکراوو وڵات دابەشکراو بووو بە دوای مافەڕەواکانی خۆیدا دەگەڕا. واتە لەو نەتەوانە نەبوو کە سەدان ساڵ مێژووی داگیرکردنی وڵاتانی دیکەو بندەستکردنی نەتەوەکانی دیکەیان هەبوو.

## ناسیونالیزم و بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کوردیش

خسڵەتی حەقخوازی و داواکردنی مافێکی رەوایان هەبووە. واتە هەموو ئاڵوگۆڕەکانی ئەو سەردەمە کە کۆماری کوردستانی تێدا پێک هات ئەم راستییە دەسەلمێنن کە کورد بە تەمای داگیرکردنی خاکی نەتەوەکانی دەوروبەری خۆی نەبووە، بە تەمای ژێردەست کردنی نەتەوەکانی دیکە نەبووە بەڵکوو ویستوویە لەسەر نیشتمانی خۆی بە ئازادی بژی و چارەنووسی خۆی لە دەستی خۆی دابێ. پێکهاتنی کۆمەڵەی ژێکاف، پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دامەزرانی کۆماری کوردستان، هەموویان ئەم خسڵەتەیان پێوە دیارە.

لە راستی دا کۆماری کوردستان بۆ ئەوە دروست نەببوو کە ئیمپراتۆرییەی کوردی لەسەر حیسابی داگیرکردنی وڵاتانی دیکە و بندەست کردنی نەتەوەکانی دیکە دروست بکا، ئەو کۆمارە بۆ ئەوە پێکهاتبوو کە مافەکانی سەدان ساڵ پێشێلکراوی کورد بۆ کورد بگەڕێنێتەوە. بۆ ئەوە دروست کرابوو کە نەتەوەی کورد هەم لە نێوخۆی دا بە ئاشتی و ئازادی بژی و ستەم چەوسانەوە نەهێڵێ، هەم لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بە برایەتی و ئاشتی بژی.

ئەگەرچی کۆمەڵگەی کوردستان لەسەردەمی پێکهاتنی کۆماردا، ئەوەندەی دێنشینی بوو، شارنشین نەبوو، ئەوەندەی نەخوێندەوار بوو، خوێندەوار نەبوو، بەڵام چونکە رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دامەزرێنەرانی کۆمار، مرۆڤی زاناو رۆشنبیرو کەسایەتیی ماقووڵی سەردەمی خۆیان بوون، هەوڵیان ئەوە بوو نموونەیەک لە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی بەدەستەوە بدەن کە لە خزمەت ئاشتی و تەبایی دابێ، لە خزمەت جێگیرکردنی ئازادی دابێ، لە خزمەت لابردنی کۆیلەتی و چەوسانەوە دابێ. کۆمەڵگە لەسەر ئەساسێکی ئینسانیترو سەردەمیانە بەرێوەبەرێ. کۆمەڵگەیەک دروست بکا کە لە زۆر ڕۆوە جیاواز بێ لە کۆمەڵگەیەک کە بە هۆی دەسەڵاتێکی ستەمکارو زۆردارەوە بەڕێوە دەچوو.

هەر بۆیە شانبەشانی پێکهێنانی سوپای میللی و هێزی پێشمەرگە، کە لە راستیدا، ئەویش بۆ هێرشبردنە سەر نەتەوەکانی دەوروبەر نەبوو، بەڵکوو بۆ داکۆکی لە کۆمارو خەڵکو ئاسایشی نێوخۆ بوو - بیری لە دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک دەکردەوە. بیری لە بووژانەوەی کولتووری، دروستکردنی خوێندنگە، خوێندن بە زمانی زگماکی، نەهێشتنی نەخوێندەواری، پەروەردەکردنی منداڵان و لاوان، هێنانە مەیدانی ژنان، بووژاندنەوەی ئابووری، دامەزراندنی چاپخانە و رادیۆ سینەما دەکردەوە

## خزمەتە پەروەردییەکانی کۆماری کوردستان

کۆماری کوردستان چ بە بەراورد کردنی ماوەی دەسەڵاتدارەتییەکەی کە ١١ مانگ بوو، چ بە سەرنجدان بە بارودۆخی سەردەمەکەی و ئیمکاناتێکی کەم کە هەیبوو، لە بواری پەروەردەدا زۆر خزمەتی گەورەی کرد. دەکرێ بڵێین یەک لە روخسارە درەوشاوەکانی ئەو دەسەڵاتە کوردییە بواری پەروەردە بوو.

ئەم کات لە هیچ وڵاتێکی دەورووبەردا، خوێندن نەببووە خۆڕایی و ئیجباری. مەگەر لە یەکیەتیی سۆڤیەت و ئەو وڵاتانەدا کە سیستەمی سوسیالیستیی لەوان دا لەسەر کاربوو. بەڵام لە کۆماری کوردستان دا خوێندنی منداڵان کرابوو بە ئیجباریو خۆڕایی و جلوبەرگ و پێداویستییەکانی خوێندنیان بۆ دابین دەکرا. منداڵانێک کە لەبەر نەبوونیی بنەماڵەکانیان یان

لەبەر بێسەرپەرستی خەریکی سواڵکردن بوون بە ئەمری کۆمار لەبەر خوێندن نرابوون.

گەورە ساڵانیش بۆ خوێندن هاندران و قوتابخانەی شەوانە لە شارەکانی ژێردەسەلاتی کۆمار کرایەوە بو ئەوەی گەورەساڵان لە نەخوێندەواری بێنەدەر. کۆمەڵێک قوتابخانەی کچان لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی کۆمار کرایەوە بۆ ئەوەی کچان بنێردرێنە قوتابخانە. لەمانە گرینگتر ئەوە بوو کە کۆمار هەر مەبەستی خوێندەوار کردن نەبوو بەڵکوو خوێندن بە زمانی زگماکیشی خستبووە بەرنامەی کاری خۆی. کتێبی کوردی بۆ خوێندن لە قوتابخانەو مامۆستای وانەوتنەوەی کوردی دابین کرد. سەرنجراکێش ئەوەیە کۆمار کەمایەتییەکی وەک جوولەکەکانیشی لەبیر نەکردو بۆ منداڵانی ئەوانیش خوێندن و قوتابخانە بە زمانی خۆیانی بۆ دابین کردن.

بەڵگەنامەکان نیشان دەدەن کە پێشەوا هەوڵی پێکهاتنی زانکۆی «معقول و منقول»ی داوە لە پێتەختی کۆمار.

کاربەدەستانی کۆمار کتێبخانەی گشتییان کردوەتەوەو ژمارەیەکی زۆر کتێبیان دابین کردوە بۆ ئەوەی هۆگرانی خوێندنەوە سوودیان لێوەربگرن.

کۆمار کۆمەڵێک کەسی بۆ خوێندنی بەرز ڕەوانەی یەکیەتیی سۆڤیەت کرد بۆ ئەوەی بۆ داهاتوو پێبگەن و بە زانست و پسپۆڕیی تایبەت بگەڕێنەوە. لایەنی پەروەردەیی تەنانەت چووبووە نێو خوتبەکانی نوێژی هەینییش. بە ڕێنوێنی و هاندانی پێشەواو کاربەدەستانی کۆمار، مامۆستایانی ئایینی لە خوتبەی نوێژی هەینی داو بە زمانی کوردی، لەسەر پەروەردەکردنی تاکەکانو بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە لە رووی فکرەوە کاریان دەکرد. دژی خۆرافات قسەیان دەکرد، پیاوانیان هان دەدا بۆ ڕێزگرتن لە ژنان و حورمەت دانان بۆ مافەکانیان، باسی زانست و زانیاری و گرینگی خوێندن و خوێندنەوەیان دەکرد. دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکانیان لە قاو دەدا، باوەڕ کردن بە هێزی خۆیان و سوودەکانی تەبایی و یەکریزییان بۆ باس دەکردن. فێریان دەکردن بایەخ بە مێژووی خۆیان بدەن نیشتمانی خۆیان خۆش بوێ‌و هتد...

### کاریگەریی کەسایەتی پێشەواو و بیرو ئەندێشەی ئەو ڕێبەرە لەسەر تاکەکانی نەتەوەکەی

ئەگەر کۆماری کوردستان بۆخۆی لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی نەتەوەی کوردە، پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆکی ئەو کۆمارە، چەق و ناوەندو سەرچاوەی زۆر لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەو کۆمارەیە. دیارە هەموو ئەو کەسایەتییانەی کە لە دامەزران، بەڕێوە بردنی کۆماردا ڕۆڵیان هەبووە،جێگای ڕێزن و پێویستە مێژوو عەقی خۆیان بداتێ. ئەوەش ڕاستییەکە کە

لە یادکردنەوەی دامەزرانی کۆمار داکەمتر باسی ئەوان کراوەو دەکرێ. بەڵام ئاشکرایە کە پێشەوا قازی محەممەد لە سەرووی هەمووان بوو.

پێشەوا، وەک بەڵگەنامەو زانیارییەکان دەیسەلمێنن کەسایەتییەکی هێمن، لەسەرەخۆو مەند بووە، مرۆڤێکی توندوتیژو دەمارگرژو لەخۆباییو سەرەڕۆ نەبووە. بەپێچەوانەوە ئەهلی وێکهەڵکردن، ئەهلی تەبایی، ئەهلی مەشوەرەت، ئەهلی تەدبیرو مەسڵەحەت ئەندێشی بووە. مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی، بە فەرهەنگ بووە. جێگەو پێگەیەکی وای هەبووە لە کۆمەڵدا کە توانیویێتی جۆراوجۆرییەکان و جیاوازییەکانی سەردەمی خۆی: لادێی و شاری، رەعیەت و دەرەبەگ، خوێندەوار و نەخوێندەوار، عەشایرو هۆزەکان، بە یەکەوە بحاوێنێتەوە.

پێشەوا شارەزاو ئاگاداری ئاڵوگۆڕەکانی جیهان بووە، خوێندنەوەو بەدواداچوونی بۆ ئاڵوگۆڕەکان هەبووە. بەردەوام لە خوێندنەوەو فێربوون دا بووە. ئەمانە وایان کردوە لە هەڵسوکەوت و سەرکۆماری و رێبەریکردن دا، زۆر ژیرانەو دووربینانە هەنگاو بنێ. دۆست بۆ کورد زیاد بکاو دوژمن کەم بکاتەوە. پێوەندیی کوردان لە ئاستی کوردی رۆژهەڵات و کوردی بەشەکانی دیکەدا بە هێز بکا. هەروەها هاوپێوەندیی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە هێز بکا. پێشەوا ئەوەندە لە پێش سەردەمی خۆی بوو نەک بۆ ٧ دەیە لەمەوبەر، بەڵکوو ئەگەر لە ژیان دابا دەیتوانی بۆ سەردەمی ئێستاش سەرۆک و رێبەرێکی گونجاو بێ.

تاکی کوردو نەتەوەی کورد بە گشتی، بە چاوێکی بەرز سەیری پێشەوا قازی محەممەد دەکەن، شانازیی پێوەدەکەن چونکە سەرۆکێکی خاکەڕا، بەرپرس، خۆنەویست بوو. لە ژیری و زانایی و عەقڵ و تەدبیردا شایانی ئەوە بوو سەرکۆماری کوردستان بێ.

کۆماری کوردستان،بڕگەیەکی زۆر کورت لە مێژووی نەتەوەیەک بوو، بەڵام بەو روخسارە مەدەنییانەی لەو ماوە کورتە دا لە خۆی نیشانی دا، توانی جێگەیەکی هەمیشەیی بۆ خۆی لە هەناوی مێژووی کورد و لە دڵ و بیری تاکەکانی نەتەوەی کورد دا بۆ خۆی،بەدەست بێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٤

# یادگاری شیرین

## بایەخی مەدرەسەو خوێندەواریی لە کۆماری کوردستان دا

**(بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان و ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان)**



**د. کامران ئەمین ئاوە**

بە درێژایی مێژووی کورد، ڕووناکبیرانی ئەم نەتەوەیە لە دەس چەند دوژمنی نێوخۆیی یەک لەوان نەخوێندەواریی‌و پاشکەوتن لە ڕەوتی گەشەسەندنی عیلم و فەننی هاوچەرخ و کاریگەریی نەرێنیی ئەم کەمایەسی‌یە لە سەر چارەنووسی تاڵی میللەتی کوردیان ناڵاندوە. شاعیران‌و ئەدیبانی کورد لە نووسراوەکان و لە کاتی دەربڕینی هەستی خۆیان سەبارەت بە چارەنووسی ئەم میللەتە زۆرجار باسی کەمایەسی‌یەکانی کۆمەڵگای کوردەوارییان کردووە. بۆ وێنە یەکێک لە ئاواتەکانی مەزنی حاجی قادری کۆیی شاعیری پایەبەرزی کورد لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا گەیشتن بە کوردستانێک بوو کە لەوێدا زانست‌و هونەر پەرە بگرێ‌و دادپەروەری‌و یەکسانی زاڵ بێ. بۆ شاعیر بنەبڕکردنی نەخوێندەواریی لە پەنای تەواوکردنی دوژمنایەتی و چەندبەرەکیی نێوان عەشیرەتەکان، یەکگرتوویی نێوان تەواوی قەوم‌و عەشیرەتەکان و ڕۆشنگەری‌و خەباتی چەکداریی یەکێک لە مەرجەکانی گەیشتنی کورد بەم ئاواتە بەرزە بووە. شاعیر لە ژێرکاریگەریی دەستکەوتەکانی ئورووپادا بانگەوازی نەتەوەی کوردی بەم چەشنە بۆ فێربوونی فەن و زانست کردبوو:

«تۆ وەرە فەننێ فێربە چیتە لەوە
گاورە، هیندووە و یاخود جووە
ئەهلی جەننەت نە شوان و گاوانە
ساحیبی فەنن و عیلم و عیرفانە»

کاتێک کۆمەڵەی ژ - ک پێک دێ، لە هەوەڵین ژمارەی نیشتمان لە پووشپەری ١٣٢٢ی هەتاوی لە ژێر بابەتێک بە ناوی «آمانجی ایمە» باسی «بەرهەڵست و چەلەمەییکی وەکو دوژمنایەتی خوبەخو، دووبەرەکیو خۆخوری، پولپەرستیو بیگانە دۆستی» لەسەر ڕێگای بزوتنەوەی کورد دەکا و ئاماژە بەوەی دەکا کە «تەنیا ریگایەکی کورد ئەبی بەرەو سەربەستی پێیا بڕوا شەقامی شارستانیتیە». هەر لەو ژمارەیەدا لە شێعرێکی م. م هوشەنگ ئەندامی ژمارە ١٦ی کۆمەڵەدا هاتوە:

«ملتی دیچیە ئەگەر کردی تەرەقی علتی؟
بوچی تینافکری؟ کورد آخرئەتوش ملتی؟
شد نفاق تو سبب گر تاکنون در ذلتی
بی وەتەن وەک جولەکەی دایم هەتیو و سەر هەژار
اتحادو گەربی جا لازمە علم و سەواد
چونکە بی علم و هونەر ناکا تەرەقی هیچکار
هیچ کەس ناژی لەویدا بە بی علمو هونەر
ملتی عالم کە دەگرن عالەمیک نیە بی ئەثەر
گەر نەبی علم و هونەر، حەیوانن ئەبنائی بەشەر
مایلی دەشتو دەرو سەحراو و کیو و کیوسار»

هێمن شاعیری پایەبەرزو میلیی کوردیش لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە«یادگاری شیرین»دا بە گلەییەوە ڕوو بە کچی کورد دەکا و دەڵێ:

«لادە چارشێوی ڕەشت با دەرکەوێ کوڵمەی گەشت
چون لە قەرنی بیستەما زۆر عەیبە ئەو روو گرتنە
کیژی خەڵکی بۆمی ئاتۆمی دروست کرد و ئەتۆش

هەر دەزانی ناوی «ئەستێوڵک» و «دەرخۆنە» و «پنە»
فیری زانست و هونەر بوو ئەو لە سایەی خوێندنی
تۆش تەشیمان بۆ دەڕێسی، یادگاری شیرنە
ئەو بە ئاسمانا فڕێ، دنیا گەڕا، چووە بن بەحر
دەک نەمێنم کاری ئێوەش هەر لە ژوور دانیشتنە»

بێگومان کاتێک لە کۆتایی سەدەی ١٩ و دەستپێکی سەدەی ٢٠ی زایینیدا، کۆمەڵگای پاشکەوتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر زوڵم و زۆری دەوڵەتێکی داگیرکەردا بوو کە بۆخۆشی یەکێک لە وڵاتە پاشکەوتەکانی ئەو کاتی جیهان بوو، کورد چۆن دەیتوانی بێ هەبوونی کیان و سەروەریی خۆی بە ئاستێک بگا کە تەنانەت دەرفەتێک لەوڵاتەکەیدا پێک بێ کە منداڵی کورد ڕێگای قوتابخانە بگرێتە بەر و فێری زمانی زگماکیی و فەنن و زانستی هاوچەرخ بێ. ئەویش کاتێک بە قەوڵی هێمن لە «دوارۆژی ڕووناک»دا:

«لە مێژ بوو هەفتقی کورد دەخورا بە فیڕۆ
لە مێژ بوو کورد بوو دەیکرد شین و ڕۆڕۆ
لە مەیدانی شەقێنی دوژمنیدا
سەری سەردای کوردی بوو وەکو گۆ»

----

«کوڕی کوردی لە خوێنی خۆی دەگەوزی
کچی کوردی سەری کربوو وەئەژنۆ
ئەوەی سووکایەتی بوو کردی پێمان
نەدەکرا کەس بڵێ بۆ وادەکەی تۆ؟»

ئاواتی ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆ هەرچەند بۆ ماوەیەکی کورتی یازدەمانگییش بوو بۆ هەوەڵین جار لە مێژووی کورد بە پێکهاتنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕیبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان وەدی هات و منداڵی کوردیش توانی بە پێی دەستوور بۆ مەدرەسە بچێ و فێری زمانی زگماکیی و زانست و فەنی هاوچەرخ بێ. هەر لە

ژمارەی یەکی کوردستان بلاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێکەوتی ٢٠ - ١٠ - ١٣٢٤ لە ئاگاداریی‌یەک کە لە لاپەرەی ٤ دا چاپ کرا، ناردنی کچ و کوڕی سابڵاغی کرا بە یاسا. لەم ئاگادارییەدا ڕاگەیەندرابوو:

* بە تەواوی ئەهالی خوشەویستی(سابلاغ) رادەگەیندریت - لەسەر ئەمری پیشوای معظم و قەراری (حزبی دیموکراتی کوردوستان لەوەی بەولاوە پێویستە بو پەرە پیدان و رواجی زمانی کوردی خویندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردییە لەو (تاریخەوە) تا دە ١٠ - روژی دیکە هەر کەسیک کورو کچی هەبی کە عومری اقتضای خویندن بکا دەبی بی‌نیریتە مەدرەسە ئەلبەتە هەر کەس لەو ئەمرە ڕو وەرگیری بە توندترین مجازات تەنبی دەکری. کومیتەی مەرکەزی (حزبی دیموکراتی کوردوستان (معاون حزب طەزادە).

هەر لەو ژمارەیەدا باسی کۆبوونەوەی هەیئەتی فەرهەنگیی کوردستان و قەرار بۆ کۆکردنەوە و دابەش کردنی ئەو منداڵانە لە نێو میلەت و ناردنیان بۆ مەکتەبی گەلاوێژ دەکرێ کە بە هۆی بێ کەسیی بە سواڵ مشغوڵن. ڕەنگدانەوەی ئەم دەستوور لە هەوەڵین ژومارەی کوردستان دا نیشان دەدات کە ڕێبەرایەتیی کورد تا چ ڕادەیەک هەستی بەم کەمایەسی‌یە لە کۆمەڵگای کوردستان کرد و دڵسۆزانە هەوڵی بۆ کۆکردنەوەی منداڵە هەژارەکان و ناردنیان بۆ مەدرەسەدا، دەرفەتێک کە بە درێژایی سەڵتەنەتی رەزاخان و قاجارەکان بۆ منداڵی کورد نەرەخسابوو. پێشەوا قازی محەمەد لە بەشێک لە وتەکانی خۆی کە بە بۆنەی "جێژنی سەربەخۆیی و استقلالی کوردستان" لە ژومارەی ١١ی کوردستان ڕێکەوتی ١٧ی ڕیبەندانی ١٣٢٤ بڵاو بۆتەوە زۆر بەوردی زۆڵمو زۆری حکومەتەکانی تاران لە بواری زمان و فەرهەنگی نەتەوە نەفارسەکان شی ئەکات و بەم چەشنە باسی دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان لەو ماوە کورتەی باش دامەزرانی دەکا:" زمانی زگماکمان کە لەگەل شیری دایک تیکەلی خوین و گوشتی ایمە بووە لە زەمانی دیکتاتوری دا سەخت قەدەغە کرابوو زمانی فارسی بزور تحمیلی ایمە و مندالەکانمان دەکرا و ئەوە پتر سببی پاشکەوتنی کورد بو. لە مدارسدا

رسمیتمان پیداو خویندنو تحصیلمان بە سبکو ترتیبی دنیا خستە سەرباری کوردی- چەند مدرسەی کچان و کورانمان کردەوە مەدرسەی شەوانەمان دایر کرد و کتیب بزمانی کوردی ترجمە کران چەند صد کورو کچ و پیاوی گەورە لە مدارسی شەوانە و روژانە بزمانی کوردی دەخوینن لە جیاتی ئەوەی شش حەوت سال خریکی خویندن و فیربونی فارسی بن لە مانگیک و دو مانگدا دەبنە خویندەوار و هەمو شتیک دەخویننەوە و دەنوسن. بو ناساندنی لیاقت ملی و وەدەرخستنی حیات ادبی و فەرهنگی کورد و بو راگەیاندنی هاواری خومان بە گوی دنیای بشریەتو عدالت محتاجی وسیلەی چاپوبلاو کردنەوە بوین چاپخانەی زور چاک تاسیس کراو دامزرا لە شاری خوماندا بە زمانی خومان بە چاپخانەی خومان گووارو روژنامە دەدرەچی و بیر و فکرو داخوازی ایمە لە دنیادا بلاودەکانەوە." هەروەها لە ژمارەی ٢٥ی کوردستان ڕێکەوتی ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ بە

پێی دەستووری پێشەوا بە هۆی پێداویستی‌یەکی زۆر باسی کۆکردنەوەی کتێبەکانی "قرائتخانەی عیسی‌زادە و فەرهەنگ و سازکردنی "کتیبخانەیەکی ملی و عمومی" لە شاری مەهاباد دەکردرێ. لە ڕاستیدا کەمتر ژمارەیەکی کوردستان هەیە کە تێدا بە چەشنێک باسی بایەخی زمانی کوردیی‌و فەن و زانستی هاوچەرخ نەکرابێ.

بە دامەزرانی کۆماری کوردستان بە ڕێبەریی پێشەوای نەمر قازی محەممەد دەرفەتێک بۆ ڕۆڵەی کورد پێکهات تا لەم ماوەیە کورتەدا دەیان تێکۆشەر، شاعیر، نووسەر و ئەدیبی گەورە وەکو حەسەن قزلجی، هێمن، هەژار، ئاوات، حەقیقی، نوری، سەدیق ئەنجیریی، عەزیز یۆسفی، غەنی بلوریان، قاسملوو، گەلاوێژ و هتد.. لێ‌هەڵکەوێ و ببێتە ئەستێرەیەکی گەش بۆ مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستاندا. دووی ڕیبەندانو دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕووح و لەشی برینداری نەتەوەی کوردی سارێژ کرد و هیوای دوارۆژێکی ڕووناکی خستە دڵی هەر کوردیکەوە. هێمن لەو پەرەی جوانی‌دا باسی دوارۆژی کوڕ و کچی کورد بە هۆی دامەزرانی سەروەری‌و کیانی کورد لە "یادگاری شیرین"دەکا و دەڵێ:

«کوڕی کورد! هاتەوە دیسان هەلی تۆ
مەوێستە، خۆت مەگنخێنە، مەترسە
بڕۆ پێش بێ‌وچان، لێ بخوڕە، باژۆ
نەما داخ و پەژارە و ماتەم و خەم
زەمانی هەڵپەڕین و بەزمە ئێمرۆ
لە شایی ئێمەدا نابینی ئێستا
کچێکی دڵ بە خەم، لاوێکی بێ‌دۆ»

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٤

# دادوەری لە کۆماری کوردستان دا



**عومەر باڵەکی**

دوای ئەوە کە کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە سەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، ئەرکی ئیدارەکردنی هەرێمی ژێر دەسەڵاتی کۆمار لە رووی سیاسی، ئابووری، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنی سنوورەکان کەوتە سەرشانی بەڕێوەبەرانی کۆمار بە تایبەت کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات و پێشەوا قازی محەممەد. بۆ ئەو مەبەستە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەنجومەنی وەزیرانی پێک هێناو بەڕێوەبەرو بەرپرسانی ئیداری شارەکانی دەست نیشان کرد، بەڵام بۆ ئیدارە کردن و بەڕێوەبردنی وڵات بە شێوەیەکی باش و تەندروست بێجگە لە هەیکەلی ئیداری پێویستە قانوون و یاسایەک هەبێ بۆ ئەوەی پێوەندییەکان دەست نیشان بکاو روون بێت پێوەندی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا بەیەکەوەو لەهەمان‌حاڵ دا پێوەندی تاکەکان لە گەڵ دەسەڵاتی سیاسی چۆنەو بە چ شێوەیەکە.

یەکێک لەو بابەتانەی کە لە لێکۆڵینەوەو وتوێژینەوە لە سەر کۆماری کوردستان کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە چۆنیەتی یاسادانان و بەڕێوەچوونی یاسا بووە، چونکە کۆماری کوردستان بە هەر هۆیەکەوە بووبێ خاوەنی دەزگای یاسادانان واتە پارلمان نەبووە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان بۆ ئیدارەکردنی وڵات بە شێوەی قانوونی و یاسایی لە دادوەری بێخەبەر بووبن. چونکە لە دیکۆمێنت و نووسراوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان دا بۆمان دەردەکەوێ کە بۆ بەڕێوەچوونی وڵات کۆمەڵێک یاساو رێسا دەرچوون کە پێوەندیان بە هەموو لایەنەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵک و بەڕێوەبردنی وڵاتەوە هەیەو ئەوە دەرخەری ئەو راستییەیە کە بەڕێوبەرانی کۆماری کوردستان و لەسەرەوەی هەموویان

پێشەوا قازی محەممەد چەندەیان بۆ گرینگ بووە کە یاسا لە کۆمەڵگادا سەروەر بێ.

بۆ ئەوەی بۆشایی دەزگای یاسادانان پڕبکرێتەوەو وڵات بێ یاسا نەبێ کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران ئەو ئەرکەیان بەڕێوەبردووە لە ماوەی ئەو تەمەنە کورتەی کۆماری کوردستان دا کۆمەڵێک یاساو ڕێسا دەرچوون کە هەم خەڵک و هەم بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان بۆ جێ بەجێ کردنیان پابەندیان بوون.

ئەو یاسایانە کە دەرچوون لە رۆژنامەی کوردستان دا کە زەمانحاڵی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە چاپ و بڵاوبوونەوەو لەو ڕێگایەوە خەڵکیان لێ ئاگادار کراوەتەوە. ئەو یاسایانە هەمە بابەتن لە یاسای سزادان ڕا بگرە هەتا دیاریکردنی نرخی کەل وپەل لە بازاڕدا. پێویستە ئیشارە بەو مەسەلەیە بکەین راستە دەزگایەکی یاسادانان هەموویاساکانی دانەناوە بەڵام کاتێک حوکمێک لە لایەن دەسەڵاتەوە بە خەڵک رادەگەیەندرێ و ئەو حوکمە ئەرک دەستنیشان دەکاو سەرپێچی لەو ئەرکە دەبێتە تاوان و سزای بۆ دیاری دەکرێ، ئەگەر وایە زۆربەی زۆری ئەو ئاگادارکردنەوانەی خەڵک کە لە رۆژنامەی «کوردستان»ی سەردەمی کۆماردا بڵاوبوونەوە، حوکمی قانوونییان هەبووە چونکە هەر وەکی لە پێشدا ئیشارەی پێکرا هەم خەڵکو هەم دەسەڵات پابەندبوون بە جێبەجێ کردنیان. بۆ زیاتر روون بوونەوە چەند نموونەیەک ئەگەر بە کورتیش بێت لێرە دا باس دەکەین.

### خوێندن بە زمانی کوردی:

خوێندن بە زمانی کوردی لە لایەن بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان بە تایبەتی پێشەوا قازی محەممەد گرینگی تایبەتی پێدراوە هەر بۆیە لە یەکەم ژمارەی رۆژنامەی «کوردستان»دا بە راگەیاندنی حوکمێک بە خەڵکی سابڵاغ خوێندن بە زمانی کوردی دەکاتە قانوون و لەو حوکمەدا دەڵێ بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی زمانی کوردی خوێندن لە مەدرەسەکان دا بە زمانی کوردییەو ١٠رۆژ مۆڵەت دەدا بە خەڵکێ کە هەر کەسێک کوڕ و کچی هەبێ و تەمەنی گەیشتبێتە تەمەنی خوێندن دەبێ رەوانەی قوتابخانەی بکاو بە پێچەوانەوە هەر کەس ئەو حەکمە جێبەجێ نەکا بەتوندی سزا دەدرێ. دەبینین ئەو حوکمە لە گەڵ ئەوەدا کە بۆ هەموو دانیشتوانی مەهاباده بێ جیاوازی و مۆڵەت و سزاشی تێدایە دەرخەری ئەو راستیەشە کە بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان چەندە بایەخ دەدەن بە خوێندن و زمانی کوردی و لە هەمانحاڵ دا سرنج و بایەخ دەدەن بە کچان کە تا ئەو دەم لە نیعمەتی خوێندن بێبەش بوون و دەسەڵاتی کۆماری کوردستان بە قانوون لە سەر کۆمەڵگای دەکاتە واجب کە ئەگەر هەر کەس جێبەجێی نەکا سزا دەدرێ.

دەقی حوکمەکە لە رۆژنامەی کوردستان ژمارە ١ لاپەڕەی ٤ رۆژی پێنج شەممە ٢٠ - ١٠ - ١٣٢٤ی هەتاوی بەو شێوەیەی خوارەوە هاتوە:

**ئاگاداری**

(بە تەواوی ئەهالی خۆشەویستی «سابلاغ» رادەگەیەندرێت لەسەر ئەمری پێشەوا معظم و قەراری «حزبی دێموکراتی کوردستان» لەوەی بەو لاوە پێویستە بۆ پەرەپێدانی و رەواجی زمانی کوردی، خوێندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردیە لەو تاریخەوە تا ١٠رۆژی دیکە هەر کەسێک کوڕو کچی هەبێ و تەمەنی اقتضای خوێندن بکا دەبێ بینیرێتە مەدرەسە ئەڵبەت هەرکەس لەو ئەمرە روو وەرگێڕێ بە توندترین مجازات تەمبی دەکرێ».)

**چەک هەڵگرتن:**

لە سەردەمی کۆماری کوردستاند ا هەر خێڵ و عەشیرە و تایفەیەک بۆ خۆی کۆمەڵێک چەکداری لە دەرەوە بووەو چەکێکی زۆریش بە دەست خەڵکەوە بووەو بۆ ئەوەی نەبێتە هەرەج مەرەج و هەرکەس بە کەیفی خۆی بە مەبەستی خراپ کەڵک لە چەک وەرنەگرێ، فەرماندەی هێزی دێموکرات- کوردستان حوکمێک دەردەکاو لەو حوکمەدا هەڵگرتنی چەکی بێمۆڵەت بە تەواوی قەدەغە دەکاو دەست نیشان دەکا کە کەس یا کەسانێک کە بە ئانقەستو بە خۆڕایی تەقە بکەن و ببنە هۆی شێواندنی ژیانی ئاسایی خەڵک بە دواچوونی یاسایان بۆ دەکرێو سزا دەدرێن.

لە رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢ لاپەڕە ٣ شەممە ٢٢ - ١٠ - ١٣٢٤ بەو شێوەیە ئەو حوکمە بڵاو بۆتەوە:

**ئاگاداری**

بە تەواوی ئەهالی رادەگەیەندرێت کە هەڵ گرتنی ئەسلەحە لە نێو شاردا غەیری ئەشخاصی مەجاز بە کلی قەدەغەیە هەر کەسێک لە نێو شاردا تیر خاڵی بکا سەخت تەعقیب و مجازات دەکرێ».

**کۆنترۆڵی بازاڕ:**

بۆ ئەوە حکوومەتی کۆماری کوردستان کۆنترۆڵی بازاڕ بکاو ئیزن نەدا پشێوی لە بازاڕدا دروست بێ و هەلپەرەست و قازانج ویست خەڵکی کەم داهات و دەست کورت نەڕوتێننەوە، هەر ماوە بە ماوە لە ڕێگای ڕۆژنامەی «کوردستان»ەوە ئاگاداری‌یەک بڵاودەکاتەوە کە حوکمی یاساییان هەیەو لەو ئاگاداریانەدا نرخی کەل و پەل دەست نیشان دەکا ئەوەتا لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٩ لاپەڕەی ٤ شەممە ١٣ی ڕێبەندان ١٣٢٤ نرخی گۆشت لە لایەن شارەداری مەهابادەوە دیاری دەکرێو لە کۆتایی دا باس لەوە دەکا هەر گۆشت فرۆشێک لەو نرخە دیاریکراوانە لابدا کە شارەداری دیاری کردوە بە نێوی گرانفرۆشی سزادەدرێ.

## ئاگاداری

«بە تەواوی ئەهالی موحتەرەم مهاباد رادەگەیندرێ نرخی گۆشتی مەڕو بزن سیەی ستمن (٣٠ قران)و گۆشتی رەشەوڵاغ دووتمەن (٢٠ قران) معلوم کراوە تا آگاداری دوم هەر قەصابیک زیاتری بفرۆشێت فورا بە اداری شهرداری خەبەر بدەن تا بە نێوی گران فروشی و تخلف لە مقرراتی شهرداری تنبیەو جریمە بکرێ».

### بەرتێل دان و بەرتیل وەرگرتن:

لە هەر کۆمەڵگایەکدا چ لە سەردەمی کۆن و چ لە سەردەمی ئێستادا هێندێک خەڵک بۆ ئەوە لە کاتی تووش بوونیان بە وەڵام دانەوەی یاسایی و ئامادە بوونیان لەبەردەم حاکمی دادوەری هەوڵ دەدەن کەس یا کەسانێک پەیدا بکەن کە بە هۆی دانی بەرتیل ناحەقی خۆیان بکەن و بەحەق و کارێکی نایاسایی بە یاسایی بکەن و ئەوە لە سەردەمی کۆماری کۆردستانیش دا هەبووە، هەربۆیە کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکرات یاسایەکی دەرکردووە لە ڕۆژنامەی «کوردستان» ژمارە ١٢ لاپەڕە ٤ بە ڕێکەوتی ٢٠ی ڕێبەندان بڵاوی کردۆتەوە کە لەو یاسایەدا هاتووە کە هەم مەئموورینی حکوومەتی کوردستان و هەم خەڵکی کوردستان ئاگادار بن کە بە هەر نێوێک و بە هەر ڕێوشوێنێکدا بێ بەرتیل دان و بەرتیل وەرگرتن قەدەغەیەو ئەگەر روون بێتەوە ئەو کەس یا کەسانە بەرتیلیان داوە یان وەرگرتوە بە خائین بە گەل و نیشتمان دەناسرێن و سزا دەدرێن بە سزایەک کە لە ١٠ ساڵ زیندان کەمتر نەبێ و یا سزادەدرێن بە حوکمی ئێعدام. ئەوەی خوارەوە دەقی حوکمەکەیە:

## ئاگاداری

«بەهۆی ئەو نوسراوە لەسەر قەراری کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تەواوی مامورینی حکومەتی

کوردستان و ملت ڕادەگەیەنرێت هەرکەس لەهەر مەمەریکەوە بەهەر نێوێک لە تمەنێک تا چەند تمەن بۆ هەڵسوڕاندنی کارێکی «چە قانوونی و چە شەرعی و غیرە، بەرتیل و ریشوە بدات و یا وەربگری لە پاش مەعلووم بوون بە خاینی ملت و مملکت دناسرێ قەراری مجازاتی ئەو کەسانەش لە دە ساڵ حەبس هەتا کوشتن (اعدام) تصویب و مقرر کراوە.«

### کچان و ژنان:

دیارە مەسەلەی ژنان وەک بەشێک لە کۆمەڵگە چ لە بواری خوێندن و چ لە بواری بەشداری کردنیان لە ئیدارەکردنی وڵات خەمی گەورەی بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان بووەو هەر لەسەردەمی کۆماری کوردستان دایە کە کچان ڕێگەی خوێندنیان بۆخۆش دەکرێو بۆ پاراستنی مافەکانیان یەکیەتیی ژنان دادەمەزرێ و ئیزنی چالاکی پێ دەدرێ و بێجگە لەوانە بەڕێوبەرانی کۆماری کوردستان هەوڵیان داوە مافە کۆمەڵایەتییەکانی ژنانیش پارێزراو بێ و پێشگیری بکرێ لە توندوتیژی و هەڕەشە بۆ سەر ژنان و کچان. ئەوەتا لە بڕیارێکدا کە بە ئیمزای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران حاجی بابا شێخ دەرچووە و لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٥ لاپەڕەی ٤ ڕێکەوتی ٢٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ بڵاوبۆتەوە بەو جۆرە باس لە دوو مەسەلەی پێوەندیدار بە ژنان دەکاو دەڵێ لەسەر بڕیاری هەیئەت ملی کوردستان هەر پیاوێک بەزۆر ژنی بەمێرد گوێزرابێتەوە یا نەگوێزرابێتەوە ڕاکێشێ دەبێ ئەو پیاوە سزابدرێ بە ئێعدام کە هەمووومان باش دەزانین پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواری لەو سەردەم دا بەشێوەیەک بوو کە ڕەنگە زۆرجار بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە و بێحورمەتی کردن لە نێوان دوو تایفەو عەشیرەو بنەماڵەدا ژن بۆتە قوربانی. هەر بۆیە بەڕێوبەرانی کۆماری کوردستان ئەو گرفتەیان دیوە و بۆ چارەسەر یاسایان بۆ دەرکردوە و هەر لە درێژەی ئەو برگە یاسایەدا هاتووە ئەو کچانەی کە مانعی لەسەر ڕێگە نیە بەوشەرتە کە کوڕەکە پێشتر خوازبێنیی لە بنەماڵەی کچەکە کردبێ و ئەوانیش وەڵامی ڕەدیان دابێتەوە و کچەکە خۆی ڕازی بێت دەتوانێ لەگەڵ کوڕەکە بڕوات و ژیانی هاوبەش پێک بێنێ. لەو حاڵەتەدا کوڕەکە هیچ سزایەکی یاسایی تووش نابێ، بەڵام ئەگەر ئەو مەرجانە کە باسمان کرد نەبوون کوڕەکە لە ٣ مانگ هەتا ٣ ساڵ لە زیندان دەکرێ.

لێرەدا دەبینین کە حکوومەتی کۆماری کوردستان چەند هەوڵی داوە و مەبەستی بووە کە هاوسەنگی لە نێوان مافەکانی ژنو پیاودا بکا و ئەوە لە حاڵێکدا بووە کە پێکهاتەی کۆمەڵکەی کوردەواری زۆرتر عەشیرەیی بووە تەنانەت لە وڵاتانی دەورووبەری کوردستانیش مافی ژنان پێشێل کراوەو ژن خاوەنی هیچ مافێک نەبوون بەوشێوەیە کە ئێستا ئێمە لێی دەڕوانین. بەڵام لەو برگە یاساییەدا هەم پێش بە بێحورمەتی کردنی ژن دەگیرێ کە فیدای کێشە کۆمەڵایەتییەکان نەبێ و هەم ئیزن دەدا بە کچ کە خۆی بڕیاردەربێ لە هەڵبژاردنی هاوسەری داهاتووی دا. ئەوە دەقەکەیە کە لە ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو بۆتەوە:

## ئاگاداری

### ڕەدووگەوتنی کچان و ژنان قەدەغەیە

لەسەر قراردادی هیئەتی ملی کوردستان هەر پیاوێک بەزۆر ژنی بەمێرد گوێزرابێتەوە یا نەگوێزرابێتەوە ڕاکێشێ ئەو پیاوە دەبی بکوژرێ ئەمما کچ خوازبێنی بکاو نەیدەنێ و مانعی شەرعی نەبێ و بەمێرد نەبێ کچەکە رضای ببێ، جزای نیە وگرنە لە سە مانگەوە تا سە ساڵ حەبس دەکرێ»

بێجگە لەوانە بە دەیان نموونەی دیکە لە رۆژنامەی «کوردستان»دا چاپ و بڵاو بوونەوە و بابەتی وەک ماڵیات، گمرک، لەدایک بوون و مردن، ڕەچاوکردنی لەشساغی و پاراستنی ژینگە و پاراستنی مافی کەمایەتییەکانی ئایینی و مەزهەبی و قانوونی سزادان و... هتد. کە ئەوانە یاسایان پێ دەرچوون و خەڵک و دەوڵەت لەسەریان بووە کاریان پێ بکەن. کە دیارە زۆربەی ئەو قانوونانە نزیک بە چوارجار لە رۆژنامەی «کوردستان»دا بڵاوبوونەوە و ئەوکات کاریان پێکراوە.

لە کۆتاییدا پێویستە ئیشارە بەوە بکرێ کە ئەگەر کۆماری کوردستان کات و مەودای زیاتر هەبوایە و بەچەندین ساڵ درێژەی بە دەسەڵاتی سیاسی خۆی دابایە حەتمەن لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەبوو بە خاوەنی دەزگای یاسادانانو ئەوکات هەم یاساکانی تۆکمەتر دەبوون و هەم دەزگای دادوەری و ئیجراییبەتواناتر دەبوون لە جێبەجێکردنی یاساکان دا و هەم خەڵکی کوردستان لەسەرەوەی یاسادا زیاتر سوودمەند دەبوون. بەڵام بەوحاڵەش لەو تەمەنە کەمەدا کۆماری کوردستانی پێدا تێپەڕ بووە، بەڕێوبەرانی کۆمار لە دانانو بەڕێوە بردنی یاساو ڕێسا غافڵ نەبوون و هەوڵیانداوە هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵک لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی کۆماری کوردستان دا ببینن و بتوانن ئەو لایەنانەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەیاسا ڕێک بخەن.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٤

---

# مەشخەڵی کۆماری کوردستان ناکوژێتەوە



ناسر ئێرانپوور

وەرگێران لە فارسییەوە: تەها رەحیمی

کۆماری کوردستان لە درێژخایەندا بوو بە مەشخەڵی پڕشەنگدار لە دڵی نەتەوەی کورددا و، بوو بە سەرچەشنێک بۆ خەبات و هێمایەک بۆ نەتەوەیەکی حاشالێکراو.

لە وتووێژێکدا کە لەگەڵ بەڕێز ئارەش لۆڕستانی کە لە کەناڵی ئاسمانیی کوردکاناڵ، زمانحاڵی حیزبی دێموکرات، بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە هەمبوو، پرسیارم لێکرا کە گۆڕینی ناوی "کۆماری کوردستان" بۆ "کۆماری مهاباد" چ پارادۆکسێکی لەگەڵ راستییە مێژووییەکانی نەتەوەی کورددا هەیە؟ هەروەها پرسیار کرا کە "ئەو کۆمارە چ کاریگەرییەکی دانایە سەر نەوەکانی دواتر؟"

**کە من بەم شێوەیە وەڵامم دایەوە:**

"رەنگە دارشتنی ئەم پرسیارە بەم جۆرە دروست نەبێ، چونکی ناوێک نەگۆڕاوە و ناشتوانێ بگۆڕدرێ. دەتوانین مێژوو و راستییە مێژووییەکان بە دڵی خۆمان بگۆڕین، بەڵام بە دڵی خۆمان - هەر ویست و ئیرادەیەکیش لە پشت ئەو گۆڕینە بێ - بۆمان ناگۆڕدرێ، چونکی رووداوێک رووی داوە. هەر چۆنێک بێ ناوی ئەو کۆمارە بە فەرمی "کۆماری کوردستان" بووە و بە

"کۆماری کوردستان"یش دەمێنێتەوە. بەڵام ئەو کەسانەی بە کۆماری مەهابادی ناو دەبەن دوو دەستەن:

دەستەیەک کە تەنیا بۆ دیاریکردن و نیشاندانی ناونیشانی دروستی شوێنی دامەزرانی بە "کۆماری مهاباد"ی ناو دێنن، چونکی دەشزانن کوردستان زۆر لەوە گەورەترە و وڵات و ناوچەیەکی زۆر گەورەتر و بەرینتر لە خۆ دەگرێ؛ کە کۆماری کوردستان هەموویانی نەگرتۆتەوە. لەم روانگەیەوە کێشەمان نییە. خۆشم، نەک وەک ناوی تایبەت، بەڵکوو بە پێی خۆشەویستیم بۆ ئەو کۆمارە و هەروەها بەهۆی ئەوەی کە ناوی مهابادم وەک قەڵایەکی پۆڵایین و خەباتگێڕ لەبەرانبەر سەرەڕۆیی دا خۆش دەوێ، زۆر جاران بە "کۆماری مەهاباد" م ناو هێناوە. هەروەک چۆن دەڵێین "حکوومەتی تاران"، "حکوومەتی ئانکارا" و (تەنانەت بە بێ ئەوەی "حکوومەت" یش بوترێ)، "پاریس"، "واشنگتۆن"، "لەندەن" و..) هتد، ئەویش بە بێ ئەوەی ناوی تایبەت یا چەمک و دەستەواژەی حقووقی تایبەت بن یا واتایەکی تێکەڵ بە سووکایەتی و بێڕیزی بگەیەنن.

بەڵام دەستەکەی دیکە بە ئانقەست و بۆ چکۆڵە کردنەوەی کۆمار لە بواری پانتایی جوگرافیایی و کەم کردنەوەی ڕەهەندە سیاسییەکەی بە "کۆماری مەهاباد"ی ناو دەبەن. ئەوانە کێشەیان لەگەڵ ئەسڵی پرسەکە هەیە، جا ئێستا چ "کۆماری مەهاباد" بێ و یان "کۆماری کوردستان".

بۆ ئاگاداریی ئەم دەستەیە دەبێ بڵێم کۆماری کوردستانی دامەزراو لە مەهاباد، لە بواری جوگرافیاییەوە هەر مەهابادی نەگرتۆتەوە، لە بواری کادری سیاسییەوە تەنانەت کوردستانی ئێرانیشی تێپەڕاندوە و لە بواری ئاسۆی سیاسییەوە ڕێژەی کوردستانی بوونەکەی زۆر زیاتر لە ئێرانیبوونی ئەو حکوومەتانەی کە پێیان دەڵێن "ئێرانی". ڕاستە، تەشکیلاتی ئیداریی ئەو کۆمارە لە سەقز تێنەپەڕی کە ئەمەش هۆکاری جۆراوجۆری هەیە. بەڵام ئەمە بە هیچ جۆرێک نیشانەی ئەوە نییە کە ئەم کۆمارە هی کوردەکانی پارێزگای ئیلام و کرماشان و سنە (کوردستان) نەبووە.

منێک لە ئەڵمان کە ٥ هەزار کیلۆمێتر لە کوردستانی ئێرانەوە دوورە، دەتوانم پارتێکی سیاسی پێک بێنم و، حیزبەکەم نەک هەر بە کوردستانی بە ئێرانییش بزانم. بۆچی؟ چونکی بەرنامە و ئاسۆی سیاسیم بۆ ئەو وڵاتەیە. دوایی ئەوە بۆ مەگەر کەممان دیوە کە چوار کەس بە شێوەیەکی شاراوە بۆ وێنە لە تاران لێک کۆبوونەتەوە و ڕێکخراوێکیان پێکهێناوە و ئەو ڕێکخراوەشیان بۆ هەموو ئێران بووە، کەچی هیچ نوێنەرێکیش لە ناوچەکانی دیکەی ئێران تێیدا ئەندام نەبوون؟ ئایا ئەم کارە لە خۆی دا کێشەی لەسەرە؟ ئەرێ دەکرێ ڕێکخراوێکی سیاسی کە تەنانەت، ژنێکیش لە کادری ڕێبەرییەکەی دا نییە بە هی ژنانی نەزانین؟ یان ئەوەی حکوومەتێک لە خۆراسان پێک دێ بۆ وێنەی هی منی مەهابادییشە، بەڵام

حکوومەتێک لە مەهاباد دادەمەزرێ هی کرماشانییەک نییە؟!

دەزانین کۆماری کوردستان لە خۆڕاو و بە بێ هۆکار دانەمەزرا، بەڵکوو ئاکامی بزووتنەوەیەکی هزری و سیاسی و رزگاریخوازی نەتەوەیی بوو. ئەم چەشنە بزووتنەوانە زۆر بە دەگمەن لە هەموو ئەو ناوچانەی کە بە هی خۆیانی دەزانن بە یەک ئەندازە خاوەن پلە و پێگەی کۆمەڵایەتین. کە ئەمە لە بارەی بزووتنەوەی مەشرووتە و هەروەها بزووتنەوەی سەوزی ئێستا بە راست دەرچووە. کە ئەمەی دواییمان تەنانەت لە چەند شار تێنەپەڕی. ئەرێ لەبەر ئەمە دەتوانین لە ئیعتیباری ئێرانی بوونەکەی کەم کەینەوە، کەچی لە زیاتر لە سەدا لە نەوەدی شارەکانی ئێران تەنانەت وەک پشتیوانییش هیچمان لێ نەدیتن.؟!

هەر وەک چۆن وشیاریی چینایەتی لە لای هەموو کریکاران وەک یەک نییە، یان وشیاریی رەگەزی لای هەموو ژنانی وڵاتێک هاوسان نییە، ئەمە لە بارەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی خەڵکی ناوچەیەکیشەوە دروستە. بە هەرحاڵ پێکهاتنی حکوومەتەکان زیاتر بەبێ رابردووی عەینی و مێژوویی روو نادەنکە ئەم زەمینانە لە هەموو ناوچەکانی وڵاتی پێوەندیداردا وەک یەک نییە.

کەواتە بە پێی هیچ مەنتقێک ناتوانین کۆماری کوردستان بە حکوومەتی ناکوردی و تەنیا مەهاباد بزانین، هەر لە بەر ئەوەی ناوەندی دامەزرانەکەی بە هۆی بەرزبوونی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی ئەو وڵاتە، مەهاباد بووە.

ئەم کۆمارە تەنانەت کاریگەری کردە سەر پارچەکانی دیکەش، چونکی لە راستیدا هەموو بزووتنەوەی کورد لە هەر چوارپارچە لە زۆر بوارەوە خۆی بە میراتگر و قەرزباری ئەم کۆمارە دەزانێ.

ماوەیەکی زۆرە هەموو پارت و رێکخراوەکانی کوردستانی ئێران و عێراق و تورکیە و سووریە هەمان دروشمی ستراتیژیکی کۆماری کوردستان، واتە دامەزراندنی حکوومەتی نەتەوەیی لە سەر خاکی نیشتمانیان هێناوەتە گۆڕێ. ئەو شوێنەی لێیەوە سەرچاوەیان گرتوە کۆماری کوردستانە و نیازیشیان هەر هەمەن کۆمارە، جا ناوەکەی "حکوومەتی ئەیالەتی" بێ، "حکوومەتی فیدراڵ"، "حکوومەتی هەرێم"، "حکوومەتی خودموختار" بێ، لە راستیدا جیاوازییەی جەوهەری تێدا نییە.

ئێستاش ماوەیەکە بەرە بەرە درووشمی کۆماری کوردستان و حکوومەتی ئازەربایجان دەبێ بە بەرنامەی سیاسیی پارتە ئێرانییەکان. ئەو کاتەی پیشەوەری و قازی محەمەد باسیان لە فیدراڵیزم و گەیشتن بە مافی نەتەوەیی لە چوارچێوەی

ئێراندا دەکرد، بەشێک لەو وڵاتە فیدڕالیستییانەی ئەمڕۆکە فدڕاتیڤ نەبوون. ئەو دوو حکوومەتە زۆر لە سەردەمی خۆیان لە پێشتر بوون کە سیاسییە ناوەندگەراکان تێی نەدەگەیشتن و هێشتاش لێی تێ ناگەن. تەنیا ئەو دوو حکوومەتە بوون کە بە ئارمانجەکانی شۆڕشی مەشرووتە وەفادار مانەوە و لەم پێوەندییەشدا داوای جێبەجێ بوونی نێوەڕۆکی قانوونە ئەیالەتی و ناوچەیییەکانیان دەکرد.

بە هەر حاڵ کۆماری کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە بە شێوەی فیزیکی لە لایەن فاشیزم و شوڤێنیزمی نێوخۆییەوە رووخا لە درێژخایەندا بوو بە مەشخەڵێکی پڕشەنگدار لە دڵی نەتەوەی کورددا، بوو بە سەرچەشنێکی خەبات و هێمایەک بۆ شۆڕشی گەلێکی حاشالێکراو. کۆماری کوردستان بوو بە دامەزراوێکی سیاسی - نەتەوەیی هاوچەرخی کورد، ئەویش نەک لە سەر بنەمای کەسێک و تاکەکەسێک، وەک ئەوەی لە ئێراندا باو بوو، بەڵکوو لە سەر بنەمای ئیرادەی گشتی و بۆ یەکەمین جار بە هیممەت و هەوڵ و تێکۆشانی پارتێک بە پێی بەرنامەیەکی پێشکەوتوو. ئەو کۆمارە نیشانی داین نەک هەر دەتوانین، بەڵکوو خۆمان دەبێ خاوەن حکوومەتێکی نەتەوەیی بین، تا میکانیزمێک بۆ پاراستنی گەلی کورد لە بەرامبەر ژینۆسایدی فەرهەنگی، سڕینەوەی فیزیکی و حاشا لێکردنی پێک بێنین. کۆماری کوردستان دژکردەوەیەکی ئاشکراو راشکاوانە بوو بە پرۆژەی "نەتەوەسازی"ی دەوڵەتی، ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی، مافخوراویی سیاسی و داگیرکاری و چەوساندنەوە ئابوورییەکەی. کۆماری کوردستان دیارترین نیشانەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی و بەڵگەیەکی دیکەی کورد بوون، بوو. نەسلەکانی دیکەش ورەیان پێی بەرز بۆوە و هێما و سومبولەکانیان بەهێماو سومبولی خۆیان زانی؛ لەهێزی پێشمەرگەوە بگرە تا ئاڵا و سروودی نەتەوەیی ئەی رەقیب و پێکهێنانی حکوومەتی ناوچەیی. کە ئەمەش هەمەن ئارمانج و ویستی سیاسی ئەو کۆمارە، واتە پێکهێنانی سترەکتۆرێکی سیاسی لەوڵاتدا بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی و گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەییش دەگرێتەوە.

ئەرێ ئەگەر خەڵکی کوردستان، نەک هەر کوردستانی ئێران، ئەو کۆمارەیان بە بزووتنەوەی شارێکی بچووک و پرۆژەیەک زانیبا، کە هی خۆیان نییە، بەم قووڵییە و بەم هەستەوە خۆشیان دەویست کە نەک هەر بە هێمای خۆیانی بزانن، بەڵکو هەموو ساڵێ وەک رۆژێکی نەتەوەیی رێزی لێ بگرن و یادی لێ بکەنەوە؟! رەنگە قازی محەمەد خۆشی پێی وانەبووبێ ئەو ئاڵایەی هەڵیکردوە سنوورەکان تێدەپەڕێنێ و حەفتا ساڵ دواتر لە شارەکانی عێراق و تورکیە و سوریاوە لە لایەن خەلکی کوردستانەوە بشەکێتەوە.

رۆژێک لە سمینارێک لە ئاڵمان تووشی سەرۆکی یەکێک لە زانکۆکانی کوردستانی عێراق بووم. هەر کە زانی لە مەهابادەوە هاتووم، وتی"هەر موسلمانێکی بەدین لە سەریەتی لانیکەم جارێک مەکە و مەدینە زیارەت بکا و پەیمانی خۆی دەگەڵ خودا

نوێ بکاتەوە. بەڵام من دەڵێم هەر کوردێکی سیاسی و وشیار لە سەرێتی لە ژیانی دا لانیکەم جارێک بچێتە مەهاباد و پەیمانی خۆی لەو شارەی یەکەم کۆماری کوردی لێ دامەزرا نوێ بکاتەوە. منیش تا ئێستا نەک جارێک بەڵکوو چەند جار چوومەتە ئەو مەیدانەی کۆماری لێ ڕاگەیەنراو پەیمانی خۆم لەگەڵ نوێ کردۆتەوە". بۆیە دەڵێم ئەو کۆمارە نەک هی مەهابادییەکان و شارەکانی دەوروبەر، نەک هی کوردستانی ئیران، بەڵکوو هەموو کوردستانە.

من هێندێکیش بەولاوەتر دەڕۆم و دەڵێم کۆماری کوردستان و حکوومەتی ئازەربایجان هی هەموو بزووتنەوەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و دیمۆکراتیکی ئیرانە و قازی محەمەد و پیشەوەری نەک هەر ڕێبوارانی ڕێی ئازادی ئەو دوو نەتەوەیە بەڵکوو هەموو ئێرانن. یادیان بەرز و پیرۆز و ڕێگەیان پڕ ڕێبوار بێ.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - ڕێکەوتێ: ١٨ی جانێوێری ٢٠١٣

---

# کۆماری کوردستان، دەسکەوتیکی نەتەوەیی و ئەزموونیکی مێژوویی



ئارەش لورستانی

رووداوەکانی شەڕی جیهانیی دوویەم لەساڵانی ١٩٤١ تا ١٩٤٥ لە لایەک و لە لایەکی دیکە شکانی ئەرتەشی ئیران لەلایەن ئەرتەشی سووری یەکیەتیی سوڤیەتەوە و گەشەی هەستی نەتەوایەتیی کوردان و بوونی کەسایەتییەکی وەک قازی محەمەد و هاوبیرانی لە بەرانبەر گەلەکەی خۆیاندا کە هەستیان بە بەرپرسایەتی دەکرد لە لایەکی دیکەوە، بواریان بۆ دامەزرانی کۆماری کوردستان رخساند قازی محەمەد و هاوڕێکانی هەلەکەیان قۆزتەوە و پاش چەندمانگێک دوای هاتنی سوپای سوور، گرووپێکی سێ کەسی بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد چوونە یەکیەتیی سۆڤیەت و لە باکۆ لەگەڵ "جەعفەر باقرۆف" سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤیەت و رێبەری حیزبی کۆمونیست دانوستانیان کرد. بەڵام ئەم کۆبوونەوەیان ئاکامێکی ئەوتۆی نەبوو و"باقرۆڤ" گوێی بە داواکانیان نەدا.

جاریکی دیکە - سالی ١٩٤٥ گرووپێکی هەشت کەسی بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد لە باکۆ چاویان بە "باقرۆف" کەوتەوە کە لەم دانیشتنە دا قازی محەمەد راشکاوانە باسی خودموختاری (ئۆتۆنۆمیی) هێنایە گۆڕێ و"باقرۆڤ" لە وڵامدا دا وتی: "جارێ نۆرەی ئازەرییەکانە و پێویست ناکا کورد لە وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی دا پەلەی بکا". "حەسەن ئەرفەع" دەڵێ: قازی محەمەد بە رووسەکانی راگەیاند کە کورد نایەوێ بەشێک بێ لە ئازەربایجان. رووسەکان دژی ئەو بیروبۆچوونەی بوون و داوایان لی کردبوو داوای ئۆتۆنۆمی لە کۆماری ئازەربایجان بکەن کە سیستمێکی کۆمۆنیستی لەوێ لە سەر کار بوو.

قازی محەممەد و هەیئەتەکەی هاوڕێی پاش گەڕانەوە بڕیاریان دا لەوە زیاتر چاوەڕێی پشتیوانیی رووسەکان نەبن. ئەوان لاوازی و پرش و بڵاویی سوپای ئێرانیان بە هەل زانی و کۆماری کوردستانیان راگەیاند. هەر بەم بۆنەیەوە لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٧ - ١٢ - ١٩٤٥) لە رێورەسمێکی مەزندا ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد. دوای مانگێک لە ٢٢ - ١ - ١٩٤٦ لە مەیدانی "چوارچرا"ی مەهاباد بە فەرمی کۆماری کوردستان راگەیەندرا. پێویستە بوترێ پێشتر لە ١ - ١٢ - ١٩٤٥دا لە تەورێز حکوومەتی ئۆتۆنۆمیی ئازەربایجان راگەیەندرابوو.

رۆژی ٢٢ - ١ - ١٩٤٦ رۆژێکی مێژوویی بوو. سەرەڕای سەرما و سەختڵەتی زستان، هەزاران کەس لە شارەکانی بۆکان، نەغەدە، ورمێ و ناوچەکانی دیکەوە ملی رێگەی مەهابادیان گرتە بەر. قازی محەممەد و پیاوماقوڵان و مەلاکان و رووناکبیرانی شار لە بەردەم ئەو خەڵکە پر خرۆشەدا راوەستابوون. مامۆستا مەلا حوسێنی مەجدی بە دوعا و پاڕانەوە لە خوا، رێورەسمەکەی کردەوە. لەو رۆژەدا ١٦ کەس قسەیان کرد.

پاشان قازی محەممەد دەستی کرد بە قسان: "ئەی میللەتی کورد! ئەی شێرەپیاوانی کورد! سڵاوی خواتان لێ! داوا لە خوای گەورە و ئێوە، گەلی کورد دەکەم کە لەو ئەرکە مەزنەی کە پێتان سپاردوم یارمەتیدەرم بن تا بتوانم لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوەکەمدا کەڵکی لێوەرگرم و لە بەرانبەر خوا و ئێوەدا شەرمەزار نەبم. گەلی کورد دوژمنێکی زۆری هەیە کە لە سەر مافی ئەو گەلە لە هەر چوار پارچەکە رێککەوتوون و بە هەر جۆرێک بووە حاشایان لە مافی خودموختاریان کردوە و خەباتەکەیان بە دزی و چەتەیی لە قەڵەم دەدەن؛ تا بواری سڕینەوەی باشتریان برەخسێنن."

دوای قازی محەممەد، پازدە کەسی دیکە بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵانی جۆراوجۆری نەتەوەی کورد، وتاریان پێشکەش کرد. ئەم رێوڕەسمە بە شێعر و گۆرانی رازابۆوە و مانگێک دوای ئەم جەژنە، کابینەی وەزیران بە سەرۆک وەزیریی "حاجی بابەشێخ" کە یەکیک لە مەلا گەورەکانی ناوچەکە بوو، راگەیەندرا.

### گرنگترین کارەکانی کۆماری ١١ مانگەی کوردستان

قازی محەممەد و هاوکارەکانی لە ماوەی تەمەنی کورتی کۆماردا کارێکی زۆر و بێ هاوتایان کرد کە لێرە دا ئاماژەیان پێ دەکرێ:

١- پێکهێنانی حکوومەت لەسەر بنەمای دیموکراسیی ئازاد بە ١٣ وەزیر بۆ بەڕێوەبردنی کار وباری فەرهەنگی،

خزمەتگوزاری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئیداری.

٢- بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی لە ناوچەکە. چونکی پێشتر بە کارهێنانی زمانی کوردی لە ئیدارەکان قەدەخە بوو.

٣- بەرنامەڕێژی بۆ خوێندن بە زمانی کوردی

٤- فەرمی بوونی زمانی کوردی لە لێدوانەکاندا بۆ یەکەم جار.

٥- بەربەرەکانیی فەرمی دژی نەخوێندەواری.

٦- بەزۆرەملی کردنی خوێندن بۆ منداڵان.

٧- دیاریکردنی فۆرمێکی یەکگرتوو بۆ قوتابییان.

٨- بە کوردی نووسینی تابلۆی قوتابخانەکان، دوکانەکان، بینا و ئیدارەکان لە جیاتی فارسی.

٩- هەوڵ و تێکۆشان لە پێناو چاکسازی و دانانی هێندێک قانوون بۆ گۆڕینی کۆمەڵێک نەریت و ڕێوڕەسمی ناحەزی وەک: ژن هەڵگرتن، سزادانی بەرتیلدەر و بەرتیلوەرگر، ئازار و ئەزیەتی ژن، کردەوە و قسەی سووک، دزی، سزادانی کەسانی پێشێلکەری قانوون، راکردن لە مەیدانی شەڕ و هەروەها سزادانی ئەو کەسانەی کە خیانەت بە نیشتمان دەکەن و دەسدرێژی دەکەنە سەر نامووسی خەڵک و ....

١٠- چاکسازیی کاروباری ئابووری و بازرگانی و کردنەوەی هێندێک کۆمپانی و برەوپێدان و گەشەی بازاری کاسبی و کار.

١١- دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد و چاپخانەیەکی دیکە لە بۆکان.

١٢- دامەزراندنی رادیۆی کوردستان بە زمانی کوردی لە مهاباد.

١٣- دامەزراندنی سینەما لە مهاباد و پێشاندانی هێندێک فیلمی دیکۆمێنتاری.

١٤- کردنەوەی کتێبخانەی نیشتمانی لە مەهاباد.

١٥- پێکهێنانی هێزی پێشمەرگە وەک هێزی سەربازی و ناردنی ئەفسەر بۆ راهاتن لە باکو.

١٦- هێشتنەوەی بواری وتووێژ دەگەڵ حکوومەتی ئێران تا دوایین ساتەکانی تەمەنی کۆماری کوردستان.

١٧- دامەزراندنی یەکەتیی لاوانی دیموکرات و دەرکردنی گۆڤاری "هاواری نیشتمان"، بۆ زیاتر گرنگیدان بە لاوان.

١٨- هەوڵ و تێکۆشان بۆ کەمرەنگ کردنەوەی هەستی خێڵایەتی و بەرز کردنەوەی روحیەی هاووڵاتیبوون و بووژاندنەوەی نەریت و ڕێوڕەسمە رەسەنە کوردییەکان.

١٩- تەرخانکردنی بورسییەی خوێندن بۆ خوێندکاران و ناردنی خوێندکار بۆ تەورێز و باکۆ.

٢٠- هاندانی ژنان بۆ خوێندن و دامەزراندنی قوتابخانەی تایبەت بەژنان و بەشدارکردنیان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت لە راهێنانە سەربازییەکان.

٢١- دەرکردنی هێندێک گۆڤاری وەک: گۆڤاری کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستان، هاواری نیشتمان، گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد و گۆڤاری "هەڵاڵە".

### بەراوردکردنی کۆماری کوردستان و حکومەتی کۆمۆنیستیی ئازەربایجان:

بۆ دڵنیا بوون لە جیاوازیی ئەو دوو حکوومەتە و جیاوازیی زۆری نێوان ڕوانگەی ڕێبەرەکانیان، شرۆڤەی دوو کەسایەتی لە سەر ئەم دوو حکوومەتە دەخەینە بەرباس: کەسایەتی یەکەم "درێک کینان"ە کە مامۆستای زانکۆی بەغدا بوو و سەردانی کوردستانی عێراقی کرد و ئاماژەی بە چەندین جیاوازیی ئەو دوو حکوومەتە کردوە. ناوبراو دەڵێ: "لە کوردستان بە پێچەوانەی ئازەربایجان، کاربەدەستانی ڕووسی نابینرێن؛ بێجگە لەو چەند کەسەی لە کۆنسولی یەکیەتیی سۆڤیەتەوە لە ورمێوە بۆ چاوپێکەوتن هاتوونە مەهاباد." "ئەگەرچی لە ئازەربایجان ترس و تۆقاندن هەبوو بەڵام لە کوردستان تەنانەت زیندانییەکی سیاسییش لە بەندیخانەدا نەبوو.". "لە مهاباد خەڵک دەیانتوانی گوێ لە رادیۆ ئانکارا و لەندەن بگرن بەڵام لە تەورێز گوێگرتن لەو رادیۆیانە مەرگ و نەمانی بە دواوە بوو."

کەسایەتی دوویەم، دوکتور ڕەحیمی کوڕی سەیفی قازی کە لە هەڵسەنگاندنی ئەم دوو حکوومەتەدا دەڵێ: "گومان لەوەدا نییە کە هۆکاری سەرەکیی ڕووخانی کۆماری کوردستان پەلە پەلی ڕێبەرانی ئازەربایجان و خەیانەتی ڕووسەکان بوو. هێندێک پێیان وایە هەرتک حکوومەت لە لایەن یەکیەتیی سۆڤیەتەوە دامەزرا، بەڵام ئەوانە لە هەڵەدان؛ چونکی هەم ڕێژەی دەسەڵات و زاڵبوونی یەکیەتیی سۆڤیەت لەم دوو حکوومەتەدا و هەمیش شێوازی جێبەجێبوونی کارەکان لەم دوو حکوومەتەدا زۆر جیاواز بوو". "لە حکوومەتی ئۆتۆنۆمیی ئازەربایجاندا سیستمێکی کۆمۆنیستی بە پشتیوانیی پۆلیسی شاراوە دەسەڵاتی بەدەست بوو، لە حاڵێکدا لە کۆماری کوردستاندا، نە سیستمی کۆمۆنیستی دەسەڵاتدار بوو و نە پۆلیسی شاراوەش دەبینرا". "بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و حیزبی دیموکرات بە پێچەوانەی ویست و سیاسەتەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت و باقرۆف (سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤیەت) بوو؛ لە حاڵێکدا حکوومەتی ئازەربایجان، حیزبی کۆمۆنیست و کادرەکانی حیزبی توودە ڕێبەرایەتییان دەکرد". "یەکیەتیی سۆڤیەت دژایەتیی هەر چەشنە هەنگاوێکی کانالیزەکراوی لە کوردستاندا دەکرد، لە حاڵێکدا گەلی کورد و ڕێبەرەکانیان دەستپێشخەرییان کرد و حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند."

### ڕۆژەکانی کۆتایی تەمەنی کۆماری و دوایین دژکردەوەکانی قازی محەمەد:

ئەو کاتەی "قەواموسەڵتەنە" سەرۆک وەزیرانی ئێران چووە مۆسکۆ و گرێبەستێکی دەگەڵ ستالین واژوو کرد، ئیدی

یەکیەتیی سۆڤیەت پشتی کوردی بەردا و لە سۆنگەی بەشێک لە ئیمتیازی نەوتی ئێران هەموو بەڵێنەکانی خۆی لەژێر پێ نا و ئەرتەشەکەی لە کوردستان بردە دەر؛ پاشان ئەرتەشی ئیران لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ (١٧ - ١٢ - ١٩٤٦) دا گەڕایەوە شاری مەهاباد. دیارە ماوەیەک بوو کە دەنگۆی ڕۆیشتنی هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ئێران و بەردانی پشتی کورد و تورک لە گۆڕی دابوو. لە هێندێک لە بەڵگەکاندا هاتوە کە لە ١٦ - ٤ - ١٩٤٦ واتا هەشت مانگ بەر لە گیرانەوەی مەهاباد لە لایەن ئەرتەشی ئیرانەوە، پێنج ئەفسەری ڕووسی دێننە گوندی "سەرای" سەقز و چاویان بە فەرماندەیی هێزەکانی پێشمەرگە لە سەقز و بانە دەکەوێ... ئەفسەرەکان وتبوویان: "ئیمە خەریکە ئێران چۆڵ دەکەین رای ئیوە چییە؟" حەمەرەشیدخان، فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە لە وەڵامدا وتبووی: "ئیمە دەگەڵ ئیران دوژمنایەتیی لەمێژینەمان هەبوو کە ئەو ماوەیە لە بیرمان چووبۆوە، بەڵام ئیوە هاتوون ئەم دوژمنایەتییەتان دیسان زیندوو کردەوە. ئێستاش کە هێمنایەتییەک دروست بووە، ئێران چۆڵ دەکەن بە بێ ئەوەی هیچ یارمەتییەکمان بۆ بە جێ بێڵن... بەداخەوە هەموو ئەو شتەی لە سەر یەکیەتیی سۆڤیەت بیستبوومان بە درۆ دەرچوون... و درووشمی بەرگری لە نەتەوە چەوساوەکان بۆ گەلی کورد خێری نەبوو".

بەر لەوەی ئەرتەشی ئیران بگاتەوە مەهاباد، قازی محەمەد و ڕێبەرانی حکوومەت و حیزب راوێژ و وتووێژێکی زۆریان دەگەڵ کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان کرد و بڕیاریان دا لە بەرانبەر ئەرتەشدا شەڕ بکەن بەڵام دوای ئەوەی دڵنیا بوون ئاکامێکی جگە لە وێرانبوونی ناوچەکە نابێ، قازی محەمەد لە رووی ناچارییەوە رایگەیاند خۆڕاگری ئاکامی خراپی بۆ گەل بە دواوەیە و دەبێتە هۆی زیان و زەرەرێکی زۆر بۆ خەڵکی مەهاباد و ناوچەکە، چونکی سوپای ئیران لەوە بەهێزتر بوو کە بتوانن خۆی لەبەر راگرن. بە کورتی ڕێگەچارەیان تەنیا ئەوە بوو کە ڕێبەرانی حیزب و کەسایەتییەکان پێشنیاریان بە قازی محەممەد کرد کە مەهاباد جێ بێڵێ بۆ ئەوەی نەکوژرێ. هەر بۆیە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب داوای لێ کرد یان بچێتە عێراق یان ڕووسیە. ژەنەراڵ بارزانییش هەر ئەو داوایەی لێ کرد. سەرکۆنسولی ئینگلیزیش لە تەورێز داوای لێ کرد لە ڕێگەی عێراقەوە بچێتە بەریتانیا. ئەمریکاش نوێنەرێکی ناردە لای و داوای لێ کرد ئیران بە جێ بهێڵێ. لە وەڵامی هەموو ئەو داوایانەدا وتی: "سوور دەزانم حکوومەتی ئێران لە دارم دەدا بەڵام من لە خۆشی و شادیی نەتەوەکەمدا بەشدار بووم، ئێستاش لە ناخۆشی دا بە جێیان ناهێڵم و ژیان و مردنم لەگەڵ ئەوانە و ئامادەم بکوژرێم بەڵام کوردستان بە وێرانی نەبینم." پاشان وتی "من سوێندم خواردوە دەگەڵ خەڵکەکەم بم. حکوومەتی ناوەندی لە حاڵێکدا دەگەڕێتەوە مەهاباد کە تووڕە و قەڵسە و ئەگەر من بگرێ داخی دڵی بە من دەڕێژێ و واز لە خەڵک دێنێ، هەر بۆیە بۆ ئەوەی خەڵکی شار تووشی زەرەر و زیان نەبن، ناچارم بمێنمەوە."

**قازی محەممەد دوایین وانەی سیاسی بەمجۆرە بە نەتەوەکەی دەڵێتەوە.**

**وەسێتنامەی قازی محەممەد: یەکێک لە قۆناخە گرنگەکانی ژیانی قازی محەممەد،**

**دوایین ساتەکانی ژیان قازی محەممەد نووسینی وسیەتنامەکەیەتی کە بەشێکی بەم چەشنەیە:**

میللەتی کورد! رۆڵەکان و برا خۆشەویستەکانم! برا مافخوراوەکانم! گەلە چەوساوەکەم! ئێستاش لە دوایین ساتەکانی ژیانم دا چەند ئامۆژگارییەکتان دەکەم: وەرن بە خاتری خودا دەست لە دوژمنایەتیی یەکتر هەڵگرن و یەک بگرن و پشت و پشتیوانی یەکتر بن. لە بەرانبەر دوژمنی زاڵم دا بوەستن. خۆتان بە دوژمن مەفرۆشن. دوژمن هەر ئەوەندەی دەوێن کە کارەکەتان پێ دەکا و قەت بەزەیی پێتان دا نایەتەوە و لێتان نابووڕێ.

دوژمنەکانی گەلی کورد زۆر و زاڵمن، بەهێز و بێ بەزەیین. رازی سەرکەوتنی هەر میللەتێک یەکگرتوویی و یەکڕیزییە. یەکگرتوویی گەورەترین پشتیوانە بۆ میللەتێک. هەر میللەتێک یەکگرتوو و یەکڕیز نەبێ هەمیشە ژێردەستەیە. ئێوە میللەتی کورد هیچتان لە میللەتە کانی دەوروبەر کەمتر نییە بەڵکو لەو میللەتانەی کە ئازاد کراون ئازاتر و بەغیرەتتر و شایستەتر و پێشکەوتووترن. بەڵام ئەوانەی رزگار بوون لە نیو خۆدا یەکگرتوو بوون. ئێوەش وەکو هەموو نەتەوەکانی سەر گۆی زەوی ژێردەستە مەبن تەنیا بە یەکگرتوویی و ئێرەیی بە یەکتر نەبردن و خۆنەفرۆشتن بە دوژمنانی کورد رزگار دەبن. براکانم! ئیدی بە دوژمن هەڵمەفریوێن، دوژمنی کورد لە هەر رەنگ و تایف و قەومێک بێ هەر دوژمنە. بێ رەحمە، بێ ویژدانە، رەحمتان پێ ناکەن و بە دەستی یەکتر بە کوشتتان دەدەن، چاوچنووکتان دەکەن، بە درۆ و تەڵەکە شەڕی یەکترتان پێ دەکەن.

لە دوایین ساتەکانی ژیانمدا بە خاتری خوا ئامۆژگاریتان دەکەم و پێتان دەڵێم و خوداش عالمە من ئەوەی لە دەستم هات بە گیان و دڵەوە بە نسحەت و رێنوێنی رێگەی دروستم نیشان دان و لەم پیوەندییەدا درێغیم نەکرد و ئێستاش دەلێم و رادەگەیەنم کە ئیدی هەڵمەفریوێن و بڕوا بە سوێند و بە دەست بە قورئان دادان و بەڵێن و پەیمانەکان و دڵسۆزییەکانیان مەکەن. رێنوێنی و وسیەتم ئەوەیە منداڵەکانتان وەبەر خوێندن بنێن چونکی کورد هیچی لە نەتەوەکانی دیکە کەمتر نییە خوێندەواری نەبێ. بخوێنن تا لە کاروانی نەتەوەکانی دیکە دوا نەکەون، تەنیا خوێندن(زانست و زانین)، چەکی دەستی دوژمنە. دڵنیا بن و بزانن ئەگەر یەکگرتوو و یەکڕیز بن، زۆر باش بە سەر دوژمندا سەر دەکەون. ئێوە نابێ بە کوژرانی من و برازاکانم بترسێن، کەسانێکی زۆری وەک من لەو رێگەیەدا سەر دەنێننەوە تا گەلی کورد بە هیوا و ئامانجەکانی بگا.

خۆشەویستان! کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە، هەروەک لە ماڵەوە کەسێک شتێک بزانێ بەرپرسایەتی دەدرێتی و کەسیش هەقی منت کردنی نییە، کوردستانیش وەک ئەو ماڵەیە، ئەگەر زانیتان کەسێک لەو ماڵەدا کارێکی لە دەست دێ بیکا، نابێ

بەری پێ بگرن و کێشەی بۆ ساز بکەن، نابێ دڵمەند بن کە یەکێکتان بەرپرسایەتییەکی هەیە، ئەگەر کەسێکی بەرپرسایەتییەکی درایە بزانن کە شارەزایە و وشیارە "کەواتە لێیگەڕێن خزمەت بکا و ئێوەش یارمەتیدەری بن".

**سەرچاوەکان:**


١- رۆژنامەی "کوردستان"

٢- سایتی "کوردستان و کورد"

٣- نکتێبی"چل سال خەبات لە پێناوی ئازادی": دکتر قاسملو

٤- "دەروازیەک بە ڕووی خوێندنەوەیەکی نوێی (ژ. کاف) و پێشەوا قازی موحەممەدی شەهید و کۆماری کوردستاندا"- نووسینی عمر عبدالعزیز- وەرگێڕانی دلێر عەباسی

٥- "تاریخ مهاباد"، محمد صمدی ، چاپی مەهاباد

٦- "کردها،یک بررسی سیاسی وتاریخی"، حسن ارفع

٧- حکوومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفا، چاپی دووهەم هەولێر

٨- "اسرار محاکمه قاضی و یارانش"، رحیم سیف قاضی

٩- جمهوریه تی کوردوستان، مەحمووود مەلا عیززەت

١٠- "کردها و کردستان" ،درکینان

١١- تاریک وروون. هێمن

١٢- گە شتیک بە کوماری مەهاباددا، عەقید بەکر عبدالکەریم حەویزی.

١٣- یادداشتە کانی بەکر حەویزی

١٤- "کتاب تاریخ معاصر کرد"، نووسینی دیوید مک داول، ترجمه ابراهیم یونسی


سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - ڕێکەوتێ: ٢٠ی جانێوێری ٢٠١٣

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بەفرانباری ٢٧٢٣ی کوردی = جانێوێری ٢٠٢٤ی زایینی**


لەیادی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا
سڵاو لە پێشەوای شەهید
و حیزبی دامەزرێنەری کۆمار
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
ناوەندی تەشکیلات